

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی [١٠]

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی



جزمی [١٩]

تەفسیری ڕەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی دەیەم

نووسینی
مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

جزمی (١٩)



- تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان.
- نوسینی : مەلا مەحموودی گەلاڵەیی.
- چاپی یەکەم.
- چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک.
- تیراژ: (٥٠٠) دانە.
- ژمارەی سپاردن: (٣٦٩)ی ساڵی ٢٠٠٢

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سورەتی (الفرقان)

ئـەم سـورەتە نـاونراوە (الفرقـان) چونکـە بەسـوپاس و ستایشـی ئەوخودایەی فورقانی ناردۆتە خواریٚ بۆ سەر رەوانەکراوی خۆی؛ حەزرەتی محمد ﷺ دەست پیٚ دەکا. قورئانی پیرۆز گەورەترین نیعمەتی خودایە بـۆ ئادەمیزاد، پەروەردگار بەو قورئانە حـەق و بـەتاڵی لیٚـك جیاکردۆتـەوە، کردویـەتی بـە بەرنامـەو پرۆگرامـی بونـەوەر، کەتـەلۆکی جیهانـەو بەرنامەی ژیانە.

موناسەبەو پەیوەندی ئەم سورەتە بەسورەتی (النور)ەوە لەچەند رویەکەوەیە: هەرەگرنگەکان ئەمانەن :

١- سورەتی (النور) بەوە کۆتـایی هـات : کـەخودا خـاوەنی هـەموو بونەوەرە، سورەتی (الفرقان)یش بەتەعظیم گرتن و تەقدیس کردنـی ئـەو خودایەی خاوەنی ئاسمانەکان و زەوییە، بیٚ هاوەڵ‌ومنداڵ و خیٚزانە دەسـت پیٚدەکا .

٢- لەکۆتایی سورەتی (النور) دا پـەروەردگار ئـەوەی راگـەیاند : کـە بەگوێکردنی فەرمان و جلەو گیریەکانی پیٚغەمبـەرﷺ شـتیٚکی واجبـەو پیٚویسـتە موسـوڵمانەکان پابـەندی بـن و بـەموو خـۆی لیٚ لانـەدەن . لەسـەرەتای سـورەتی (الفرقـان) یـش دا وەصفـی ئـەو قورئانـە دەکـا: کەدەستورو بەرنامەی پەیامی پیٚغەمبەرە .

٣- سورەتی (النور) باسی ئیلاهیات دەکاو سیٚ بەڵگە لەسـەر تـاك و تەنهایی خودا دیٚنیٚتەوە، حاڵ و وەزعی ئاسمانەکان و زەوی‌و دیاردە جۆراو جۆرەکانی بەرزایی وەکوو باران بارین و چۆنیـەتی دروسـت بوونـی بـەفرو

تەرزە، هەروا حاڵ‌وەزعی گیانلەبەران، دەکاتە بەڵگە لەسەر بەتوانایی‌و دانایی خودا.

لەسورەتی(الفرقان)یش دا: کۆمەڵێك مەخلوقات دەکاتەنیشانەو بەڵگەی تاك و تەنهایی‌خودا، بۆ نمونە درێژ بوونەوەی سێبەرو گۆڕانی شەوو رۆژ و چۆنیەتی هەواو ئاوو جۆرەکانی ئاژەڵ و لێکدانی دەریاکان و دروست کردنی ئادەمیزاد و نژادو دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی لەماوەی شەش رۆژدا و کۆنترۆڵکردنی عەرش لەلایەن پەروەردگارەوە، هەروا بورجەکانی ئاسمان، روناکی خۆرو مانگ .. هەموو ئەمانەشیکردنەوەو تەفسیرکردن و درێژە پێدانی ئایەتی﴿**الذي له ملك السموات و الأرض**﴾ی یە .

٤- لەهەردوو سورەتەکەش دا وەصف و چۆنیەتی کردەوەی کافرەکان و مونافیقەکان دیاری دەکا. لەسورەتی (النور)دا دەفەرموێ: ﴿ **والذين كفروا أعمالهم كسراب بقيعة**﴾ . لەسورەتی (الفرقان)یش دا دەفەرموێ: ﴿**وقدمنا الى ما عملوا من عمل فجعلناه هباء منثورا** ﴾(**الفرقان/٣٣**).

ناوەڕۆکی سورەتەکە بەشێوەیەکی گشتی، وەکوو باقی سورەتە مەککیەکانی‌تر، گرنگی دەدا بەبنەماکانی عەقیدەو جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکتاپەرستی‌و راستی پێغەمبەرایەتی‌ی و چۆنیەتی رۆژی قیامەت.

سەرەتا تاك و تەنهایی خودا دەسەلمێنی‌و راستی قورئان و پێغەمبەرایەتی حەزرەتی محمد ﷺ تەئکید دەکاتەوە . زیندوبونەوە و حیساب و کیتابی رۆژی قیامەت شی‌دەکاتەوە، قەشمەری بەبیرو بۆچونی موشریك و بت پەرستەکان دەکاو، نەفامی ئەوانە رادەنوێنێ کەدەڵێن: خودا منداڵی هەیە، بڕوایان بەقیامەت و زیندوبونەوە نیە، هەڕەشەیان لی‌دەکا بەوەی توشی جۆرەها سزای توندو تیژیان دەکا.

ئەمجار هەندێ چیرۆکی پێغەمبەرانی پێشومان بۆ دەگێڕێتەوەو هەڵوێست و بەدرۆ خستنەوەی ئەو گەل و نەتەوانە بۆ پێغەمبەرەکانیان و سەرەنجامی پێغەمبەرو نەتەوەکان رون دەکاتەوە.

شێوەی لەناوچونی نەتەوە سەرپێچیکارو بەدرۆخەرەوەکان و جۆرەکانی سزای ریشەکێش کاریان رادەنوێنێ و دەیانکاتە پەندو عیبرەت بۆ گەل و نەتەوەکانی دوایی، بۆ ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوەو ئەو هەڵەو هەڵوێستە ناشیرینەی ئەوان تێی کەوتون و نواندیان ئەمان تێی نەکەون و بەمەرەدی ئەوان نەچن .

هەروەها چەند بەڵگەی جیا جیا دێنێتەوە لەسەر بەتواناییخوداو تاك و تەنهایی زاتی پاکی، بونەوەری سەیرو سەرنج راکێش دەکاتە نیشانەی کارسازی پەروەردگار، دیاردەکانی بونەوەرو قەبارە جۆراوجۆرەکانی ناوی ، بەمانگ و خۆرو زەویو ئاسمانەکان و دەریاو چۆنیەتی باران بارین و هەڵکردنی (با) پێش باران بارین، هەروەها بورجەکانی ئاسمان و هاتو چۆی شەوو رۆژ یەك بەدوی یەك دا هەموو ئەمانەو شتی تریش دەکاتە بەڵگە لەسەر هەبونی خودای باڵادەستیکارسازی کار دروستی بێ هاوەڵ و منداڵ و خێزان .

کۆتایی سورەتەکەش بەرانواندنی هەندێ رەوشتی پەسەندی بەندەراستاڵەکانی خودا دەهێنێ و ئەوە رادەگەیەنێ کەئەوانە شیاوی رێزو پاداشتی پەروەردگارن.

نازڵکردنی قورئان و تاک وتەنهایی پەروەردگار

بسم الله الرحمن الرحيم

تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ﴿١﴾ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ شَرِيكٌ فِى ٱلْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ فَقَدَّرَهُۥ تَقْدِيرًا ﴿٢﴾ وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً لَّا يَخْلُقُونَ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَوٰةً وَلَا نُشُورًا ﴿٣﴾

پەروەردگار کردنەوەی ئەم سورەتە بەباسی سەلماندنی خودای بەدیهێنەر دەست پێکردوە، وەصفی پەروەردگاری بەصیفاتی جەلال و کەمال کردوە.

دەستپێکردنی سورەتەکە بەوشێوەیە ئاماژەیە بۆ باسی سەرەکیو گرنگیسورەتەکە. ئەوە دەگەیەنێ کەنازڵکردنی قورئان لەلایەن خوداوەیەو پێغەمبەری ئیسلام پێغەمبەری هەموو ئادەمیزادە بەگشتی، پەروەردگاری بونەوەر تاك و تەنهاو بێ منداڵ و خێزانە، بێ هاوەڵ و وەزیرە .

دەفەرمووێ: ﴿تبارك الذي نزل الفرقان على عبده ليكون للعالمين نذيرا ﴾ بەرزو پیرۆزو خاوەن خێرو فەرە، ئەو خودایەی قورئانی نازڵ کردوە بۆ سەربەندەی خۆی: کەرەوانە کراوە بۆ سەر هەموو ئادەمیزادو خاتەمی پێغەمبەرانە. بۆ ئەوەی بەو قورئانە پڕ فەرو بەرەکەتە عالەمی

ئـادەمیزاد و عالـەمی جندۆکـە بترسـێنیٚ، ترسـێنەرو موژدەدەربـێ، سەرپێچیکاران لەسزای خودا بترسـێنیٚ مـوژدەی بەهەشـت بـدا بەوانـەی پابەندی پەیامەکەی دەبن .

مەبەست بە(عبدە) حەزرەتی محمدە ﷺ ئەمەش رێزلێنانە لەپێغەمبەر، چونکە ئەوپەڕی پلەوپایەی ئـادەمیزاد ئەوەیـە: عـەبدی خودابـێ بۆیـە پەروەردگار لەهەرشوێنێك دا شوێنەکە شوێنی رێزلێنان بـێ لەپێغەمبـەر بەوشەی (عـبدە) ئاماژەی بۆ کردوە.

ئـەوەتا لەسـورەتی (الکـهف) یـش دا: کـە باسـی رێزلێنانـە لەپێغەمبەر ﷺ بەوە: کەقورئانی بۆ ناردوە بەوشەی (عـبدە) ئامـاژەی بـۆ کردوە، دەفەرموێ: ﴿**الحمد لله الذي انزل على عبده الكتاب ولم يجعل له عوجا**﴾(**الكهف** /١) لەباسی ئیسراو شەورەوی کردن بە پێغەمبـەر ﷺ هەر بە(عبدە) نـاوی هێنـاوە .﴿**سبحان الذي اسرى بعبده**......﴾ کـە لەمەقامی دوعـاو پارانەوەش دا ناوی پێغەمبەر ﷺ دێنیٚ بە (عبدە) ناوی دێنیٚ دەفەرموێ: ﴿**وأنّه لمّا قام عبدالله يدعوه** ......﴾(**الجن**/١٩).

قورئانی ناو ناوە (الفرقان)چونکە حـەق و بـەتاڵ لێـك جیادەکاتـەوە، هیدایەت و گومڕایی دیاری دەکا، جوداوازی دەخاتە نێوان، رێبازی ژیانی بەختەوەری و ژیانی بەدبەختی، سەردەمەکان لەیەکتر جیادەکاتـەوە لـەم روەوە کە قورئان مەنهەجی ژیان نەخشە کێش دەکا، مەنهەجێکی جێگـیر لەدڵ و ویژداندا، گونجاو لەگەڵ واقیعی ئادەمیزاد دا.

مەنهەجێك: کە لـەهیچ مەنهـەجێکی لـەوە پێشـی ئـادەمیزاد ناکـا، مەنهەجێك: کەنیشانەی سەردەمێکی تازەیە بۆ ئـادەمیزاد، لـەوە پێـش پێی ئاشنا نەبوون، کەوابوو قورئان (فورقان)ە بەم مانا قـوڵ و گەورەیـە، کۆتـایی بەسـەردەمی ژیـانی منـاڵی ئـادەمیزاد هێنـاوەو خسـتویەتیە سەردەمی ژیریو هۆشیاریەوە، کۆتایی بەدیاردەی پێغەمبەرایەتی کـاتیو

ناوچەیی‌و نەتەوەیی هێناوە، سەردەمی پێغەمبەرێکی رەوانەکراو بۆ سەرهەموو ئادەمیزادو جندۆکەو دوا پێغەمبەرو سەروەری دا هێناوە، کەوابوو جێی خۆیەتی بە قورئان بوترێ: (فورقان)، فورقانی نێوان سەردەمەکانی تەمەنی ئادەمیزاد، جوداکەرەوەی نێوان حەق و بەتاڵ، هیدایەت و گومڕایی‌و حەلاڵ و حەرام.

ئەمجار چوار وەصفی شکۆمەندی کیبریاو بۆ خودا رادەنوێنێ‌و دەفەرموێ:

١- ﴿الذي له ملك السموات والأرض﴾ ئەو خودایەی کە لەراستیدا مولکایەتی‌و خاوەنیەتی ئاسمانەکان و زەوی هەرهی ئەوە، دەسەلاتی بەدیهێنان و فەوتاندن و رەدام هێنان هەرهی خۆیەتی، بەویستی خۆی چۆنی بوێ ئاوا هەڵیان دەسوڕێنێ، ژیان بەخشین و مراندن، تەحلیل و تەحریم ...تەنها بەدەست خۆیەتی‌و بەس هەموو بونەوەر ئاتاجی پەروەردگارە، هەموو مەخلوقات موحتاجی خودان، ئەو بەدی هێناون ئەوکات و شوێنی پەیدابوون و تەمەنی مانەوەو کات و شوێنی لەناو چونیان دیاری دەکا.

٢- ﴿ولم يتخذ ولدا﴾ هەرگیزاو هەرگیز بەهیچ شێوەیەك منداڵی بۆ خۆی بڕیار نەداوە، هەبوونی منداڵ لەگەڵ پلە و پایەی خودایەتی ناگونجێ، پێویستی بە منداڵ نیە، چونکە پێویستی بەمنداڵ نیشانەی کەم و کوڕییە، خودا بۆ خۆی کەمالی موتڵەقی هەیە، پێویستی بەهیچ شتێك نیە و هەموو شتێکیش ئاتاجی ئەوە . ئەمە رەتدانەوەی جولەکەو مەسیحی و عەرەبە موشریکەکانە: کەدەیانگوت: خودا منداڵی هەیە . جولەکە دەیانگوت: عوزەیر کوڕی خودایە، فەلە دەیانگوت: عیسا کوڕی خودایە، عەرەبەکان دەیانگوت: فریشتە کچی خودان.

وەکوو قورئـــان لەشـوێنێکی تـردا لێیانـەوە دەگێڕێتـەوە دەفـەرموێ:
﴿**وقالت اليـهود: عزيـر ابـن الله وقـالت النصـارى: المسيح ابـن الله**﴾
(التوبة/٣٠) یان دەفەرمووێ: ﴿**فاستفتهم ألـربك البنات ولهم البنـون؛ أم خلـقنا الملآئـكة اناثا وهـم شاهدون، ألا انهم من افـكهم ليقولـون ولـد الله وانـــهم لـــكاذبون أصطفـــى البنـــات علـــى البنـــين ؟**﴾
(الصافات/١٤٩-١٥٣).

٣- ﴿**ولم يكـن لـه شـريك في الملـك**﴾ شـەریك و هاوبەشـــی نیـــە لەخاوەنیـــەتیو دەســـەلاتداریو فـــەرمانڕەوایی دا. تـــاك و تەنـــهایی لەخودایەتیدا، هەر ئەو شیاوی پەرستش بۆ کردن و بەندایەتی بۆکردنـــە، هەرکاتێ بەندەکانی بڕوایان بەخودا گەیشتە ئەو ئاستەو لە(ئولوهیـــەت و ربوبیـــەت) دا بـە بێهـاوەڵ و بێهاوشـانیان زانـی، هـەموو پاڕانـــەوەو داوایەکیان ئاڕاستەی خودا دەکەن و هەر لەو دەترسن دڵیان بەیادو زیکرو ترس لەو مەشغوڵ دەبێ، چاوەڕوانی ڕەحمـــەت و بەخششـی خـودا دەبـن، هەرخودا بەشیاوی لێ ترسان و بەندایەتی بۆ کردن دەزانن .

بەم رستەیە ڕەددی ئەوانە دەداتەوە: کە بڕوایـان بەهـەبوونی دووخـودا هەیە بۆ بونەوەر و لەعیلمی کەلام دا پێیان دەگوترێ: (ثنويـة) و خـودای روناکی و خودای تاریکی بڕیاردەدەن، هەروا ڕەددی ئەستێرە پەرسـتان و بتپەرستەکان دەداتەوە: کە پێیـــان وابـوو: بـت و صەنـەم و ئەسـتێرەکان شیاوی پەرستش بۆ کردنن . تەنانـەت عەرەبـەکان کـە بـەدەوری کابـەدا تەوافیان دەکرد ئەم شیعارەیان دەگوتەوە (لبيك لاشـريك لـك، الا شـريكا هو لك تملكهم ومامك).

ئیتر پەروەردگار بەم دوورستەیەی پێشوو پاك و خاوێنی خۆی و بـــەرزو پیرۆزی خۆی لەوەی کە منداڵی هەبێ، یان شەریکی هەبێ ڕاگەیاند .

٤- ﴿وخلق كل شيئ فقدره تقديرا﴾ هەموو شتێك -جگە لەخۆی- هەمووی لەنەبوونەوە بەدی هێناوە، قەبارەو شێوەی مەزندەکردون، گونجانی هەموو شتێکی لەگەڵ شتەکانی تر بەرچاو گرتوە، هەموو مەخلوقاتی بەیەکەوە گونجاندوە.

بۆنمونە ئادەمیزادی بەو شێوەو شکڵ و شێوازە دروست کردوە، هەست و هێزو توانای جیا جیای تێدا خولقاندوە، هێزی بیرو بۆچون و تێگەیشتن و شت بەیەك گرتن و بەرامبەری کردنی تێدا داناوە، هەروا گیانلەبەری ترو قەبارە بێ گیانەکان، هەریەکەیان بەشێوەیەکی مەزەندەکراو و حیکمەت ئامێز هێنراوەتە گۆڕەپانی بونەوەر !

پێکهێنانی بونەوەرو پێکهاتەی هەموو شتێکی ناو بونەوەر سەرسوڕهێنەرو جێگای سەرنجدانن و بیرۆکەی (موصادەفە) رەت دەکەنەوە، فیکرەی صودفە دەپوچێننەوە، هەتا زانیاری پێش بکەوێ زانایان بتوانن بونەوەر بپشکنن، زیاتر تەناسوق و پێکەوە گونجانی مەخلوقاتی ناوبونەوەر دەردەکەوێ، پتر مەزەندەو نەخشەی یەزدانی تێیان دا هەست پێدەکرێ. دەردەکەوێ ئەم بونەوەرە چەندە بەدیقەت بەدیهێنراوە و چەندە شتەکانی پێکەوە گونجاون .

خۆئەگەر توێکڵی زەوی چەند پێیەکی تر لەم ئەندازەیەی؛ کە هەیە ئەستورتر بوایە،(ثاني أكسيد الكاربون) و ئۆکسجینی هەڵدەمژی، ژیانی زیندەوەرو روەك و درەخت دەفەوتا، ژیان نەدەبوو.

ئەگەر (هەوا) تۆزێك بەرزتر بوایە لەو ئەندازەیەی ئێستای هەندێ لەو تیر ئەستێرانەی: کە بەملیۆنەها لەهەوای خارجی دا دەسوتێن رێی گۆی زەوی دەکەوتن و لێی دەخشان، خێرا رۆیشتنی ئەم تیر ئەستێرانە لەچرکەیەکدا (٤٦) ملیۆن میلە، ئیتر ئەوکاتەبەسەر هەرشتێکدا برۆشتنایە: کە قابیلی گڕگرتن بوایە گری تێ بەردەبوو، خۆئەگەر

به‌خێرایی گولله‌ی تفه‌نگێك برۆشتنایه ئه‌وه له‌گه‌ڵ زه‌وی لێکیان ده‌دا و سه‌ره‌نجام ترسناك ده‌بوو .

قه‌باره‌ی هه‌وا به‌ده‌وری زه‌وییدا ئه‌وه‌نده‌ی پێویست ئه‌ستوره، واته ئه‌وه‌نده ئه‌ستوره: که تیشکه خاوه‌ن کاریگه‌ره کیمیاویه‌کان پێویست بۆ به‌رهه‌مهێنانی کشتوکاڵ به‌ناوی دابێن و بچن، ئه‌وتیشکانه به‌کتریاکان ده‌کوژن و ڤیتامینات به‌رهه‌م ده‌هێنن به‌بێ ئه‌وه‌ی ئه‌و تیشکانه هیچ زیانێك به‌ئاده‌میزاد بگه‌یه‌نن مه‌گه‌ر زیاد له‌پێویست خۆیان به‌ربدا.

سه‌یره به‌درێژایی رۆژگار ئه‌وهه‌موو جۆره گازانه له‌زه‌وی به‌رزده‌بنه‌وه‌و زۆربه‌شیان ژه‌هراوین، که‌چی هه‌وا پیس ناکه‌ن و گۆڕانکاری له‌رێژه‌ی ئه‌وهه‌وایه‌دا که پێویسته بۆ ژیانی ئاده‌میزاد په‌یدانابێ، ئامێری ئه‌و له‌نگه‌ر راگریه‌ی نێوان رێژه‌ی گازه‌کان و پیس نه‌بونی هه‌وا، هه‌بونی ئه‌و مه‌ساحه گه‌وره‌وپان و پۆڕه‌یه که له‌هه‌بوونی ئۆقیانوسه‌کان و ده‌ریاکان دا خۆی ده‌نوێنێ، به‌هۆی ئاوی ئه‌و ئۆقیانوس و ده‌ریایانه ژیان و بژێوو هه‌وای موعته‌دیل بۆ دارو دره‌خت و روه‌ك و گیانله‌به‌ران ده‌سته به‌ر ده‌بێ‌و ده‌توانن درێژه به‌ژیان و گه‌شه‌کردن بده‌ن .

ئه‌گه‌ر رێژه‌ی ئۆکسجین له‌جیاتی ٢١٪ په‌نجا له‌سه‌د یان زیاتر بوایه ئه‌وکاته هه‌موو ئه‌و مادانه‌ی قابیلی سوتانن، له‌وانه‌بوو یه‌کسه‌ر گڕبگرن به‌جۆرێك نزیك ده‌بوو یه‌که‌م چه‌خماخه‌ی بروسکه: که له‌دره‌ختێك ده‌دا یه‌کسه‌ر بێشه‌لانه‌کان گڕبگرن، خۆئه‌گه‌ر رێژه‌ی ئۆکسجین له‌سه‌دا ١٠٪ بوایه، له‌وانه‌بوو ژیان خۆی له‌گه‌ڵ بگونجاندایه، به‌لاّم له‌وانه‌بوو ئاگرو گه‌رما: که‌هۆی شارستانی و ئاوه‌دانین که‌م ده‌ست بکه‌وتنایه !!

مامۆستا سه‌یید له‌م باره‌وه نمونه‌یه‌ك ده‌گێڕێته‌وه ده‌فه‌رموێ: پێش چه‌ند سالێکی دورو درێژ له‌ولاّتی ئوستورالیا دره‌ختی (صبار)یان رواند بۆ په‌رژین و سیاجی هه‌ندێ باخ و زه‌وی، به‌لاّم ئه‌م دره‌خته بۆخۆی پێوه

دەچوو بەسەرزەمینی ئوستورالیا دا بلاْودەبوەوە و رۆژ بەرۆژ پەرەی دەساند، هێندەی پێنەچوو پانتاییەکی بەئەندازەی پانتایی ئینگلتەرەی داپۆشی و تینی بۆ کشت وکاڵی دانیشتوان هێنا، کشت و کاڵی داپۆشین و هەندێ زەویو زاری والێکرد بەکەڵکی کشت وکاڵ نەدەهات.

کشتیارەکان هەرچیەکیان دەکرد دەرەقەتی نەدەهاتن، وای لێهات ئوستورالیای پان و پۆڕو بەرفراوان کەوتەبەر خەتەری هێرشی بێدەنگی ئەودرەختە تەشەنەکەرە، رۆژ بەرۆژ بەسەرزەمینی ئەو ولاْتەدا بلاْودەبوەوە هیچ شتێك نەبوو بەرگری بکاو ببێتە لەمپەڕ لەبەردەم بلاْوبونەوەی دا.

زانایانی زانیاری حەشەراتناسی کەوتنەخۆ بەجیهاندا بلاْوبونەوە تا لەئاکام دا حەشەرەیەکیان دۆزیەوە: کە تەنیا بژێوی لەسەر ئەودرەختەبوو، جگە لەو درەختە هیچی تری نەدەخوارد ئەوباڵە فرۆکەش بەزویی گەرای دەکردو خێرا بەولاْت دا بلاْودەبوەوە.

ولاْتی ئوستورالیاش واڕێکەوتبو حەشەرەیەکی تێدا نەبوو دژی ئەو حەشەرەیەبێ، ئەو حەشەرەیان هێنایە ناو ولاْتی ئوستورالیاو پەروەردەیان کرد، زۆری پێنەچوو قەلاْچۆی ئەو درەختە ناهەموارەی کردو پاشان گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، ئەندازەیەکی کەم نەبێ لەئوستورالیا مانەوە ئەویش بۆ پاراستنی ولاْت لەو درەختەو بەربەست کردنی بلاْوبونەوەی.(١)

هەروا رۆژ لەدوای رۆژ زانستی ئادەمیزاد بەشێك لەو نەخشەو پلانەی خودا: مەزندەی کردوە لە بونەوەرداو دایڕشتوە دەردەکەوێ و خەڵکی کەمێك لەمانای فەرموودەی پەروەردگار کە لەفورقانی خۆی دا تۆماری کردوە ﴿وخلق كل شيء فقدره تقديرا﴾حاڵی دەبن و پەی بەلایەنێکی ئەو مانایە دەبەن!

بەلاْم وێڕای ئەم راستیانە ئەو موشریکانە هیچ بەخۆیان دا نەچونەوەو پەندو عیبرەتیان وەرنەگرت . هەرچەندە پەروەردگار خاوەنی

(١)في ظلال القرآن ج ٦/ ١٤٠

صیفاتیجەلال و کەماڵە، ئەوپەڕی شکۆمەندیو بەرزی هەیە، عـیززەت و باڵادەستی بەرفراوان و بێ سنورە.

کەچی ئەونەفامانە ﴿واتخـذوا مـن دونـه آلهـة ﴾ چـەند خودایـەکیان بڕیارداوە جگەلەخودا بەندایەتیان بۆ دەکەن، هەرچی نیشانەی خودایـەتی هەن لەوان دانیە،

وانە ئەو خودا درۆزنانە شـیاوی خودایـەتی نـین چونکـە لـەچوار لاوە کـەم و کـورتیان تیّدایە :

١ - ﴿لایخلقون شیئاً﴾ هیچیان پێدروست ناکرێ، دەی خودای حـەق و راست دەبێ توانای دروستکردن و بەدیهێنانی هەبێ .

٢- ﴿وهم یخلقون ﴾ ئەوانـە بۆخۆیـان دروسـتکراون، دروسـتکراویش ئاتاجی دروستکەرە، دەی خودای حەق و راسـت دەبـێ ئاتـاجی بەکـەس نەبێ .

٣- ﴿ولایملکون لأنفسهم ضراً ولا نفعا ﴾ ئەوانە بـۆ خـودی خۆیـان دارای قازانج و زیان نین، ناتوانن زیان لەخۆیان دور بخەنەوە، و قـازانج بـۆ خۆیان کێش بکەن، جاکە بۆ خۆیـان دورخسـتنەوەی زیـان و کێشـکردنی قازانجیـان بـۆ دەسـتەبەر نـەبێ، دیـارە بـۆ غـەیری خۆیـان هـەرنا! هەرشتێکیش بۆ خۆی و بۆ غەیری خۆی دارای زیان و قازانج نـەبێ هیـچ فائیدەیەك لەعیبادەت کردنی دانیە .

٤-﴿ولایملکون موتا ولاحیاةً ولانشورا ﴾ توانای مـراندن و ژیـان بەخشین و دروستکردنەوەی مردوانیان نیە، جاشـتێك ئـەوە سـیفەت و رەوشتی بێ چۆن دەشێ پێی بگوترێ خودا؟

بـەکورتی ئـەو خـودا درۆزنانـە، ئـەو بـەخودا زانراوانـە، لەهـەموو سیفەتێکی خودایی روتن، هیـچ رەوشـتێی وایـان تێـدا نیـە لەرەوشـتی

خودابچیٚ، هیچیان بۆ دروست ناکریٚ بەڵکوو بۆ خۆیان دروستکراون، دارای زیان و قازانجیش نین نەبۆ خۆیان نەبۆ غەیری خۆیان.

بەکورتی پەروەردگار خودایەکی تاك و تەنهایە، لەهەموو کەس بیٚ ئاتاجە، هەموو کەس ئاتاجی ئەوە لەکەس نەبووە و کەسی لیٚ نەبووە، کەس هاوکوفی نیە، هیچ خودانین جگە لەئەو، هەر ئەو شیاوی پەرستش بۆ کردنە هەرئەو بەدیهێنەرە، هەرچی ئەو بیەویٚ ببیٚ دەبیٚ، هەرچی نەیەویٚ ببیٚ نابیٚ، خاوەنی صیفاتی جەمال و کەماڵە کەسێك ئەو بناسیٚ بەندایەتی بۆ بکا پابەندی فەرمان و جڵەوگیریەکانی بیٚ بەختەوەری دونیاو قیامەتە !!

بتپەرشت و موشریکەکان گومڕابوون و سورن لەسەر گومڕایی، عیبادەت بۆ غەیری بەدیهێنەر دەکەن، عیبادەت پ[illegible]شتی وادەکەن دارای زیانەو قازانجی نیە بۆ خودی خۆی ! بەڵکوو لەعیبادەت کەرەکان بیٚ دەسەلاٚت ترن !!

هەڵوێست و رەخنەی موشریکەکان لەقورئان

وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ إِفۡكٌ ٱفۡتَرَىٰهُ وَأَعَانَهُۥ عَلَيۡهِ قَوۡمٌ ءَاخَرُونَۖ فَقَدۡ جَآءُو ظُلۡمٗا وَزُورٗا ﴿٤﴾ وَقَالُوٓاْ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ٱكۡتَتَبَهَا فَهِيَ تُمۡلَىٰ عَلَيۡهِ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلٗا ﴿٥﴾ قُلۡ أَنزَلَهُ ٱلَّذِي يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿٦﴾

دەربارەی نازڵبوونی ئەم ئایەتە کولەبی "موقاتیل" دەڵێت: مەبەست (النضر) ی کوڕی (الحارث)ە ئەوبوو؛ پڕماندی: کە قورئان دەست هەڵبەستە، مەبەستیش بە ﴿وأعانه علیه قوم آخرون﴾ (عەداس و یەسارو جەبر)ە ئەم سێکەسە ئەهلی کیتاب بوون، تەوراتیان دەخوێندەوە هەواڵ و ئەحکامیان لێوە نەقڵ دەکرد. جا کە موسوڵمان بوون پێغەمبەر ﷺ زۆر لەگەڵیان ئاخاوتنی دەکردو لەگەڵیان کۆدەبوەوە. ئیتر (النضر) ئەوبوختانەی پڕماند.

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە ئەوەیە: پەروەردگار لەئایەتەکانی پێشودا باسی یەکتا پەرستی کرد. بیرو بۆچونی بت پەرستەکانی رەتکردەوە، ئەمجار دێتە سەرباسی پێغەمبەرایەتیو رەخنەو تانەی موشریکەکان: کەئاراستەی قورئان و پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدیان دەکرد ،ئەو واقیعە رادەنوێنێ واتە دوای دەستدرێژی کردنیان بۆ سەرمەقامی خودا دەستدرێژی دەکەنە سەر مەقامی پێغەمبەرﷺ .

دوایی بەشێوەیەکی گاڵتە پێکردن رەددیان دەداتەوە، نەفامیو کەودەنییان دەخاتە روو: دەفەرمووێ: ﴿وقال الذین کفروا: ان هذا الا افك افتراه، وأعانه علیه قوم آخرون ﴾ ئەو کافرو موشریك و نەفامانە دەڵێن: ئەم قورئانە جگە لەدرۆیەکی هەڵبەستراو هیچی ترنیە، موحەممەد خۆی هەڵی بەستوەو کۆمەڵێکی تریش یارمەتی دەدەن، ئەوانەی ئەهلی کیتاب بوون و ئێستا ئیمانیان بەموحەممەد هێناوە شتی فێردەکەن و یارمەتی دەدەن بۆ کۆکردنەوەو هەڵبەستنی ئەم قورئانە!

ئەمجار خودا بیرو بۆچونەکەیان رەددەکاتەوە و دەفەرمووێ: ﴿فقد جاؤا ظلماً و زورا﴾ بەراستی قسەیەکی پوچ و بێبناغەیان هێناوە، بۆ خۆیان دەزانن کە درۆ دەکەن و ئەوەی دەیڵێن درۆو ستەمە،

هیچی بەسەر هیچەوە نیە، بێگومان درۆترین شت ئەوەیە: کافرەکانی قورەیش ئەو قسەیە بکەن، لەکاتێکدا ئەوان بۆ خۆیان لەناخی دڵیانەوە دەزانن قسەکەیان بێ بناغەیە .

ئەوان: بەتایبەتی هەستیارو پیاوماقوڵ و ریشسپیەکانیان دەیانزانی ئەم قورئانەی موحوممەد بەسەریاندا دەخوێنێتەوە کەلامێکە جودایە لەکەلامی ئادەمیزاد، ئەوان بەهەست و چێژی خۆیان دەیانزانی ئەم کەلامە لەئاخاوتنی ئادەمیزاد ناچێ. نەیاندەتوانی پێی‌موتەئەثر نەبن، ئەوان شارەزای پێغەمبەر بوون و پێش پێغەمبەرایەتی دەیانناسیو لێیان رون بوو کە درۆ ناکاو خیانەتی لێ روونادا، ئەدی چۆن بەدەم خوداوە درۆ هەڵدەبەستێ، چۆن لەخۆیەوە شت پاڵ خودا دەدا ؟؟ وەلێ ترسی لەدەستدانی مەرکەزی کۆمەلایەتییان پالی پێوە دەنان ئەم چاوڕاوو درۆو دەلەسانە لەناو جەماوەری عەرەبدا بلاوبکەنەوە. هەوڵیان دەدا ئەم چاوڕاوە لەناو کەسانێی وادا بلاوبکەنەوە: کە جیاوازی لەنێوان ئاخاوتنی موعجیزو قسەی ئاسایی دا ناکەن.

بەراستی ئەم قسەیان کە دەیانگوت: قورئان درۆیەکی دەست هەڵبەستەو کۆمەڵێکی تریش هاوکاری موحوممەد دەکەن بۆ دانانی، قسەیەکی هیچ و پوچ و بێ‌بناغەیە، شیاوی ئەوە نیە بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە! چونکە ئەگەر ئادەمیزادێکی وەکوو موحوممەدﷺ بەهاوکاری کەسانێکی دیکە بتوانن ئەو قورئانە هەڵبەستن ! ئەی چی ئەوانی مەنع کردوە: کە وێنەی ئەو قورئانە بخەنەڕوو. بائەوانیش بەکۆمەکی خەڵکی تر قورئانێکی ئاوا دابنێن و بەڵگەی پێغەمبەر پوچ بکەنەوە، ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ تەحەددایان دەکاو ئەوانیش بۆڕیان خواردوەو جۆش داماون و دەستەوسان بوون !

هەربۆیەشە کە پەروەردگار لەم بارەوە موناقەشەیان ناکاو قسەپوچەکەشیان بەشیاوی ئەوە نازانێ ڕەددی بداتەوە، بەڵکوو بەم ڕستەیە لەدەمیان دەداو دەفەرمووێ: ﴿فقد جاوؤا ظلماً و زورا﴾ بێگومان ستەم و بوختانیان ئەنجام داوە، ستەمیان لەپێغەمبەر کردوە لەخۆیان کردوە، بوختانەکەیان ئاشکراو نمایانە،پێویستی بەرەتدانەوەو بەڵگە بۆهێنانەوە نیە! بوختانەکەیان کوفرو ستەمێکی ئاشکرایەو درۆیەکی هەڵبەستراوە .

شوبهەو بوختانێکی تریان دەربارەی قورئان و پێغەمبەر ئەوەبوو: کە قورئان تۆماری کردوەو دەفەرمووێ: ﴿وقالوا أساطير الأولين اكتتبها، فهي تملى عليه بكرة وأصيلا﴾ کافرو موشریکەکان گوتیان: ئەم قورئانە چیرۆکە کۆنی پێشینانە،درۆو دەلەسەی گەل و نەتەوە پێشینەکانە کە لەچیرۆکە خەیالاوی‌و دەست هەڵبەستەکانیان دا تۆماریان کردوە، دەشوبهێتە چیرۆکی شانامەو حیکایەتی ئەسفەندیار.....موحەممەد بەهۆی ئەهلی کیتابەوە نوسیویەتەوە و بەیانی‌و ئێوارە بەدزیەوە بەسەریدا دەخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی لەبەری بکا، چونکە بۆ خۆی نەخوێندەوارە خوێندنەوەو نووسین نازانێ.

ئەوان گوێیان لەو چیرۆکانە دەبوو: کە قورئان بۆ پەندو عیبرەت و پەروەردەکردن و ڕێنومایی دەیانهێنی‌و هەموویان چیرۆکی ڕاست و واقعین لەجیاتی ئەوەی پێیان پەند ئامێزبن دەیانگوت: ئەم قورئانەی: کە ئەم چیرۆکانەی لەخۆگرتون (أساطير الأولين)ە چیرۆکی خەیاڵپلاوی پێشینانەو موحەممەد پاڵ خودایان دەدا ! لەراستی دا ئەم بیروبۆچونەی موشریکەکان درۆو بوختانێکی تریانە، گومرایی‌و موکابەرەو لادانە لەحەق .

بێگومان ئەوان ڕاستگۆیی‌و ئەمانەتپارێزی پێغەمبەریان لانمایان بوو، لەوەپێش دەیانناسی، چل ساڵ پێش پێغەمبەرایەتی لەناویان دا ژیاوەو

شارەزای ئاکارو رەوشتی بوون تەنانەت لەبەر راستگۆیی‌و راستاڵی نازناوی (محمد الأمین) یان لێنابوو،دەیانزانی نەخوێندەوارەو نووسین نازانێ، کەچی کە پەروەردگار پلەو پایەی پێغەمبەرایەتی پێ بەخشی‌و سروش و نیگای بۆ نارد، دژایەتیان کرد و تۆمەتباریان کرد بەو شتانەی کەلێیان بێبەری بوو، بەدرۆزنی‌و بوختان کەر لەقەڵەمیان دا، سیحرو جادو بازییان پاڵ دا .

ئەو قورئانە کەیاسای بونەوەرەو بەرنامەی ژیانە بەچیرۆکە کۆن و خەیاڵپلاۆیان حسێب دەکرد! کەدەیانگوت چیرۆکە کۆنینەی پێشینانە، ئاماژەی ئەوەیان دەکرد کە ئەو چیرۆکانە لەبەر زۆر کۆنی‌و تێپەڕبوونی رۆژگار بەسەریاندا ، موحەممەد نایانزانێ مەگەر حیکایەتخوان بۆیبخوێننەوەو پێی لەبەر بکەن !

ئەمجار پەروەردگار وەڵامی دانەوەو فەرمووی: ﴿قل﴾ ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: ﴿ **أنزله الذي يعلم السر في السموات و الأرض** ﴾ ئەو قورئانەی کە هەواڵ و سەرگوزەشتەی رابوردوانی تێدایە خودایەك بۆ منی ناردوە، کە هەموو نهێنی ئاسمانەکان و زەوی دەزانێ، هیچ هەواڵ و بەسەرهاتێکی پێشینان و دوایینانی لێ ون نابێ . هەواڵی نهێنی‌و ئاشکرای لەلا چون یەکن، ئەو قورئانە لەلایەن خودای زاناو داناوەیە لەلایەن خودای ئاگادار بەسەر نهێنی ئاسمان و زەویەوەیە.

خودا لەکوێ‌و حیکایەتخوان لەکوێ ؟! حیکایەتخوان لەکوێ و غەیبزانی ئاسمانەکان و زەوی لەکوێ ؟! زانیاری حیکایەتخوان لەبەرامبەر زانیاری خودا وەکوو رێژەی دڵۆپە ئاوێك وایە لەبەرامبەر دەریای بێکەنار.

﴿**انه كان غفوراً رحيما**﴾ بێگومان خودا لێخۆشبوو خاوەن بەزەییە، لەروی رەحمەتی بەرفراوانی خۆیەوە قورئانی نازڵ کردوە، قورئان دیاردەی رەحمەتی خودایە، نابێتە هۆی خێرا هاتنی عەزاب بۆ سەرتان،

هەربۆیەشە بەپەلە عیقابتان نادا و مۆڵەتی داون، خودا مۆڵەتی داون بۆ ئەوەی تۆبە بکەن و لەتاوان و کوفر پەشیمان ببنەوە. چونکە وێڕای ئەو هەموو تاوان و کوفر و ستەمەی کردوتانە ئەگەر تۆبە بکەن و بەدڵ پەشیمان ببنەوە بۆ لای خودا بگەڕێنەوە خودا لێخۆشبوو لێبوردوە، لێتان خۆش دەبێ .

وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرمووێ: ﴿**لقد كفر الذين قالوا: ان الله ثالث ثلاثة، وما من اله الا اله واحد، و ان لم ينتهوا عما يقولون ليمسنّ الذين كفروا منهم عذاب أليم. افلا يتوبون الى الله و يستغفرونه، والله غفور رحيم**﴾(**المائدة**/٧٣-٧٤) یان دەفەرمووێ: ﴿**ان الذين فتنوا المؤمنين و المؤمنات ثم لم يتوبوا فلهم عذاب جهنّم و لهم عذاب الحريق**﴾ (**البروج**/١٠).

حەسەنی بەصری دەفەرمووێ: سەیری لوتف و کەرەم و سەخاوەتی خودا بکەن . ئەوان بەندە خۆشەویستەکانی دەکوژن، کەچی ئەو بانگیان دەکا بۆ تۆبە کردن بۆئەوەی رەحمیان پێبکا. ئەم ئایەتانە بەڵگەن لەسەر ئەوە: کە تۆبەی راست تاوان هەڵدەوەرێنێ و تاوانی لەوە پێش دەشواتەوە، ئەمەش بەشێکە لەکەرەم و فەزڵ و بەخششی خودا .

تانەو تەشەرو رەخنەی موشریکەکان لەپێغەمبەر ﷺ

وَقَالُوا۟ مَالِ هَٰذَا ٱلرَّسُولِ يَأْكُلُ ٱلطَّعَامَ وَيَمْشِى فِى ٱلْأَسْوَاقِ ۙ لَوْلَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فَيَكُونَ مَعَهُۥ نَذِيرًا ﴿٧﴾ أَوْ يُلْقَىٰٓ إِلَيْهِ كَنزٌ أَوْ تَكُونُ لَهُۥ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْهَا ۚ وَقَالَ

ٱلظَّٰلِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَّسۡحُورًا ﴿٨﴾ ٱنظُرۡ كَيۡفَ ضَرَبُواْ لَكَ ٱلۡأَمۡثَٰلَ فَضَلُّواْ فَلَا يَسۡتَطِيعُونَ سَبِيلًا ﴿٩﴾ تَبَارَكَ ٱلَّذِيٓ إِن شَآءَ جَعَلَ لَكَ خَيۡرًا مِّن ذَٰلِكَ جَنَّٰتٍ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَيَجۡعَل لَّكَ قُصُورًا ﴿١٠﴾

دەربارەی سەبەب نزولی ئەم ئایەتانە ئیبنوئیسحاق و ئیبنوجەریر و ئیبنولمونزیر لەئیبنوعەبباسەوە ریوایەتیان کردوە دەڵێ: عوتبەی کوڕی رەبیعە لەئەبو سوفیانی کوڕی حەرب و (النضر)کوڕی (الحارث) و ئەبولبوحتوری کوڕی هیشام و (الأسود) کوڕی (المطلب) و زەمعەی کوڕی (الأسود) و(الولید) کوڕی (المغیرة) و ئەبو جەهلی کوڕی هیشام، وعەبدوڵلای کوڕی ئومەییە و ئومەییەی کوڕی خەلەف و عاصی کوڕی وائیل و مونەبیهی کوڕی (الحجحاج) کۆبونەوە، لەناوخۆیاندا هەندێکیان بەهەندێکیان گوت: چەند کەسێکی عاقڵ و زوبانلوس بنێرن بۆ لای موحەممەد قسەی لەگەڵ بکەن و دەمە دەمێو دانوسانی لەگەڵ دا ئەنجام بدەن لێی بگەیەننە تێن تائەوپەڕی قسەو موناقەشە لەگەڵی دابدوێن، ئەوانیش شاندێکیان پێکەوەناو ناردیان بۆ خزمەتیو وتیان: ئەوە پیاو ماقولانی گەلەکەت کۆبونەوەو هاتونە لات بۆ ئەوەی قسەت لەگەڵ دا بکەن .

ئیتر پێغەمبەر هات بۆلایان، وتیان: ئەی موحەممەد ! ئێمەهاتین بزانین تۆ چیت دەوێ ؟ ئەگەر ئەم داوایەت بۆ ئەوەیە دەوڵەمەندبیت ئەوە ئێمە لەماڵی خۆمان ماڵ و سامانت بۆ کۆدەکەینەوە، ئەگەر دەتەوێببیە گەورەو پیاو ماقوڵ ئەوە لەئێستاوە دەتکەین بەگەورەو ریش سپی

خۆمان، ئەگەر دەتەوێبیبە فەرمانڕەوا، ئــەوە ئێمــە ئامــادەین پابــەندی فەرمان و نەهیەکانت ببین و تۆمان بەپاشای خۆمان قبوڵە !

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: نەخێر ئەوەی ئێــوە دەیڵێــن هیچیــان لــەمن دانــین، ئــەو پەیامــەی بــۆم هێنــاون بۆیــە بــۆم نــەهێناون ســامانی پێکۆبکەمەوە، یــان ببمــە پیــاو مــاقوڵ و ریــش سپی، یــان پاشــایەتی پێدەستەبەر بکەم بەڵکوو خودا منی نــاردوە بــۆ ســەر ئێــوە بەســیفەتی پێغەمبەری، نیگاو سروشی بۆ ناردوم، فەرمانی پێکردوم ببمە مژدەدەرو ترسێنەر بۆتان، پەیامی خوداتان پــێ بگەیــەنم ! جائەگــەر ئــەوەی بــۆم هێناون پەسەندی بکەن و لێمی وەربگرن ئەوە دەبێتە مایەی خۆشــبەختی دونیاو قیامــەتتان، خــۆ ئەگــەر پەیامەکەشــم رەت بکەنــەوە ئــەوە مــن ئەوەندەم لەسەرە چــاوەڕوان بم تــاکو خــودا نێوانــی مــن و ئێــوە یــەکالا دەکاتەوە .

ئەمجار وتیان: ئەی موحەممەد: ئەگەر تۆ هیچ کامێ لەم پێشــنیارانەمان لێ وەرنەگری، ئەوە داوابکە باخوا فریشــتەیەکت لەگــەڵ بنــێرێ، راســتی پەیامەکەت بچەسپێنێ و دەربارەی تۆ ئاخاوتنمان لەگــەڵ بکــا، هــەروا داوابکە خــودا چــەند بــاخ و باخــات و قــەصرو باڵەخانــەی لــەزێڕو زیــو دروستکراوت بداتێ، لەوشــتانەی ئێمە پێشنــیارمان بۆ کردی بێ ئاتاج بی و پێویستت بەکاسپی کردن و هەوڵدان بۆ بژێوی پەیدا کردن نــەمێنێ، بۆئەوەی بزانین: کە تۆ لای خودا رێزو فەزڵت هەیە و خاوەن پلە و پایــەی. ئــەگینا ئــەوەتا ئێمــە تــۆ دەبینــین لــەبازاڕدا دێی و دەچـــی، هـــەوڵی پەیداکردنی بژێوتە! هیچ زێدە رێزو قەدرێکت لەئێمە زیاتر نیە !

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نــەخێر مــن شــتی واناکــەم، مــن هــەرگیز لەوانەنیم داوای ئاوا لەخودا بکەم، وەمن بۆ ئــەوە رەوانــە نــەکراوم داوای ئاوا لەخودا بکەم و ئێوە پەڵپی لەو جۆرەم لێبگرن. بــەڵکوو خــودا منــی

ناردوه بە موژدەدەرو ترسێنەر: ئەوانەی شوێنم دەکەون موژدەی بەهەشتیان دەدەمێ، ئەوانەی بەدرۆم دەخەنەوە لەئاگری دۆزەخ دەیانترسێنم. ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نازڵ کرد .

پەیوەندی ئەم ئایەتانە بە هی پێشەوە لەم رووەوە:

دوای ئەوەی پەروەردگار دووشوبهەو رەخنەی کافرەکانی دەربارەی قورئان راگەیاند، ئەمجا شوبهەو رەخنەیەکی تریان دەربارەی پێغەمبەری قورئان بۆ هاتوو کەحەزرەتی موحەممەدە باس دەکا. پاشان ئەو شوبهەو رەخنانە رەت دەکاتەوە، پوچیو بێبایەخیان رون دەکاتەوە، ئەوە رادەگەیەنێ کە ئەو شتانەی ئەوان دەیکەنە رەخنە لەپێغەمبەر ﷺ لەوپەڕی سەخافەت و بێبناغەییدان، بەکەڵکی رەخنە نایەن ئەوانە بیانوی بێپێزن، نیشانەی سەررەقی و ئینکاریکردنی ئەو کافرانەیە. هیچیان بەدەستەوە نیە ناچارن پەنا بۆ شتی ئاوابەرن .

کافرەکانی قورەیش پێنج رەوشتیان بۆ پێغەمبەر باس دەکردن بەخەیاڵی خۆیان ئەو رەوشتانە لەگەڵ پێغەمبەرێتی دا ناگونجێن .

ئەو پێنج رەوشتە ئەمانە بوون:

١-﴿وقالوا ماهذا الرسول يأكل الطعام ويمشي في الأسواق ﴾

کافرەکانی قورەیش دەیانگوت: ئەم کابرایە کە خۆی لەئێمە کردوە بە پێغەمبەر، هیچی لەئێمە جیا نیەو چ زێدە فەزڵ و رێزێکی بەسەر ئێمەوە نیە، وەکوو ئێمە خواردن دەخوا، وەکوو ئێمە ئاوو شلەمەنی دەخواتەوە، وەکوو ئێمە پێویستی بەخواردن وخواردەمەنی هەیە، ئەگەر ئەو راست دەکا پێغەمبەرە دەبوو پێویستی بەو جۆرە شتانە نەبوایایە.

ئەدی ئەوەتا هەڵسوکەوتی هەڵسوکەوتی ئادەمیزادانەیە و کەچی لافی پێغەمبەرێتی لێدەدا ! چۆن دەبێ ئەو وەکوو ئێمە ئادەمیزاد بێ و لەخوداوە نیگای بۆ بێ؟ چۆن دەبێ هەڵسوکەوتی وەکوو ئێمە وابێ و

په‌یوه‌ندی به‌عاله‌مێکی تره‌وه هه‌بێو نیگاو سروشی لیٚ وه‌ربگریٚ؟ ئـه‌دی ئێمه بۆچی نیگاو سروشمان بۆنایه‌و هیچ له‌و عاله‌مه نازانین: که موحه‌مه‌د په‌یوه‌ندی پێوه هه‌یه !

٢- ﴿ويمشي في الأسواق﴾ بـه‌ناو بـازاڕدا دیٚوده‌چـیٚ، هـه‌وڵی په‌یداکردنی بژێویه‌تیو مامه‌ڵه‌وبازرگانی ده‌کا، ئیتر چی له‌ئێمـه زیـاتره‌و به چ فه‌زڵێکه‌وه لافـی پێغه‌مبـه‌رێتی لیٚ ده‌دا ؟ بێگومـان ئه‌مـه بـیرو بۆچونێکی ماددیانه‌ی روته‌و به‌رامبـه‌ریو پێکگرتنێکـی نه‌فامانه‌یـه .. چونکـه پێغه‌مبـه‌ران له‌ره‌وشـته ماددیـه حیسســـیه‌کانیان دا چ جـودا وازیه‌کیان له‌گه‌ڵ ئاده‌میزادی تـردا نیـه، بـه‌ڵکوو جوداوازیـان له‌قیمه‌تـه مه‌عنه‌ویه‌کان و ئه‌خلاق و پاکی ده‌رون دا هه‌بووه، خودا رێـزو نرخـی لیٚ ناون و نیگاو سروشی بۆ کردون، وه‌کـوو له‌شـوێنێکی تـردا ده‌فـه‌رمویٚ: ﴿قل انما انا بشر مثلكم يوحى اليّ انما الهكم اله واحد﴾(الكهف/١١٠)

٣- سێیه‌م ره‌خنه‌یان ئه‌وه‌بوو: که ده‌یانگوت: ﴿ لولا أنزل اليه ملـك، فيكون معه نذيرا ﴾ ئه‌ریٚ ئه‌وه بۆچی له‌خوداوه فریشته‌یه‌ك نایه‌ت بۆ لای موحه‌مه‌دو شایه‌تی بدا له‌سه‌ر ڕاستی داواکه‌یو قسـه‌ی به‌رهه‌ڵسـتکارانی ره‌ت بکاتـه‌وه، ئـه‌م ره‌خنـه‌یان ده‌ق ده‌شـوبهێته قسـه‌که‌ی فیرعـه‌ون: که‌ده‌رباره‌ی حه‌زره‌تی موسـا ﷺ گوتـی: ﴿فلولا القي اليه اسورة من ذهب، او جاء معه الملائكة مقترنين﴾(الزخرف/٥٣).

٤- چواره‌م ره‌خنه‌یان ئه‌وه‌بوو: که ده‌یـانگوت: ﴿ أويلقـي اليـه كـنز﴾ ئه‌وه بۆ له‌ئاسمانه‌وه گه‌نج وخه‌زێنه‌یه‌کی بـۆ ناخرێتـه خـواره‌وه مه‌سـره‌فی خاوو خێزانی لیٚ بکاو پێویسـتی به‌کاسـبی کـردن و مامه‌ڵـه‌و بازرگـانی نه‌بیٚ؟

٥- ﴿ أو تكون له جنة يأكل منها ﴾ خۆ ئه‌گه‌ر گه‌نج و خه‌زێنـه‌ی بـۆ نه‌خرێته خوار، ده‌با ئه‌گه‌ر هیچکـه نـه‌بیٚ وه‌کـوو سـامانداریٚك بابـاخ و

باخاتێکی هەبێ لەبەروبوومی بخواو مەسرەفی خاوو خێزانی لێ دەستەبەر بکا.

وەکوو تێبینی دەکرا قورەیشیەکان سەرەتا دەیانگوت: دەبێ پێغەمبەر فریشتە بێو پێویستی بەخواردن و خواردنەوەو خەوو پشودان نەبێ، دوایی وتیان: قەیناکا با پێغەمبەر هەر ئادەمیزادبێ بەلاّم با فریشتەیەکی لەگەلّ دابێ پشتگیری بکا، دوایی لەوەش هاتنە خوارێ وتیان: باپشتگیری بەوە بکرێ گەنج و خەزێنەیەکی بۆ بخرێتە خوار، دوایی لەوەش دابەزین وتیان: با پیاوێکی وابێ خاوەن باخ و زەوی و زاربێ.

ئەوان لەهەموو بیرو بۆچونەکانیاندا ماددیانە هەلّسوکەوتیان دەکردو هەردەمە بیانویەك و هەردەمە پەلّپێکیان لێدەگرت و لەبازنەی بوارە ماددیەکان نەدەچونەدەر، نەدەهاتن ژیرانە بیر بکەنەوە، عەقلّ و هۆشیان بخەنە کار پێیان وابوو: پێغەمبەرایەتی لەزۆر هێزو توانای ئادەمیزاد دایە، هەرگیز ئەوەیان بۆ نەدەسەلما: کە پێغەمبەر ئادەمیزادەو لەخوداوە نیگای بۆ دێ !

ئەمجار کە بەخەیالّی خۆیان پێغەمبەریان لەککەدار کرد بەو شتانەو چەسپاندیان کە موحەممەد بەکەلّکی پێغەمبەرێتی نایە، لەعەقلّ و هۆشیش روتیان کردەوەو بەپیاوێکی خەرەفاویان لەقەلّەم دا.

بێگومان رەوانە کردنی پێغەمبەر لەئادەمیزاد بۆ سەر ئادەمیزاد حیکمەتێکی یەزدانییە، هەست و شعوری هەست و شعوری ئەوانەو تەجروبەو ئەزمونی ئەوانی هەیە، هەست بە ئێش و ئازاری ئەوان دەکا، حەزو ئارەزوی ئەوانی هەیە، بەزەیی بەزەبونیو لاوازیاندا دێتەوە، بەسەرکەوتن و کامەرانیان بەهرەمەند دەبێ، هەنگاو بەهەنگاو لەگەلّیان

دەڕواو دەزانێ بەچی دەوروژێن و بەچی ڕام دەبن و بەچی دێنە ژێر فەرمانی خوداوە.

لەلایەکی ترەوە خەڵکەکە دەتوانن شوێنی بکەون و چاوی لێ بکەن، چونکە ئەویش ئادەمیزادێکە وەکوو ئەوان وردە وردە بەرەو بەرزی دەیانبا بەئەخلاق و کردەوەو بەجێهێنانی ئەو ئەرکانەی پێیان رادەگەیەنێ: کە خودا لەسەری پێویست کردون، کەوابێ ئەو پێغەمبەرە ئادەمی سروشت و جوان رەوشتە، بۆخۆی دەبێتە تەرجەمەیەکی زیندووبۆ ئەو بیروباوەڕەی بانگەوازی ئەوانی بۆ لا دەکا! ئەوکاتە ژیان و جم و جوڵ و گوفتارو کرداری‌دەبێتە روپەڕێکی رانواندراو بۆیان ودێڕبەدێڕ لێیەوە نەقڵ دەکەن و ماناکانی دەچەسپێنن و شوێنی دەکەون، ئەوان بەچاوی خۆیان رابەری خۆیان دەبینن، حەزیان لێ دەبێ پەیڕەوی بکەن، چونکە ئەو رابەرە ئادەمیزادێکە وەکوو خۆیان و لەقەبارەی ئادەمیزادێك دا دەیبینن !

ئەگەر پێغەمبەر فریشتە بوایە هەرگیزاو هەرگیز بیریان لەکردار و هەڵوێستەکانی نەدەکردەوە، هەوڵی ئەوەیان نەدەدا لاسایی بکەنەوە، چونکە ئەوان هەر لەسەرەتاوە هەست دەکەن کە سروشتی ئەو لەسروشتی ئەوان جیاوازە، کەوابوو هیچ دورنیە هەڵسوکەوتی ئەو جیابێ لەهەڵسوکەوتی ئەوان، ئەوکاتە حەزی ئەوەیان نابێ هەڵسوکەوتی ئەو لەخۆیاندا بهێننە دی .

کەوابوو رەوانە کردنی پێغەمبەر لەرەگەزی ئادەمیزاد حیکمەتێکی یەزدانییە، حیکمەتی ئەو خودایەیە کەهەموو شتێکی بەئەندازە دروست کردوەو هەموو پارچەکانی بوونەوەری پێکەوە گونجاندوە .

حیکمەتی خودایە کە پێغەمبەری لەرەگەزی ئادەمیزاد ناردوە بۆ سەر ئادەمیزاد بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی بگێڕێ لەرابەرایەتیکردنی ئادەمیزادا؛

کەوابوو رەخنە گرتن لەئادەمیزادیەتی پێغەمبەر هەست نەکردنەبەو حیکمەتە یەزدانیەو نیشانەی نەزانییە بەرێز گرتنی خودا بۆ ئادەمیزاد.

پەروەردگار نەیویستوە پێغەمبەرەکەی گەنج و خەزێنەی هەبێ، خاوەن باخ و ڤیللا بێ، ساماندارو دەوڵەمەندبێ، چونکە خودا ویستویەتی پێغەمبەرەکەی رابەرو پێشەوای گەل و ئوممەتەکەی بێ، ئەرکی پێغەمبەرایەتی قورس و گرانی خۆی ئەنجام بدا، لەهەمان کاتدا هەوڵی دابین کردنی بژێوی خۆیو ماڵ و منالیشی بدا وەکوو هەر تاکێکی کۆمەڵەکەی کەخەریکی دابینکردنی پێداویستی ژیانی ماڵ ومنالیەتی . بۆ ئەوەی یەکێك لەئوممەتەکەی کە خەریکی دەستەبەرکردنی پێداویستی ژیانیەتی نەڵێ: پێغەمبەر ژیانی مسۆگەر بووە،خەمی دەستەبەرکردنی پێداویستی ژیانی نەبووە وەکوو من، بۆیە لێبڕاوە بۆ عەقیدەو گەیاندنی پەیام و ئەرکی سەرشانی، وەکوو من کۆسپ و تەگەرەی ژیانی نەهاتووەتە پێش! بۆیە توانی ئەو رۆڵە بگێڕێ کە گێڕای!

ئەوەتا پێغەمبەرەو وێڕای ئەنجامدانی ئەرکی پێغەمبەرایەتی خەریکی دابین کردنی پێداویستی ژیانیشە!

ئەوەتا لەلایەك مامەڵەو بازرگانی دەکا بۆ ئەوەی پێداویستی ژیانی دابین بکا، لەلایەکی ترەوە لێبڕاوە بۆ ئەنجام دانی ئەرکی پێغەمبەرایەتی دەی با گەل و ئوممەت و پەیڕەوکارانیشی چاو لەو زاتە رابەرە بکەن، بیکەنە مامۆستاو قودوەو، ئەرکی سەرشانیان لەخودا پەرستی دڵسۆزانە لەگەڵ هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی ژیان پێکەوە جۆش بدەن و ئاوێتەی یەکیان بکەن (لیس الرجل رجل الدنیا ولا الرجل رجل الآخرة، بل الرجل رجلیهما) پیاو ئەوپیاوەنیە پیاوی دونیا بێ، هەروا پیاو ئەو پیاوەنیە پیاوی قیامەت بێ . بەڵکوو پیاو ئەو پیاوەیە پیاوی دونیاو قیامەت بێ.

بێگومـان لـەدوایی‌دا مـاڵ وسـامان بەسـەر پێغەمبـەردا ﷺ رژا دەستکەوتی جەنگ و غەنیمەت زۆر بوو، لەم کاتەش دا پێغەمبەرﷺبوو بەقودوەی حەسەنەو ماڵ و سامان نەیتوانی لەخوداپەرستـی‌ورابەرایـەتی غـافڵی بکـا، یـان کۆڵــی بکـا.. بـەڵکوو لــەم تاقیکردنــەوەش دا سەرکەوتووبوو، بەخشندەیی‌و سەخاوەتی نمونـەیی بـوو، قیمـەتی مـاڵ و سامانی لەدڵدا نەبوو، بەڵکوو لەدەستی دا بوو، فیتنـەی مـاڵ تۆزقـاڵێك کاری تیٰ نەکرد!

بەمەش رێگای لەوانە بڕییەوە: کە بڵێن: پێغەمبەر بۆیە توانی ئـەرکی بانگەوازی لەئەستۆ بگرێ‌و بەو پەڕی لێهاتوییی‌یەوە ئەنجامی بدا، چونکە بەهەژاری ژیاوە ماڵ و سامان دەسـتی نـەگرتووەو مەشـغوڵی نـەکردوە، ئـەوەتا ئـەو زاتـە مـاڵ و دارایـی دەرژێ بەسـەریدا، کـەچی تۆزقـاڵێك لەبانگـەوازیکردنی خـۆی بیٰ‌ئاگانـابێ‌و وەکـوو سـەردەمی هـەژاری هەڵسوکەوت دەکا.

بەڵام وێڕای ئەم راستیانەو سەرباری هەبوونی ئەو رەوشـتانەو چـەندە رەوشتی جوان و بەرزی تر لەپێغەمبەردا ﷺ کافرەکان هەڵوێستی خۆیـان نەگۆڕی‌و بەخۆیاندا نەچونەوە بەڵکوو..

﴿وقال الظالمون: أن تتبعون الا رجلاً مسـحورا﴾ کافرەکـان وتیـان: ئێوە ئەگەر شوێن ئەم پیاوە بکەون و ئیمانی پیٰ‌بێنـن، بێگومـان شـوێن پیاوێکی دەست لێوەشاوو سیحر لێکراو کەوتوون، شوێن کەسێك کـەوتون عەقڵی تێك چووەو نازانیٰ دەڵیٰ چی و چی دەکا! ئەدی چۆن ئێوە پەیڕەوی فەرمان و جڵەوگیریەکانی دەکەن؟!

ئەمجار پەروەردگار وەڵامـی ئـەم شـوبهەیان دەداتـەوەو دەفـەرمووێ: ﴿انظر کیف ضربوا لك الأمثال﴾ ئـەی پێغەمبـەری خۆشەویسـت ! بـە سەرسوڕمانەوە تیٰ بفکرە، بڕوانە چیـت پـیٰ دەڵێـن؟ : چۆن لەخۆیانـەوە

صیفاتی جیاجیات بــۆ دادەتاشــن . نــاوو نــاتۆرەی سەیروســەمەرەت لیّ دەنێن، بوختانت پیّ دەکەن و شــتت بــۆ هەڵدەبەســتن ؟ جــارێك دەڵێــن: ساحیرو جادوبازی، چەلێك دەڵێن: بــۆ خــۆی ســیحری لێکــراوە، چــاخێك دەڵێن: درۆزنە، جارێکیش دەڵێن: شاعیرە یان دەڵێن: قوتابیە لای فــلان و فلان دەخوێنیّ و ئەوان ئەم قورئانەی فێر دەکەن !

هەموو ئەم قسانەیان پوچ و بیّبناغەن و بوختان و دەســت هەڵبەســتن، هەرکەســێك تۆزقــاڵێك عــەقلّ و فــامی هــەبیّ ئـــەم جـــۆرە قســـانەی بەگویّداناچیّ، ﴿فضلّوا فلایستطیعون سبیلا﴾ ڕێگایــان لیّ گــوم بــووە و سەرگەردان و گومڕا بوون، ڕێگای هیدایەت و حەق نادۆزنەوە !

ئــەمجا کۆتــاییی بەجەدەلەکــە دەهێــنیّ بەبــەیانکردنی ئــەوە: کەئـــەو پێشنیارو داواکاریەیان،یان ئەو بیروبۆچونەیان دەربارەی کالاّ و پڕوپیتــاڵی دونیایی چ نرخێکیان نیەو ئەوەی: کەئەوان بەلایانەوە گرنگە پێیــان وایــە ئەگەر موحەممەد پێغەمبەربیّ، دەبیّ گەنج و خەزێنەی هەبیّ، یــان بــاخ و زەوی و زاری هــەبیّ.لەراســتی دا بــیروبۆچونی نەفامانــەو کــورت بێنــن، چونکە ئەگەر خودا مەیلی هەبوایە لەوشتانە باشتری پیّ دەبەخشی:

دەفەرمووێ: ﴿تبارك الذي ان شاء جعل لك خیراً مــن ذلــك جنــات تجــری مــن تحتــها الأنــهارو یجعــل لــك قصــوراً﴾ پــاك و مونەززەهــە، بەرزوپیرۆزە ئەو خودایەی ئەوتۆ ئەگەر بیویستایە لــەدونیادا زۆر باشــتری لــەوەی ئــەوان پێشــنیاری دەکــەن پێیدەبەخشــی، ئــەونازو نیعمەتــەی لەقیامەتدا وادەی پێداوی بۆی پێش دەخستی بۆ دونیاو باخ و باخاتی وای پێدەبەخشــی بــەژێر درەختــەکانیدا جۆگاوجۆبــار بکشـــانایە، قـــەصرو باڵەخانەی ناوازەو دڵگیری بۆ دەستەبەر بکردیتایە! زۆر باشترو بەنرختری لەوەی ئەوان پێشنیاری دەکەن پیّببەخشیتایە.

بەلاَم پەروەردگار ئەو عەتاو بەخششانەی بۆ قیامەت بۆ پەزمەندە کردوی، لەژیانی نەبڕاوەی قیامەت دا ئەو نازو نیعمەتانەت دەداتیێ، نەك لەژیانی دونیای بیێ بەقادا ! بۆ ئەوەی بەهۆی دونیاوە لەقیامەت غافلێ نەبی، بەماڵێ و سامانەوە هەڵەوگیر نەبی، ئەرکی راگەیاندن و بانگەوازیت لەبیر بچێتەوە، بێگومان ئەوەی لای خودا بۆت پەزمەندەکراوە بۆژیانی قیامەت زۆر باشتروبەنرخ ترو بەردوام ترە!!

ویستی خودا وایە: کە باشتر لە باخ و قەصرو باڵەخانەت لەدونیادا بداتیێ، ئەویش پەیوەندیە بەو کەسەی: کە باخ و قەصرو باڵەخانە دەبەخشیێ، هەست کردن بەوەی کەتۆ لەژێر چاودێری ئەودای بەگوێرەی تەوجیهو تەوفیقی ئەو هەڵسوکەوت دەکەی، لەزەت و خۆشی ئەو پەیوندییە دەچێژی: کە هیچ نازو نیعمەتێکی ناگاتیێ.

خەیثەمەدەفەرمویێ: بە پێغەمبەر گوترا: ئەگەر دەتەویێ هەرچیگەنج و خەزێنەی زەوی هەیە دەتدەینیێ، ئەوەندەت ماڵێ و سامان و نازو نیعمەت دەدەینیێ، بەجۆرێك کە لەوەپێش و لەوەدواش بەکەس نەدرابیێ و نەدریێ، بەمەرجێکیش هیچ لەوە کەم نەبێتەوە کەلای خودا بۆت پەزمەندەکراوە: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: حەز دەکەم بۆ قیامەت بۆم پەزمەندە بکەن !

بڕوانەکردنی موشریکەکان بەرۆژی قیامەت و وەزع و حاڵیان لەو رۆژەدا و بەرامبەری کردنیان بە بەهەشتیەکان

بَلْ كَذَّبُوا۟ بِٱلسَّاعَةِ ۖ وَأَعْتَدْنَا لِمَن كَذَّبَ بِٱلسَّاعَةِ سَعِيرًا ﴿١١﴾ إِذَا رَأَتْهُم مِّن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ سَمِعُوا۟ لَهَا تَغَيُّظًا وَزَفِيرًا ﴿١٢﴾ وَإِذَآ أُلْقُوا۟ مِنْهَا مَكَانًا ضَيِّقًا مُّقَرَّنِينَ دَعَوْا۟ هُنَالِكَ ثُبُورًا ﴿١٣﴾

لَا تَدْعُوا۟ ٱلْيَوْمَ ثُبُورًا وَٰحِدًا وَٱدْعُوا۟ ثُبُورًا كَثِيرًا ﴿١٤﴾ قُلْ أَذَٰلِكَ خَيْرٌ أَمْ جَنَّةُ ٱلْخُلْدِ ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ كَانَتْ لَهُمْ جَزَآءً وَمَصِيرًا ﴿١٥﴾ لَّهُمْ فِيهَا مَا يَشَآءُونَ خَٰلِدِينَ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ وَعْدًا مَّسْـُٔولًا ﴿١٦﴾

جا کەکار گەیشتە ئەو حەددەو هەندێ لەشوبهەو قسە ناڕەواکانیانی دەربارەی خوداو پێغەمبەری خودا رانواند، ئەمجار پەردە لەسەر لایەنێك لەلایەنەکانی کوفرو گومڕاییان هەڵدەداتەوە: ئەویش ئەوەیە بڕوایان بە قیامەت نیە بۆیە هیچ کۆ لەستەمکاریو بوختان و قسە هەڵبەستن ناکەن، ترسی رۆژی قیامەتیان نیە، ترسی رۆژێکیان نیە کە تێیدا بەرەوڕوی خودا دەبنەوەو لەسەر ستەم و بوختان حیسابیان لەگەڵ بکاو تۆڵەی تاوانەکانیان لیّ بستێنیّ !

دەفەرمووێ: ﴿ بل كذّبوا بالساعة ﴾ بەڵکوو ئەوان بڕوایان بەهاتنی رۆژی قیامەت نیە، ئەو بێ بڕواییەیانە بۆتە هۆی ئەوەی ئەو قسە پڕوپوچانە بکەن، ئەو هەموو درۆو دەلەسانە هەڵڕێژن ! چونکە کەسێك بەتەمای قیامەت نەبێ، بەتەمای حیساب و لێکۆڵینەوە نەبێ، خێرا دەکەوێتە هەڵەی بوختان و تۆمەتبار کردنی کەسانی دیکەوەو بیر لەئاکام ناکاتەوە، سود لەو بەڵگانە وەرناگرێ کە سەر دەکێشن بۆ تێفکرین و بیر کردنەوە ..

﴿وأعتدنا لمن كذّب بالساعة سعيرا﴾ ئێمە ئامادەمان کردووە بۆ کەسێك بڕوای بەقیامەت نەبێ، ئاگری زۆر گەرمی وا کە خێرا بلێسە دەسێنێ، سوتێنەرو داپلۆخێنەرە.

ئەمجار وێنەی دیمەنێکی سامناکی قیامەت دەکێشێ؛ دیمەنەکە هێندە سامناکە دڵی ڕەق دەکا بەئاو، هەست و شعوری مردوو وەلەرزە دێنێ .
کافران ئاگاداردەکا لەو عەزابەی کە لەو رۆژەدا چاوەڕوانیان دەکا هەروەها موژدە بە موسوڵمانانیش دەدا بەنازو نیعمەتی بەهەشتی رازاوە لەو رۆژەدا .
دەفەرمووێ: ﴿اذا رأتهم من مكان بعيد سمعوا لها تغيظا و زفيرا﴾
ئێستا ئێمە لەبەردەم دیمەنی ئاگرێکی بڵێسەداری پڕپشك هاوێژداین ئاگرەکە گیانی بە بەردا کراوە، دەڕوانێ و دەبینێ، قیامەت بە درۆزانەکان دەبینێ، لەدورەوە دەیانبینێ دەکەوێتە لرفەلرف و ناڵەناڵ، دەنگی کڵەوو کولانی دەبیستن، نێڵەنێڵەو چەپۆکانیەتی، نیشانەی رق و قینی زۆریەتی لێیان، لێیان بەداخەو بۆیان دەسوتێ فیشکەو نرکەوناڵەی دەبیستن هێندەی رق لێیانە خەریکە لێك جیابێتەوە، تاوانبارانیش بەرەو ئەوێ کێش دەکرێن !
جاتۆ وەرە بەوردی بیر لەو دیمەنە بکەرەوەو بەزیندویی بیهێنە پێش چاوی خۆت ! بەڕاستی دیمەنەکە تابڵێی سامناك و دڵ داچڵەکێنەرە !
(عبد الرزاق) و ئیبنولمونزیر و ئیبنو جەریر لەعوبەیدی کوڕی عومەیرەوە ریوایەتیان کردوە دەڵێ: **(ان جهنم لتزفر زفرة، لايبقى ملك مقرب ولانبي مرسل الا خرّ لوجهه ترتعد فرائصه، حتى ان ابراهيم عليه السلام ليجثوا على ركبتيه، ويقول : ربّ ! لاأسألك اليوم إلانفسي).**
وەرە ژیرانە بیر بکەرەوە، ئەو روو رەشانە بێنەرە بەر چاوی خۆت، ئەو چارە رەشانە بەزنجیر کراوی بەرەو رو دەخرێنە بەرو کێش دەکرێن بەرەو کوێ ؟ بەرەو دۆزەخ دۆزەخیش خودا وای لێکردوە لەڕقان خۆی دەخواتەوە، هەرلەدوورەوە ترس و لەرز دەخاتە دڵ و دەرونیانەوە، ئێستا وا گەیشتۆنە نزیکی و شالاویان بۆ دێنێ، ئەمانیش بێدەسەڵات دەست و قاچ بەستراو! جا بەم حاڵە دەگەنە لای بەکۆت و زنجیر کراوی بەدەست و

قاچ بەستراوی توڕدەدرێنە ناو دۆزەخەوە، فڕێ دەدرێنە ناو ئەو ئاگرە داخ لەدڵە سوتێنەرە سامناکە .

﴿واذا القوا منها مكاناً ضيقاً مقرّنين﴾ جاکەتوڕدەدرێنە ناو دۆزەخەوەو ناخرێنە شوێنێکی پان و پۆڕو بەرفراوان بەڵکوو توڕدەدرێنە ناو شوێنێکی تەنگەبەر بۆ ئەوەی سزاو ئازارەکەیان بەئێش ترو سەخت تر بێ، دەست و قاچیان بەزنجیر بەستراوە،هیوای رزگاربوون و قوتار بوونیان براوە.

﴿ دعوا هنالك ثبورا ﴾ هاواریان لێ هەڵدەستێ و تەمەننای مردن دەکەن بۆ ئەوەی لەم سزا سەختە رزگاریان بێ، مردن دەبێتە هیوای سەرەکی و ئاواتی رزگار بوونیان، خوا خوایانە بۆ مردن بەلام سەرباری ئەوەی کەئاواتەکەیان جێبەجێ ناکرێ‌و ویستەکەیان نایەتە دی، گاڵتەو لاقرتێشیان پێدەکرێ !

ئەوان هاوار دەکەن ئەی مردن لەکوێی‌و ژیان کوشتینی فریامان بکەوەو رزگارمان بکە ! پێیان دەگوترێ : ﴿لاتدعوا اليوم ثبوراً واحداً و أدعوا ثبوراً كثيراً﴾ نانا ئەمڕۆ داوای مردنێك مەکەن داوای زۆر جۆر لەمردن بکەن، مردنێك بەتەنیا بەکەڵکی هیچ نایەو دادتان نادا، مەبەست گاڵتە پێکردن و نائومێدکردنیانە لەرزگاربوون، بەڵکوو سزایان نەبڕاوەو هەتا هەتاییە!!

جا لەم کاتەناسك و ترسناکەدا پاش رانواندنی ئەم دیمەنە سامناکە، قورئانی پیرۆز هەروەکوو ئوسلوبە هەمە کاتیەکەی خۆی، کەباسی دۆزەخ دەکا باسی بەهەشتیش رادەنوێنێ، باسی هەرشتێ بکا زۆربەی کات دژەکەشی دێنێتە گۆڕێ . بۆیە لەم کاتەدا بەرامبەریەك لەنێوان سزای کافران و پاداشتی موسوڵمانانداا ئەنجام دەداودەفەرموێ:

﴿ قل﴾ ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: ﴿ أذلك خيرٌ أم جنة الخلد التي وعد المتقون ﴾ ئایا ئەوسزاو تۆڵە باشە کەباسی کرا بۆتان یان بەهەشتی رازاوەی نەبڕاوە؟! ئایا ئەو دۆزەخە باشترە یان بەهەشتی ئەبەدیو شوێنی ژیان بەسەربردنی هەتا هەتایی؟ ئەوبەهەشتەی بەڵێن دراوە بدرێ بەخۆپارێزان! بە لەخودا ترسەکان ؟ ئەوبەهەشتەی کەدەبەخشرێ بەوتەقواکارە خۆپارێزانەی لەدونیادا فەرمانبەرداری فەرمانی خودا بوون، خودا کردویەتی بەپاداشتی چاکەکاران.

﴿لهم فيها مايشاؤن خالدين ﴾ هەیە بۆ ئەو خوداپەرستانە لە بەهەشتدا هەرچی ئارەزو بکەن لەخواردن و خواردنەوەو پۆشاك و شوێنی حەوانەوە، لەئامێری سواریو دیمەنی جوان و هەموو جۆرە شتێکی جوانیوا کە بەچاو نەبینرابێو بەخەیاڵیش پەی پێ نەبرابێ، ئەوان لەناو ئەو هەموو نازو نیعمەتەدا بۆ هەتا هەتایە دەمێننەوەو بڕانەوەی نیەو لێشی وەڕەز نابن.

ئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوە کە بەهەشتیەکان هەموو داخوازیەکیان دابین دەبێ، هەرچی بیانەوێ بۆیان دێتەجێو وادەو بەڵێنی خودایە پاشگەزبوونەوەی تێدانیە ، بۆیە فەرمووی:

﴿كان على ربك وعدا مسؤولا﴾ ئەمە هەردەبێ بێتەجێو شیاوی ئەوەیە کە لەخودا داوابکرێو ئەنجام بدرێ، وەکوو لەشوێنێکی تردا لەسەر زوبانی خوداپەرستان دەفەرموێ: ﴿ربنا آتنا ما وعدتنا على رسلك، و لاتخزنا يوم القيامة انك لاتخلف الميعاد﴾(آل عمران /١٩٤).

حالْ و وەزعی کافرەکان لەرۆژی قیامەت دا لەگەڵ پەرستراوەکانیان دا

وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَقُولُ ءَأَنتُمْ أَضْلَلْتُمْ عِبَادِى هَٰٓؤُلَآءِ أَمْ هُمْ ضَلُّوا۟ ٱلسَّبِيلَ ﴿١٧﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ مَا كَانَ يَنۢبَغِى لَنَآ أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَآءَ وَلَٰكِن مَّتَّعْتَهُمْ وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ نَسُوا۟ ٱلذِّكْرَ وَكَانُوا۟ قَوْمًۢا بُورًا ﴿١٨﴾ فَقَدْ كَذَّبُوكُم بِمَا تَقُولُونَ فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا وَلَا نَصْرًا ۚ وَمَن يَظْلِم مِّنكُمْ نُذِقْهُ عَذَابًا كَبِيرًا ﴿١٩﴾

لەوەپێش پەروەردگار باسی ئەو عەزابەی کرد کە لەقیامەت دا: بۆ کافرەکانی داناوە، لەهەمان کاتدا لەگەڵ نازونیعمەتی ئامادەکراو بۆ موسوڵمانان بەرامبەری کرد.

ئەمجار لێرەدا دیمەنێکی تر لەدیمەنەکانی قیامەت بەیان دەکا: ئەویش حاڵ و وەزعی عیبادەت کەرەکانە لەگەڵ عیبادەت بۆ کراوەکان دا، ئەوانەی جگە لەخودا عیبادەتیان بۆ کراوە؛ خودا گردیان دەکاتەوەو پرسیاریان لێ دەکا ئایا ئەوان عیبادەت کەرەکانیان گومراکردووەو لەرێبازی حەق لایان داون؟ یان بۆ خۆیان خۆیان گومرا کردوە: دەفەرموێ:

﴿ویوم نحشرهم و ما یعبدون من دون الله ﴾ ئەی موحەممەد! بیرلەو رۆژە بکەرەوە، یان ئەو رۆژە بۆ موشریکەکان باس بکە: کە خودا، ئەوان لەگەڵ خودا درۆزنەکانیاندا کۆیان دەکاتەوە، خودا فریشتە پەرست و فریشتەکان، عیسی پەرست و عیسی خۆی، عوزەیر پەرست و عوزەیر خۆی، بت و صەنەم پەرست و بتەکان، ئەستێرەپەرست و ئەستێرەکان، هەروا هەموو پەرستراوێك جگە لەخودا لەگەڵ پەرستکارەکان دا کۆیان دەکاتەوە.

ئەوانەشیان کەبێ گیانن خودا وەزوبانیان دێنێو پرسیاریان ئاراستە دەکاو دەفەرموێ: ئەی پەرستراوینە! ئەی ئەوانەی بە خودا زانراون و عیبادەتتان بۆ کراوە! ئەوە ئێوە بەندەکانی منتان لەرێبازی حەق لادان و گومراتان کردن؟ ئایا ئێوە بانگەوازیتان کردن بۆ ئەوەی لەجیاتی من بتانپەرستن یان بۆ خۆیان خۆیان گومراکردوە یان بەبێ ئەوەی بانگەوازیان بکەن لەخۆیانەوە عیبادەتی ئێوەیان کردوە ؟؟

نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە: کە دەفەرموێ: ﴿**واذ قال الله یاعیسی ابن مریم أانت قلت للناس: اتخذوني وامي الهین من دون الله قال: سبحانك مایکون لي أن أقول مالیس لي بحق: ان کنت قلته فقد علمته تعلم مافي نفسي و لاأعلم ما في نفسك انك أنت علاّم الغیوب**﴾(**المائدة /١١٦**).

هەڵبەتە پرسیارەکە بۆ ئەوەنیە خودا بەوەڵامەکەی شتێکی نەزانراو بزانێ، نەخێر پەروەردگار پێش ئەوە ئاگاداری هەموو شتێکەو واقیعەکە دەزانێ، بەڵکوو پرسیارەکە بۆ ئەوەیە وەڵام بدەنەوە بەوەڵامەکەی کەدەیدەنەوە سەرزەنشتی عیبادەتکەرەکان بکاو ریسوابن، بەوەی کە عیبادەت بۆ کراوەکان بەدرۆیان دەخەنەوە.

خودا بۆ خۆی پێویستی بەو پرسیارە نیەو زانیاری تەواوی هەیە، وەلێ پرسیارو وەڵام لەدەشتێکی ئاوەها گەورەو سامناك دا، هەموو

ئەوحەشاماتە کۆکراوەتەوەو ئەو پرسیارەیان ئاراستە دەکریٚ ریسواکردن و ئەزیەتدانی موشریکەکانی تیٚدایە هەرپرسیارەکە خۆی عـەزاب و سـزایە، عەزابیٚکی ترسناکیشە.

ئەمجار پەروەردگار وەلاٚمی مەعبودەکان باس دەکا کە لـەوەلاٚمی ئـەو پرسیارەو لـەو رۆژەدا عـەرزی پـەروەردگاری دەکـەن ﴿**قـالوا: سـبحانك ماكـان ينبغـي لنـا أن نتخـذ مـن دونـك مـن أوليـاء**﴾ دەلیٚـن: پـاك و مونەزەهی بۆتۆیە خودایە، شیاونیە بۆ ئیٚمەو راست نیە: کـە جگـە لـەتۆ هیچ پەرسـتراویٚکی تـر بـە رەوابزانـین و بڕیـاری بدەیـن! کـەوابیٚ چـۆن بەندەکانی تۆ گومڕادەکەین، لەریٚبازی پەرستش کردن بۆ زاتیپاکت لایـان دەدەین! نەخیٚر ئیٚمە شتی وامـان نـەکردوە، بـەڵکوو ئـەوان بـۆ خۆیـان لەریٚبازی تۆ لایان داوەو بۆخۆیان خۆیـان گومـڕا کـردوە، تـاوانی خۆیـان لەئەستۆی خۆیان !

﴿**ولكن متعتهم وآباءهم حتـى نسـوا الذكـر**﴾ بـەڵکوو تـۆ ئـەوانت هەرلەباب و باپیریانەوە لە نازونیعمەت دا پەروەردە کردو بەنازونیعمەتەوە تەمەنت دریٚژکردن و سەرگەرمی رابواردن و عەیش ونۆش و شویٚنکەوتنی حەزو ئارەزوی نەفسی خۆیان بوون، لەنازو نیعمـەتی هەمە جـۆردا نقـوم بوون و پەیامی تۆیان لەبیرچۆوە، ئەو ئـەحکام و ئامۆژگاریانـەی لەسـەر زوبانی پیٚغەمبەرەکانت پیٚیان راگەیەندرابوو لـەبیریان نـەماو بیٚئاگـابوون لەیادی تۆو بڕوابەتاك و تەنهایی تۆو تیٚفکریـن لەبەڵگـەکانی بونەوەرکـە نیشانەی خودایەتی تۆن .

﴿**وكـانوا قومـا بـورا**﴾ بەراستی ئەوانـە گـەل و نەتەوەیـەك بـوون بیٚخیٚرولەئاکاما بەهیلاك چوون.

نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی تـرە: کـە دەفـەرموێ: ﴿**ویوم یحشرهم جمیعاً ثـم یقـول للملائکـة: أهـؤلاء ایـاکم کـانوا یعبـدون؟ قـالوا: سبحانك...**﴾(سبأ/٤٠-٤١).

ئەمجـار بەعیبادەتکـەرەکان دەگوتـرێ: ﴿**فقـد کذبوکـم بمـاتقولون، فماتستطیعون صرفاً و لانصراً**﴾ ئەوە ئەوشتانەی ئێوە بەخوداتان دەزانـین جگە لەخودا دەتانپەرستن، پێتان وابوو یارمـەتیدەرو شـەفاعەتکار دەبـن بۆتان دەتانگوت لەخودامان نزیك دەکەنەوە، ئەوەتا بەدرۆیان خسـتنەوەو ئەوەی وتتان وا دەرنەچوو. ئەوخودا درۆزنانە توانای یارمەتیدانی ئێوەیان نیە، نـاتوانن سـزاو تۆڵـەی خوداتـان لیٚ لادەن، هیـچ بـەرگریان لـەئێوە بۆناکرێ، تەنانەت یارمەتیدانی خودی خۆشیان بۆ ئەنجام نـادرێ، وەکـوو لەئایەتێکی تردا دەفەرمووێ: ﴿**ومـن أضـل ممـن یدعوا من دون الله من لایستجیب لـه الی یوم القیامـة وهـم عـن دعائـهم غـافلون، واذا حشـر الناس کانوا لهم أعداءً، وکانوا بعبادتهم کافرین**﴾(الأحقاف/٥-٦).

ئەمجار لەکاتێکدا کە دیمەنەکـە دیمـەنی رۆژی قیامەتـەو روداوەکـانی رادەنوێنێ‌و چاوو دڵ و هەست و شـعور بـەو روداوانـەوە بەسـتراونەتەوە، وانیشان دەدا: کەئێستا ئەو رۆژەیەو قیامەت رابووەو مەخلوقات لەسارای مەحشـەردا وەسـتاون و موشـریکەکان خراونەتـە قەفەسـی تۆمەتـەوە، چاوەڕوانی ئاکامی دادگایی کردنەکەین .

ئالـەم کاتـەداو کتوپڕسـیاقەکە دەگوێزرێتـەوە بـۆ دونیـای ئێسـتاو هەڕەشەی توندوتیژ ئاڕاستەی بێبڕواکان دەکاو دەفەرموێ: ﴿ **ومن یظلـم منکم نذقه عذاباً کبیرا**﴾ هەرکەس لەئێوە لەم جیهانەدا هاوەڵ بـۆ خـودا بەڕەوا بزانێ‌و کافرو فاسق بـێ، ئـەوە رۆژی قیامـەت عـەزابی بەئێشـی پێدەچێژین، عـەزابێکی گـەورەو بـێ ئامـانی دەدەین، عـەزابێکی بـێ سەروبن .

پێغەمبەران هەردەبێ ئادەمیزادبن

وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَيَمْشُونَ فِى ٱلْأَسْوَاقِ ۗ وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً أَتَصْبِرُونَ ۗ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرًا ﴿٢٠﴾

دەربارەی نازڵ بوونی ئەم ئایەتە واحیدیو ئیبنوجەریر لەئیبنو عەباسەوە ریوایەتیان کردوە دەفەرمووێ: کاتی موشریکەکان رەخنەیان لەپێغەمبەر ﷺ گرت : وتیان : ئەوە چیە ئەم پێغەمبەرە خواردن دەخواو بەبازاڕدا دێودەچێ بۆ وەدەستهێنانی بژێو؟ پێغەمبەر ﷺ غەمبار بوو ئیتر ئەم ئایەتە نازڵ بوو!

ئێستا کە ئەوپەڕی بوختان و بەدرۆخستنەوەو گاڵتەپێکردن نیشاندرا، رەخنەیان لەپێغەمبەرﷺ گەیشتە چڵەپۆپەو ئیعترازیان لە ئادەمیزادیەتی پێغەمبەر گرت: سیاقەکە دەگەڕێتەوە بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرو چەسپاندنی ئەو حەقیقەتە: کە موحەممەدﷺ لە پێغەمبەرانی تر جوداواز نیەو هەموو پێغەمبەران ئادەمیزاد بوون و، دیاردە سروشتیەکانی ئادەمیزادیان تێدابووە، هەمویان خواردنیان خواردوەو شلەمەنیان خواردۆتەوە، جم وجوڵ و هاتوچۆیان کردووە نوستن و پشودانیان بووە.

بەم ئایەتە وەڵامی رەخنەی موشریکەکان: کە وتیان: ﴿**مالهذا الرسول یأکل الطعام و یمشي في الأسواق**﴾ دەداتەوە . ئەوە رون دەکاتەوە: کە رەوانە کردنی ئادەمیزاد بەصیفەتی پێغەمبەری داب و نەریتێکی یەزدانی‌یەو هەموو پێغەمبەران ئادەمیزاد بوون و رخنەگرتنیان لەپێغەمبەر لەم بارەیەوە جگە لەنەفامیو نەزانی هیچی ترنیە.

دەفەرمووێ: ﴿وما أرسلنا قبلك من المرسلين الا انهم ليأكلون الطعام و يمشون في الأسواق﴾ ئێمە لەپێش تۆدا هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردوە ئیللا کە ناردومانن خواردنیان خواردوەو بەبازاڕدا هاتوچۆیان کردوە، واتە: هەموو پێغەمبەرانی پێش تۆ ئادەمیزادبوون خواردنیان خواردوە، بۆ ئەوەی درێژە بەژیان بدەن و بەناو بازاڕدا هاتوون و چوون بۆ کاسپی کردن ومامەڵەوبازرگانی، خواردن و خواردنەوەو هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی ژیان دژایەتی نیە لەگەڵ حاڵ و وەزعی ئەوان و لەپلەوپایەی ئەوان دانابەزێنێ.

رەسەنیو بەرزییو بڵندیی ئەوان ڕاستی پێغەمبەرایەتیان بەئەخلاق و رەوشتی جوان و کردنی کاری چاك و دەرکەوتنی موعجیزەو نیشانەی سەرنج راکێش لێیان دەردەکەوێ: بەجۆرێك هەموو خاوەن عەقڵ و هۆشێك راستی پێغەمبەرایەتی ئەوانی بۆ دەردەکەوێ، دەزانێ کە لەخوداوە نێردراون، حەزرەتی موحەممەدیش وەکوو پێغەمبەرەکانی تر وایە، کەوابێ پێغەمبەر دەبێ لەڕەگەزی پێغەمبەربۆسەرنێردراوەکان بێ، هەژارییو کارکردن و هاتوچۆی ناوبازاڕ بۆ مامەڵەکردن و بازرگانی نابێتە شوێنی رەخنەو لەپلەو پایەی پێغەمبەر داناشکێنێ.

کەوابێ کە ئەو قورەیشیانە رەخنە لەپێغەمبەردەگرن رەخنە لەخودی پێغەمبەر ناگرن، بەڵکوو لەراستیدا رەخنە لەداب و نەریتی خودا دەگرن، رەخنە لەداب و نەریتێکی مەزەندەکراوونەخشە بۆکێشراو دەگرن، لەداب و نەریتێك بێهودە نەخراوەتەگەڕو بێ مەبەست و بێ نیاز نیە.

﴿وجعلنا بعضكم لبعض فتنة﴾ هەندێکتان بەهەندێکتان تاقی دەکەینەوە، پێغەمبەری ئادەمیزاد دەنێرین بۆ ئەوەی ئەوانەی دەرکی حیکمەتی خودا ناکەن بڕوایان بەنەخشەو مەزەندەکردنی خودا نیە ئیعتیراض بگرن، ئەوانەی متمانەیان بەخودا هەیەو بڕوا بە حیکمەت و

دانایی خودا دەکەن، خاوەن صەبرو ئارام بن خۆیان بدەنــە دەســت خــوداو پشتی پیٚببەستن.

هەروەها بۆ ئەوەی بانگەوازی ئیسلامی بکەویٚتە تیٚکۆشان و کیٚبڕکیٚو رۆژیٚك سەربکەویٚو رۆژیٚك تیٚك بشکیٚ صیراعەکە بەردەوام بیٚ ! هۆکــارە ئادەمیزادیەکان و توانا بەشەرییەکان رۆڵی خۆیان بگیٚڕن، دەربکەویٚ کــیٚ خۆڕاگرەو کیٚ بیٚصەبرە، کیٚ لەو تاقیکردنــەوە دەردەچــیٚو کــیٚ فاشــیل دەبیٚ !

ئــادەمیزادان چــین و تویٚــژن لــەزانیاری و نــەفامیدا لــە ســامانداریو هەژاریدا لەزیرەکیو کەودەنیدا، لە لەش ساغیو نەخۆشیدا، پەروەردگار دەیتوانی هەموو گەنج و خەزیٚنەی دونیا بخاتە ژیٚردەستیان و ئاتاجی هیچ نەبن، وەلیٚ خودا ویستی وابــووە پیٚغەمبــەران بــەکالاٚی دونیــاوە هەڵــەو گیرنەکا، هەموو هیٚزوتواناو کردەوەیان بۆ قیامەت بخەنە گەڕ، بــۆ ئــەوەی چاویان لیٚبکریٚو ببنە قودوە بۆ گەلەکانیان.

هــەروا ویســتی خــودا وابــووە ئــەوان بەگەلــەکانیان تــاقی بکاتــەوەو گەلەکانیشیان بەوان تاقی بکاتــەوە، تابۆیــان دەربکــەویٚ فەرمانبــەردار کیٚیەویاخی چەس! کیٚ ئاشتیخوازەو کیٚ زیانەخرۆیە .

﴿أتصبرون ﴾ ئایا خۆگردەبن، واتە خۆگرو پشو دریٚژبــن لەســەر ئــەو ریٚبازەی خودا بۆی دیاری کردون.

﴿وكان ربك بصيرا﴾ خودای تۆ ئەی موحەممەد! بینایــە دەزانــیٚ کــیٚ خاوەن صەبرەو کیٚ بەهات و هاوارە،کیٚ لەســەر ریٚبــازی حــەق بــەردەوام دەبیٚو کــیٚ لیٚــی لادەدا، هەریەکــەیان سزاو پاداشــتی خــۆی بــەگویٚرەی هەڵویٚست و کردەوەی وەردەگریٚتەوە .

ئــەبو دەرداء لەپیٚغەمبــەرەوە ریوایــەت دەکــا: دەڵــیٚ: پیٚغەمبــەرﷺ فەرموویەتی: **(ويل للعالم من الجاهل، و ويل للسلطان مـن الرعيـة، و ويـل**

للرعية من السلطان، و ويل للمالك من المملوك، و ويل للشديد من الضعيف و للضعيف من الشديد بعضهم فتنة) هاوار بۆ زانا لەچنگ نەزان ئەگەر هەوڵ نەدات شارەزای بکا، هاوار بۆ فەرمانڕەوا لەچنگ رەعییەتەکەی ئەگەر بەدڵسۆزیو عەدالەت فەرمانڕەواییان نەکا، هاوار بۆ رەعیەت لەچنگ فەرمانڕەوا ئەگەر بەقسەی نەکەن، هاوار بۆ خاوەن لەچنگ کۆیلەکانی ئەگەر ستەمیان لیٚ بکا، هاوار بۆ بەهێز لەچنگ بیٚ هێز، هاوار بۆ بیٚ هێز لەچنگ خاوەن هێز، هەندێکیان بۆ هەندێکیان فیتنەو تاقیکردنەوەن.. ئەمجار ئەم ئایەتەی ﴿وجعلنا بعضكم لبعض فتنة﴾ی خوێندەوە .

موشریکەکان بۆ چەسپاندنی راستی پێغەمبەرایەتی موحەممەد داوای نازڵبوونی فریشتە دەکەن بۆ سەریان، یان خودا ببینن

۞ وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَوْ نَرَىٰ رَبَّنَا ۗ لَقَدِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْ عُتُوًّا كَبِيرًا ﴿٢١﴾ يَوْمَ يَرَوْنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ لَا بُشْرَىٰ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا ﴿٢٢﴾ وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُوا۟ مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَٰهُ هَبَآءً مَّنثُورًا ﴿٢٣﴾ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ مُّسْتَقَرًّا وَأَحْسَنُ مَقِيلًا ﴿٢٤﴾

ئەمەش شوبهەوگومانی موشریکەکانە دەربارەی ئینکاریکردنیان بۆ پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدو رتکردنەوەی پەیامی قورئان،

پوختەی رەخنەکەشیان ئەوەبوو دەیانگوت: بۆچی فریشتە نایەتە خـواریّ، شایەتی بدەن: کـە موحەممـەد راسـت دەکـا پێغەمبـەرە، یـان خودامـان چاوپیّبکەوێو دڵنیامان بکا: کە ئەو موحەممەدی بـۆ سـەر ئێمـە رەوانـە کردوە !!

بێگومان موشریکەکان بەتەما زیندوبوونـەوە نـین، چاوەڕوانی لیقـای خودانـین، حیسـاب بـۆ رۆژی قیامـەت ناکـەن، هەڵسـوکەوتیان لەسـەر ئەوبنەمایە بنیات نانێن، بۆیە هەسـت بەگـەورەیی‌و شـکۆمەندیی خـودا ناکەن، بۆیە زوبانیان هەڵدەسوڕێنن بە وشەو رستەی وەهـا کـە عادەتـەن لەکەسێکەوە نابیسترێن بڕوای بە خودا هەبیّو بەتەمای گەیشتن بـە خـودا بیّ لەقیامەت دا..

بەراسـتی ئـەوە هەڵوێسـتێکی سەرسـوڕهێنەرە لەهەڵوێسـتەکانی سـەرڕەقی موشـریکەکان، وێنـەی سـەرڕەقی‌و قوڵبونەوەیانـە لـەکوفرو بێدینی‌دا قورئان وێنەی کێشاوەو دەفەرمووێ:

﴿وقال الذين لايرجون لقاءنا: لولا أنزل علينا الملائكة أونرى ربنـا﴾

ئەوانەی موشـریك و بیّبـڕوان ئینکـاری زیندوبوونـەوەو سزاو پاداشـتی قیامەت دەکەن و بەتەما ئەوەنین بەئێمە بگەن، وتیان: ئەوە بـۆ فریشـتە نایەتە سەرمان و بەچاو بیبینـین، وەکـوو لـەوەپێش نـازڵ دەبوونـە سـەر پێغەمبەران ! با فریشتە بێـن و هـەواڵمان بدەنـێ : کەموحەممـەد راسـت دەکا، لەوەدا کە دەڵیّ من پێغەمبەرم ! یان با بەڕۆژی روناك بەئاشـکراو بیّ پەردە خودامان چاو پێبکەوێو پێمان بڵیّ : ئەوە من ئەو پێغەمبـەرەم بۆ سەر ناردون ! فرمانمان پیّ بکا بەشوێن کەوتنی‌و بڕوا پیّ‌هێنانی.

بێگومـان کافرەکـان بـەدوریان دەزانـی پێغەمبـەر ئـادەمیزاد بـیّ ، دەیانگوت: ناگونجیّ ئادەمیزادێکی وەکوو خۆمان ببێتە پێغەمبەر، ئەگەر راست دەکا بافریشتە بێتە خواریّ شایەتی بۆ بدا: کە پێغەمبەرە یـان بـا

خودا بۆ خۆی خۆیمان نیشان بداو پێمان بڵێ: ئەوە پێغەمبەری منەو بڕوای پێبکەن !

بەڕاستی ئەمە دەستدرێژیکردنە بۆ سەرمەقامی خودا، دەستدرێژیکردنی ئادەمیزادی نەفامە بۆسەر جەلال و شەوکەت و شکۆمەندی پەروەردگار، دەستدرێژیکردنی کەسانێکە قەدرو رێزی خودا نازانن !! دەبێ ئەوانە خۆیان پێ چی بێ : کەئەم دەستدرێژیە دەکەنە سەر بەدیهێنەری بونەوەر؟ ئەوان چین؟ خۆ ئەوان لەمولکی خودادا وەکوو گەردیلەیەکی سەر لێشێواو وان ، ئەوانە چین پەڵپی ئاوەها دەگرن!

لەراستیدا ئەوانە بەم پەڵپ و بیانو گرتنەیان جگە لەئینکەبەری و سەرکەشی و مل نەدان بۆ حەق هیچی تریان مەبەست نەبووە، بۆیە پەروەردگار لەهەمان ئایەت داو پێش ئەوەی کۆتایی بێ ڕەددی دانەوەو فەرمووی: ﴿**لقد استكبروا في أنفسهم وعتوا عتواً كبيرا**﴾ بێگومان ئەوان تەکەببوریان کردو لەناخی دڵیان دا بڕیاریان داوە: کە ئیمان نەهێنن، مل بۆ حەق نەدەن، خۆ بەزلزانی و مل نەدان بۆحەق بوەتە بیروباوەڕو لەدڵ و دەرونیان دا جێگیربووە، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرمووێ: ﴿**ان في صدورهم الا كبرماهم ببالغيه**﴾(**غافر /٥٦**) ئەوان لەسەرڕەقی و یاخیبوون دا گەیشتونەتە چلەپۆپە، بۆیە جەسارەت دەکەن پەڵپی ئاوا بگرن و بیانوی ئاوا بخەنە روو! ئەوان لەحەقیقەت دا ئەگەر فریشتەش بێتە خوارێ شایەدی بدا لەسەر ڕاستی پێغەمبەر، ئەوان هەر ئیمان ناهێنن !

وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرمووێ:﴿**ولو أننا نزلنا اليهم الملائكة،و كلمهم الموتى،و حشرنا عليهم كل شيء قبلا ماكانوا ليؤمنوا الا أن يشاء الله**﴾(**الأنعام /١١١**) بێگومان ئەوان خۆیان لەخۆگۆڕاوە، بەتەواوی لەخۆیان بایی بوون، هێندە خۆیان لاگەورەبووە بێئاگابوون لەتەقدیرکردنی

قییەمی حەقیقیو پێوەرەکانیان لیٚشێواون، لەبەر خۆبەزلزانی تەنیا هەست بەخۆیان دەکەن، هێندە خۆیان لەخۆ گۆڕاوە وادەزانن شیاوی ئەوەن خودای گەورەو مەزن خۆیان بۆ دەرخا تائیمان بهێنن !!

ئەمجار پەروەردگار قەشمەرییان پیٚ دەکا: کە ئاگاداریان دەکا بەسەر ئەوهەولٚ و تەنگانەی کەچاوەڕوانیانە لەورۆژەدا کەفریشتە دەبینن، هەڵبەتە بینینی فریشتە کەمترین داواکارییانەو بەلای خۆیانەوە شتێکی ئاساییە، بێگومان ئەوان فریشتەیان چاو پیٚناکەویٚ مەگەر لەرۆژێکی سامناك دا کەلەو رۆژەدا سزایەك چاوەڕوانیانە خۆی بۆناگرن و قوتار بوونیان لە دەستی نیە، ئەویش رۆژی حیساب و عیقابە.

دەفەرمووێ: ﴿**یوم یرون الملائکة لابشری یومئذٍ للمجرمین، و یقولون حجراً محجوراً**﴾ واتە ئەوان لەحاڵی ئاسایيو خۆشیدا فریشتە نابینن، بەڵکوو لەحاڵەتی شەڕوتەنگانەدا چاویان بەفریشتە دەکەویٚ، ئەوان بیٚشك لەکاتی مردن دا یان لەرۆژی قیامەت دا فریشتە دەبینن، پێیان دەڵێن: مزگێنی خێرتان لیٚنەبیٚ، خۆشیوئارامیتان نەیەتەڕیٚ، فریشتەکان مزگێنی دۆزەخیان دەدەنیٚ، هەواڵی قارو غەزەبی خودایان پیٚڕادەگەیەنن .

ئەورۆژەی پێشنیارەکەیان دێتەجیٚو فریشتەیان چاوپیٚدەکەویٚ، رۆژێکە مزگێنی تێدا نادریٚ بەتاوانباران، بەڵکوو سزا دەدرێن، عەزابی بەئێش و سامناکیان توش دیٚ، فریشتە پێیان دەڵێن : ﴿**اخرجوا انفسکم الیوم تجزون عذاب الهون بما کنتم تقولون علی الله غیر الحق، و کنتم عن آیاته تستکبرون**﴾(الأنعام/٩٣) .

ئالەو رۆژەدا هەردەڵێن: ﴿**حجراً محجوراً**﴾ پەنا دەگرین بەخوداو داوای لیٚدەکەین: کە ئەم عەزاب و خەتەرەمان لیٚدووربخاتەوە، واتە : داوا

دەکەن: کە عەزاب و خەتەری فریشتەیان لیٚدوور بخریٚتەوە، ئەمە ئەگەر ئەم رستەیە وتەی کافرەکان بیٚ .

ئەگەر وتەی فریشتەکان بیٚ ئاراستەی تاوانبارەکانی بکەن . ئەوکاتە ماناکە بەم جۆرە دەبیٚ: ﴿**حجراً محجوراً**﴾ یاساغ و قەدەغەیە لەئیٚوە مزگینیو بەهەشت، یاساغ و قەدەغەیە رزگاربونتان و هەرگیزاو هەرگیز لەچنگ سزاو تۆڵە قوتاربونتان نیە، مزگیٚنیتان لیٚنەبیٚو بەفتارە چن .

ئەمەش بەپیٚچەوانەی حالْ و وەزعی موسولْمانانە لەکاتی سەرەمەرگ دا لەوکاتەدا ئەوان مزگیٚنی خیٚرو خۆشیان پیٚ دەدری؛ وەکوو لەشویٚنیٚکی تردا دەفەرمووێ: ﴿**ان الذين قالوا ربنا الله ثم استقاموا تتنزل عليهم الملائكة ألاّ تخافوا ولاتحزنوا و أبشروا بالجنة التي كنتم توعدون، نحن أولياؤكم في الحياة الدنيا و في الآخرة، و لكم فيها ما تشتهي أنفسكم و لكم فيها ماتدّعون، نزلاً من غفور رحيم**﴾(**فصلت /٢٠-٢٢**).

لەفەرموودەی صەحیح و راست دا هاتووە (البراء) یکوری عازیب ریوایەتی کردووە دەفەرمووێ: فریشتە بەگیانی موسولْمان دەڵیٚ: وەرە دەرەوە ئەی گیانی پاك و خاویٚن؛ لەجەستەی خاویٚن.. ئەگەر تۆ تائیٚستا ئەم جەستەیەت ئاوەدانکردبووەوە ئیٚستا وەرەدەرەوە بچۆ ناو رۆح و ریٚحانەوە، بچۆرە خزمەت خودایەکی خۆشی دەویٚ و رقی لیٚت نیە!!

ئەمجار پەروەردگار هەوالْ لەپوچانەوەی کردەوە باشەکانی کافرەکان دەدا، کاتیٚك بەخۆیان دەزانن ئەو کردەوە باشانەی لەدونیا خۆیان پیٚ هەڵدەنانەوە و بەتەمابوون سودیان لیٚوەربگرن بوونەتە تۆزو باو کەڵکی هیچیان نیە. دەفەرمووێ:

﴿**وقدمنا الى ماعملوا من عمل فجعلناه هباءً منثورا**﴾ رۆژی قیامەت سەیری کردەوە باشەکانی کافرەکان دەکەین لەکاتی حیساب و لیٚکۆڵینەوەدا تەماشای کاروکردەوەی خیٚروشەڕیان دەکەین، : کەپیٚیان

وابووسودیان لیٚدەبینن، هەمووکردەوەکانیانمان کردونە تۆزوباو هیچ سودیان پیٚناگەیەنن، چونکە مەرجی کردەوەی باش و پەسەندیان کە ـ ئیمانە ـ تیٚدا نەهاتوٚتەدی، لەبەرخاتری رەزامەندیی خوداو بەمەبەستی پەیرەوکردنی شەریعەتی خودا ئەنجام نەدراون.

هەرکردەوەیەکیش بەدلٚسۆزی بۆ خودا ئەنجام نەدریٚ و بەگویٚرەی شەریعەتی خودا جیٚبەجیٚ نەکریٚ بەتالٚ و بیٚسودە . چونکە کردەوەکانیان لەسەربنەمای ئیمان ئەنجام نەداوە، ئیمانیٚکی واپالٚی پیٚوەنەناون بۆ کردنی کردەوەکانیان کەدلٚ و دەرون بە خوداوە پەیوەست بکا، پەیوەست بونیٚکیواکرداری باش بکاتە مەنهەج و پەیڕەوو پرۆگرام ونەخشە بۆ کیٚشراوو بنەمایەکی مەبەست .

بیٚگومان وجودی ئادەمیزادو ژیانی کردەوەو بیروبۆچونی لەروانگەی ئیسلامەوە پەیوەستە بەبنەمای بونەوەرەوە و بەوقانون و یاسایانەی بونەوەری پیٚهەلٚدەسوڕیٚ و بەخوداوە دەیلکیٚنیٚ.

جاهەر کاتیٚ ئادەمیزاد ژیانی خۆی لەوجەمسەرو میحوەرە جیا کردەوە: کە پەیوەستی دەکا لەگەلٚ بونەوەردا بەخودای بونەوەرەوە، دەبیٚتە شتیٚکی فریٚدراوو بیٚنرخ و کیٚش هیچ نرخیٚك بۆ کردەوەکانی داناندریٚ !!

ئیمان و بیروباوەڕە کە ئینسان بە خوداوە پەیوەست دەکا و کردەوەکانی بەنرخ دەکا و وەزنیان بۆ دادەنیٚ، نەبوونی ئیمانە کەکردەوەی باشی موشریکەکان پوچ دەکاتەوە و قورئان بەو دیمەنە حیسسیو خەیالٚیە تەعبیر لەپوچ کردنەوەکە دەداتەوەو دەفەرمووێ: ﴿**وقدمنا الیماعملوا من عمل فجعلناه هباءً منثورا**﴾.

ئەمجار پەروەردگار هاوتەرازویەك لەنیٚوان حالٚ و وەزعی کافرەکان و حالٚی موسولٚمانەکان دا ئەنجام دەدا وەکوو ئوسلوب و مەنهەجی خۆی پاش باسی کافرەکان باسی موسولٚمانەکانیش دەکاو دەفەرمووێ:

﴿أصحاب الجنة يومئذٍ خير مستقراً و أحسن مقيلا﴾ بێگومان حاڵ و وەزعی بەهەشتیەکان زۆر لەهی دۆزەخیەکان باشترە لەبارەی شوێن و نشینگەی تیدا حەوانەوە و ئارامی و خۆشی رابواردن .

مەبەست ئەوەیە موسوڵمانەکان لەخۆشترین و باشترین کات و شوێن دا ژیان بەسەردەبەن و هیچ کەم و کوریەکیان نیە، هەموو هۆکارێکی خۆش رابواردنیان بۆ دابین دەکرێ، هەڵبەتە لەدۆزەخ دا هیچ خۆشیو خێرو بێرێك نیە.

کەوابوو لەرستەی ﴿خير مستقراً وأحسن مقيلا ﴾ مانای (اسم تفضيل) مەبەست نیە، واتە مەبەست ئەوەنیە لەدۆزەخ دا شوێنی خۆش هەیە بەلاّم هی بەهەشت خۆشترو جوانترە ! ئەو مانایە مەبەست نیە بەڵکوو مەبەست لۆمە کردن و سەرکوتانەوەو تەقریع کردنیانە، وەکوو ئەوە کابرایەك ماڵ و سامانێك بدا بەژێر دەستەکەی خۆی، ئەویش لەجیاتی سوپاس کردنی لێی یاخیبێو سەرپێچی بکا. ئەمجار کابرا بیگرێو بیداتە بەردارو فەلاقەو کۆت و زنجیرو لەروی سەرزەنشت کردنەوە پێی بڵێ : دەبخۆ ئەمەت باشترە یان ئەوە !!

ترس و خۆفی رۆژی قیامەت و تەنگ و چەڵەمەکانی

وَيَوْمَ تَشَقَّقُ ٱلسَّمَآءُ بِٱلْغَمَٰمِ وَنُزِّلَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ تَنزِيلًا ﴿٢٥﴾ ٱلْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ لِلرَّحْمَٰنِ ۚ وَكَانَ يَوْمًا عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ عَسِيرًا ﴿٢٦﴾ وَيَوْمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى ٱتَّخَذْتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلًا ﴿٢٧﴾ يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِى لَمْ أَتَّخِذْ

فُلَانًا خَلِيلًا ﴿٢٨﴾ لَّقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءَنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنسَانِ خَذُولًا ﴿٢٩﴾

دەربارەی سەبەب نزولی ئایەتی ﴿ ویوم یعض الظالم علی یدیه ....الآیة﴾ ریوایەت کراوە: کە عوقبەی کوڕی (أبي معیط) زۆر لەگەڵ پێغەمبەردا دادەنیشت، رۆژێك پێغەمبەری داوەت کرد بۆ ماڵەوە، پێغەمبەر ﷺ وتی : شایەتومان نەهێنی نان لەماڵت ناخۆم، ئەویش شایەتومانی هێنا، ئوبەی کوڕی خەلەف برادەری عوقبە بوو، کە بیستیەوە عوقبە ئیمانی هێناوە سەرزەنشتی کردو وتی: وادیارە خەڵەفاوی، عوقبە وتی: نەخێر بەڵام موحەممەد میوانم بووەو سوێندی خوارد: کە تا شایەتومان نەهێنم هیچ لەماڵم نەخوا، منیش شەرمم بەخۆم دا هات و شایەتومانم هێنا.

ئوبەی وتی: من لەگەڵت ئاشت نابمەوە مەگەر بێی قاچت بخەیە سەرپشت ملی پێغەمبەر و تفیش بکەیە دەموچاوی .عوقبە هات پێغەمبەری لە(دار الندوة)دا بینی چوبوە سوژدە: داخوازییەکەی ئوبەی جێبەجێکرد پێغەمبەرﷺ فەرمووی: **(لاالقاك خارجاً من مكة الا علوت رأسك بالسيف).**

ئەم هەڕەشەیەی پێغەمبەرﷺ هاتەدی لەغەزای بەدر دا ئەسیرکرا، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە عەلی کوڕی ئەبوتالیب کرد کوشتی، ئوبەی کوڕی خەلەفیش لەغەزای ئوحود دا پێکراو گەڕایەوە بۆ مەککە و مرد، جا: کە زانی دەمرێ وتی : (یالیتنی اتخذت مع الرسول سبیلا).

موناسەبەی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە لەم ڕووەوەیە:

دوای ئەوەی پەروەردگار ئەوەی بەیانکرد: کە موشریکەکان پەلپی

هاتنە خوارەوەی فریشتەیان لەپێغەمبەرگرت، پەروەردگار باسی دیمەنە سامناکەکانی رۆژی قیامەت دەکاو هەواڵی هاتنەخوارەوەی فریشتەکان لەو رۆژەدا رادەگەیەنیو وێنەی دەورەدانیان بۆ ئادەمیزادو کۆکردنەوەیان لەسارای مەحشەردا دەکێشێ.

جالەو رۆژەدا ستەمکاران دەستی خۆیان دەگەزن و پەشیمانیو نارەحەتی خۆیان لەسەر هەلی لەدەست چویان ئاشکرا دەکەن، ئاواتەخوازی : ئەوەدەبن کەبەگوێی پێغەمبەریان بکردایەو پابەندی فەرمان و جڵەوگیریەکانی بوونایەو کاریان بەو حاڵە نەگەشتایە !

بەم جۆرە دیمەنێکی تری رۆژی قیامەت رادەنوێنیو وێنەی پەشیمانیو پەنجەگەستنی ستەمکارە گومڕاکان دەکێشیو بەدورو درێژی دیمەنەکە نمایش دەکا، بیسەر وادەزانیو واهەست دەکا: کە ئەو دیمەنە کۆتایی نایەو بەردەوامە !

دەفەرمووێ: ﴿**ویوم تشقق السماء بالغمام**﴾ ئەی پێغەمبەر! بیر لەورۆژە بکەرەوە: کە ئاسمان شەق دەبیو هەورێکی سپی لێدەردەچێ! وێدەچێ ئەو هەورە سپی‌یە لەهەڵم و بوخاری ئەوتەقینەوەو شەق بردنەوە پەیدابێ !

لەو رۆژەدا یاسای بوونەوەر دەگۆڕێ خۆرو مانگ و ئەستێرەکان دەبنە نیمچە هەورێك بەهۆی پەرتەوازە بوون و بەربوونەوەو گۆڕانکاری لەپێکهاتەکانیان دا، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**اذا السماء انفطرت، واذا الكواكب انتثرت**﴾(**الانفطار** /١-٢) یان دەفەرموێ: ﴿**وفتحت السماء فكانت ابوابا، وسيرت الجبال فكانت سرابا**﴾(**النبأ**/١٩ـ٢٠) .

ئەم ئایەتەو ئایەتەکانی تریش ئەوە دەچەسپێنن: کە روداوی فەلەکی گرنگ و ترسناك لەکاتی رابوونی قیامەت دا روودەدەن و هەموو

ئایەتەکان ئاماژە بەوەدەکەن، کە سەر لەبەر ئەم بوونەوەرە تێك دەچێ، هیچ کامێ لەبەشەکانی بوونەوەر پەیوەندیان بەیەکەوە نامێنێ! ئەستێرەو خۆرو مانگ و شارەئەستێرەکان و جەمسەرەکانیان یاسایان تێك دەچێ، ئینقیلابێکی گشتی یەکانگیر بەسەر بوونەوەردا دێو کۆتایی بەم جیهانە دێ.

قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەت و سورەتی دا دیمەنی ئەو وێرانبونە رادەنوێنێو ئەوە دەچەسپێنێ کەوێرانبونەکە تایبەت نابێ بەزەویەوە، بەلکوو ئاسمان و ئەستێرەکانیش دەگرێتەوە . وەکوو دەفەرمووێ: **﴿اذا الشمس كورت، و اذا النجوم انكدرت، و اذا الجبال سيرت، واذا البحار سجرت ﴾** یان **﴿واذا السماء انشقت، واذنت لربها وحقت، واذا الأرض مدت والقت مافيها وتخلت، واذنت لربها وحقت﴾** یان **﴿فاذا نفخ في الصور نفخة واحدة، وحملت الأرض والجبال فدكتا دكة واحدة، يومئذٍ وقعت الواقعة وانشقت السماء فهي يومئذٍ واهية﴾** یان**﴿اذا زلزلت الأرض زلزالها واخرجت الأرض اثقالها﴾** یان **﴿ويسألونك عن الجبال فقل ينسفها ربي نسفاً، فيذرها قاعاً صفصفاً لاترى فيها عوجاً ولاامتا﴾** یان **﴿ وترى الجبال تحسبها جامدة وهي تمر مرّ السحاب ﴾**.

ئەم ئایەتانەو زۆری تریش لەم بارەوە هەمویان ئەوە دەچەسپێنن کەکۆتایی هاتنی ئەم جیهانەی ئێمە کۆتایی هاتنێکی سامناك و سەرسورهێنەرە ! چەندێك لێی وردبینەوە کەمەندکێشی خەیاڵ نابێ و زەین ناتوانێ کۆنترۆڵی بکا.

قورئان دیمەنەکانی رادەنوێنێ بەلاّم روداوەکان هێندە سامناك و گەورەن خەیاڵ دەرەقەتیان نایە، زەوی رادەتلەقێ و پێکدا دەدرێ، کێوەکان دەتەقێندرێنەوەو دەبنە تۆزوبا یان دەبنە لۆکەی کراوە . دەریاکان دەتەقنەوەو دەبنە بورکان و گڕکان، ئەستێرەو مانگ و خۆر روناکیان

نامێنیێو لێلْ دەبن، ئاسمان شەق دەبێ و قەڵشت قەڵشت دەکەوێ، هەموو شارە ئەستێرەو فەلەك و جەمسەرەکانیان وێران دەکرێن و هەڵدەوەرن، نێوانی قەبارەکان ئاسایی نامێنیێو تێك دەچێ . مانگ و خۆر دەکەونە نزیك یەکەوە، ئاسمان چەلێك وەکوو دوکەڵ دێتە بەرچاو و دەمێکیش وەکوو ئاگری سوری هەڵگیرساو....هتد.

ئا ئەو رۆژە کە لەئێمە نادیارەو ناتوانین بەخەیاڵ وێنەی بکێشین روداوی گرنگ رودەدەن، یەکێك لەو روداوانە ئەوەیە: کە ﴿**ونزل الملآئکة تنزیلا**﴾ فریشتە دادەبەزن بۆ سەر ئەو خەڵکە نامەی عەمەلی بەندەکانیان بەدەستەوەیە، شایەدی لەئەو خەڵکە دەدەن بەبەڵگە بۆڕیان دەدەن. وێنەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە: کە دەفەرموێ: ﴿**هل ینظرون الا أن یأتیهم الله في ظلل من الغمام و الملآئکة**﴾(**البقرة /٢١٠**) .

﴿**و کان یوماً علی الکافرین عسیراً**﴾ بێگومان رۆژی قیامەت لەسەر کافرەکان رۆژێکی ناخۆش و سامناکە، رۆژێکی قورس و پڕ تەنگانەیە . چونکە رۆژی عەدالەت و بڕیاردانە، ئەوان تاوانکارو ستەمکارن، سزای تاوانبارو ستەمکاران ئاگری دۆزەخە، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ:
﴿**فذلك یومئذٍ یوم عسیر، علی الکافرین غیر یسیر** ﴾(**المدثر /٩-١٠**)

دەی بۆچی موشریکەکان داوای نازڵبوونی فریشتە دەکەن، بۆچی نازانن ؟ : کەفریشتە لەرۆژی ئاوەها تەنگانەدا نەبێ دانابەزن ؟!

بەڵام ئەو رۆژە سامناك و پڕمەینەتیە بۆ موسوڵمانەکان رۆژێکی خۆش و بێمەترسییە، وەکوو لەشوێنێکیتر دا دەفەرموێ: ﴿ **لایحزنهم الفزع الأکبر**﴾(**الأنبیاء/١٠٣**) ئیمامی ئەحمەد لەئەبوسەعیدی(**الخدري**) یەوە ریوایەت دەکا : دەڵێ: عەرزی پێغەمبەر کرا، وتیان: ئەو رۆژەی خودا بە ﴿**یوما کان مقداره خمسین ألف سنة** ﴾ وەصفی کردوە چەند دورودرێژە؟ چۆن بەسەر دەچێ! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**والذي نفسي**

بیده، انه لیخفف علی المؤمن حتی یکون أخفَ علیه من صلاة مکتوبة یصلیها في الدنیا) .

ئەمجار دیمەنێکی تری ڕۆژی قیامەت نمایش دەکاو دەفەرموێ: ﴿ویوم یعض الظالم علی یدیه یقول: یا لیتني أتخذت مع الرسول سبیلا﴾ ئەی موحەممەد ! بیر لەرۆژی قیامەت بکەرەوە، بیر لەو ڕۆژەبکەرەوە : کە موشریکەکان و ستەمکاران دەستی خۆیان دەگەزن ؛ نەك دەستێکی بەڵکوو هەردوودەستی خۆی دەگەزێ، جا یان بەنۆرە هەرجارە قەپاڵ بەدەستێکیدا دەکا، یان بەیەکەوە گاز لەهەردو دەستی دەگرێ، ئەمەش لەبەر ئەو تەنگانەو ناخۆشی‌یەی تی‌ی‌کەوتووە. بەهۆی پەشیمانی لەئەندازە بەدەری هەلی لەدەستچووی: بەهۆی ئەوەی کە لەدونیادا فرسەتی لەدەست داوە، پشتی لەحەق کردوەو شوێن پەیامی پێغەمبەر نەکەوتووە، پەنجەی خۆی دەگەزێ: کە بۆچی لەتەك پێغەمبەر دا ڕێگای سەرفرازی نەگرتەبەر ! هاوار دەکاودەڵێ:

﴿یا ویلتا لیتنی لم أتخذ فلاناً خلیلا﴾ ئەی هاوار بۆخۆم ! ئەی مردن لەکوێی وەرەبۆم ڕۆژتەو فریام بکەوە، ئای چم بەخۆم کرد! خۆزگە فلانکەسی: کە ڕێگای لی ٚگوم کردم نەمکردایە بەدۆستی گیانی بەگیانی خۆم ! شوێنی نەکەوتمایەو خۆم بەم مەرەدە نەبردایە و ڕۆژم بەم ڕۆژە ڕەشە نەگەیشتایە !!

﴿ لقد أضلني عن الذکر بعد اذ جاءني ﴾ بێگومان ئەو هاوەڵە خراپەم ڕێگەی لی‌تێکدام، گومڕای کردم، لەیادی خوداو قورئان لای دام، پاش ئەوەی قورئانم پی‌گەیشت ویستم شوێنی بکەوم سەری لێ تێکدام و نەیهێشت ئیمانی پی‌بهێنم، لێم بوو بەشەیتان و لەخشتەی بردم ! ئەمجا پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وکان الشیطان للأنسان خذولا﴾ بێگومان شەیتان بۆ ئادەمیزاد ڕیسواکەرە، هەر دەیەوێ ئادەمیزاد

لەخشتەبەریو ریسوای بکا، لەحەق و راستی لایبدا بیخاتە زەلکاوی گومڕاییەوە و دوایی خۆی لیٚ بەرییبکاو لەکاتی تەنگانەدا هیچ دادی نەدا !!

دەگونجیٚ مەبەست بە(شەیتان) لەئایەتەکەدا برادەری ستەمکارە دەست گەزیوە کەبیٚ. بە شەیتان ناوی هیٚناوە، چونکە ئەویش وەکوو شەیتان ریٚگای حەقی لەئادەمیزاد گوم کردوە، دەشگونجیٚ مەبەست خودی شەیتان بیٚ لەم روەوە کە هەلٚیناوە بۆ ئەوەی ئاشنایەتی دۆستە گومڕاکەی بکا. یان مەبەستی جینسی شەیتانە، هەرکەسیٚ گومڕاکەریٚ پییٚدەگوتریٚ شەیتان .

وەکوو لەشویٚنیٚکیتردا دەفەرمویٚ: ﴿**كمثل الشيطان إذ قال للأنسان اكفر فلما كفر قال اني بريء منك، اني أخاف الله ربّ العالمين**﴾**(الحشر/١٦)**.

لەصەحیحی موسلیم و بوخاریدا لەفەرموودەیەك دا: کە ئەبوموسا لەپیٚغەمبەرەوەﷺ گیٚڕاویەتیەوە دەفەرمویٚ: **(انما مثل الجليس الصالح و الجليس السوء كحامل المسك و نافخ الكير، فحامل المسك إما أن يحذيك و إما أن تبتاع منه و إما أن تجد ريحا طيبا، و نافخ الكير إما أن يحرق ثيابك و إما أن تجد ريحاً خبيثة).**

نمونەی برادەری باش و برادەری خراپ وەکوو عەترفرۆش و ئاسنگەر وەهایە، نزیکبوونەوە لەعەتر فرۆش یان بەشت دەدا یان لییٚدەکڕی یان هیچکەنەبیٚ بۆنیٚکی خۆشت بەلوت دا دەچیٚ. نزیکبوونەوە لەئاسنگەر یان پریشکی ئاگری کورەکەی پۆشاکەکەت دەسوتیٚنیٚ یان هیچکەنەبیٚ بۆنیٚکی ناخۆشت بەلوت دا دەچیٚ.

ئەبوبەکری (البزار) لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکا :دەلٚیٚ بە پیٚغەمبەر ﷺ گوترا : ئەی پیٚغەمبەری خودا ! چ هاونشینیٚك باشە لەگەلٚی دابنیشین ؟ فەرموی : (کەسیٚك باشە برادەری لەگەلٚدا بکەن و

ئامادەی کۆڕومەجلیسی بن: کە بینینی خوداتان بیربخاتەوە، قسەو گفتوگۆی زانیاریتان زیاد بکا،کردەوەکانی قیامەتتان بیربێنێتەوە .

زانایانی ئیسلام فەرمویانە: ئینسان تابۆی بکرێ رەفاقەتی ئینسانی بێدین و دووڕوو ترسنۆك و ئەحمەق و رژد نەکا، نزیکبوونەوە و دانیشتن لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا پەسەندنیەو تابتوانی پێویستە خۆتی لێ دوور بخەیەوە مەگەر دڵنیابێ کە دەتوانێ تۆ کار لەئەوان دەکەی و لەم رەوشتە ناشیرینانەیان ژێوان دەکەیەوە یان لێیان کەم دەکەیەوە .

کافرەکان قورئان پاشگوێ دەخەن و دەڵێن: بۆچیهەمووی بەیەکجار نازڵ نابێ

وَقَالَ ٱلرَّسُولُ

يَـٰرَبِّ إِنَّ قَوْمِى ٱتَّخَذُوا۟ هَـٰذَا ٱلْقُرْءَانَ مَهْجُورًا ﴿٣٠﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِىٍّ عَدُوًّا مِّنَ ٱلْمُجْرِمِينَ ۗ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا ﴿٣١﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ٱلْقُرْءَانُ جُمْلَةً وَٰحِدَةً ۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۖ وَرَتَّلْنَـٰهُ تَرْتِيلًا ﴿٣٢﴾ وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَـٰكَ بِٱلْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا ﴿٣٣﴾ ٱلَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ أُو۟لَـٰٓئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٣٤﴾

ئیبنوئەبی‌حاتەم و حاکم و هی‌تریش لەئیبنوعەبباسەوە ریوایەت دەکەن، دەفەرموێ: (موشریکەکان وتیان: ئەگەر موحەممەد وەکوو بۆ خۆی دەڵێ: پێغەمبەرم، راست بکا بۆچی خوداکەی دیقەدیقەی پی‌دەکاو هەررۆژە ئایەتێکی بۆ دەنێرێو بەیناو بەینیش بۆی نانێرێ. بۆچی هەموو قورئانی بەجارێك بۆ نانێرێ.

ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿**وقال الذین کفروا: لولا نزل علیه القرآن جملة واحدة**﴾ ی نارده خواری.

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە لەم روەوەیە:

لەوەپێش پەروەردگار پەلپ و بیانووی موشریکەکانی‌باس کرد، قسەو بیروبۆچونی پوچیانی رانواند: ئەمجار لێرەدا ئەوە رون دەکاتەوە کەوێڕای ئەوهەموو بەڵگەو نیشانانە کافرەکان تەمبێ خواردو نەبوون، بەگوێی پێغەمبەریان نەکردو پشتیان لەقورئان هەڵکرد!

دەفەرموێ: ﴿ **وقال الرسول** ﴾ پێغەمبەر هانای بۆ خودای خۆی برد: نارەحەتی خۆی لەچنگ موشریکەکان راگەیاندو وتی: ﴿ **یارب ان قومي أتخذوا هذا القرآن مهجورا**﴾ ئەی پەروەردگارم ! ئەوەتا گەلەکەم بەئاشکرا پشت لەقورئان هەڵدەکەن و گوێ بۆ ئایەتەکانی ناگرن، ئیمانی پێ ناهێنن، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوە لەکاتێك دا من ئایەتی قورئانیان بۆ دەخوێنمەوە ئەوان دەیکەنە گاڵ و بوغڵ و ژاوەژاو بۆ ئەوەی گوێیان لی‌نەبێ.

وەکوو لەشوێنێکی‌تردا دەفەرموێ: ﴿**وقال الذین کفروا: لاتسمعوا لهذا القرآن والغوا فیه، لعلکم تغلبون**﴾(**فصلت /٢٦**) ئەوان لەهەموو رویەکەوە قورئانیان تەرك کردبوو، گوێیان بۆ کلۆر نەدەکرد نەیاندەویست گوێیان لی‌بێ، دەترسان کاریان تی‌بکاو دوایی نەتوانن دڵیان لەسەری لابەرن، تەرکیان کردبوو لی‌ی وردنەدەبوونەوە، بۆ ئەوەی حەقیقەتیان بۆ

دەربكەوێ . پێی هیدایەت ئامێزبن و نوورو هیدایەتی لێوەربگرن، تەركیان كردبوو نەیاندەكرد بەیاسای ژیانیان، رازی نەبوون قورئان دەستورو یاسای ژیانیان بێ.

بیگومان پێغەمبەر دەیزانی كە پەروەردگار ئاگای لێیەتی: كە گەلەكەی قورئانیان تەرك كردوە، وەلێ ئەوە دوعاو پاڕانەوەیە، هانا بردنە بۆ خودا، خودا دەكا بەشایەد: كەهەرچی تواناو دەسەڵاتی هەیە خەرجی كردوە، هەموو ڕێبازێكی مەعقوول و رەوای گرتۆتەبەر بۆ بلاوكردنەوی ئایین و چەسپاندنی قورئان لەدڵی قورەیشییەكان دا وەلێ گەلەكەی گوێیان بۆ نەگرت و رویان لێ وەرگێڕا.

ئەمجار پەروەردگار دڵنەوایی پێغەمبەر دەكاو دەفەرموێ: ﴿**وكذلك جعلنا لكل نبي عدواً من المجرمين**﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ! بەهەڵوێستی ئەو موشریكانە خەفەتبار مەبە، ئەوە سوننەتی خودایە لەبوونەوەردا، داب و نەرێتی پەروەردگارە لەمەخلوقاتیدا، وەكو چۆن ئەو موشریكانەمان مۆڵەت داوە، بوختان و قسەی ناشیرینت بۆ هەڵبەستن، ئیختیارمان پێداون بەویستی خۆیان قورئان پاشگوێ بخەن، هەر بەوجۆرە بۆ هەموو پێغەمبەرێكی پێش تۆ لەپێغەمبەری گەلە پێشینەكان بەرهەڵستكارودوژمن و ستەمكارمان دانـاون، بانگەوازی خەڵكەكەیان كردوە بۆ گومڕابوون و ستەمكاری.. وەكوو لەشوێنێكیتردا دەفەرموێ: ﴿**وكذلك جعلنا لكل نبي عدوا شياطين الانس و الجن**﴾ **(الأنعام/١١٢)**.

جا ئەو پێغەمبەرانە صەبریان گرتووە، پشوو درێژبوون: تۆیش ئەی موحەممەد! وەكو ئەو پێغەمبەرانە صەبر بگرەو بەردەوام بە لەسەر گەیاندنی پەیامی خۆت و ئەركی سەرشانت ئەنجام بدە . ئیبنوعەبباس دەفەرموێ: دوژمنی پێغەمبەر ئەبوجەهل بوو، دوژمنی حەزرەتی موسا

قارونی ئـامۆزای بـوو. هـەموو پێغەمبـەرێك دوژمنـی هـەبوە پشـتیان لەپەیامەکەی کـردوە، خـەڵکیان هـەڵناوە بـۆ ئیمـان نـەهێنان و پشـت هەڵکردن، بەڵام پـەروەردگار رەهنومـایی پێغەمبـەرانی خـۆی کـرد بـۆ دۆزینەوەی رێبازی سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانیان دا !

بێگومان ئەم دیاردەی هەبوونی بەرهەڵستکار بۆ هەموو پێغەمبـەرێك حیکمەتێکی یەزدانییـە، چونکـە پـەیدابوونی ستەمکارو موشـریك بـۆ دوژمنایەتی پێغەمبەران بوەتە هۆی بـەهێزبوونی ورەو عـەزم و جـەزمی پێغەمبەرەکان، لەبۆتەدانیان و قاڵبوونیان و سوربوونیان لەسـەربەرنامەی خۆیان، تێکۆشان و جیهاد بـۆ روبەڕوبوونـەوەی تاوانبـاران،ستەمکاران، هەرچەندە ئـەرکێکی قـورس و گـران بـووە و زۆری فیداکاریوومـاندوبوون ویستووە، بەڵام ئەو تێکۆشان و جیهادە بووەتـە نیشـانەی بانـگەوازی حەق و راست و جوداکردنەوەی لەبانگـەوازی تـەزویرو پڕوپـوچ، هەرئـەو تێکۆشان و فیداکاریو لەبۆتەدانـە بووەتـە ئـامێری مشـت ومـاڵکردنی بانگەوازیکەرەکان و راست وناراستی لێك جیاکردۆتەوە .

ئەگەر بانگەوازیکردن و جیـهادو تێگۆشـان کـارێکی ئاسـان و سـادە بوایـە، رێگـا تـەخت و پـان و پۆڕبوایـە بـەگوڵ و گوڵـزار بڕازێنرایـەوە، بەرهەڵستکار و دوژمـن لـەڕێگادا نەبوونایـە، بەدرۆخـەرەوەو سـتەمکار نەبوونایە بەکۆسپ و تەگەرە، هەموو ئادەمیزادێك دەبوو بەخاوەن دەعوەو هەرکەسە بۆخۆی لافی پێغەمبەرایەتی لێدەدا، بانگەوازی حـەق و ناحـەق تێکـەڵاودەبوون، دەبـووە پشـێوی و فیتنـەو ئاشـوب . وەلێ هـەبوونی بەرهەڵستکارو دوژمنی دەعوەو پەیامەکان ئەوانە وادەکەن، تێکۆشـانەکە بەجیدیبێو زامنی سەرکەوتنیش بێ . ئێـش و ئـازارو قوربـانی دانیـش دەبنە دەستە چیلەی خەباتەکە .

کەوابوو تێکۆشان وقوربانی دان و ئازارچەشتن کەسێك ئـەنجامی دەدا : کەخاوەنی بانگەوازی حەق بیۆ هەڵگری پەیامی راسـت و دروست بـیٚ، ئەوانە دەتوانن پەرە بەبانگەوازییەکـەیان بـدەن و سـووربن لەسەرگەیشـتن بەئۆناغ، ئەوانە دەتوانن بگەن بەئاکام : کەژیانی قیامەت بەسـەر ژیـانی دونیادا پاساو دەدەنـەوە، ژیـانی خۆیـان لـەپێناو پەیامەکـەیاندا بـەخت دەکەن، کەسێك ورەبەرزو دڵقایم وبەرچاوڕون نەبیٚ، چـاوەڕوانی پاداشـتی نەبڕاوەی بەهەشت نەبیٚ، ناتوانیٚ پەرە بەبانگـەوازیو تێکۆشـان لـەپێناو پەیامەکەی دا بـدا، خـاوەن ئیمانیپتـەوو دڵنیـا لەراسـتی پەیامەکـەی دەتوانیٚ بەرەو ئاسۆی رون هەنگاو هـەڵێنیٚ و تـەنیا رەزامـەندی خـودای مەبەست بیۆ گویٚ بەهیچیتر نەدا !

ئەوەی کەباوەو زۆر روودەدا ئەوەیە: زۆربەی جەماوەر لەکاتی گوریـس کێشەکیٚی نێوان حەق و بەتاڵ دا خۆبەلایەك دا سـاغ ناکاتـەوە، بـەڵکوو وەکـوو تەماشـاکەر دەڕوانێتـە صیراعەکـە، هـەتا وای لیٚ دیٚ خـاوەنی بانگەوازییە حەق و راستەکە قوربانی زۆر دەدا ئێش و ئـازاری زۆری پـیٚ دەگا، کەچی هەربەردەوامەو کۆڵ ناداو سورە لەسـەر گـەیاندنی پـەیامی خۆیو پابەندە بەبەرنامەی خـۆی!! ئالەوکاتـەدا جـەماوەری تەماشـاکەر زیاتر وردەبنەوەو پتربەخۆیاندا دەچنەوەو دەیانەویٚ بزانن: ئەم خۆڕاگرانـە کێن و چی وایلیکردون سووربن لەسەر پەیامی خۆیان؛ پاش لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە راستیان بۆ دەردەکەویٚ پۆل پۆل دەچنەناو کەمپی هـەڵگرانی پەیامی حەق و راستەوە .

بۆیـە پـەروەردگار بۆهـەموو پێغەمبـەرێك کۆمـەڵێکی دوژمـن لەستەمکاران بۆ داناوە، وای داناوە تاوانباران رێگـا بەبانگـەوازی حـەق بگرن، هەڵگرانی دەعوە سووربن لەسـەر گـەیاندنی بانگـەوازی خۆیـان و کۆسـپ و تەگـەرەکان قـەلاچۆ بکـەن، صیراع بـەرپا دەبـیٚ تێکڕاچـوون

سەرهەڵدەدا، ئاكامیش لەوەپێش دیاری كراوە، خاوەن باوەڕان بەمراد دەگەن و سەركەوتن بەدەست دەهێنن و حەق باڵادەست دەبێ، هیدایەت بۆحەق و ئاكام سەركەوتنە.

﴿ وكفى بربك هاديا ونصيرا ﴾ بەسە كە خودای تۆ هیدایەت دەربێ‌ویارمەتیدەربێ. هیدایەتی ئەوانە بدا كەئیمانت پێدەهێنن و بەرژەوەندی دونیاو قیامەت لەشوێنكەوتنی تۆدا دەبینن، یارمەتیت بدا بۆئەوەی سەركەوتوبێ بەسەر دوژمنەكانت دا لەدونیاو لەقیامەت دا.

پەروەردگار لەئایەتەكەدا هیدایەت و سەركەوتنی خستۆتە پەنایەكەوە، چونكە هیدایەت ڕێبازو هۆكاری سەركەوتنی موسوڵمانانە بەسەر موشریكەكان دا، موشریكەكانیش بۆیە خەڵكیان لەشوێنكەوتنی قورئان مەنع دەكرد چونكە دەیانزانی ئەگەر ئەو خەڵكە شوێن پەیامی قورئان بكەون، ئەوان باریان لاردەبێ‌و تەرازوی هێز و بەرژەوەندییان لاسەنگ دەبێ !

سەرهەڵدانی بەرهەڵستكارو تاوانباران لەسەر ڕێبازی پێغەمبەران شتێكی سروشتی‌یە، بانگەوازی حەق بۆ چارەسەری فەسادو نەخۆشییەكە، كەلەناو كۆمەڵگادا بنجی داكوتاوە، بۆ چارەسەری فەسادی ئیداری‌و فەسادی كۆمەڵایەتی‌و فەسادی بیروبۆچون و بارودۆخە، تاوانباران لەپشت ئەم فەسادە جۆراوجۆرانە خۆیان مەڵاس داوە، حەزو ئارەزۆكانیان لەم جۆرە كەش و هەوایانەدا گەشە دەكەن و دەستەبەر دەبن، كوردی وتەنی: (ماسی لەئاوی قوڕاودا دەگرن) وەكوو مێشە ڕەشەوان لەجەوی پیس و بۆگەن دا دەژین و نەش و نما دەكەن، بەبۆنی گوڵ و گوڵزار گیانیان دەردەچێ، وەكوو كرمە پیسەوان لەناو ئاوی پاك و ڕەوان دا ناژین حەزیان لەزەلكاوو ئاوە بۆگەنەیە .

ئەمجار سیاقەکە شوبهەو رەخنەیەکی تری موشریکەکان رادەنوێنێ و دەفەرموێ: ﴿ وقال الذين كفروا: لولا نزل عليه القرآن جملة واحدة﴾ کافرەکان وتیان: ئەوە: بۆچی قورئان بەیەکجارو بەکۆمەڵ بۆ موحەممەد نایەتە خوارێ ؟ ئەم چکە چکە چیە هەر رۆژە ئایەتێکی بۆ دێو هەر رۆژە سورەتێکی بۆ دێتە خوارێ؟ بۆچی وەکوو تەورات کەبەیەك چەل بۆ موسا ﷺ هاتە خوارێ، یان ئینجیل بۆ عیساو زەبوور بۆ داود کە بەیەکجار نازڵ بوون، ئەمیش ئاوا نازڵ نابێ؟

بۆ وەڵامی ئەو رەخنەیە دەفەرموێ: ﴿ كذلك لنثبت به فؤادك ورتلناه ترتيلا﴾ ئێمە بۆیە بەو جۆرە قورئان بۆ تۆ رەوانە دەکەین، بەشبەش و پارچەپارچە دەینێرینە خوارێ بۆ ئەوەی دڵت بەو قورئانە پتەو بکەین، بتوانی لەبەری بکەیو فێری‌ببێ و تەنفیذی بکەی، هەربەشێکی بۆت دێ بەتەواوی لەدڵت دا جێگیرببێ و موسوڵمانەکان پێوەی رابێن و ئەحکامەکانی بەجوانی هەزم بکەن !

بێگومان قورئان بەرنامەی ژیانەو کەتەلۆکی بوونەوەرە، بۆیە نێردراوە گەل و نەتەوە دروست بکا، کۆمەڵگا پێکەوە بنێ، دەستور دابنێ !!

پەروەردەکردنی کۆمەڵ و رام کردنیان لەسەر دەستورو یاسا پێویستی بەکات هەیە، پێویستی بەوە هەیە زەمینە خۆش بکرێ وشەو رستەکانی قورئان کاریگەربن، بەگوێرەی پێویستی ئەو کۆمەڵەو بۆ وەڵامی رووداوو پرسیارەکانی، بۆ چارەسەرکردنی دەردو نەخۆشیەکانی ئایەتەکان نازڵ بن.

دڵ و دەرونی ئادەمیزاد واداڕێژراوە بەشەوو رۆژێك ناتوانێ سەر لەبەر گۆڕانی بەسەردابێ، بەماوەیەکی کورت ناتوانێ کیتابێکی وا هەزم بکا: کە هەموو دەستوری ژیانی تێدا کۆکرابێتەوە.. بەڵکوو دەبێ دڵەکان تینوویان بێو رووداو سەرهەڵبدەن و موشکیلە بەرپا بن ئەمجار رۆژ بەرۆژ بەگوێرەی پێویستیو چارەسەرکردنی موشکیلەکان قورئان بێتە خوارێو

وردەوردە ئەوکۆمەڵگایە بەونووره یەزدانییە ئاشنابکرێو باربە هەڵگرتنیو کارپێکردنیەوە بگرن و لەسەری رابێن !

قورئان غیذایەو دەبێ بەگوێرەی پێویست پێشکەش بکرێو هەر وەجبەی دەیدرێتێ لەوەجبەی پێشوو لای خۆشتر بێ و زیاتر ئامادەباشی تێدابێ بۆ وەرگرتنی . قورئان هاتووە بۆ ئەوەی بەرنامەی هەموو بوارێکی ژیان بێ، بەرنامەی پەروەردەیەك بێ لەگەڵ سروشتی ئادەمیزاددا گونجاو بێ، بۆیە بەشبەش و پارچە پارچە بەگوێرەی پێویستی کۆمەڵگای موسوڵمانان نازڵ بووە، بۆیە بەو شێوە هاتووە پیت بە پیت و رستە بەرستەی هەزم بکرێو تەنفیذ بکرێو پەیڕەوی بکرێ، ئەمەش پێویستی بەکات و زەمینە بۆ خۆشکردن هەبوە .

زانایانی تەفسیر زۆر حیکمەت وسوودیان بۆ بڕبڕبوونی قورئان و هاتنە خوارەوەی بەوشێوە بەشبەشییەی بەیانکردووە:

هەرە گرنگەکانی ئەمانەن :

١- ئارامگرتنی دڵی پێغەمبەر ﷺ و موسوڵمانان و وەگری بوونیان بە شەریعەتی خوداوە .

٢- زەمینە خۆشکردن بۆ لەبەرکردنی قورئان و لێتێگەیشتنیو پەیڕەوکردنی حوکمەکانی بەشێوەیەکی وردو چڕوپڕ. چونکە پێغەمبەرﷺ بۆ خۆی نەخوێندەواربوو، گەل و نەتەوەکەشی لەسەرەتادا نەخوێندەواربوون.. ئەگەر قورئان هەمووی بەیەکجار نازڵ ببوایە نەیاندەتوانی کۆنترۆڵی بکەن و یەکسەرهەموویان بۆهەزم نەدەکرا.

٣- بینینی پێغەمبەر بۆ جوبرائیل لەکات وشوێنی جیاجیادا وزەو ورەی زێدەی بە پێغەمبەر بەخشیوە، بۆتە هاندەری کەلەسەر گەیاندنی بانگەوازییەکەی بەردەوام وپشوو درێژبی، لەبەرامبەر سەر رەقی موشریکەکان دا خاوەن عەزم و حەزم بێ.

٤- لابردنی حەرەج لەسەر ئەوانەی موکولەفن: واتە نەهاتووە بەیەکجار ئەحکامی زۆرو جۆراوجۆر بخاتە سەرشانی موکەلەفەکان، ئەگەر داوا لەموسوڵمانان بکرایە کەبە یەکجار ئەحکامەکانی شەریعەت تەنفیز بکەن دیارە تووشی ئەرك وئورکی قورس دەبوون و نەیاندەتوانی بەجێیان بهێنن.

٥- رەچاوکردنی یاسای‌تەدەروج و سەرکەوتنی پلەبەپلە لەیاسادانان دا. بێگومان داب و نەرێتی کۆنینەو عورف و عادەتی گشتی لەناو عەرەبەکان و غەیری عەرەبەکانیش دا کاریگەری خۆیان هەبوو، جا ئەگەر بهاتایەو بەیەکجار داوایان لێبکرایە واز لەو داب و نەرێتە میراتیەو عورف و عادەتە سەردەمە بهێنن ئەرکێکی قورس و گران دەبوو، وەکوو دەگوترێ: (ترك العادة مرض) پشتیان هەڵدەکردو نەهاتنە سەرخەت و یەکسەر بانگەوازییەکەیان رەت دەکردەوە .

کەوابوو لەروی حیکمەت و دانایی‌یەوەیەو بەرژەوەندی کۆمەڵگا داخوازی ئەوەبووە: کە گۆڕینی ئەو داب و نەرێتە وردەوردەو قۆناغ بەقۆناغ بێ‌و بەگوێرەی پێویست بۆ ئەو گۆڕانکارییە قورئانی پیرۆز نێردراوەتە خوار .

٦-چارەسەرکردنی روداوە هەنوکەیی‌یەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارە جیاجیاکان بەشێوەیەکی گونجاوو لەبار. ئەگەر بەیەکجار قورئان بهاتایەتە خوارێ پلان و نەخشەکانی شەڕو ئاشتی پێش وەخت بۆ دوژمنان ئاشکرا دەبوون، دوژمنان دەیانتوانی فرت وفێڵ بدۆزنەوە بۆ سەرکەوتن بەسەر موسوڵمانان دا .

بێگومان قورئان بەو مەنهەج و پرۆگرامە ناوازەی خۆی شۆڕشێکی بنەڕەتی بەرپاکرد، دڵ و دەروونەکانی واپەروەردەکردن لەواقیعی ژیان دا موعجیزە دروست بکەن، موسوڵمانان بەتەواوی ئەو مەنهەجەیان لەخۆیان

دا بەرجەستە کرد ئاوێنەی بالاَ نما بوون بۆ ئەو مەبدەئو بنەمایانەی قورئان لەخۆی گرتوون، بەلاَم کاتێ موسولمانان لەم مەنهەجە بێئاگابوون، قورئانیان واخستە بەرچاو کە کتێبی رۆشنبیریيە یان کتێبی خوێندنەوەیە بە مەبەستی عیبادەتکردن وبەس ! نەك مەنهەجی پەروەردەکردن و یاسای ژیان و دەستوری کار، ئیتر موسولمانان وەکوو پێویست سودیان لەقورئان وەرنەگرت ، چونکە لەتەوەرەی ئەو مەنهەجە چوونەدەرەوە کە خودای زاناو دانا بۆی دانابوون !

بەراستی قورئان پێش ئەوەی کتێبی بەلاغەو ئەدەب بێ، یان نموونەی هەرەبەرزی چمکی ئەدەبی دەقی بەلاغە ئامێز بێ، یان بەمەبەستی عیبادەت و خوداپەرستی بخوێندرێتەوە و لەبەر بکرێ، یان کتێبی رۆشنبیریو چیرۆك و مێژوو بێ، پێش ئەمانە هەموو یاسای ژیانە، قانونی کۆمەلە، بەرنامەی پەروەردەکردن و رێکخستنە، کتێبی ئەخلاق و رەوشتە، نامەی پەندو ئامۆژگارییە، کەتەلۆکی بوونەوەرە..

ئەمجار پێوەدەچێو زیاتر متمانە دەخاتە دلْ و دەروونی پێغەمبەرەوە، پتر دلنیای دەکا لەسەر ئەوە کەبەبەلگەی بەهێزو دوژمن بۆڕدەر پشتگیری دەکا، هەتا موشریکەکان زیاتر کێشەو نیزاع بەرپا بکەن و پەلپ و بیانووی جیاجیاو ناقۆلاَ بگرن و رەخنەی ناشیرین و بێبنەما ئاراستە بکەن خودا زیاتر پشتگیری پێغەمبەر دەکاو بەلگەو ئایاتی زیاتری فێردەکا .

دەفەرموێ: ﴿ ولا يأتونك بمثل الا جئناك بالحق وأحسن تفسيرا﴾ ئەو موشریك و سەررەق و پەلپ و بیانووگرانە گومانێك ناخەنەوەو بەلگەیەك ناهێننەوە و قسەیەك ئاراستە ناکەن بەمەبەستی دژایەتی کردنی حەق و گومان خستنە سەر پێغەمبەرێتی تۆ ئەی موحەمەد ! ئیللا ئێمە وەلاَمیان دەدەینەوە بەبەلگەی بەهێزو چەسپاو بەجۆرێك:کە هەموو

بەڵگەکانی ئەوان دەپوچێنینەوە و رەخنەکانیان هەڵدەوەشێنینەوە و گومانەکانیان دەرەوێنینەوە: بەجۆرێك کە بەڵگەو دەلیلەکانی ئێمە ئاوێنەی واقیع و نیشانەی راستی پەیامی ئیسلام و شیکەرەوەو چەسپێنەری حەق و قەلاچۆکەری بەتاڵ و گومڕایین، وەکوو لەشوێنێکیتردا دەفەرموێ: ﴿ **بل نقذف بالحق على الباطل فيدمغه فاذا هو زاهق** ﴾(**الأنبياء /١٨**).

ئەمجار دوای ئەوەی پەروەردگار سەرپێچیکارانی پێغەمبەری بە درۆزن لەقەڵەم دان، رەخنەو گومان و پەلپ و بیانوەکانی رەتدانەوە، حاڵ و وەزعی قیامەتیان بەشێوەیەك رادەنوێنێ موچورکە بەجەستەی خوێنەرو بیسەردا دێنێ، ئەوە بەیان دەکا : کەوەزع و حاڵیان لەو رۆژەدا تابڵێی دژوارەو زیندوکردنەوەو حەشرو نەشریان بەناخۆشترین شێوەئەنجام دەدرێو دەفەرموێ:

﴿ **الذين يحشرون على وجوههم الى جهنم، أولئك شر مكاناً وأضل سبيلا** ﴾ ئەو کافرو موشریکە بوختانکەرو رەخنەگرو سەرپێچیکارانەی بوختان بە پێغەمبەر دەکەن، پەلپ و بیانووی ناشیرین و نامەعقولی لێدەگرن، ئەوانە ئەو بەدبەختانەن : کە رۆژی قیامەت لەسەر رو بۆ لای دۆزەخ رادەکێشرێن . بە مەبەستی ریسواکردن و زەلیل کردن بە زنجیر لەسەر رو بەرەو دۆزەخ کێش دەکرێن، ئەوانە شوێنی حەوانەوەیان شوێنێکی شەڕو نەگبەتییە، رێبازیان گومڕاییە؛ کەس بە حاڵیان نەبێ.. ئەو ریسواییە هەر بۆ خۆیان بێ .

وشەی (شر) و وشەی (اضل) هەرچەندە لەسەر شێوەی(أسم تفضيل) هاتوون بەلاّم مانای (تفضيل)یان تێدانیە واتە مانای وانیە شوێنی ئەوان لەشوێنی بەهەشتیەکان ناخۆشترە بەڵکو شوێنی بەهەشتیەکان لەئەوپەڕی خۆشی دایەو شوێنی ئەوان لەئەوپەڕی ناخۆشیدایە..

مەبەست بەیانکردنی خراپی وەزع و حاڵی موشریکەکانە لەبەرامبەری خۆشیو کامەرانی موسوڵمانەکان دا .

لەصەحیحی بوخاریدا فەرموودەیەك هەیە لەئەنەسەوە ریوایەت کراوە دەفەرموێ: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ! چۆن رۆژی قیامەت کافرەکان لەسەر رو دەڕۆیەندرێن ؟ لەوەلاّم دا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **(ان الذي أمشاه على رجليه قادر علىأن يمشيه على وجهه يوم القيامة).**

بێگومان ئەو کەسەی لەسەر دووقاچ لەدونیادا دەیڕۆیێنێ دەتوانێ رۆژی قیامەت لەسەر رو بیڕۆیەنێ. تیرمیزی لەئەبوهورەیرەوە ریوایەت دەکا: دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: رۆژی قیامەت بەسێ کۆمەڵ حەشر دەکرێن: کۆمەڵێکیان بە پیادە، کۆمەڵێکیان بەسواری، کۆمەڵێکیان لەسەر رو دەڕۆیەندرێن. وترا: ئەی پێغەمبەری خودا ! چۆن ئادەمیزادان لەسەر رو دەڕۆن؟ پێغەمبەر ﷺ لەوەلاّم دا فەرمووی: **(ان الذي أمشاهم على أقدامهم قادر علىأن يمشيهم على وجههم أما أنهم يتقون بوجوههم كل حدب و شوك).**

چیرۆکی هەندێ لەپێغەمبەران و سزای بەدرۆخەرەوەکانیان

وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَـٰبَ وَجَعَلْنَا مَعَهُۥٓ أَخَاهُ هَـٰرُونَ وَزِيرًا ﴿٣٥﴾ فَقُلْنَا ٱذْهَبَآ إِلَى ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا فَدَمَّرْنَـٰهُمْ تَدْمِيرًا ﴿٣٦﴾ وَقَوْمَ نُوحٍ لَّمَّا كَذَّبُوا۟ ٱلرُّسُلَ أَغْرَقْنَـٰهُمْ وَجَعَلْنَـٰهُمْ لِلنَّاسِ ءَايَةً وَأَعْتَدْنَا لِلظَّـٰلِمِينَ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿٣٧﴾ وَعَادًا وَثَمُودَا۟

وَأَصْحَٰبَ ٱلرَّسِّ وَقُرُونًۢا بَيْنَ ذَٰلِكَ كَثِيرًا ﴿٣٨﴾ وَكُلًّا ضَرَبْنَا لَهُ ٱلْأَمْثَٰلَ وَكُلًّا تَبَّرْنَا تَتْبِيرًا ﴿٣٩﴾ وَلَقَدْ أَتَوْا عَلَى ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِىٓ أُمْطِرَتْ مَطَرَ ٱلسَّوْءِ أَفَلَمْ يَكُونُوا۟ يَرَوْنَهَا بَلْ كَانُوا۟ لَا يَرْجُونَ نُشُورًا ﴿٤٠﴾

لەوە پێش شوبهەو گومانی موشریکەکانی دەربارەی قورئان و پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدﷺرابوونی قیامەت رانواند، ئەمجار بۆ دڵنەوایی پێغەمبەر ﷺ چیرۆکی برێ لەپێغەمبەران لەگەڵ گەلەکانیان دەگێڕێتەوە . وێڕای دڵنەوایی پێغەمبەر ﷺ هەڕەشەو ترساندنی موشریکەکانیشی تێدایە. دەیانترسێنێ لەوەی ئەگەر بەردەوام بن لەسەر کوفرو بێدینی خۆیان، دوور نیە هەمان عەزاب و عیقابی گەلە پێشینەکان ئەمانیش بگرێتەوە و بەدەردی ئەوان بچن .

ئێستا ئیتر جەولەیەك بەنێوباس وخواسی شێوەی لەناوچونی هەندێ لەو گەلە بەدبەختە چارە رەشانەی رابوردو دەکاو چوار چیرۆکمان بۆ دەگێڕێتەوە :

چیرۆکی حەزرەتی موساو هارون(علیهما السلام):

یەکەمجار بە چیرۆکی حەزرەتی موساو هارون دەست پێ دەکاو دەفەرموێ: ﴿**ولقد آتینا موسی الکتاب وجعلنا معه أخاه هارون وزیرا**﴾ سوێند بەخودا ئێمە موسامان کردە پێغەمبەر و نامەی ئاسمانیمان پێداو ناردمان بۆ سەر فیرعەون، هارونی برایشمان کردە یارمەتیدەرو وەزیری، ئەویش پلەوپایەی پێغەمبەریمان پێبەخشی، ﴿**فقلنا: أذهبا الی القوم**

الذين كذبوا بآياتنا﴾ فرمانمان پێکردن کەپەیامی ئێمە بە فیرعەون و دارودەستەکەی رابگەیەنن .

فیرعەون و دارودەستەکەی پێش رەوانە کردنی موساو هارون بۆ سەریان ئایاتی خودایان بەدرۆ خستبوونەوە، بەڵگەو نیشانەی هەبوونی خودایەکی تاك و تەنهاو خاوەن دەسەڵات و زاناو دانا هەموو کاتێ هەن و لەگۆڕێن، پێغەمبەران تەنها ئایەتەکان وەبیری بێئاگایان دەهێننەوە !

حەزرەتی موساو هارون هاتنە سەر فیرعەون و دارودەستەکەی، پەیامی پەروەردگاریان پێ راگەیاند، نیشانەو موعجیزەی جۆراو جۆریان نیشان دا، فیرعەون بە درۆی خستنەوەو یاخی بوو.

وەکوو لەئایەتێکی‌تردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکاو دەفەرموێ: **﴿اذهب الى فرعون انه طغى، فقل: هل لك الى ان تزكى، واهديك الى ربك فتخشى، فأرآه الآية الكبرى، فكذب و عصى﴾(النازعات/١٧-٢١)**.

لەشوێنێکی تریش دا دەفەرموێ: **﴿اذهب انت واخوك بآياتي، ولاتنيا في ذكري، اذهب الى فرعون، انه طغى، فقولا له قولاً لينا لعله يتذكر او يخشى، قالا ربنا انا نخاف ان يفرط علينا او ان يطغى، قال : لاتخافا انني معكما اسمع و ارى﴾**(طه/٤٢-٤٦) .

جا کە فیرعەون و گەلەکەی پەیامی موساو هارونیان بەدرۆخستەوەو دانیان بەتاك و تەنهایی خودا دا نەنا **﴿فدمرناهم تدميراً﴾** بەتەواوی لەناومان بردن و ئاسەوارمان بڕینەوە، دەی ئێوەش ئەی موشریکەکانی مەککە، سەرنج لەسەرەنجامی کوفرو بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەران بدەن، بترسن ئێوەش بەو ئاکامە بگەن ! چونکە داب و نەرێتی خودا لەبوونەوەردا یەك سیستەمەو گۆڕانی بەسەردانایە .

چیرۆکی گەلی نوح ؑ:

ئەمجار دێتە سەر نمایش کردنی چیرۆکی دووەم و دەفەرموێ: ﴿ وقوم نوح لما كذبوا الرسل ﴾ ئەی موحەممەد باسی ئەو عەزاب و لەناوبردن و قەلاچۆکردنە بکە: کە دەرحەق گەلی نوح ئەنجام درا لەکاتێك دا پێغەمبەری خۆیان ـ کە حەزرەتی نوح بوو ـ بەدرۆخستەوە، نۆسەدو پەنجا ساڵ لەناویان دا بوو، بانگەوازی کردن بۆ یەکتا پەرستی و شوێن کەوتنی پەیامەکەی، وێڕای مانەوەی ئەو هەموو ماوە درێژە لەناویان دا جگە لەکۆمەڵێکی کەم نەبێ کەسیتر ئیمانی پێنەهێنا.

کە دەفەرموێ: ﴿كذبوا الرسل ﴾ مەبەست بە درۆخستنەوەی حەزرەتی نوحە، بەڵام چونکە کەسێك پێغەمبەرێك بە درۆبخاتەوە وەکوو ئەوە وایە هەموو پێغەمبەرانی بە درۆخستبنەوە بۆیە لەجیاتی (رسول) (رسل)ی هێنا. چونکە هیچ جوداوازی لەنێوان ئەم پێغەمبەرەو ئەو پێغەمبەرانەدا نیە، هەموویان بنەماکانی بانگەوازییەکەیان یەکتاپەرستیو وازهێنان لەبتپەرستیو بڕوا بوون بە پێغەمبەرایەتی و رابوونی رۆژیقیامەتە .ئەو کەسەی پێغەمبەرێك بەدرۆبزانێ وەکوو ئەوە وایە هەموو پێغەمبەران بە درۆبزانێ..

جا کە نەتەوەی نوح حەزرەتی نووحیان بە درۆخستەوە ﴿ أغرقناهم﴾ بە تۆفان خنکاندمانن . ﴿وجعلناهم للناس آية ﴾ کردمانن بە پەندو عیبرەت و ئامۆژگای بۆ ئادەمیزادانی دوا خۆیان، هەر کەسێ روداوەکە بخوێنێتەوەو بیری لێبکاتەوە پێی پەندئامێز دەبێ .

﴿وأعتدنا للظالمين عذابا أليما﴾ ئێمە ئامادەمان کردووە بۆ ستەمکاران عەزابی بەئێش و کوشندە، هەرکەسێ ستەمکار بێو بڕوا بەهەبوونی خودای تاك و تەنها نەکا، ئیمان بە پێغەمبەرەکانی نەهێنێ،

ڕێبازی گەلی نووح بگرێتەبەر لەبەدرۆخستنەوەی پێغەمبەران، ئەوە عەزابی سەخت و بەئێشمان بۆ ستەمکاران ئامادەکردوە ..

چیرۆکی عادو ثەمودو (أصحاب الرس) :

ئەمجار دێتە سەر گێڕانەوەی چیرۆکی عادو ثەمودو (أصحاب الرس) دەفەرموێ: ﴿ وعاداً وثمود وأصحاب الرس ﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ! چیرۆکی نەتەوەی (عاد ﷺ)کە پێغەمبەری خۆیان (هود ﷺ) بە درۆخستەوە، هەروا چیرۆکی نەتەوەی (ثمود ﷺ) کە پێغەمبەری خۆیان (صالح ﷺ) بەدرۆخستەوە، هەروا چیرۆکی (أصحاب الرس) خاوەنانی بیرو ئاژەڵ: کە نەتەوەیەکی بتپەرست بوون خودا حەزرەتی شوعەیبی بۆ سەر ڕەوانەکردن، بانگەوازی کردن بۆ یەکتاپەرستی‌و بڕوا بە پێغەمبەرایەتی، ئەوانیش بەدرۆیان خستەوە، جا لەکاتێکدا ئەوان سەرگەرمی پەروەردەکردنی ئاژەڵەکانیان بوون و لەدەوری بیرەکانیان بوون خودا بە خۆیان و ماڵ و سامانیانەوە بە زەوی‌دا بردنیە خوارێ.

ئیبنو جەریر دەفەرموێ: مەبەست بە(أصحاب الرس) (أصحاب الأخدود)ن .

﴿وقروناً بين ذلك كثيراً﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ! هەروا بۆ موشریکەکانی مەککە باسی زۆر گەل و نەتەوەی تریش بکە: کە لەنێوان سەردەمی گەلی نووح وگەلی عادو (أصحاب الرس) دا هاتوونەتە کۆڕی ژیانەوە، هەموویان کاتێ پێغەمبەرانیان بەدرۆخستەوە لەناومان بردن و ئاسەوارمان بڕینەوە .

﴿وكلاً ضربنا له الأمثال، وكلاً تبرنا تتبيرا﴾ بۆ هەریەکێ لەو گەل و نەتەوانە نموونەو پەندمان بۆ هێنانەوە، بەڵگەمان بۆ روون کردنەوە، پەلپ و بیانوومان بڕین، کەچی ئیمانیان نەهێناو پێغەمبەرانیان بەدرۆخستەوە،

ئێمەیش بەتوندیو بەشێوەی ترسناك لەناومان بردن . وەکوو لەئايـەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وكم أهلكنا من القرون من بعدنوح﴾(الأسراء/١٧).

چیرۆکی حەزرەتی لوط ؏:

ئەمجار دێتە سەر چیرۆکی حەزرەتی لوط ؏و دەفـەرموێ: ﴿ولقد أتـوا على القرية التي أمطرت مطر السوء﴾ واتە: پەندوئامۆژگارییەکی تر بـۆ موشریکەکانی مەککە بگێڕەوە، ئەویش ئەوەیە: ئەو موشریکانە لـەکاتی هاتووچۆیان بۆ شـام لـەوەرزی هـاوین دا بـەلای شـاری (سـدوم)دا: کـە گەورەترین شـاری گـەلی لـوط بـوو هاموشـۆ دەکەن، بـە چـاوی خۆیـان شوێنەواریئەو شارە وێرانە دەبینن ! پەروەردگار ئەو شارەی هەڵگێڕایەوە، ژێروزەبەری کرد، بەرد بارانی کردن بە بەردی سواڵەت: چونکە سەرپێچیان کردو پێغەمبەرەکەیان بەدرۆخستەوە!

﴿ أفلم يكونـوا يرونـها، بـل كـانوا لايرجـون نشـوراً ﴾ ئايـا ئـەو قورەیشییانە لەکاتی هاموشۆ کردنیـــان بـەو دەڤـەرەدا شـوێنەواری ئـەو گوندەیـان نـەبینیوە؟ نـازانن خـودا چـی بەسـەرهێنان لەســەر ئـــەوەی پێغەمبەرەکەیان بەدرۆخستەوە، سەرپێچی فەرمانی خودایان کـرد؟ خـۆ ئەوان بەچاوی خۆیان ئەو ئاسەوارە دەبینن، بەڵام پەند وەرناگرن!

بنـەمای تـەمبێ نەبوونەکـەیان بەدرۆخسـتەوەی پێغەمبـەرو ئیمـــان نەهێنانیان ئەوەیە: ئەوان گەل و نەتەوەیەکن بڕوایان بەزیندوبوونەوە نیـە، پێیـان وایـە دوای مـردن جـارێکی تـر ئادەمیزادەکـان رۆژی قیامـــەت زیندووناکرێنەوە، ئەو حیساب و کیتاب و سزاو پاداش و عیقابەی تێیـدا رودەدا درۆیە ! هۆکاری بنەڕەتی پشت هەڵکردنیانە لەپەیامی ئیسـلام و بانگەوازی پێغەمبەر بڕوا نەبوونیانە.

ئـەوان ئـەگـــەر بڕوایـان بـە قیامـەت هەبوایـە وچـاوەڕوانی سـزاو پـاداشـتـی دوارۆژ بـونـایـە ئـاوا پـشـتـیان هـەڵـنـەدەکـردو

پشتیان وەرنەدەگێڕا !! هۆی دڵڕەقیو دڵڕەشیان بڕوانەبوونیانە بەقیامەت هەموو هەڵس و کەوتێکی خراپ و ناپەسەندیان لەم بێبڕوایییەوە سەرچاوە دەگرێ !

گاڵتە کردنی موشریکەکان بە پێغەمبەر ﷺ و دروشم دارکردنی بانگەوازییەکەی بەگومڕایی

وَإِذَا رَأَوْكَ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَٰذَا الَّذِي بَعَثَ اللَّهُ رَسُولًا ﴿٤١﴾ إِن كَادَ لَيُضِلُّنَا عَنْ آلِهَتِنَا لَوْلَا أَن صَبَرْنَا عَلَيْهَا ۚ وَسَوْفَ يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ الْعَذَابَ مَنْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٢﴾ أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا ﴿٤٣﴾ أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٤﴾

ریوایەتکراوە کە ئەم ئایەتەڕواتە ئایەتی(٤١)دەرهەق بە ئەبوجەهل نازڵ بووە، چونکە داب و نەریتی وابوو: هەر کاتێ پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ هاوەڵانی بەشوێنێکدا بڕۆیشتایە ئەبوجەهل بەگاڵتە پێکردنەوە دەیگوت: ﴿أهذا الذي بعث الله رسولا ؟﴾ .

دوای راواندنی هەڵوێستی موشریکەکان دەربارەی نازڵبوونی قورئان لەخوداوەو تانەدان لەپێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدو ئیمان نەهێنانیان بە پەیامەکەیو گومان نانەوەو پەڵپ و بیانووگرتن، رەخنەگرتنیان لەشێوەی هاتنە خوارەوەی قورئان و لەوە پێشیش رانواندنی دیمەنە ترسناکەکانی رۆژی مەحشەریان و لەدونیاش دا شوێن تێشکاندنی بەدرۆخەرەوەکان و چۆنیەتی لەناوبردنیان.

ئەمجار دێتە سەر باسی ئەوە: کە ئەونەفامانە بەهیچ شتێك پەندئامێزنابن و عارنائێن . بەڵکوو پەرە بە قسەو قسە ناشیرینەکانی خۆیان دەدەن، گاڵتە بەخودی پێغەمبەر دەکەن و دەیانەوێ لەرێزو نرخی دابشکێنن، لاقرتیبەوە دەکەن کەچۆن ئەو بۆ ئەرکی پێغەمبەرایەتی هەڵبژێراوە . زێدەرۆیی لەبیروبۆچونی گومڕائامێزیان دا دەکەن.. بە جۆرێك پەیامەکەی بە گومڕا ناوزەد دەکەن و هەواخواهانی خۆیان لەوە دەترسێنن: کە بانگەوازییەکەی کاریان تێبکاو ئیمان بە پێغەمبەر بهێنن.

دەفەرموێ: ﴿وأذا رأوك ان يتخذوك الاّ هزوا ﴾ ئەی پێغەمبەر! ئێمە ئاگامان لێیە ئەو موشریکە نەفام و گێل و کەذذابانە، ئەوانەی بڕوایان بە خوداو پێغەمبەری خودا نیە: هەر کە چاویان پێت دەکەوێ دەتکەنە شوێنی گاڵتەکردنی خۆیان و بەچاوی سوکەوە سەیرت دەکەن.

بیگومان لەوە پێش پێغەمبەر پڕ بەچاوانیان بوو، تا نەکرابووە پێغەمبەر خاوەن رێزو پلەوپایە بوو لەناویان دا، دەیانزانی: کە لەخانەوادەیەکی رەسەن و خێڵ و هۆزێکی رێزدارە، لەهەڵسوکەوت و رەوشتی رازی بوون، تەنانەت بە نازناوی (الأمین = محمد الأمين) بانگیان دەکردو ناویان دەهێنا.

رۆژی کێشەی بەردە رەشەکەی کابەش کردیانە براگەورەو بەبڕیارەکەی رازیبوون، ئەو رۆژەی لەسەر کێوی صەفا کۆی کردنەوەو پرسیاری لیکردن و پێیانی فەرموو: ئەریٚ ئەگەر بلێم : ئێستا وا لەپشت ئەو کێوە سوپایەك هەیەو دەیەوێ لەبەرەبەیان دا پەلامارتان بدا، ئەریٚ بـڕوام پـێ دەکـەن ؟ هەموویان وتیان: بەلێ بڕوات پیٚدەکەین، تا ئێستا درۆمـــان لی نـەدیوی. وەلیٚ کەکرا بە پێغەمبەرو بۆ سـەریان رەوانـەکرا، ئـەو قورئانـە گـەورەو بەفەڕەی بۆ هێناون، دەستیان کردوە بەگالتەپێکردنی و دەلێن:

﴿أهذا الذي بعث الله رسولا؟﴾ ئەوە ئەمەیـە خـودا کردویـەتی بـە پێغەمبەرو رەوانەی کردوە؟! بەراستی قسەکەیان و بـەم جـۆرە تـەعبیرە شتێکی ناشیرین و قیزەون بوو!

ئـەمجار ئایـا ئـەوان ئـەم قسـەیان لەقەناعەتـەوە بـوو پێیـان وابـوو: کەسایەتی پێغەمبەر ﷺ شیاوی ئەم گالتە پێکردنەیە؟؟ بڕوایـان وابـوو ئەو پەیامەی ئەو هێناویەتی شیاوی ئەم بیٚڕیزکردنەیـە؟؟ نـەخێر ئـەوە پلانێکی نەخشە بۆ کێشراو بوو لەلایەن گـەورە گـەورەکانی قورەیشـەوە ئـەنجام دەدرا، دەیانەویسـت لەکەسـایەتی پێغەمبـەر کـەم بکەنـەوە، کاریگەری قورئان بپوچێننەوە.

هۆکارێك لەهۆکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی بانگەوازیەکەی پێغەمبەر ئـەوەبوو: کـە دەترسـان پلـە کۆمـەلایەتیەکـەیان لەدەسـت بچـێ، بـارە ئابوورییەکـەیان لیٚبشـێویٚو بیروبۆچونـــە جۆراوجـــۆرو بیٚبناغـــەو خەیالپلاوەکانیان بیٚشوێنکەوتوو بمێنێتەوە ! کۆڕوکۆمەلیان دەبەستن بـۆ دارشتنی پیلان و نەخشەو بۆ بەرەنگاری کردنی پەیامی پێغەمبـەر ﷺ و لەسەر ئەم جۆرە پیلانانە رێك دەکەوتن و دەشیانزانی کە لـەواقیع دا درۆ دەکەن !

ئینرئیسحاق لەسیرەکەیدا ریوایەتی کردوە دەڵێ: وەلیدی کوڕی موغەیرە پیاو ماقووڵی قورەیشییەکان بوو، کۆمەڵێك لەپیاوەکانی قورەیش لی ی کۆبوونەوە، کاتەکەش کاتی حەجکردن بوو، پێی گوتن: ئەی کۆمەڵی قورەیش ! ئەوا وەرزی حەجکردن نزیك بۆتەوە، لەهەموو لایەکەوە شاندەکانی عەرەب دێنە ئەم ولاتەوە میوانی ئێوە دەبن، هەمووشیان هەواڵی ئەم کابرایەی ئێوەیان بیستوە ـ مەبەستی پێغەمبەرە ـ هەمووتان راوو بۆچۆنتان دەربارەی ئەو بکەن بەیەك، نەچن هەر یەکە لەلای خۆیەوە قسەیەك بکاو قسەکانتان دژایەتییان تیبکەوێو قسەی ئەمتان قسەی ئەوتان بە درۆ بخاتەوە، قسەی هەندێکتان قسەی هەندێکی ترتان رەت بکاتەوە !!

هەموویان تێکڕا وتیان: دە بفەرموو: (ئەبو عبدشمس) تۆ پێمان بلێو فەرمانمان پیبکە تا ئەنجامی بدەین!

وەلید وتی: نەخێر ئێوە بلێن من گوێ بیستم.

وتیان : هەموومان دەڵێین: کولەوەنانی یە.

وتی: نا وەڵلا ئەو کاهین نیە و ئەوەمان بۆ ناچێتە سەر، چونکە ئێمە بۆخۆمان کولەوەنانیمان دیون، ئەم قورئانە لەپرتەپرتی کولەوەنانی ناچێ.

وتیان : دەڵێین: شێتە.

وتی: نەخێر شێت نیەو ناتوانین بەشێت لەقەلەمی بدەین.

وتیان : دەڵێین: شاعیرە.

وتی: نەخێر شاعیر نیە ئێمە بۆ خۆمان شیعر دەناسین و ئاشنای هەموو جۆرەکانی شیعرین، ئەم کەلامە لەشیعر ناچێ.

وتیان : دەڵێین: ساحیرە.

وتی: نەخێر موحەممەد ساحیر نیە و هەڵس وکەوتی لەجادو باز ناچێ و فرت وفیڵی ساحیرانی نیە .

ئەمجار ئەی (عبدشمس) تۆ فەرمانت بەچییە؟

وتی: بەخودا قسەکانی کاریگەریەکی تەواویان هەیـــە، ئـەوەی دەیلـێ تابلێی شیرین و تۆکمەو پڕماناو دڵ و هەست و هۆش وە خورپە هێنەرن، ئێمە هەرچەندە بە نەتەوەیـەکی زمانپـاراوو رەوانبێـژ ناسـراوین نـاتوانین کەلامی ئاوا جوان و پڕمانا دابڕێژین. باشـترین قسـە ئێمـە دەرحـەق بـە موحەمـەد بیکـەین و بـلاوی بکەینـەوە و هـەمومان جـەختی لەسـەر بکەینەوە ئەوەیە بڵێین: ساحیرێکە سـیحرێکی هێنـاوە کـوڕو بـاوك لێـك دەکا، براو برا لێـك جیادەکاتـەوە، ژن و مـێرد لێـك دڕدۆم دەکـا. پیـاو لەهۆزو عەشیرەتی دووردەخاتەوە.

لەسەر ئەم پلانە بڕیاریان دا و کۆتاییان بە کۆڕەکە هێنا. ئیتر لەوە دوا قورەیشییەکان لەسەرە ڕێگای خەڵك دادەنیشـتن لـەکاتی وەرزی حـەجدا هەرکەسێکی غەریبە بەلایان دا تێپەڕبووایە پێیان دەگوت: دەخیـل سـەد دەخیل توخن موحەممەد نەکەوی‌ و وریابە نەکەوییە داوو تەڵەکەیەوە !!

ئەمە نموونەیەك بوو لەداوو پیلان و فرت و فێڵیان دژی پێغەمبـەر بـە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێزو نرخی لـەدڵی ئـادەمیزادان دا، بـۆ خۆیـان دەیـانزانی: کـە درۆ دەکـەن بـەلام ترسـی لەدەسـتدانی پلـەو پایـەی کۆمەلایەتی خۆیان هەبوو، دەیانەویسـت بـەوجۆرە درۆو فـرت و فێلانـە لەپێش چاوی جەماوەر سووکی بکەن لەرێز و نرخی دابشکێنن.

جا لەکاتێکدا گاڵتەیان پێ دەکردو لەرێزو نرخیـان دەشـکاند لەقسـەو گفتو گۆیان ئەوە دەردەکەوت: کە پێغەمبەرﷺ تەواو کـاری تێکـردون و قورئان سەرسـامی کـردون، هـەرچی دەکـەن دەرەقـەتی نایـەن و نـازانن چیبکەن، لەناو خۆیان دا بە یەکتریان دەگوت:

﴿ان كاد ليضلنا لولا أن صبرنا عليها﴾ نزیـك بـوو موحەمـەد لـەبت پەرستی ژێوانمان بکاتەوەو وامـان لێبکـا واز لـەئایینی بـاوك و باپـیری

خۆمان بهێنین وبمانخاته سەر ئایینی ئیسلام، ئەگەر خۆمان نەگرتایە و ڕیخۆڵە بەکێش نەبووینایە دەمێك بوو هەڵی خەڵەتاند بووین !! ئەمە بەئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوەی دەیڵێن: پێچەوانەی ئەوەیە لەناخیان دایە. چونکە ئەوان بۆ ماوەی چلساڵ پێغەمبەریان ناسیوە ڕۆژێك لەڕۆژان درۆیان لێ نەبینیوە، تانەو تەشەرێکیان ئاراستە نەکردوە، هەمیشە لەبەرچاویان خاوەن ڕێزو حورمەت و تەقدیر بووە.

ئەمجار لەم قسەشیان دا کە دەڵێن : ﴿ان کاد لیضلنا لولا أن صبرنا علیها﴾ داننانە بە کاریگەری بانگەوازی پێغەمبەر لەسەر دڵ و دەروونیان، بەجۆرێك خەریکبوون واز لەئایینی خۆیان بێنن و چیتر بتپەرستی نەکەن و موسوڵمان بن و دەست بکەن بە یەکتاپەرستی . ئەمجار لەبەر خۆبەزلزانیو سەر ڕەقیو عیناد بانگەوازییەکەی بەگومڕاکردن و ڕێلێونبوون لەقەڵەم دەدەن !

بۆیە پەروەردگار بەشێوەیەکی کورت هەڕەشەیان ئاراستە دەکا و دەفەرموێ: ﴿وسوف یعلمون حین یرون العذاب من أضل سبیلا﴾ لەوە بەولاوە دەزانن : ئایا ئەوەی بۆیان هاتووە هیدایەتە یان گومڕاییە! بێگومان ئەو کاتەی عەزابیان بۆدێ دەزانن: کێ ڕێگای لێگوم بووە و سەرلێشێواوە ؟ ئەوان یان موسوڵمانان: کە پێغەمبەر پێشەوایانە !

بێگومان ئەمە هەڕەشەیەکی سامناکە لەسەر خۆگێل کردن و ڕوو وەرگێڕان لەبەڵگەو دەلیل و تێفکرین، لەسەر ئەوەی پێغەمبەر بەگومڕا ناوزەد دەکەن ! وەلێ ئەوکاتەی کە حەق و ناحەقیان لێ مەعلووم دەبێ، زانیارییەکەیان سود بەخش نابێ،کاتێ عەزاب دەبینن کاتیسەرە مەرگ و غەرغەرەیە،یان لەڕۆژی قیامەت دایە، ئەو کاتانەش تێگەیشتن و ئیمانهێنان بێسوودە .

ئەمجار روی خیطاب دەکاتە پێغەمبەرﷺ و دڵخۆشی دەداتەوە لەسەر سەررەقی موشریکەکان و گاڵتەپێکردن و ئەزیەتدانی، لەکاتێکدا پێغەمبەرﷺکەمتەرخەمی نەکردوەو بەدڵسۆزی پەیامی خۆی پیٚگەیاندون و بەڵگەو نیشانەی پێویستی بۆ هێناونەوە . شیاوی ئەوە نیە ئاوا بەناپیاوی بەگژیدا بچن و هەڵوێستی ئاوا ناشیرینی بەرامبەر بنوێنن.

دەفەرموێ: ﴿أرأيت من أتخذ ألهه هواه، أفأنت تكون عليه وكيلا﴾ ئایا تۆ پێت وایە ئەی موحەممەد ! کەسێك هەواو ئارەزۆبازی بە سەریا زاڵبیٚو ئارەزو پەرست بیٚ، سەرپێچیو یاخیبوونی لیٚبووبێتە خویەکی سروشتی، تۆ دەتوانی هیدایەتی بدەیو لەگومڕایی دەری بهێنی ؟!

کەسێك حەزو ئارەزۆ پەرست بیٚ، ئارەزوەکانی کردبن بە خودای خۆی فەرمانبەرداریان بیٚ و لاسایی کردنەوەی کوێرانەی بەسەردا زاڵ بیٚ، گوێچکەی خۆی لەئاست حەق و راستی هاخنیبن، بەڵگەو دەلیلی رون و ئاشکرا نەبیسیٚ، هەرچی هەواو ئارەزۆی داخوازی بیٚ پابەندی بیٚ.

بێگومان ئەی موحەممەد تۆ ناتوانی بیخەیە سەر هیدایەت و بەرێبازی بەختەوەری ئاشنا بکەی . ئەو هەرچی هەواو هەوەسی بەجوانی بزانیٚ ئەو دەیکاتە مەنهەج و ئاینی خۆی . دەی کەسێك وابیٚ زۆر زەحمەتە لەگومڕایی رزگاری بیٚ. وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرمویٚ: ﴿افمن زين له سوء عمله فرآه حسناً، فان الله يضل من يشاء ..﴾(فاطر/٨) .

ئیبنوعەبباس دەفەرمویٚ: لەسەردەمی نەزانیدا پیاوی وا هەبوو ماوەیەك بتێکی داتاشراو لەبەردی سپی دەپەرست پاش ماوەیەك بتێکی جوانتری دەبینی وازی لەپەرستنی بتی پێشوو دەهێناو دەستی دەکرد بە پەرستنی بتی تازە .

کەوابێ موشریك و بتپەرستەکان هیـچ بەڵگـەو دەلیلیـان بەدەسـتەوە نەبوون لەسەر بیرو بۆچوونـەکانیان جگـە لەلاسـایی کردنـەوەی کوێرانـەو شوێنکەوتنی هەواو ئارەزۆ.

بەکورتی پێغەمبەر ﷺ تەنها راگەیاندن و ئامۆژگاری لەسەرە، ئەرکی پێغەمبەر موژدەدانە بە تەقواکارن و ترساندنی سەرپێچیکارانە . خسـتنە سـەر رێبـازی حـەق و تـۆفـیـقـدانیـان بـە دەسـت خودایـەو بــەس ! وەکـوو لەشـوێنێکیتردا دەفـەرموێ: ﴿**لسـت علیـهم بمسـیطر**﴾ (**الغاشیة/٢٢**) یان دەفەرموێ: ﴿**وما انت علیهم بجبار**﴾ (ق/٤٥).

ئایەتەکـە دەربڕینێکـی سەرسـوڕهێنەری تێدایـە، وێنـەی نموونـەی حاڵەتێکی قوڵ دەکێشێ، حاڵ و وەزعی نەفسێك بەیان دەکـا : کـە هیـچ کێشەرو پێوەرێکی راست و دروستی نیە . گەردنکـەچی هـەواو ئـارەزۆی خۆیـەتی و حـەزو شـەهوەت پەرسـتە، گەردنکـەچی هیـچ تەرازویـەکی عەداڵەتکاری نیە، مەنطیق و بەڵگـەکاری تێناکـەن، هـەوای سەرکەشـی خۆی کردوە بە خودای خۆیو دەیپەرستێ.

جا لەم روانگەوە پەروەردگار خیطاب ئاڕاستەی پێغەمبەری خۆی دەکاو بـەهێدیو هێمنـی دەربـارەی ئـەو جـۆرە کەسـانە دەدوێ و بەوشـەی ﴿**أرأیت...**﴾ دەست پێدەکاو وێنەی ئەم جۆرە کەسانە کە بەڵگەو دەلیـل کاریان تێناکاو حەقیقەت لایـان نرخـی نیـە، دەخاتـە ڕو، ئەمـەش بـۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرﷺ بۆ ئـەوەی بـە ئیمـان نـەهێنانی موشـریکەکان دڵتـەنگ نـەبێ، پـێی رادەگەیـەنێ: کـە ئـەو جـۆرە کەسـانە ئــەهلی هیدایەت نین، بە کەڵکی ئەوە نایەن پێغەمبەر ﷺ زۆرە ملێیـان لێ بکـا بۆ ئەوەی ئیمان بێنن .

ئەمجار هــەنگاوێکیتر دەهـاوێژێ بـۆ تـەحقیرکردنی ئەوانـەی ئـارەزۆ پـەرسـتـن و گوێچکـە بـۆ بەڵگــەو دەلیــل نـاگرن و خۆپەرســت و

هەواپەرستن. دەفەرموێ: ﴿أم تحسب أن أكثرهم يسمعون أو يعقلون، ان هم الا كالأنعام بل هم أضل سبيلا﴾ وشەی (أم) بەمانا (بل)ە واتە: ئەتۆ واز لەوەی پێشوویێنە، پێت وایە: کەوا زۆربەی ئەوان شنەوان و بیستنەکەیان سودبەخشە؟ بە تێفکرین و لیوردبوونەوە گوێ رادەگرن؟ یان پێت وایە لەو پەیامەی بەسەریان دا دەخوێنیەوە جوان حالی دەبن و ئەخلاق ورەوشتی جوانی لیوەردەگرن ؟!

پێت وایە ئەوانە شیاوی ئەوەن: کەوا خۆتیان لەگەڵ ماندوو بکەی و بانگەوازییان بکەی بۆ ئەوەی لەعەقیدەی بەتاڵەوە بیانگوێزیەوە بۆ بیرو باوەڕی راست و صەحیح؟

نەخێر وامەزانە پێت وانەبێ، چونکە ئەوان لەتایبەتمەندی ئادەمیزادی روت کراون، ئامادەباشی تێفکرین و دەرك کردنیان تێدا نیە ئەوان دەق وکوو ئاژەڵ وەهان، بەڵکو لەئاژەڵیش گومڕاترن و لەوانیش بێ عەقڵ ترن، چونکە ئەو ئاژەڵانە هەڵسوکەوتی وادەنوێنن سودو قازانجی خۆیان و خاوەنەکانیشیان تیدابێ، خۆدەپارێزن لەزۆر شت کە زیانی خۆیانی تێدایە.

بەلاّم ئەو موشریکانە هەست بە بەرژەوەندی خۆیان ناکەن، ئەوەتا لەتاوان دا رۆچوون و خۆیان فڕێ داوەتە ناو هیلاکەتەوە، سوپاسی نازو نیعمەتەکانی خودا ناکەن بەسەریانەوە، دان نانێن بە چاکەی خودا لەگەڵیان دا و نازانن شەیتان چەند دوژمنیانە . شتێك ناکەن لەپاشەرۆژدا پاداشتی لەسەر وەربگرنەوە، خۆیان ناپارێزن لەو شتانەی دەبنە هۆی سزاو عیقابی کوشندە بۆیان، بۆ خۆیان بە دەستی خۆیان عەقڵ وبیرو فکری خۆیان لەکار خستون تا حاڵیان بەو حاڵە گەیشتووە !!

پێنج بەڵگە لەسەر هەبوون و تاک وتەنهایی خودا

أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا ﴿٤٥﴾ ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا ﴿٤٦﴾ وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِبَاسًا وَالنَّوْمَ سُبَاتًا وَجَعَلَ النَّهَارَ نُشُورًا ﴿٤٧﴾ وَهُوَ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا ﴿٤٨﴾ لِّنُحْيِيَ بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا وَنُسْقِيَهُ مِمَّا خَلَقْنَا أَنْعَامًا وَأَنَاسِيَّ كَثِيرًا ﴿٤٩﴾ وَلَقَدْ صَرَّفْنَاهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا فَأَبَىٰ أَكْثَرُ النَّاسِ إِلَّا كُفُورًا ﴿٥٠﴾ وَلَوْ شِئْنَا لَبَعَثْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ نَّذِيرًا ﴿٥١﴾ فَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُم بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا ﴿٥٢﴾ ۞ وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا ﴿٥٣﴾ وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا ﴿٥٤﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار نەفامی و سەررەقی موشریکەکانیراگەیاند، پشت هەڵکردن و رو وەرگێڕانیان لەحەق و راستی و موناقەشەو دەمە دەمێیان لەو بارەوە روون کرایەوە، ئەمجار قسەو قسەلۆکی موشریکەکان بەجێدێڵێ و بەشێوەیەکی ناسك و لەطیف ئاخاوتن لەگەڵ پێغەمبەر دەست پێ دەکا.

ئاخاوتنەکە بریتیە لەجەولەیەکی کورت بەناو بوونەوەردا، دڵی پێغەمبەری بۆلادەکێشێ و پەیوەستی دەکا بە خودای بەدیهێنەر، هەر ئەم پەیوەندییە بەسە بۆ ئەوەی پێغەمبەرﷺ هەموو غەم و نارەحەتی سەرپێچی موشریکەکانی لەدڵدا نەمێنێ، سەرنجی رادەکێشێ بۆلای دیاردەکانی بوونەوەر (بەشێك لەدیاردەکانی) ئەو پەنجەرەی بۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی لێیەوە بڕوانێتە ئەو ئاسۆ بەر فراوانەو فرت و فێڵی موشریکەکان لەبەر چاوی ببنە تارماییەك و لەهیچ هیچ تربن .

هەمیشە قورئانی پیرۆز دڵەکان و عەقڵەکان تەوجیە دەکا بۆ ئەوەی سەرنج لەبوونەوەر بدەن، عەقڵ و دڵەکان پێکەوە دەبەستێ و ئاڕاستەی دیاردەکانی بوونەوەریان دەکا .

هەستەکان دەوروژێنێ بۆ ئەوەی بە هەستێکی تازەوە بە دڵێکی کراوە و عەقڵێکی وردبینەوە پێشوازی لەدەنگ ورەنگی دیاردەکان بکاو بیانکاتە نیشانەی هەبوونی خودایەکی زاناو دانا . لەگەڵ بوونەوەردا تێکەڵ ببێ و تێی رامێنێو نیشانەکانی سەر روبەری بوونەوەر ببینێو بزانێ ئەم کەونە دەستی قودرەتی بەدیهێنەرێکی زاناو داناو تاك و تەنها نەخشەی بۆ کێشاوە و بەدیهێناوە، لەهەموو کون و قوژبنێکیدا لەهەموو دیاردەو گۆڕان و تارمایی و گەردیلەو قەبارەیەکیدا لەهەر شتێکی حیسی دەرکی دەکاو چاوی دەیبینێو گوێچکەی دەیبیسێ هەموو ئەمانە بەتاك و بەکۆ بکاتە شوێنی لێوردبوونەوەو فکرکردنەوە و

پەیوەست بوون بە خوداوە، ئەو خودایەی ئەم بوونەوەرە سەرنج راکێشـــەی هێناوەتە وجود!

جا کاتێ ئادەمیزاد بەچاوی کراوەو دڵی کراوەوە لەم بوونەوەرەدا ژیـــان بەسەر بەرێ، هەست و گیانی بە ئاگابن، فکرو بیری بە خوداوە پەیوەســت بن، ئەوکاتە ژیانی لەچڵك و پۆخلاۆاتـــی زەوی پـاك دەبێتـەوە و هـەموو کاتێ هەست دەکا: کە ئاسۆی بوونەوەر زۆر زۆر لەروبـــەری ئـەم زەمینـە بچکۆلەترە! هەست دەکـا: کـە هـەموو بوونـەوەر بەدیهێنـەرێك بـەدی هێناوە، هەموو بوونەوەر یاسایەکی هەیەو رو دەکاتە خودایەك: کە تاك و تەنهاو بێشەریك و هاوەڵ وخێزان و منالە. هەست دەکا کە ئەو بۆ خـۆی تاکێکە لـەو مەخلوقاتـە زۆرو هەمەجۆرانـەی پەیوەسـتن بـە خـوداوە، دەستی قودرەتی خودا لەهەموانیاندا دەبینێ .

بێگومان هەستی تەقواو هەستی ئونس و هەســتی متمانـە بـە خـودا تێکەلاو بەیەك دەبن و بەسەر گیانیدا دەڕژێـــن، سروشـتی تایبـەتی پـێ دەبەخشن، بەرچاوی روناك و خودا ویســت و دڵئـارام لەسـەر زەوی ژیـان بەسەر دەباو ژیانی بریتی دەبێ لەگەشـت و گـوزار بـەناو دروسـتکراوانی خودا دا .

دیمەنـەکان جـۆراو جـۆرن سـییاقەکە لەدیمەنێکـەوە دەگوێزێتـەوە بـــۆ دیمەنێکی تر، لەدیمەنی سێبەری هێدیو لەسەرە خـۆوە دەگوێزێتـەوە بـۆ دیمەنی پڕ ئارام و بێهەست و خوستی شەو بۆ دیمەنی رۆژی پڕ جمو جـوڵ و هاتوچۆ، بۆ دیمەنی (بـــا) ی مزگێنی هاوەرو پێش باران، بەشـوێن ئـەودا دیمەنی ئاوی باران و زیندوکەرەوەی مردوو!

ئەمجار دەگوێزێتەوە بۆ دیمەنی دوودەریای جیران و لێك دراوی تێکەڵ بە یەکتری نەبوو! ئەمجار لـــەئاوی ئاسمانـەوە بـۆ ئـاوی (نوطفـە) کەبنـەماو سەرەتای پەیدابوونی ئادەمیزادە.

دەی باچەند ساتێك لەو فیستیڤاڵە کەونییەی: کە پەروەردگار بانگەوازیمان دەکا بۆ تەماشاکردنی وچانێك بدەین و تێی رامێنین !

١-﴿ ألم تر الى ربك كيف مد الظل، ولو شاء لجعله ساكنا﴾ ئەتۆ ناڕوانی ئەی پێغەمبەر! هەروا هەموو کەسێك ئەم خیطابە دەبیسێ باڕوانێ . بۆ بەدیهێنراوی خودای تۆ کە ئەو بەدیهێنراوانە نیشانەی بەتوانایی‌و تاك و تەنهایی خودان و بەڵگەن لەسەر لوطف و رەحمەتی بۆ بەندەکانی، ئەوە تۆ ناڕوانی‌و نابینی خودای تۆ چۆن سێبەری درێژ کردۆتەوە؟ بەندەکانی چۆن لەسایەی دا دەحەسێنەوە، خۆیان لەگەرمای خۆر دەپارێزن، لەخۆرهەلاتنەوە تا خۆرئاوابوون هەرکە ویستیان لەگەرمای خۆر خۆیان بپارێزن پەنا بۆ سێبەری خوداکرد دەبەن !

خۆ ئەگەر خودا بیویستایە سێبەری وا دروست دەکرد گۆڕانی بەسەردا نەهاتایەو هەڵکشان و داکشانی نەبوایە، کورت و درێژی تێدا نەهاتایەتەدی . بەلام خودا بۆ بەرژەوەندی بەندەکانی لەساتەکانی رۆژدا بە گوێرەی وەرزو شوێن جواداوازی تێدا بەدیهێناوە، بۆ ئەوەی سودبەخش بێ بۆ ئادەمیزادو ئاژەڵ و گیانلەبەرانی ترو گژو گیاو درەخت، بۆ ئەوەی بیکەنە نیشانەی کات و مەزەندەی کاتەکانی رۆژی پێ بکەن .

تەنانەت شەرعزانان سێبەریان کردوە بەنیشانەی کاتی هەندێ نوێژ بۆ نمونە دەڵێن: نوێژی نیوەرۆ لەکاتی لادانی خۆرە لەهێڵی (نصف النهار) واتە : کاتی گەڕانەوەی سێبەر بەرەو خۆرهەلات و مەیل کردنی خۆر بۆلای خۆرئاوا، هەروا کاتی عەصر ئەو کاتەیە: کە سێبەری هەموو شتێك بە ئەندازەی شتەکە بێ یان دوو هێندەی بێ.

بێگومان دیمەنی سێبەری نەرم و لەطیف ئارامی‌یەك بە دڵی ماندوی پێغەمبەر دەدا، شنە بایەکی فێنکی نەسیمی بەسەر گیان و جەستەدا هەڵدەکا، ئێش و ئازارێك کە لەموشریکەکانەوە توشی بوبوو دەرمانی

دەکا، ئەوەتا دوای ئەوەی ئەزیەت و ناڕەحەتی جۆراوجۆری لەکافرەکانەوە توش بوو، پەروەردگار تەوجیهی دڵی بەندەی خۆیحەزرەتی موحەممەدﷺ کرد بۆ وردبوونەوە لە دیمەنێکی سروشت، ئەو تەوجیهە شیفای دەردو گیانی زیندوکەرەوە بوو، روناکیو ئارامیو هیوا بەخش بوو لەبەرامبەر تاریکی کوفرو ئینکەبەرێو یاخیبوونی موشریکەکانی مەککە .

﴿ ثم جعلنا الشمس عليه دليلا﴾ پاشان ئێمە خۆرمان گێڕاوە بەنیشانەو بەڵگەی هەبوونی سێبەر! ئەگەر دەرکەوتنی خۆر نەبوایە، کەس هەستی بە سێبەر نەدەکرد، چونکە هەموو شتێك بەدژەکەی دەناسرێ ! سێبەر بریتیە لەتاریکاییەکی خەفیف، بەهۆی قەبارەیەکەوە تیشکی خۆر ناکەوێتە سەر شوێنێك چونکە ئەو قەبارەیە بوەتە ناوەند لەنێوان تیشکەکەو ئەو شوێنەدا . ئەمجار ئەو سێبەرە بەگوێرەی جولانی زەوی لەبەرامبەری خۆردا هەڵکشان و داکشانی بەسەردا دێ، کورتیو درێژی لێ پەیدا دەبێ، خۆر بەتیشك و گەرماییەکەی نیشانە دەبێ لەسەری !

﴿ثم قبضناه الينا قبضاً يسيراً﴾ پاشان سێبەرمان لادا و جێ گۆرکێی پێ دەکەین وردەوردەو بەکاڵە خۆ بەگوێرەی بەرزبوونەوەی خۆرو پێهەڵاچونی بەرەو ناوەڕاستی ئاسمان ، سێبەری هەموو شتێك هەڵدەکشێتەوە، جگە لەژێر درەخت و هەلاش دا نەبێ سێبەر نامێنێو خۆر هەموو شوێنێك دەگرێتەوە.

لەپەیدابوونی سێبەرو گۆرانکاری تێیدا دوای هەڵهاتنی خۆر تا ئاوابوونی وجێگۆرکێی لەحاڵێکەوە بۆ حاڵێکی ترو هەڵکشانەوەی سێبەرەکان و داکشان و شۆڕبوونەوەیان بە گوێرەی حیکمەتێکی یەزدانی، بەڵگەی بەهێزن لەسەر هەبوونی خودای بە تواناو زاناو داناو خاوەن رەحمەت و فەضل و بەخشش.

بێگومـان دیمـەنی سـێبەرەکان لەودەمـەدا: کـەخۆر بـەرەو ئـاوابوون دەکشـێ و سـێبەرەکان درێژدەبنـەوە و شـۆڕدەبنەوە، تـاوای لیٚدیٚ خـۆر لەئاسۆی ئاوابوون نزیك دەبێتەوە، ئـەمجار لـەپڕێکاو لـەنکاوێك دەڕوانـی قـەبارەی خـۆرو رونـاکی نـەماون و سـێبەرەکانیش هیـچ تارماییـەکیان نەماوە؟ بۆ کویٚ چون؟ بێگومان ئەو دەستی قودرەتەی سەرەتا بەدیهێناوە هەر ئەو دەستە نهێنی‌یە وەری گرتۆتەوە، هەموو سێبەرەکان چوونـە نـاو تاریکی شەوەوە.

٢-﴿هو الذي جعل الليل لباساً والنوم سباتا﴾ پەروەردگار خودایـەکی وەهایـە تاریکـایی شـەوی کـردووە بـە داپۆشـەر بـۆ ئێـوە و هـەموو زیندەوەرێك، بەڵکوو بۆ هەموو شتێکی سەر زەوی . کە شـەو دادیٚ ئـەم جیهانـەی ئـادەمیزادی تێـدا دەژی دەڵێی پۆشـاکی لەبـەر کـردوە و بـە تاریکایی خۆی داپۆشیوە. لەشـەودا جـم وجـولٚ دەوەسـتیٚ، ئـادەمیزادو زۆربەی گیانلەبەران خەو دایاندەگریٚ. وەکوو لەئایەتێکی‌تردا دەفـەرمویٚ: ﴿والليل اذا يغشى﴾(الليل/١).

خەوتن نیمچە مردنێکە، خەو وەکوو مردن جم و جولٚ ناهێڵیٚ، هـەموو گیانلەبـەرەکان یـان بلێـین زۆربـەیان لەشـەودا پـەنا بـۆ نووسـتن دەبـەن بەمەبەستی ماندوحەسانەوەی جەستەو هەستەکان و ئـامێری هەسـتەکان دوای جـم و جـولٚ و هـەولٚ و تێکۆشـانی رۆژ و کـارکردن و خوێنـدن و خوێندنەوە، بە نوستن جم و جوڵی جەستە نامێنیٚ، ئـەعصاب و جەسـتەو گیان بەیەکەوە خەریکی پشوودانن.

﴿وجعل النهار نشوراً﴾ پەروەردگار رۆژی کردوە بەکاتی بڵاوبوونـەوە بەناو زەوی‌دا، زیندەوەران و ئادەمیزادیش لەگەڵیان بەناو دایـە زەمـین دا بڵاودەبنەوە بۆ بەدەستهێنانی بژێوو پێداویستی ژیان، هەر یەکە بەجۆرێك لەهەولٚ و تێکۆشانی ژیان دایە و دەیەویٚ‌پێداویستی ژیان دابین بکا.

جا وەکوو چۆن خەو دەشوبهێتە مردن ونمونەیەکە لەو، هەروەها بەخەبەرهاتن و جم و جوڵ دەست پێ کردن و بڵاوبوونەوە بەناو زەوی دا دەق دەشوبهێتە زیندوبوونەوەی رۆژی قیامەت.

نوستن دابڕانە لەجم و جوڵ و دیتن و بیستن و هەستکردن، نووستن خپ بوونە، دوایی کە بەرەبەیان هەناسە هەڵدەهێنیو جم و جوڵ دەکەوێتەوە ناو زیندەوەرانەوە، ژیان دەگەڕێتەوە بۆ ناویان دەق دەشوبهێتە زیندوبوونەوەی رۆژی قیامەت، کەوابوو نوستن نیمچە مردنێکە و بەخەبەرهاتن لەخەو جۆرە رابونێکی رەستاخێزە. کەوابێ لەهەموو خولێکی زەوی و مانگ و خۆر دا مردن و زیندوبوونەوەیەك بەسەر ئادەمیزاد و گیانلەبەرانی تردا رادەبرێ.

لەوەتای ئەم چەرخ و فەلەکە لەگەڕدان و ئادەمیزاد لەسەر زەوی پەیدابووە جگە لەمردنە راستییەکە، لەگەڵ هەموو خولێکی دایە زەمین دا کە بەردەوام و بێماندبوون و راوەستان و سوان و لەکارکەوتن لەگەڕدایەو دێودەچێ رۆژانە دیاردەی ئەم نیمچە مردنە دووبارە دەبێتەوە بەسەر ئادەمیزادو گیانلەبەرانی تردا تێدەپەڕێ بەڵام ئادەمیزاد لێی بێئاگان و لێی وردنابنەوە و بەعەقڵ و هۆشەوە سەرنجی نادەنێ . بیر لەوە ناکەنەوە: کە ئەمە نیشانەی هەبوونی خودایەکی زاناو دانایەو ئەو نەخشەی ئەم دیاردانەی کێشاوە و ساتە وەختێك و چرکەیەك بێ ئاگا نابێ و نوستنی بەسەردا نایە .

٣-ئەمجار دێتە سەر دیاردەی (با)ی مزگێنیهاوەر بەبارانی ژیانبەخش و زیندوکەرەوەی سروشت دەفەرموێ: ﴿**وهو الذي أرسل الرياح بشراً بين يدى رحمته**﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە (با) هەڵدەکا بۆئەوەی مزگێنی بارینی رەحمەتی خودا بدا بە ئادەمیزادان، نیشانەی ئەوەبێ کە نزیکە هەور گەواڵ گەواڵ بوەستن و باران ببارێنن .

﴿وأنزلنا من السماء ماءً طهورا﴾ ئێمە لەبەرزایی یـەوە؛ لەهـەورەوە ئاوێکی پاك و پاکەوەکەر دەنێرینە خوارێ، هـۆی درێـژە پێدانـی ژیـان و پاککەرەوەی جەستەو پۆشاك و شتیتریشـە، بـۆ هـەموو بوارێکـی ژیـان سودی لیٚدەبینن. بێگومـان ژیـان لەسـەر زەوی بەهـەموو جۆرێکیـەوە، لەسەر ئاوی باران دەژیا، جا یان راستەوخۆ یان دەبێتە هـۆی پـەیدابوونی جۆگەو کانیاوو بیروچۆم.

وەلیٚ ئەوانەی کە ژیانیان راستەوخۆ لەسەر بارانە ئەوان زیـاتر هەست بەم رەحمەتە دەکەن، ئەوان چاوەڕوانی بارانن و هەست دەکەن کـە ژیانیـان پابەندە بـەبارینی بارانـەوە، ئـەوان چـاوەڕوانی هـەڵکردنی بـای وادەن و دەزانن: کە ئەو بایە هەورەکان کۆدەکاتـەوە و نیشـانەی بـارینی بارانـە. بـەکورتی ئـاو سـەرچاوەی ژیانـە **﴿وخلقنا من الماء کل شیئ حي﴾** (**الأنبیاء/٣٠**) . ئەگەر ئاو نەبیٚ ژیان نابیٚ ژیـانی گیانلەبـەران و روەك و درەخت و گژو گیا پەیوەستە بەبوونی ئاوەوە .

ئەمجـار باییـسی بـاران بـارینەکە دەهـێنـێتەوە و دەفـەرمـوێ: **﴿لنحیي به بلدة میتاً﴾** واتە باران لەهەورەوە دەبارێنین بۆ زیندوکردنـەوەی زەوی تینوو، زەوییەك گژو گیاکانی بوونە پوش و پەلاش و نەش و نمایـان تێدانـەماوە، دارو درەختـەکانی پێویـستیان پیٚیـەتی، گیانلەبـەرەکانی ژیانیان لەسەر ئەو بارانە بـەندە، جـا کەبارانەکـە دەبـارێو زەوی تێرئـاو دەبیٚو گژ وگیای ناوسکی زەوی هەمووی چەکەرە دەکـاو سـەردەردێنیٚ و دەخەملیٚ و وزەوی دەڕازێنێتەوە . وەکوو لەئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێ: **﴿فاذا انزلنا علیها الماء اهتزت و ربت، وانبتت من کل زوج بهیج﴾** (**الحج/٥**).

﴿ونسقیه مما خلقنا أنعاماً وأناسي کثیرا﴾ بۆئەوەی لەئاوی ئـەو بارانـە بخواتەوە گیانلەبەرەکان و ئادەمیزاد بەتایبەتی: کە ئەوان زیاتر پێویستیان

پێیەتی بۆ درێژەدان بە ژیان و ئاودێرکردنی کشت و کاڵیان، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**هو الذي ينزل الغيث من بعد ماقنطوا وينشر رحمته** ﴾(**الشوری/٢٨**).

بە کورتی پەروەردگار لەسودبەخشی ئاودا دووشتی باس کردوە، یەکەمیان: رسکان و شین بوونی گژو گیاو درەخت. دووەمیان: بۆ درێژە پێدانی ژیانی ئاژەڵ و ئادەمیزادە. هەر بۆیەش بەتایبەتی باسی ئادەمیزادو ئاژەڵی کرد، چونکە باڵندەو گیانلەبەرەکانی‌تر هەرچەندە ئەوانیش بەبێ‌ئاو ناژیەن و پێویستیان بە ئاوە بۆ درێژەپێدانی ژیان، بەلاَم ئەوان لەئاژەڵ و ئادەمیزاد پشوو درێژترن و دەتوانن ماوەیەکی زۆر بەبێ ئاو بژین، دەتوانن رێگایەکی دورو درێژ ببڕن بۆ پەیداکردنی ئاو .

لەئایەتەکەدا ئاژەڵی پێش ئادەمیزاد خست، چونکە ئاژەڵ زیاتر پێویستی بەئاو هەیە و ناتوانێ وەکوو ئادەمیزاد تەعبیر لەپێویستی خۆی بۆ ئاو بکا، بەلاَم ئادەمیزاد جۆرەها پیلان و نەخشە دەزانێ بۆ وەدەستهێنانی، لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئادەمیزاد ئاویان دەست کەوت بۆ کشت وکاڵ و ئاژەڵیان دیارە بۆ خواردنەوەی خۆیشیان هەیە .

تەعبیرە قورئانیەکە مانای پاکی‌و پاککردنەوە بۆ ئاوەکە بەزەقی دەردەخا، تارمایی‌یەکی تایبەتی دەخاتە سەر ژیان، ئەویش دیاردەی پاك و خاوێنی‌یە، چونکە یەزدان دەیەوێ ژیان پاك و خاوێن بێ، هەر بەو ئاوە پاك و پاکەوەکەرەوە روبەری زەوی دەشواو ژیان دەخاتە ناو رەگەگیاو دەنکەتۆم و دەیانهاوسێنێ‌وچەکەرەیان پێ‌دەکاو دەیانرەخسێنێ ! ئادەمیزاد و ئاژەڵیش تێر ئاو دەکا .

ئەمجار دوابەدوای رانواندنی ئەم دیمەنە کەونییانە: کە بەنازلکردنی ئاوی پاك و پاکەوەکەر کۆتاییان هات، لایەکیش لەقورئان دەکاتەوە: کە لەئاسمانەوە نازڵ کراوە بۆ پاککردنەوەی دڵ و گیان، سەرزەنشی ئەوەیان

دەکا: بۆچی بەباراندنی باران کەیفخۆشن و بەنازڵبوونی قورئان کەیفخۆش نابن ؟

﴿ ولقد صرفناه بينهم ليذكروا﴾ بێگومان بەڵگەو دەلیلەکانی قورئان لەحاڵێکەوە دەگۆڕین بۆ حاڵێکیتر، جارێك بە شێوەی هەڕەشەو دەمێك بەشێوەی سەرگوزەشتەو چەلێك بەشێوەی فەرمان و جڵەوگیریو کاتێکیش بەشێوەی رانواندنی دیمەنەکانی بوونەوەر، بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بەخۆیان دا بچنەوەو پەندو عیبرەت وەربگرن . بە هەموو شێوەیەك قورئانیان بەسەردا رادەنوێنین، ئاراستەی دڵ و دەروون و هەست و گیانیانی دەکەین، لەهەموو لایەکەوە بەڵگەیان بۆ دەهێنینەوە، هەموو هۆکارێکیان بۆ دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی ئادەمیزادەکان بیر بکەنەوە، هەرکاتێ رێگەی بیرکردنەوەو بەخۆدا چونەوەیان گرتەبەر رێگای حەقیقی دەدۆزنەوەو ئیمان دەهێنن. پەی بەو ئیمانە دەبەن: کە لەسروشتیان دا رسکاوەو هەواو ئارەزو بازیی لەبیری بردونەوە، بەلاَم

﴿فأبى أكثر الناس الاّ كفوراً﴾ زۆربەی خەڵك پەندئامێز نابن، ئیمان ناهێنن، لەجیاتی شوکرو ملکەچ کردن بۆ خودا کافردەبن و ئینکاری نیعمەتەکانی خودا دەکەن !

ئەمە ئەگەر راناو لە﴿صرفناه ﴾ دا بگەڕێتەوە بۆ قورئان . بەلاَم هەندێ لەموفەسسرین راناوەکە دەگێڕنەوە بۆ باران ئەو کاتە مانای ئایەتەکە بەم جۆرە دەبێ، بێگومان ئێمە باران بلاَودەکەینەوە، لەشوێنێکەوە دەیگوێزینەوە بۆ شوێنێکی تر و ئەم زەوی پێ ئاو دەدەین و لەوزەوی دەگرینەوە.

لەولاَتێك دەیبارێنین و لەولاَتێك نا، هەورەکان لەناوچەیەکەوە دەگوێزینەوە بۆ ناوچەیەکی تر بۆ ئەوەی ئادەمیزادان شوکرو سوپاسی خودا بکەن بەسەریانەوە. پەندو عیبرەت وەربگرن، بزانن: کە ئەو بارانە

خودا دەیبارێنێ، خودا وەرزەکانی بۆ دەرەخسێنێو هەورەکان تێك دەچرژێنێ و لەکوێی بویێ لەوێ باران دەبارێنێ .

جا لەباتی ئەوەی ئادەمیزادان سوپاسی بکەن پێی کافر دەبن، باران بارینەکە پاڵ غەیری خودا دەدەن، دەڵێن: وەرزو ژینگە، یان فلان ئەستێرە بارانی بۆ باراندین . بە هەرحاڵ ئەم مانایەش هەرچەندە وێچووە بەلاّم مانای یەکەم جوانترە و باشتر دەچەسپێ.

﴿ولو شئنا لبعثنا في كل قرية نذيرا﴾ ئەگەر بمان ویستایە لەهەموو شارو شارۆچکەیەك دا پێغەمبەرێکمان رەوانە دەکرد، خەڵکی لەسزای بەئێشی دۆزەخ بترساندایە، بەلاّم ویستمان وانەبووەو بڕیاری ئەوەمان داوە : کەتۆ رەوانە بکەین بۆ سەر عالەمی جندۆکەو ئادەمیزاد، بۆ سەر هەموو دانیشتوانی سەر زەویو فەرمانمان پێ‌کردوی: کە ئەم قورئانە بەهەموو جیهان بگەیەنیو پێغەمبەری هەموو ئادەمیزادبی هەر لەئێستاوە تا دونیا کۆتایی دێ.

کەوابێ ئەرکی سەرشانی پێغەمبەر قورس و گرانە؛ بەتاقی تەنیا بەرەو رووی ئادەمیزاد دەبێتەوە، زۆربەشی هەواو ئارەزۆ پەرستە، پەروەردگار تەنیا یەك لەبەندەکانی بۆ ئەم کارە هەڵبژاردوە و ئەو ئەرکەگران و پیرۆزەی خستۆتە سەرشانی ئەو. وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرموێ: **﴿لتنذر ام القرى ومن حولها ﴾(الشورى/٧)** یان دەفەرموێ: **﴿قل یاایها الناس اني رسول الله اليكم جميعا ﴾(الأعراف/١٥٨)** .

لەصەحیحی بوخاریو موسلیمیش دا هاتووە دەفەرموێ: **(بعثت الى الأحمرو الأسود)** واتە: من نێردراوم بۆ لای ناعەرەب و عەرەب. هەروا لەفەرمودەیەکیتردا کە دووبارە بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردوە، دەفەرموێ: **(وكان النبي يبعث الى قومه خاصة وبعثت الى الناس عامة)** پێغەمبەرانی پێشوو دەنێردران بۆ سەر گەلەکەیان بە تایبەتی، بەلاّم من

ڕەوانـەکرام بـۆ سـەر هـەموو ئـادەمیزاد بەگشـتی: ئـەم یەکانگیریـیـەی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ﷺ بۆ یەکدیگیربوونی پەیامی ئادەمیزادە، بۆ پەزمەندەکردنی پاداشی زۆرو گەورەیە، بۆ خودی پێغەمبەر ﷺ .

کەوابێ ئەرکی سەرشانت ئەوەیە: ئەی پێغەمبەر! کە جیـهاد بکـەی پشوو درێژبێ، گوێ بەپشـت هـەڵکردنی موشـریکەکان نـەدەی، لەسـەر ڕاگەیاندن و پەیامی خۆت بەردەوام بی.

﴿فـلا تطـع الكـافرين و جـاهدهم بـه جهـاداً كبـيراً﴾ ئـەتۆ ئـەی پێغەمبەر ! بەگوێی کافرەکان مەکە لـەو شـتانەی داوات لیّدەکـەن؛ کـە دەڵێن: دژی خواکانی ئێمە مەدوێ، وەرە سـەر بـیرو بـاوەڕی ئێمـەو ئـەم جۆرە شتانە، بەڵکوو جیهادیان لـەدژ بکـە، بەهـەموو چـەکێك مـادی و مەعنەوی لەگەڵیان بکەوە شەڕەوە، ئەوە قورئان بیکە چـەکی کوشـندەی خۆت و دژی موشریکەکان بوەستە. بێگومان ئـەم قورئانـە هـێزو توانـاو کاریگەرییەکی وای هەیە، ناتوانن بەرەنگارت ببنەوە، بەئاسانی دەتوانـی بۆڕییـان بـدەیو بەسـەریان دا زاڵ ببـی، بەبیسـتنی ئایەتـەکانی دڵیـان وەلەرزەدێو هەناسە بڕکێیان پیّدەکەوێو چیبکەن دەرەقەتت نایەن.

بێگومان قورئان لەسەر دڵی گـەورەو سـەرانی قورەیـش زۆر کاریگـەر بـوو، بەبیسـتنی ئایەتـەکانی حـەجمینیان لیّ هـەڵدەگیرا، نـــەیاندەزانی چیبکـەن و چـۆن بـەرەنگاری بوەسـتن، هیچـی تریـان پیّنـەدەکرا بەجەماوەرەکـەیان دەگـوت: ﴿**لاتسمعوا لهذا القرآن والغوا فيه، لعلكم تغلبون**﴾(**فصلت /٢٦**) گـوێ بـۆ ئـەم قورئانــە مــەگرن و لــەکاتی خوێندنـیدا بیــــکەنە ژاوە ژاوو گـاڵ و بوغـڵ. بەڵـکـوو ئـێـمە سەرکەوتـووبـیـن.

ئەگەر قورئان کاریگەرییـەکی تونـدی لەسـەر موشـریکەکان نەبوایـە سەرانی قورەیش ئەم داوایانەیان لەشوێنکەوتوانی خۆیان نەدەکرد، ئەگـەر

لەقولآیی ناخیانەوە بەبیستنی ئایەتەکانی نەهەژانایەو ترس لەقورئان وە لەرزەی نەهێنانایە هەرگیز ئەم فرمانانەیان بەجەماوەری خۆیان نەدەکرد!!

دوای ئەم ئاوڕدانەوە سەرپێیە لە قورئان دەچێتەوە سەر رانواندنی دیمەنەکانی بوونەوەر، ئەوەتا دوای دیمەنی (با) ی خۆشوەزو باراندنی ئاوی پاك و پاکەوەکەر دیمەنی دەریا رادەنوێنیو دەفەرموێ:

٤-﴿**وهو الذي مرج البحرين هذا عذب فرات وهذا ملح أجاج وجعل بينهما برزخاً وحجرا محجورا**﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە دوو دەریای ئاوی سوێرو شیرین لەپەنایەکەوەی خستوونە گوڕێ، ناهێڵێ ئاوەکانیان تێکەڵ بەیەك بن، ئەم ئاوەیان شیرین و گەوارایە، ئەوەیان تاڵ و سرێرە لەپەنایەکەوەن هەردوکیان ئاون کەچی تێکەڵ بەیەکتری نابن دەڵێی پەردە لەناویان دایەدەڵێی دووشتی دژ بەیەکن و پێکەوە هەڵناکەن، ئەو دوو دەریایە لەپێش چاو هەردوکیان ئاون، بەلآم لەراستیدا لەیەکتر جوداوازن.

وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**مرج البحرين يلتقيان، بينهما برزخ لايبغيان، فبأى آلآء ربكما تكذبان**﴾(**الرحمن**/١٩-٢٠) یان دەفەرموێ: ﴿**وجعل بين البحرين حاجزاً أإله مع الله بل أكثرهم لايعلمون**﴾(**النمل** /٦١) بەلێ: لەنێوان دوو دەریادا پەردەیەکی قودرەت هەیە، ناهێڵێ تێکەلآوبن.

پەروەردگار لە سروشتییان دا هێزێکی مانیعەو دافیعەی وای دروستکردوە ناهێڵێ بچن بەناو یەکدا. سروشتی وا دارشتوون لەناو یەکتردا حەل نەبن، مونافەرەیەکی وایان لەنێوان دایە: کە لەوانەنیە ئەو مونافەرەیە تێك بچێ، ئەم حاڵەتەیان بەردەوامەو گۆڕانی بەسەردا نایە.

خودا وای داناوە مەجاری چۆم و جۆگاو زێیەکان لەروبەری دەریاکان بەرزتر بێ، کەوابوو ئاوی شیرین و گەوارا دەڕژێتە ناو دەریای تاڵ و سوێرەوە بەدەگمەن نەبێ پێچەوانە نابێ.

بەم تەقدیرو مەزەندە کردنە، بەپێی ئەم پلان و نەخشە یەزدانییە، دەریا طوغیان بەسەر ئەو چەم و زێیانەدا ناکا: کە سەرچاوەی ژیانی گیانلەبەرو شیناوردن ، دەی ئەم نەخشەو مەزەندەکردنە بەگۆترە نیەو صودفەو هەلکەوت چ دەخلێکیان تیێدا نیە، بەلکوو بە ویست و پلان و نەخشەی پەروەردگار هاتوونەتەدی.

خودا یاسای بوونەوەری واداناوە: کە ئاوی دەریا لووشە تاڵ و سوێرەکان بەسەر ئاوی زێیەکان دا طوغیان نەکاو وشکانیش دانەپۆشێ، تەنانەت لەو حالەتانەش دا: کە لە دەریادا بەهۆی هێزی کێشندەی مانگەوە مەدو جەزر پەیدا دەبێو ئاو لەئاستی روبەری زەوی زۆر بەرز دەبێتەوە !!

دەبێ چ بەلگەیەك لەوە بەهێزتربێو نیشانەی قودرەتی پەروەردگاربێ ؟ هەر دوو ئاوەکە شلەمەنین، کەچی ئاوی شیرین تێکەڵ ئاوی تاڵ و سوێر نابێ، خودا بۆ خۆی هەردووك ئاوەکەی بەدی هێناون ئەمەیان شیرینەو ئەوەیان تاڵ و سوێرە، ئاوی چۆم و زێو بیرو سەرچاوە شیرین و گەوارایە، ئاوی دەریا لووشەکان لە خۆرهەلات و خۆرئاواو لەپێنج موحیطەکان دا سوێرە، بە هۆی ئەو سوێرییەوە بۆگەن ناکاو بەپاکی دەمێنێتەوە. بە هۆی مەدو جەزرەوە هەوای ناو دەریا تازە دەبێتەوەو ماسییەکان دەتوانن لە قولایی دەریاکان دا درێژە بەژیان بدەن.

٥-﴿وهو الذي خلق من الماء بشراً، فجعله نسباً و صهراً، و كان ربك قديرا﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە ئادەمیزادی لەدلۆپە ئاوێکی زەعیف بەدیهێناوە ، پەروەردەی کردوەو پیێ گەیاندوە، رێکیخستووە ، کردویەتی بە ئادەمیزادێکی تەواو، بە ویستی خۆی کردویەتی بە نێرینە

یان مێینـــه، دابـــەشـی کـردون بـەدوو بـەش: نێرینـــه نـژادیـان وەپاڵ دەدرێ، مێینـه دەکرێنــــه هۆکـاری خزمایـــەتی ژن و ژن خــــوازیی‌و خـەزورو زاوایەتی .

ژیانی ئادەمیزاد کە لەودڵۆپە ئاوە پەیدا دەبـێ زۆر سەرسـوڕهێنەرترە لە پەیدابوونی ژیان بەهۆی ئاوی ئاسمانەوە لـــە خانەیـەکی نـاو (هـەزاران خانە کە لە دڵۆپە ئاوی پیاودا هەیە) لە منداڵدان دا تێکەڵ بـە هێلکـەی ئـافرەت دەبێ ئـەو ئـادەمیزادە سەرسـوڕهێنەرە دەخولقـێ: کـە سەرسوڕهێنەرترین کائیناتی زیندوە.

لەنێو ئەو خانــە وێکچوانـەی نـاو دڵۆپـە مـەنی پیـاوو ئـەو هێلکـە وێکچوانـــەی نـــاو منداڵدانـــی ئـــافرەت کەبـــە شـــێوەیەکی سەرسوڕهێنەرخانەیەك لەگەڵ هێلکۆکەی ئـافرەت تێکـەڵاو دەبـن، نـێرو مێ‌دروسـت دەبـێ. چۆنیـەتی پـەیدابوونی نـێر یـان مـــێ، ئــادەمیزاد نهێنی‌یەکەی نازانێ، زانیاری ئادەمیزاد ناتوانێ ئـەو زانیارییـە کۆنـتڕۆڵ بکاو بەدەستی بێنێ، یان عـیللەت و بایسی بزانێ.

بـەڵێ زانیـاری (طـب) گەییشـتۆتە ئـەوە بزانـێ: کـە ئەگـەر فــلان جــۆری‌مەنی پیاو تێکەڵ بە فلان هێلکۆکەی ئافرەت بـــوو، منـــداڵەکە کوڕ یان کچ دەبێ، بەڵام نــهێنی ئەوە بۆچی جاری واهەیە ئەو فلان جۆرە خانە تۆماوە لەگەڵ فلان جۆرە هێلکۆکە یەکدەگرن ؟ ئــەم سـەرو سیماو رەنگ و روخسارە ، قەدو باڵاو لەش و لارە چۆن لـەناو ئـەو خانـە هـەرە بچکـــۆلەیەدا لەباوك و دایکـەوە گـــواسترایەوە بـۆ ئـەو ئادەمــــیزادە تـــازە پەیدابووە . چی وای کرد ئەمە کوڕبێ و ئەوە کچ بێ. هیچ وەڵام نین جگە لەوە کە دەفـەرموێ: ﴿وكـان ربـك قديـراً﴾ خـودای تـۆ ئـەی موحەممەد! خاوەن تواناو دەسەڵاتە.

ئەگەر ئادەمیزاد وردەکاری لەو تۆماوە بکا: کە ئادەمیزادی لێ پەیدا دەبێ، سەری گێژ دەبێو توشی وڕبوون و سەرسوڕمان دێ لەکاتێك دا: کە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدا دەربارەی هەبوونی ئەو هەموو تایبەتمەندییە مادیو مەعنەوییانەی ئادەمیزاد کە لەوخانە بچکۆلەدا حەشاردراون، چۆن ئەو هەموو پێکهاتەگەرایی و رەچەڵکییانەی باوك و دایك و خزم وکەس و کار لەناو ئەو خانە هەرە بچکۆلەیەدا گواسترایەوە بۆ ئەو کۆرپەلە نێرینە یان مێینەیەو هەریەکەیان بە گوێرەی خۆی!؟

هەموو خانە رەچەڵەك و گەرایەك نێر بێ یان مێ بێ، چەند کرۆمۆسۆم و جینەی لە خۆگرتوون، کرۆمۆسۆم مادەیەکی عوضوییە خاڵە گەردیلەیەکی زۆر بچوکە دەوری جینەکەی داوە، رۆڵی هەیە لەنەقڵ کردنی رەوشتە میراتییەکان دا. جین : هۆکارێکی سەرەکیو یەکالاکەرەوەیە بۆ ئەو شێوەو روخسارەی دوایی کائینە زیندوەکە لەسەری دەبێ.

هەر لەخانەکەیدا وێڕای کروموسوم و جیناتەکان مادەیەکی تر هەیە پێی دەگوترێ: (السیتوبلازم) ئەمەش تەرکیباتێکی کیمیاوی سەیرو سەمەرەیە دەوری کرۆمۆسۆم وجینەکانی داوە .

ئەمە بەڵگەیەکیترە لەسەر بەتوانایی خودای مەزن، کە ئادەمیزادی لەجوانترین شێوەدا دروست کردوە، هێزو توانای حیسسیو عەقلی داوەتێ، رێبازی زانین و بیرکردنەوەی نیشان داوە، بەسەر هەموو دروستکراوانی جیهان دا بالا دەستی کردوە، دەتوانێ بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بێنێ. پاك و مونەززەهە ئەو خودایەی کەوا دەست ڕەنگین و کاردروست و ژیان بەخش و بەدیهێنەری بوونەوەرە.

نەفامی موشریکەکان لەبارەی پەرستنی شتی نەشیاوەوە ڕێنموییکردن بۆ بەندایەتی کردنی خودا

وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُهُمْ وَلَا يَضُرُّهُمْ ۗ وَكَانَ ٱلْكَافِرُ عَلَىٰ رَبِّهِۦ ظَهِيرًا ﴿٥٥﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَـٰكَ إِلَّا مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ﴿٥٦﴾ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِلَّا مَن شَآءَ أَن يَتَّخِذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا ﴿٥٧﴾ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْحَىِّ ٱلَّذِى لَا يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِۦ ۚ وَكَفَىٰ بِهِۦ بِذُنُوبِ عِبَادِهِۦ خَبِيرًا ﴿٥٨﴾ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۚ ٱلرَّحْمَـٰنُ فَسْـَٔلْ بِهِۦ خَبِيرًا ﴿٥٩﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱسْجُدُوا۟ لِلرَّحْمَـٰنِ قَالُوا۟ وَمَا ٱلرَّحْمَـٰنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا ۩ ﴿٦٠﴾ تَبَارَكَ ٱلَّذِى جَعَلَ فِى ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا ﴿٦١﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا ﴿٦٢﴾

له‌م که‌ش و هه‌وایه‌دا؛ که‌ش و هه‌وای دروست کردن و مه‌زه‌نده کـــردن، وێڕای ئه‌وه‌ی که خودا ژیانی زینده‌وه‌رانی له ئاوی ئاسمان و ئـــاوی تۆمـــاو دروستکردوه، ئه‌و هـــه‌موو تایبه‌تمه‌ندا‌ییانـه‌ی تێـدا بـه‌دی هێنـــاون، ئـه‌و هه‌موو ره‌وشت و دیاردانه‌ی له‌ناو ئه‌و خانه هه‌ره بچکۆله‌یه‌دا له بـــاوك و دایکه‌وه گواستوه‌ته‌وه بۆ ئه‌و ئاده‌میزاده تازه رسکاوه، خانه‌یه‌کی به نـــێر داناوه‌و هه‌موو دیارده‌و ره‌وشته میراته‌کانی تێدا حه‌شار داون، خانه‌یـــه‌کی به مێینه بڕیارداوه‌و هه‌موو ره‌وشته میراته‌کانی تێدا حه‌شار داون !

ئا له‌نێو ئه‌م کـــه‌ش و هه‌وایـــه‌دا عیبـــاده‌ت کـردن بـۆ غـــه‌یری خـــودا به‌شتێکی نه‌فامی‌و سه‌یر داده‌نرێ. بۆیه لێره‌دا سووربوونی موشـــریکه‌کان له‌سه‌ر په‌رستنی بته‌کانیان راده‌نوێنی‌و ده‌فه‌رموێ:

﴿ویعبدون مـــن دون الله مالاینفعـــهم و لایضرهـــم﴾ ئـه‌و موشـــریکه نه‌فامانه عیباده‌ت ده‌که‌ن جگه له‌خودا بۆ شتێك: که عیباده‌تکردنه‌که‌یان بۆی سودیان پێ‌ناگه‌یه‌نی‌و عیباده‌ت نه‌کردنیشیان بۆیان زیانیان بۆ کێـــش ناکا. هیچ به‌ڵگه‌یان به‌ده‌سته‌وه نین له‌ســـه‌ر په‌رســـتش بـــۆ کردنیـــان جگـــه له‌شوێن که‌وتنی هه‌واو هه‌وه‌سی خۆیان و لاسایی کردنه‌وه‌ی کوێرانه‌یان بۆ باوك و باپیرانیان.

﴿وکان الکافر علی ربه ظهیراً﴾ کافرو موشـــریکه‌کان بـــه ســـه‌رپێچی کردنیان بۆ فه‌رمانی خوداو ئه‌نجامدانی تـــاوان و یارمـــه‌تیده‌ری شـــه‌یتانن، هه‌مئاهه‌نگی ئـــه‌و ده‌کـــه‌ن، دژی خـــودا ده‌جوڵێنـــه‌وه، دوژمنـــی ئـــایینی خودان، ئه‌وان که دژی پێغه‌مبه‌رن، دژی خودان، جا ئه‌وان چین هـــه‌تا دژی خودا بجووڵێنه‌وه، و به‌ربه‌ره‌کانی خودا بکه‌ن!؟

ئه‌مجار دڵنه‌وایی پێغه‌مبه‌ر ده‌کاو ئه‌رکی سه‌رشانی سووك ده‌کـــاو پێـــی راده‌گه‌یه‌نێ: که ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر پێغه‌مبه‌ره ته‌نیا موژده‌پێدان و ترساندنه، جیهاد کردنه له‌گه‌ڵ کافره‌کـــان و پـــه‌یام گه‌یاندنـــه، ئیـــتر لـــه‌وه‌دوا گوێـــی

بەدژایەتی تاوانباران نەداو بە هیچیان نەزانیٚ، خودا بۆ خۆی دەرەقــەتیان دیٚو لە عۆدەیان دیٚ دەزانیٚ شیاوی چ عـەزابیٚکن !
دەفەرمویٚ: ﴿وما أرسلناك الاّ مبشراً و نذيراً﴾ بیٚگومــان موشـریکەکان ئەحمەق و نەفامن، چۆن دەبنە یارمەتیدەری شەیتان و سەرپیٚچی فەرمانی خودا دەکەن، پیٚغەمبەری رەوانەکردوە بە موژدەدەرو ترسیٚنەر؛ مــوژدەی بەهەشـت بـدا بەوانــەی پابـەندی فـەرمانی خـودان، ســەرپیٚچیکارانیش بترسیٚنیٚ لــەئاگری دۆزەخ. ئـەتۆش ئـەی پیٚغەمبــەر ! تەنـها ترسـیٚنەرو موژدەدەری، حیساب و لیٚکۆلٚینەوەو عیقابیــان بەدەسـت خودایـە، بـەوە خەفەتبار مەبە: کە ئیمان ناهیٚنن. ئایا کیٚ لەوە نەفامترە بیەویٚ ئەزیەتی کەسیٚك بدا کە هەولٚی ئەوەیەتی لەدونیاو قیامەت دا تووشی بەختـەوەری بکا ؟!

﴿قل ما أسألكم عليه من أجر﴾ ئەی پیٚغەمبەر ! بــەو کافرانــە بلٚـیٚ: من لەپیٚناو ئەم بانگ کردن و راگەیاندنــە داوای کریٚتــان لیٚناکـەم، مـن پاداشــتی خـۆم لـەخودا داوادەکـــەم و مەبەســتم دەستەبـــەرکردنی رەزامەندی خودایە !

﴿الاّ من شـاء أن يتخـذ الى ربـه سـبيلا﴾ واتــە: هــەرگیز مــن داوای پاداشتان لیٚناکەم، بەلاٚم ئەگەر کەســیٚك بیــەویٚ لــەخودا نزیـك بیٚتــەوە، لەرِیٚگای خودا دا مالٚ و گیان ببەخشیٚ بۆ ئــەوەی پاداشـتی باشیدەسـت بکەویٚ با دەست بەکاربیٚو ساتەوەختیٚك رانەوەستیٚ. واتە: وامەزانن ئــەو عیبادەتەی دەیکەن کریٚیەو دەیدەن بەمن. بەلکوو ئیٚوە داوای ئەجر بکەن بــۆ خۆتــان بــەکردنی کاریبــاش و عیبــادەتی خـــوداو سوپاســـگوزاری نیعمەتەکانی. پاداشی من لای خودایەو ئەوپاداشم دەداتەوە!

پیٚویستە ئامــاژە بــەوە بکـریٚ: کــە کاکلٚــەو پوختـــەی بانگـــەوازی پیٚغەمبەرﷺ بریتی بووە لەمژدەدان و ترساندن، واتە: با وانــەزانین: کــە

ئەم ئایەتە چونکە مەککییە بە ئایەتی(قتال) هەڵوەشاوەتەوە . بەڵکوو ئەم ئایەتە وەکوو چۆن لەمەککە کاری پێکراوە، لەمەدینەش حوکمی هەرماوە، شەڕکردن و جەنگان دژی کافران تەنها کاتێ ڕەوایە: کە بۆ لابردنی کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێبازی بانگەوازی یەکە بێ. ئەگینا هەرگیز ئایین بەزۆرە ملێ نەچەسپاوەو ناچەسپێ، زەبرو زەنگ و شمشێر کاتێك بەکاردێ: کە بەربەست و تەگەرە بخرێتە بەردەم بانگخوازان و نەهێڵدرێ دەعوەی ئیسلامی ڕێبازی ئاسایی خۆی بگرێتەبەر.

لەلایەکی ترەوە وەکوو لەوەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد: پێغەمبەرﷺ چ تەماعێکی دونیای نەبوە لەپاساوی بانگخوازییەکەی دا، بەتەما کرێو پاساودانەوەی ئەوانە نەبوە: کە هیدایەتی ئیسلامییان وەرگرتووە.

لەئایینی ئیسلام دا بەرتیل و باج و گومرگی بۆ چوونە ناو ئایین نیە، کابرا شایەت و ئیمان دێنێو بەزمان ئیقرار دەکاو بەدڵ باوەڕی بەو شایەت و ئیمانە هەیەو بەکردەوەش تەصدیقی ئەو ئیمانە دەکا، ئەمەیە میزەی ئیسلام جیابوونەوەی لەئایینەکانی تر، لەئیسلام دا کۆڵەوە نانی نیە کرێی کۆڵەوە نانی‌یەکەی وەربگرێ، واسیتەو ناوەند نیە کرێی ناوەندی‌یەکەی وەربگرێ. ڕەسمی چوونە ناو ئایین نیە !

﴿وتوكل على الحي الذي لايموت وسبح بحمده﴾ ئەی پێغەمبەر ! گوێ بە هەڵسوکەوتی کافرەکان مەدە، بەردەوام بە لەسەر گەیاندنی پەیامی خۆت، لەهەموو کاروبارێکت دا پشت بەو خودایە ببەستە: کە زیندوەو نامرێ، تەنها پشتیوانی ئەوت بەسە، هەرکەسێ خودای لەپشت بێ لەشەڕ پارێزراوەو کەس ناتوانێ زیانی پێبگەیەنێ، پشت بەغەیری خودا مەبەستە، هەموو شتێك جگە لەخودا بەرەو مردن و فەوتان دەچێ جگە لەخودا هیچ شتێك نامێنێتەوە زوو یان درەنگ دەچێتە دەریای عەدەمەوە.

پشت بەستن بەغەیری خودا پشت بەستنە بەشتێکی روخاوو بەرقەرار نەبوو، خۆ پەنادانە بۆ سێبەرێك کە زوو بەسەر دەچێ، کەوابێ پشت بەستن هەر دەبێ بە خودایەك بێ: کە زیندوەو نامرێ، بەرقەرارەو نافەوتێ، پشتی پێببەستەو حەمدو سوپاسیشی بکە، لەهەموو عەیب و خەوشێك لەهەموو کەم و کوڕیەك بەدووری بگرە، گوێمەدە بەهەڵوێستی کافرەکان کاری ئەوان حەواڵەی خودای هەمیشە زیندو بکە، ئەو ئاگاداری تاوان و هەڵوێستیانەو هیچی لێ‌گوم نابێ.

﴿وکفی به بذنوب عباده خبیراً﴾ ئەتۆ بەستە ئەی موحەممەد! کە خودا ئاگادارییەکی تەواوی هەیە بە تاوانی بەندەکانی، نهێنیو ئاشکرای لاچون یەکەو هەموو کارو کردەوەکانیانی لەسەر تۆمارکردون و سزاو پاداشتیان لەسەر دەداتەوە چاکە بەچاکەو خراپە بەخراپە .

ئەمەش تەسەللادانەوەیە بۆ پێغەمبەر و هەڕەشەیە لەکافرەکان: کە ئەگەر ئیمان نەهێنن بابزانن خودا لێیان غافڵ نیەو ئاگاداری هەموو شتێکیانە !

ئەمجار هەر لەروانگەی نمایشکردنی زانیاری رەهاو توانای رەها لەسەر سزاوپاداشدانەوەی خودا بۆ بەندەکانی. باسی بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەویو کۆنترۆڵ کردنی گەورەترین مەخلوقات دەکا: کە عەرشی مەزنە.

دەفەرموێ: ﴿الذي خلق السموات والأرض في ستة أيام ثم استوى على العرش، الرحمن فاسأل به خبيراً﴾ خودای باخەبەرو زانا بەهەموو شتێك، ئەو ئاسمانەکان و زەویو ئەوەی تێیان دایە، لەماوەی شەش رۆژدا بەدی هێناون پاشان کۆنترۆڵی عەرشی کردو بەوشێوەی: کەشیاوی خودایە ئیستیوای لەسەر کرد. وێڕای بالادەستیو کۆنترۆڵکردنی عەرش، خاوەن رەحم و بەزەییە، لەگەڵ رەحمەتەکەشیدا ئاگادارە بەسەر هەموو شتێك دا .

شایانی باسە ئەو رۆژانەی بوونەوەریان تێدادروست کراوە جیاوازن لەم رۆژە ئاساییانەی ئێستای ئێمە لەسەر زەوی، چونکە رۆژی ئێمە دیاردەی یاساو نیظامی کۆمەڵەی خۆرین. پێوەرێکی هەڵخولانی فەلەکین، ئەم پێوەرە دوای بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی هاتۆتە کایەوە ، رۆژی ئێمە ئەندازە زەمەنییەکە بەهۆی خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆی‌داو لەبەرامبەر خۆردا دێتە کایەوە . کەوابێ ئەم شەش رۆژەی بوونەوەری تێدا خراوەتەگەڕ لەورۆژانەن کە هەر خودا بۆخۆی دەزانێ ئەندازەکەیان چەندبووەو چۆن بوون، لەوانەیە ئەو شەش رۆژە بریتی بن لە شەش قۆناغ و ئەطواری دورو درێژی ناو ئاسمانەکان و زەوی تا سەرەنجام ئەم بوونەوەرەیان لی‌پێك هات .

کەچی وێڕای ئەم هەموو شکۆمەندیو زانایی‌و دانایی‌و بەدەسەلاتیەی خودا ، ئەو موشریکە نەفامانە ئەگەر بانگیان لی‌بکرێ بۆ خوداپەرستی بە شێوەی گاڵتەپێکردن و مل نەدان بۆ بەندایەتی دەڵێن: عیبادەتی چی‌و بۆ کێ‌ی بکەین ؟!

دەفەرموێ: ﴿واذا قيل لهم: اسجدوا للرحمان قالوا ومالرحمان؟ ﴾ ئەگەر پێیان بگوترێ: سوژدە بۆ ئەو خودایە بەرن ناوی (الرحمن)ە وێڕای شکۆمەندیو خاوەن دەسەلاتی‌و بەتوانایی خۆی خاوەن رەحم و بەزەییشە ، لەوەلام دا دەڵێن: (الرحمان) کێیە؟ ﴿أنسجد لما تأمرنا؟﴾ ئایا سوژدە بۆ کەسێك بەرین فەرمانمان پی‌دەکەی بە سوژدە بۆ بردنی ؟ هەر بەوەندە کەتۆ فەرمانمان پی‌دەکەی بەبی‌ئەوەی ئێمە بیناسین و بزانین کێیە سوژدەی بۆبەرین ؟ بەم لەهجەو شێوە ئاخاوتنە وەلامی بانگەوازی‌یەکە دەدەنەوە! دەڵێن: رەحمان کێیە ئێمە سوژدەی بۆ بەرین ؟ سەرڕەقی‌و خۆ بەزلزانینیان گەیشتبوە ئاستێك بڵێن: ئێمە جگە لەو رەحمانەی لەیەمامەیە رەحمانی تر ناناسین !! مەبەستیان (مسیلمە) ی درۆزن بو.

﴿وزادهم نفوراً﴾ ئەم فەرمان پێکردنەیان بەسوژدە زیاتر شێلگیری کردن و پتر رۆیان وەرگێڕاو لەحەق و راستی دوور کەوتنەوە . ئەمجار خودا رەددی دەمدرێژیو خۆبەزلزانیو گاڵتە کردنیان بە خوداو بە پێغەمبەردانەوە بەوەی ئەو خودایەی ناوی (الرحمان)ە داوایان لیٚدەکریٚ سوژدە بۆ بەرن خودایەکی خاوەن دەسەلاٚت و شکۆمەندە، ئەگەر تۆزێك بیر بکەنەوە خێرا دەیناسن و سوژدەی بۆ دەبەن و عیبادەتی بۆ دەکەن !

دەفەرمویٚ: ﴿ تبارك الذي جعل في السماء بروجاً﴾ پاك و مونەززەهە ئەو خودایەی یەکێك لەناوە پیرۆزەکانی (الرحمان)ە و لەئاسمان دا ئەستێرەی گەورەو زەبەلاحی دروست کردون قۆناغ و مەدارو جەمسەری بۆ ئەو ئەستێرانە داناوە: کە ژمارەو قەبارەیان هەر خودا بۆ خۆی دەیزانیٚ چەندەو چۆنن.ئەوەتا ئەو خودایەی ئێوە بڕوای پیٚناکەن بڕێك لەمەخلوقاتەکانی ئەو ئەبراجە گەورەو جۆراو جۆرانەن .

﴿وجعل فيها سراجاً﴾ هەر لەچوارچێوەی ئەو بورجانەدا خۆری کردوە بەچرای پرشنگدارو روناکی بۆ گۆی زەوی و وەکوو لە شوێنێکیتردا دەفەرمویٚ: ﴿وجعلنا سراجاً وهاجا ﴾(النبأ/١٣) .

﴿وقمراً منيرا﴾ هەروەها مانگی نورانی داناوە کە لەشەودا روناکایی خۆی دەدا بە گۆی زەوی .

﴿وهو الذي جعل الليل والنهار خلفة لمن أراد أن يذكّر أو أراد شكورا﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە شەوو رۆژی بەدیهێناون یەك بەدوای یەك پەیدادەبن، رۆژ تەواو دەبیٚ شەو دیٚتە جیٚگای شەو دەڕواو رۆژ دیٚتە شوێنی، هەریەکەیان دەبیٚتە جیٚنشینی ئەویتریان، کەسێك بەرۆژ ئیشی رۆژی بۆ تەواو نەکرا دەتوانیٚ بەشەو ئەنجامی بدا، ئەگەر شەو ئیشی شەوی بۆ تەواو نەکرا دەتوانیٚ بەرۆژ قەرەبوی بکاتەوە.

لە حەدیثی بوخاری و موسلیم دا هاتووە دەفەرموێ: (ان الله عزو جل یبسط یده باللیل لیتوب مسیء النهار، و یبسط یده بالنهار لیتوب مسیء اللیل).

ئەبوداودی (الطیالسي) لە(الحسن) ریوایەت دەکاو دەڵێ: عومەری کوڕی (الخطاب) رۆژێکی نوێژی چەشتەنگاوی زۆری کرد (صلاة الضحی)ی زۆر درێژکردەوە، پێیان وت: ئەوە چیبوو ئەمڕۆ شتێکت کرد لەوەپێش نەتکردوە؟ لەوەلاّم دا وتی: شتێکم مابوو لە ویردی شەوم بیخوێنم ویستم ئێستا تەواوی بکەم.

شەوو رۆژ بۆخۆیان دوونیشانەی بە توانایی‌و گەورەیی پەروەردگارن بەلاّم بەهۆی زۆر دووبارەبوونەوەیان سەرنجی ئادەمیزادان راناکێشن، ئائەم مەزەندە کردنەو یەك بەدوایەك دا هاتنەیان بەسە بۆ کەسانێك بیانەوێ بیربکەنەوەو بزانن چیان لەسەر پێویستە بیکەن، شوکرو سوپاسی نیعمەتە جۆراو جۆرەکانی خودا بکەن، بیر لەنیعمەتە زۆرو لەبن نەهاتوەکانی بکەنەوە.

خۆ ئەگەر خودا ئاوا بەو جۆرە بەدی‌نەهێنانایەو لەناو خۆیان دا نۆرەیان نەکردنایە ژیان لەسەر گۆی ئەم زەوییە بەردەوام نەدەبوو، نەئادەمیزادو نەگیانلەبەری ترو نەدرەخت و روەکی‌لەسەر نەدەژیا.

زانایان دەڵێن: ئێستا کورەی زەوی هەموو بیست و چوار کاتژمێرێك بەدەوری میحوەری خۆی‌دا خولێك تەواو دەکا. یان دەڵێن: لەهەموو کاتژمێرێك دا هەزار میل دەبڕێ، خۆ ئەگەر وابهاتایە لە کاتژمێرێك دا (١٠٠) میلی ببڕیایە ئەو کاتە شەوو رۆژمان دەهێندەی ئێستا درێژ دەبوون،لەم حاڵەدا بەرۆژ خۆر هەموو شتێکی دەسوتاند، هەرچی گیاو گژو دارو درەخت هەیە، بەرۆژ گڕی دەگرت. بەشەویش هەموو شتێك دەیبەست، کە وابوو پاك و مونەززەهە لەهەموو عەیب و نەنگی‌یەك ئەو خودایەی ئاسمانەکان و

زەوی بەدیهێناون، هەموو شتێكی بەئەندازە و نەخشە دروست كردوە، هەموو دروستكراوێكی نیشانەی حیكمەت و دانایی‌یە !

ڕەوشتی بەندەكانی خودا

وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ
هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا ﴿٦٣﴾ وَٱلَّذِينَ
يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَٰمًا ﴿٦٤﴾ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ
رَبَّنَا ٱصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ ۖ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا
﴿٦٥﴾ إِنَّهَا سَآءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا ﴿٦٦﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُوا۟
لَمْ يُسْرِفُوا۟ وَلَمْ يَقْتُرُوا۟ وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا ﴿٦٧﴾
وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ
ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ
أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِۦ
مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا
فَأُو۟لَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا

رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾ وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَإِنَّهُۥ يَتُوبُ إِلَى ٱللَّهِ مَتَابًا ﴿٧١﴾ وَٱلَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ ٱلزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا۟ بِٱللَّغْوِ مَرُّوا۟ كِرَامًا ﴿٧٢﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا۟ عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا ﴿٧٣﴾ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَٱجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ يُجْزَوْنَ ٱلْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا۟ وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَٰمًا ﴿٧٥﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ حَسُنَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا ﴿٧٦﴾ قُلْ مَا يَعْبَؤُا۟ بِكُمْ رَبِّى لَوْلَا دُعَآؤُكُمْ ۖ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًۢا ﴿٧٧﴾

ئەم کۆمەڵە ئایـــەتە لەم سورەتە پێناسەی بـەندە راسـتاڵەکانی خـودا دەکـەن، رەوشـتە تایبـەتـیـیـــەکانیان و کەسایەتییان دیـاری دەکـەن، هەر دەڵـــێی ئـەوان پـاڵفـــتەی ئـادەمیزادن و لـەئاکامی ئـەم جیـهادە دورو درێژەی پێغەمبەران سـەرەنجامی مەعرەکـەی نێـوان حـەق و بـەتاڵ هاتوونــە بەرهــەم و بــەروبوومی ئــەو هـــەوڵ و تێکۆشـــانە دورو درێژەی پێغەمبەرانــن.

لــەوە پێـش ئـەوەی راگـەیاند: کـە موشـریکەکان گاڵتـەیان بـــەناوی (الرحمان) دەکردو دەیانگوت رەحمان کێیە تا ئێمە بەندایەتی بۆ بکەین ؟؟

ئیتر لەم کۆمەڵە ئایەتەدا ئەوە رادەگەیەنێ: کە(عباد الرحمن) ئەوانەن و ئەوانە شیاوی ئەوەن: کە وەپاڵ خودا بدرێن ! پێیان بگوترێ بەندەی رەحمانن ! ئەوەتا ئەوانە بەرِەوشت و هەڵسوکەوت و دڵ و دەروون و کارو کردەوە شیاوی ئەوەن بەندەی رەحمان بن ! ئەوانە نموونەیەکی زیندوو واقیعین بۆ ئەو کۆمەڵەی: کەئیسلام دەیەوێ دروستی بکاو ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئایین و پاراستنی لەئەستۆبگرن، جیهاد بکەن لەپێناویا .

ئابەو شێوەیە رەوشتی موسوڵمانانیراستاڵ دەست نیشان دەکاو دەفەرموێ: ﴿وعباد الرحمن الذين يمشون على الأرض هونا﴾ بەندە راستاڵەکانی خودا ئەوانەن: کە بەئەدەب و ویقارەوە بەسەر زەویدا دەرِۆن! لە رۆییشتن و جم و جوڵیان دا لارو لەنجەو دەعیەو تەکەببور ناکەن.

بەسەر زەویدا دەرِۆن بەرۆییشتنێکی لەسەرەخۆو سادە، خۆیان بانادەن، قونگرانی ناکەن، بەزۆر بارێکی رۆییشتنی نائاسایی بەسەر خۆیان دا ناهێنن، ئاورِدانەوەو جرت و فرت لەرۆییشتنەکەیان دا ناکەن ! رۆییشتن وەکوو هەموو جم و جوڵێکی تر رەنگدانەوەی کەسایەتییە، نیشانەی ئەو هەست و شعورانەیە: کە لەناخیان دا پەنگیان خواردۆتەوە، ئادەمیزادی لەسەرەخۆو خاوەن رەوشتی بەرزو دڵئارام و بەشەخصیەت رەوشتەکانی لەرۆییشتنیدا دەردەکەون، ویقارو لەسەرەخۆییوپشوو درێژیو کەسایەتی دیاردەکەوێ.

مانای ﴿يمشون على الأرض هوناً﴾ ئەوە نیە موسوڵمانان ملی خۆیان کوزو بکەن و سەری خۆیان دابخەن و شل و شێواو لەش داهێزراو شپرِێو؛ گوایە ئەوە نیشانەی تەقواو خوداپەرستییە. نەخێر هەرگیز نابێ ئەم جۆرە مانایە بۆ ئەم ئایەتە بکەین .

ئـەوەتا پێغەمبـەرﷺ کـە لەهـەموو رەوشـتێکی بـەرزو جـوان دا مامۆستای مرۆڤایەتی بووە: کە بەرێگادا دەرۆیشـت بـەجوانترین شـێوەو دامەزراویو لەسەرەخۆیی دەڕۆیشت ، لەهەمان کـات دا گـورج و گـۆڵ و چاپوك و پتەو !

ئەبوهورەیرە دەفەرموێ: کەسم نەدیوە بەئەندازەی پێغەمبـەرﷺجـوان بێ، دەتگوت خۆر لەدەم وچاویدا شۆق دەداتەوە، کەسم نەبینیوە هێندەی پێغەمبەرﷺخۆشڕەوبێ، دەتگوت زەوی دەپێچێتەوە، ئێمە زۆر تینمان بۆ خۆمان دەهێنا هەتا پێی رابگەین ، لەهـەمان کـاتدا پەلەپـەل و هانکـە هانکی لیٚ نەدەبینرا، کە دەڕۆیی هێزو تواناو عەزم و حـەزمی لیٚهەسـت دەکرا.

جا موسوڵمانان : کە شوێن کـەوتووی ئـەو رابـەرە مەزنـەن، هـەموو شتێکیان بەجیدیو ویقارو شکۆمەندییە، دڵیان پـڕە لەمەبەسـتی بـەرزو گەورەو پـیرۆز، گـوێ بەنـەفامی ئەحمـەق و شـەقاوەکان نـادەن، کـات و جوهدی خۆیان بەوەڵام دانەوەی موهاتەراتی نەفامان بەفیڕۆ نادەن، خۆیان زۆر بەبـەرزتر لـەوە دەزانـن دەم لـەدەمی ئـەوان بنێـن و خۆیـان بکەنـە ئەولاٚشی خوێڕی و سەرسەری بازان ..

تەنانەت ﴿واذا خاطبهم الجاهلون قالوا سلاما﴾ کە نەفام و سەرسەری یەخەیان پیٚدەگرن، دەڵێن: سلاٚوتان لیٚبیٚو وەڵاٚم دانەوەی ئێوە کاری ئێمە نیە، ئێمە کات و جوهدی خۆمان بە دەمە دەمـیٚ لەگـەڵ ئێـوەدا بـەفیڕۆ نادەین، ئەگـەر سەرسـەریو نـەزانێك قسـەیەکی ناشـیرینیان پـیٚ بڵـیٚ: بەهەمان شێوە وەلاٚمـی نادەنـەوە، بـەڵکوو لێبوردویـی نیشـان دەدەن و چاوپۆشی دەکەن، نەك لەبەر زەعیفـیو بیٚهـێزی،بـەڵکوو لەبـەر ئـەوەی خۆیان زۆر لەوە بەبەرزتر دەزانن: کە خۆیان هەڵـەو گـیری وەلاٚمدانـەوەی ئەوانە بکەن ، نایانەویٚ کاتی زێڕینی خۆیان بەو وشە بیٚسودانە بکوژن !

ئەمە هەڵسوکەوتیانە لەرۆژ دا بەشەویش سەرگەرمی تەقواو خوداپەرستین، بیر لەبوونەوەر دەکەنەوە، لەترسی عەزابی خودا فرمێسك دەرێژن، دەمێك سوژدەبردن و قورئان خوێندنە، تاوێکیش بیرکردنەوەو بە خۆداچوونەوەو دادگایی‌کردنی نەفس و ویژدانە. رۆژیان لەشەویان باشترە شەویان لە رۆژیان بەفەرتر .

دەفەرموێ: ﴿والذين يبيتون لربهم سجداً و قياما﴾ ئەوانەی شەو بەرۆژ دەکەنەوە خەریکی نوێژ کردنن، تاوێك بەپێوەن و دەمێك لەسوژدەدان .

تەعبیرەکە لەناو کردارەکانی نوێژدا حاڵەتی سوژدەو حاڵەتی راوەستان زەق دەکاتەوە، بۆ وێنە کێشانی جم وجوڵی (عباد الرحمن) لەناو تاریکایی شەودا خەڵك نووستون و ئەوان بەخەبەرن.

ئادەمیزادانی تر لەپرخەی خەودان و ئەوان خەریکی نوێژن بەپێوە فاتیحا دەخوێنن یان چوونە سوژدەو سەریان لەسەر زەوی داناوە، بیرو هۆشیان، چپەو ئاخاوتنیان، راوەستان و روکوع و سوژدەیان تەنیا بۆ خودایەو بەوەوە مەشغوڵن، وازیان لەخەوی شیرین هێناوە، خەریکی شتێکی شیرینترن، گیان و هەست و شعووریان بەخوداوە پەیوەستە، لەخودا دەپاڕێنەوە، چاویان بڕیوەتە بارەگای پەروەردگار !

لەم حاڵەت و جم و جوڵ و خوداپەرستییەیان دا دڵیان پڕە لەتەقوا، پڕە لەترس و خۆفی عەزابی دۆزەخ.. وەکوو دەفەرموێ: ﴿والذين يقولون: ربنا اصرف عنا عذاب جهنم﴾ ئەوانەی لەخودا دەترسن بەترس و لەرزەوە لیێ دەپاڕێنەوە، بەحەزەرەوە هاواری لیێدەکەن، دەڵێن: خودایە ئاگری دۆزەخمان لیێدووربخەیەوە، هەڵەو گیری ئەو شوێنەمان نەکەی، چونکە ﴿ان عذابها كان غراما﴾ بێگومان ئاگری دۆزەخ بەردەوامەو

لەیەخەی ئادەمیزادی تاوانبار نابێتەوە، وەکوو خاوەن قەرز وایە بۆ قەرزدارو بەربینگی پێ دەگرێ تا تۆڵەی خۆی لێ نەستێنێ وازی لێ ناهێنێ!

﴿انها ساءت مستقراً و مقاما﴾ بێگومان دۆزەخ خراپ جێگەیەکی حەوانەوەو تێدا مانەوەیە، ئەوانە بەچاوی خۆیان دۆزەخیان نەبینیوە بەلاّم بڕوایان بەهەبوونی هەیەو ئەو وێنەی قورئان کێشاویەتی بۆیان دەربارەی دۆزەخ هەمیشە لەبەرچاویانە، بۆیە بەو جۆرە ترسیان لێی هەیەو هەمیشە دەستی دوعاو پاڕانەوە بەرز دەکەنەوە، دەلاڵێنەوەو دەپاڕێنەوە: کە خودا تووشی ئەو عەزابەیان نەکا، ئەوان بەشەو نوێژو راوەستان و سوژدەبردن بۆ خودا دڵنیا نابن و پشتێنی لێ ناکەنەوە، پێیان وایە چەندێك تاعەت بکەن ئەگەر فەضل و ئیحسانی خودا نەبێ ، ئەگەر رەحمەت و عەفوی خودا نەیانگرێتەوە لەو عەزابە رزگاریان نابێ بۆیە سەرباری ئەو شەو نوێژو خوداپەرستیەیان ئەو پاڕانەوەو لالانەوەیەش ئەنجام دەدەن .

تەعبیری قورئانەکە وادیمەنەکە دەکێشێ وەکوو ئەوە بڵێی دۆزەخ بەربینگی هەموو کەسێك دەگرێ، دەستەو یەخەی هەموو کەسێك ڕادەوەستێ، دەمی کردۆتەوە خەریکە هەموو کەسێك هەڵلووشێ. چنگی کردونەوەو ئامادەیە هەموو کەسێك لەدورونزیك تێکەوە پێچێ !

بەندەکانی خوداش شەو بەخەبەرو سەرگەرمی نوێژ کردن و پاڕانەوەن و ترسی ئەوەیان هەیە دۆزەخ بیانگرێتەوە بۆیە لەخودا دەپاڕێنەوە کە لەوعەزابە سامناکە بیان پارێزێ و شالاّوی بێ ئامانی ترسناکی دۆزەخ نەیانگرێتەوە ! ئەو شوێنە ناخۆشە: کە هەرناوەکەی ئادەمیزاد وەلەرز دێنێ نەبێتە شوێن و نیشتەمەنییان !

ئەوان واتە: (عباد الرحمن) وێڕای ئەو ڕەوشتە بەرزانەیان و سەرباری ئەو لەخودا ترسان و تەقوا کارییەیان، لەژیانی ئابوریشیان دا میانەڕەوو موعتەدیلن. دەفەرموێ:

﴿والذین اذا أنفقوا لم یسرفوا ولم یقتروا وکان بین ذلك قواما﴾
ئەوانە ئەگەر بۆ خۆیان و ماڵ و منداڵیان ماڵ خەرج بکەن دەست بڵاوی ناکەن، زیاد لەپێویست سەرف ناکەن، ئەوەندەیش ڕژدو چروك نین پێداویستی خۆیان وماڵ ومنداڵیان دابین نەکەن، بەڵکوو بەئەندازەی پێویست ماڵ و دارایی خۆیان دەبەخشن و خەرجی دەکەن، میانەڕەوو ناوەندکارن.

شایانی باسە لەئیسلام دا هەرچەند (ملکیة فردیة) لەچواچێوەو سنورێکی تایبەتیدا ئیعتیرافی پێدەکرێو هەموو کەسێك بۆی هەیە دارایی‌و خاوەنیەتی‌هەبێ بۆ ئەندازەیەك لەماڵ، وەلێ کەس ئازاد نیە لەوە ماڵی خۆی چۆن خەرج دەکا بیکا، بەڵکوو ماڵ خەرجکردنەکەی سنووردارە،بەوەدەبێ میانەڕەوبێ، (نەشیش بسوتێ نەکەباب) نابێ هێندە دەست بڵاوبێ زەرەر بەخۆی‌و ماڵ و کۆمەڵ بگەیەنێ. نابێ ئەوەندەش دەست قوچاو بێ دڵی نەیە ماڵ و سامان لەشتی پێویست دا خەرج بکا، نەخۆی‌و نەکۆمەڵ سودی لێنەبینن.

ماڵ و سامان ئامێرو ئەداتی کۆمەڵایەتین بۆ دەستەبەرکردنی خزمەت بۆ کۆمەڵ! دەی دەستبڵاوی‌و دەست قوچاوی ئەو یاسا کۆمەڵایەتیە دەشێوێنن و حەبس کردنی ماڵ و سامان ئەزمەی ئابوری لێدەکەوێتەوە، بەرەڵلا کردنیشی بەبێ‌حیساب و مەزەندەکردن ئەخلاق و ڕەوشت تێك دەدا.

نەوەکوومامە ئەحەی کرنوو پارە لەهەمبانەی دا بشیریەوەو نەهێڵی روناکی ببینێ، دڵت بڕوا نەدا جوتێ پێڵاوی لێ بکڕی! نەوەکوو(ئەو

کابرایەی کە لەبنەماڵەیەکی خانەدانی هەولێربووەو لەبەر ڕێزی بنەماڵەکەی ناوی ناهێنم) نرخی ماڵ و سامان نەزانی. دەگێڕنەوە دەڵێن: شەوێك ئەو زاتە چووە دەست بەئاو بگەیەنێ کە چووە لەسەر پێشاو دانیشتووە چرای لێکوژاوەتەوە یان روناکی پێویست و بەدڵی ئەو نەبوە، دەستی بە باخەڵیدا کردوەو پارەی دەرهێناوە وەکوو کەرەگەلاو شقارتەی لێداوەو دینار بەدیناری سوتاندوە بۆ ئەوەی لەبەر روناکی کاری دەست بەئاو گەیاندنی ئەنجام بدا، هەتا لێبوەتەوە چل و پێنج تاکە دیناری کردوە بەقوربانی میزکردنێك لەبەر روناکی، ئەمە لەکاتێك دا کە (٤٥) دینار بژێوی مانگێکی (٢٠) خێزانی پێدەستەبەر دەبوو!

بێگومان میانەڕەوی و بەئەندازەی بەرە قاچ راکێشان بناغەی ئابورییەو کۆڵەکەی پارێزگاری کردنی ماڵ و سامانە ئیمام ئەحمەد لەعەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە ریوایەتی کردوە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: **(ما عال من اقتصد)** کەسێك یاسای ئابوری بەرچاو بگرێ و بەئەندازەو پێوان ماڵ و سامان خەرج بکا هەرگیز هەژار ناکەوێ.

ئەبوبەکری (البزار) لەحوزەیفەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: **(ما احسن القصد في الغنى ، ما احسن القصد في الفقر، ما احسن القصد في العبادة)** زێدەڕەوی لەهیچ شتێك دا پەسەند نیە تەنانەت لەعیبادەت و خودا پەرستیش دا،پێغەمبەر ﷺ : کە بیستی هەندێ لەهاوەڵان بڕیاریان داوە تەرکی دونیا بکەن بانگی کردن و ئامۆژگاری کردن، پاشان فەرمووی: چاو لەمن بکەن ئەوەتا من شەونوێژیش دەکەم و دەخەوم بەرۆژوش دەبم و پێش نابم، ژنیش مارە دەکەم و پێداویستی هاوسەرێتی دابین دەکەم، هەر کەسێك لەسوننەتی من لابدا ئەوە لەمن نیە و پەیڕەوی پەیامی منی نەکردوە !

بەکورتی ئیسلام میانەڕەوەو میانەڕەوی خۆش دەوێ، دەستبلاوی هۆی فەوتانی ماڵ و دارایی تاك و کۆمەڵە، دەستبلاوان برای شەیتانن پەیڕەوی فەرمانی ئەو دەکەن، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**ان المبذرين كانوا اخوان الشياطين**﴾(**الأسراء/٢٧**) ئەوەشمان لەبیر نەچێ هیچ کاتێ ئیسراف لەخێردا نیە، خێریش لەئیسراف دا نیە.

حەسەنی بەصری دەفەرموێ: کەسێك لەرێگای خودا دا ماڵ ببەخشێ چەندێك ببەخشێ بەدەستبلاو ناژمێردرێ. عومەری کوڕی خەتتاب دەفەرموێ: بەسە بۆ ئادەمیزاد دەستبلاوی کە هەرشتێکی ئارەزۆ لیێوو بیکڕێو بیخوا. ئیبنوماجە لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی:(**ان من السرف أن تأكل كل ما اشتهيت**).

نیشانەو رەوشتی (عباد الرحمن) وێڕای ئەو رەوشت و صیفاتانەی باسکران دوورکەوتنەوەیانە لەهاوەڵدانان بۆ خوداو لەئادەمیزاد کوشتن و لەداوێن پیسی ! دەفەرموێ:

﴿**والذين لايدعون مع الله الهاً آخر**﴾ بەندە راستاڵەکانی خودا کەسانێکن: کە هاوەڵ بۆخودا دانانێن، کەس ناکەنە شەریکی خودا بەڵکوو بەخالیصیو دڵسۆزی عیبادەت تەنها بۆ خودا دەکەن.

﴿**ولايقتلون النفس التي حرم الله الا بالحق**﴾ بەناڕەواو بەئەنقەست کەس ناکوژن، مەگەر کوشتنەکە حەق بێ کابرا تاوانێکی کردبێ شیاوی کوشتن بێ ؛ وەکوو ئەوە لەئایینی ئیسلام پاشگەز بێتەوە، یان دوای دەستەبەر بوونی خێزانی حەلاڵ بۆی داوێن پیسی بکا، یان بەناحەق ئادەمیزادێك بکوژێ ئالەم حالانە دا بەفەرمانی حاکم و قاضی ئەو تاوانبارانە بکوژێ کوشتنەکەی بەقەتل بۆ حیساب ناکرێ، چونکە بەحەق و بەپێی شەریعەتی خودا ئەنجامی داوە، ﴿**ولايزنون**﴾ هەروەها داوێن پیسی ناکەن!

بێگومان هاوەڵدانان بۆ خوداو کوشتنی بەئەنقەست و زینا گەورەترین تاوانن، هاوەڵدانان بۆ خودا دەستدرێژیکرنە بۆ سەر خودا، کوشتنی بەئەنقەست دەستدرێژیکرنە بۆ سەر مرۆڤایەتی، داوێن پیسی دەستدرێژیکرنە بۆ سەر ناموس و مافی خەڵك !.

﴿ومن يفعل ذلك يلق أثاما﴾ کەسێك تاوانێك لەو تاوانانە ئەنجام بدا لە قیامەت دا سزای کوشندەو بەئێشی توش دەبێ، تۆڵەی تاوانەکەی لیّدەسەندرێ. نەك هەرعەزابی توش دەبێ و بەس بەڵکوو ﴿ يضاعف له العذاب يوم القيامة﴾ عەزابی بۆ دووچەندانە دەکرێتەوە چونکە وێڕای تاوانکردن کافریش بووە ﴿ويخلد فيه مهانا﴾ بۆ هەتاهەتایە لەناو دۆزەخ دا دەمێنێتەوە وێڕای عەزابی سوتاندن سوکایەتییان پێدەکرێو ریسوا دەبن.

ئەجار پەروەردگار دەرگای تۆبە دەکاتەوە بۆ ئەو تاوانبارانەی لەتاوانەکانیان پەشیمان دەبنەوەو بەخۆیان دا دەچنەوە دەفەرموێ: ﴿الاّ من تاب و آمن و عمل عملاً صالحا﴾ مەگەر کەسێك تۆبە بکاو واز لەتاوانەکانی بێنێو بەدڵ پەشیمان بێتەوە، بڕوای بەتاك و تەنهایی خوداو راستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرانیو زیندووبوونەوەو هاتنی رۆژی قیامەت هەبێ .

﴿فأولئك يبدل الله سيآتهم حسنات﴾ ئائەوانە بەهۆی تۆبەکەیانەوە خراپەو تاوانەکانیان مەعف دەکاتەوە، لەشوێنی تاوانەکانیان چاکەیان بۆ دەچەسپێنێ، پاش تۆبە کردنیان لەشوێنی خراپەکاری کاری باش دەکەن و خوداش لەشوێنی ئەوەی تاوانیان بۆ تۆماربکا چاکەو طاعەتیان بۆ دەچەسپێنێ یان بەهۆی تۆبەکردنیانەوە خراپەو تاوانی لەوەپێشیان بۆ دەکاتە کردەوەی باش .

بەکورتی راڤەکەران لەمانای ﴿فأولئك يبدل الله سيآتهم حسنات﴾ دوو رایان هەیە:

١- ئەوان لەجیاتی خراپەکاریو تاوان چاکەدەکەن .

حەسەنی بەصری دەفەرموێ: خودا کاری خراپەی بۆ گۆڕیون بەچاکە، لەجیاتی هاوەڵدانان بۆ خودا یەکتاپەرستی دەکەن، ، لەجیاتی داوێن پیسیو فیسق و فجور خۆپارێزو تەقواکارن، ، لەجیاتی کوفرو ئیلحاد موسوڵمان بوون و یەکتاپەرستن. واتە: ئەوان گۆڕانکاری لەهەڵسوکەوتی خۆیاندا دەکەن، خوداش لەقیامەت دا پاداشتیان دەداتەوە .

٢- رای دووەم ئەوەیە: دەڵێن: ئەو تاوان و خراپەکارییەیان بەهۆی تۆبەکردنەوە دەبنە کاری باش و پەسەندو تۆبەکار روپەڕێکی تازە لەژیانی خۆیدا دەکاتەوە، ئەمەش لەم روەوە دێتەجێ چونکە هەرکاتێ دوای تۆبەکردنەکەی بیر لەتاوانەکانی رابوردوی دەکاتەوە تۆبەو ئیستیغفاری زیاد دەکاو تاوانەکانی رابووردوی بۆ دەبێتە چاکەو خێر .

بێگومان هەموو کاتێ دەرگای تۆبە کراوەیەو لەسەر پشتە، هەرکەسێ ویژدانی بەئاگابیۆ بیەوێ تۆبە بکاو بگەڕێتەوە بۆ لای بەدیهێنەری خۆی، کەس نیە بتوانێ بیگێڕێتەوەو دەرگای تۆبەی لیٚدابخا، هەرکەسێك بیٚو هەرتاوانێکی ئەنجام دابێ: کە ویستی تۆبە بکا تۆبەی قبوڵە مەگەر لەحاڵەتی سەرەمەرگ و گیانەلآودا، یان لەکاتی هەلآتنی خۆر لەلای خۆرئاواوە.

طەبەرانی لەحەدیثی ئەبولوغەیرەوە لەصەفوانی کوڕی عومەرەوە لەعەبدوررەحمانی کوڕی جوبەیرەوە لەئەبوفەڕوەوە دەڵێ: پیاوێ هاتە لای پێغەمبەرﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ! ئایا ئەگەر پیاوێك هەرچی تاوان هەیە بیکاو هیچ نەمێنێ نەیکا، ئایا رێگای تۆبەی دەمێنێ ؟!

پێغەمبەر ﷺ فەرموی: موسوڵمان بووی ؟ وتی: بەڵێ ئیمانم هێناوە . پێغەمبەر فەرمووی: (فافعل الخیرات واترك السیئات فیجعلها الله لك خیرات کلها) کاری چاکە بکەو واز لەخراپەکاری بهێنە، ئیتر خودا هەموو خراپەو تاوانەکانی پێشوت بۆ دەکاتە خێروفەڕ. وتی: تاوانە گەورەکانیشم ؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بەڵێ: ئیتر کابرا تاگوم بوو هەر (الله اکبر)ی دەکرد .

ئەمجار مەرج و یاسای تۆبە کردن دادەنێو دەفەرموێ: ﴿**ومن تاب وعمل صالحاً فانه یتوب الی الله متابا**﴾ کەسێك لەتاوانی رابووردوی پەشیمان بێتەوە، کردەوەی باش ئەنجام بدا.

تەوبە بەپەشیمانبوونەوەو وازهێنان لەتاوان دەست پێدەکاو ئاکامەکەشی ئەنجام دانی کاری باش و پەسندە بەجۆرێك بیسەلمێنێ: کە تۆبەکەی بەراست بووە . واتە: وازهێنان لەتاوان و ئەنجام دانی کردەوەی چاك چونکە تاوان کردەوەو جم و جوڵە، کەوازت لێهێنا دەبێ بەشتێکی دژ شوێنەکەی پڕبکەیەوە، بەکردەوەی دژو بەجم و جوڵی دژ ئەو فراغە پڕبکەیەوە . ئەگینا بەکاریگەری ئەو بۆشاییە نەفس دەگەڕێتەوە بۆ سەر تاوانەکە.

هەڵبەتە لەقورئان دا نموونەی ئەم ئایەتە زۆرو زەبەندەن وەکوو دەفەرموێ: ﴿ **الم یعلموا أن الله هو یقبل التوبة عن عباده**﴾ (**التوبة/١٠٤**) یان دەفەرموێ: ﴿**قل یاعبادي الذین اسرفوا علی انفسهم لاتقنطوا من رحمة الله، ان الله یغفر الذنوب جمیعا، انه هو الغفور الرحیم**﴾(**الزمر/٥٣**).

ئەمجار دوای ئەم رونکردنەوە ناواخنە دەگەڕێتەوە بۆ رانواندنی نیشانەو رەوشتی (عباد الرحمن) و دەفەرموێ: ﴿**والذین لایشهدون الزور واذا مروا باللغو مروا کراما**﴾ ئەوانەی: کە شایەدی درۆ نادەن، بەئەنقەست

درۆ لەسەر کەسانی‌دی هەڵنابەستن، یان ئامادەی شوێنی درۆ نابن، هەر شوێنێك بزانن درۆو دەلەسەی تێدا دەکرێ ئەوان توخنی ناکەون، خۆیان بەرز دەگرن و دوور دەکەونەوە لەئامادەبوون لەو شوێنانە، ئەگەر واش رێکەوت بەلای کۆڕو کۆمەڵێکی لەو جۆرەدا تێپەڕبوون خۆیانی تێوە ناگلێنن ، بەڵکوو بەشێوەیەکی خۆپارێزیو بەرز سروشتی بەلای‌دا تێپەڕ دەبن . ئەوەندە فیراغی نیە بەوشتە پرپوپوچانەوە خۆ خەریك بکا .

ئایەتەکە بەزەقی دوو حوکمی لیٚوەردەگرین:

١-شایەتیدانی بەدرۆ حەرامەو تاوانی گەورەیە .

٢- خۆپاراستن لەکۆڕو کۆمەڵی لەغوو لەهوو شوێنی‌درۆکردن و ئەو جۆرە شتانە پێویستە.

لەصەحیحی بوخاریو موسلیم دا فەرمودەیەك هاتووە: ئەبوبەکرە ریوایەتی کردوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ألا أنبئكم بأكبر الكبائر؟) سێجار فەرمووی: ئەرێ هەواڵتان نەدەمێ بەگەورەترینی تاوانە گەورەکان؟ عەرزمان کرد : بەڵێ قوربان بفەرموو؛ ئەویش فەرموی: (الشرك بالله و عقوق الوالدين) هاوەڵدانان بۆ خودا، ئەزیەتدانی باوك و دایك . جا لەو کاتەدا کەئەمانەی فەرموون پاڵی دابووەوە ئیتر هەستاو دانیشت و فەرمووی: (ألا وقول الزور) بشزانن شایەتی درۆش لەتاوانە گەورەکانە، ئیتر هەر دووبارەی دەکردەوەو دەیگوتەوە هەتا لەدڵی خۆماندا وتمان خۆزگە بێدەنگ بوایە.

عومەری کوری خەتتاب چل جەڵدەی لەشایەدی بەدرۆ دەداو دەم و چاوی رەش دەکردن و سەری دەتاشین و بەبازاڕدا دەیگێڕان !

یەکێکی‌تر لەنیشانەکانی (عباد الرحمن) ئەوەیە: کە شتیان بیر هێنرایەوە زوو بیریان دەکەوێتەوە، ئەگەر پەندو ئامۆژگاری کران زوو پەندئامێز دەبن، دڵ و دەروونیان بۆ ئایەتی خودا کراوەیە دەفەرموێ:

﴿والذین اذا ذکّروا بآیات ربهم لم یخرّوا علیها صماً و عمیانا﴾

ئەوانەی کە ئایاتی خودایان یاد بخرێتەوە بەسەریادەکەون و جوان گوێی دەدەنی‌و سوورن لەسەر ئەوەی گوێیان لی‌بی‌و تی‌ی بگەن، بەگوێچکەی کراوەو چاوی وردبینەوە، بەدڵی کراوەو بەئاگاوە ئایەتەکان دەبیسن و تێیان دەگەن !

نەك وەکوو کافرو مونافیق و موسوڵمانە تاوانبارەکان: کە قورئان دەبیسن هیچ کاریان تی‌ناکاو واز لەو وەزع و حاڵەی خۆیان باریان پێوە گرتوە ناهێنن. بەڵکوو بەردەوام دەبن لەسەر کوفرو تاوانباری خۆیان و سوردەبن لەسەر نەفامی‌و یاخی‌بوون ! هەرچەندە قورئانیان بۆ بخوێندرێ کاریان تی‌ناکا دەڵێی کەرو کوێرن و هیچ نابیسن و هیچ نابینن !

یان دەتوانین ئایەتەکە بەو جۆرە مانا بکەین کە بەکینایە تانە لەپەرستشی بتپەرستەکان بکا. واتە: (عباد الرحمن) وەکوو ئەو بتپەرستانە نین کوێرانە باوەشیان بۆ بتپەرستی گرتبێتەوەو خۆیان بەسەردا دابی‌و حەق نەبیسن و راستی نەبینن و چاوەڕوانی هیدایەت وەرگرتن نەکەن. بەڵکوو (عباد الرحمن) حەق دەبیسن و راستی دەزانن و بەچاوی رون و دڵی کراوەو هەست و هۆشەوە بیرو باوەڕی خۆیان وەرگرتووە، دەزانن قورئان هەقەو ئایەتەکانی راست و پیرۆزن، ئیمانێکی راستاڵانەیان پی‌هێناوەو لەناخەوە بڕوایان بەپەیامی پەروەردگارە، کوێرانە خۆیان بەسەردا نەداوەو سووربوونیان لەسەر خوداپەرستی لەزانیاریەوە سەرچاوەی گرتووە.

لەئاکام دا (عباد الرحمن) هەر بەوەندە وازناهێنن کەشەو بەخەبەرو سەرگەرمی خوداپەرستین و ئەو هەموو رەوشتە بەرزانەیان تێدا کۆبونەوە، بەڵکوو ئاواتە خوازی ئەوەن وەچەو نەوەیەکیان هەبێ شوێنی ئەوان بگرنەوەو لەسەر رێبازی ئەوان برۆن، ماڵ و خێزانیان لەرەگەزو جۆری خۆیان بێ، چاویان پێ فێنك ببنەوە، دڵیان پێیان ئارام بگرێو ژمارەی (عباد الرحمن) زۆر بن، هەروا ئاواتەخوازن خودا بیانکاتە (قدوة حسنة) و رابەری باش بۆ رێبازی حەق.

دەفەرموێ: ﴿**والذين يقولون: ربّنا هب لنا من أزواجنا و ذرياتنا قرة أعين ، واجعلنا للمتقين اماما**﴾ واتە: ئەوانەی لەخودا دەپاڕێنەوە: کە هاوسەری خوداناس و منداڵی صاڵح و بەئەمەك و پەیڕەوکاری ئایین و خێرخوازو لاشەڕیان بداتێ. وەچەو نەوەی وایان لێبکەوێتەوە چاوو دڵیان پێیان رون بێتەوە، ویژدانیان ئارام بگرێ: چونکە موسوڵمان : کەدەبینێ موسوڵمانانی تر کاری باش و پەسەند ئەنجام دەدەن چاوو دڵیان رۆشن دەبنەوە، هەروا لەخودا دەپاڕێنەوە کە ببنە (قدوة) ی باش و خەڵکی چاویان لێبکەن .

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە (عباد الرحمن) پێیان خۆشە خوداپەرستی خۆیان و هاوسەرو وەچەو نەوەیان پەیوەست بن و کوڕو کچ و نەوەیان تێکڕا ببنە خوداپەرست و خێرو پاداشتی ئەوانیشیان دەست بکەوێ.

ئیمامی موسلیم فەرمودەیەکی لەئەبوهورەیرەوە ریوایەت کردوە: دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: (**اذا مات الأنسان انقطع عمله الا من ثلاث: صدقة جارية أو علم ينتفع به أو ولد صالح يدعو له**) هەرکاتێك ئادەمیزاد مرد، لەهەموو کردەوەیەك دادەبڕێ مەگەر سێشت نەبێ: خێرێکی هەمیشەییو نەبڕاوەی کردبێ، وەکوو ئەوە کارێزێکی لێدابێ بیرێکی ئاوی هەڵکەندبێ. یان زانیارییەکی بڵاو کردبێتەوە و خەڵکی

سودی لیٚوەربگرن، یان منداڵێکی صالحی لەدوا بەجێمابیٚ دوعای خێری بۆ بکا.

ئەمجار پەروەردگار پاداشتی ئەوانەی ئەوە رەوشت و صیفاتیانە دیاری‌دەکاو دەفەرمویٚ: ﴿اولئك يجزون الغرفة بما صبروا ويلقون فيها تحية وسلاما﴾ ئەوانەی ئەو رەوشتە بەرزانەیان هەن ئەو کردەوە پەسندانە ئەنجام دەدەن قەصرو باڵەخانەی بەرزو رازاوەی بەهەشتیان بەپاداش دەدەینیٚ، چونکە بەردەوام بوون لەسەر ئەو کردەوە پەسندانەیان، وێرای شوێنی خۆش و رازاوەو دڵگیر سلاۆیان لیٚدەکریٚو ریٚزیان لیٚدەگیریٚ، لەئاشتی‌دا ژیان بەسەر دەبەن، وەکوو لەئایەتێکی‌تردا دەفەرمویٚ: ﴿والملائكة يدخلون عليهم من كل باب، سلام عليكم بما صبرتم فنعم عقبى الدار﴾(الرعد/٢٣-٢٤).

ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنیٚ: کە خوداپەرستان وێرای لەززەت و خۆشی بەهەشت ریٚزو ئیحتیرامیشیان لیٚدەگیریٚ، بەپێچەوانەی موشریك و ستەمکاران: کە وێرای سزای دۆزەخ سوکایەتیشیان پیٚدەکریٚ..

﴿خالدين فيها حسنت مستقراً و مقاما﴾ خوداپەرستان لەناو نازو نیعمەتی بەهەشت دا دەمیٚننەوە بۆ هەتاهەتایە نابڕیٚتەوە، لیٚی وەڕەزنابن، لیٚی دەرناچن، دەریان ناکەن.

﴿قل مايعبأ بكم ربي لولا دعاؤكم﴾ ئەی پێغەمبەر بەوموشریکانە بڵیٚ: خودای من بیٚئاتاجە لەبەندەکانی‌و چ پێویستیەکی بەئیٚوە نیە، کە ئەرکی ئیمان و عیبادەتیشی ختونە ئەستۆ بۆ سوودی خۆتانە، کە عەزابیشتان دەدا لەبەر یاخی بوونتانە، ئەگەر ئیمانی پیٚنەهێنن و عیبادەتی بۆ نەکەن چ موبالاتێکتان پیٚناکاو هیچ ریٚزتان لای خودای من نابیٚ.

بێگومان پەروەردگار بەندەکانی بۆ ئەوە دروست کردون عیبادەتی بۆ بکەن و بەتاك و تەنها بیناسن ! وەکوو لە شوێنێکیتردا دەفەرموێ: ﴿**وما خلقت الجن والأنس الاّ ليعبدون** ﴾(**الذاريات/٥٦**) ئەو موشریکانە بەچی دەنازن ؟ چ سەروەرێکیان هەیە ؟! خۆ ئەو زەوییەی هەموو ئادەمیزادی لەسەرە لەئاست بوونەوەردا وەکوو گەردیلەیەك وایە لەبۆشاییيەکی فراوان دا .

ئەمجار ئادەمیزاد هەموویان بەشێکن لەو هەموو گیانلەبەرانەی لەسەر زەویدەژین، ئەو موشریکانە هەموویان گەل و نەتەوەیەکن لەوحەمکە گەل و نەتەوانەیسەر زەوی.چین و توێژێکی ئادەمیزادیش لەرۆژگارێك دا بریتییە لەروپەڕێك لەکتێبێکی قەبارە گەورە کە هەر خودا بۆخۆی دەزانێ ژمارەی لاپەڕەکانی چەندە !!

﴿**فقد كذبتم فسوف يكون لزاما**﴾ ئێوە ئەی کافرو موشریکەکان ! ئەگەر پێغەمبەرانی من بەدرۆبخەنەوەو بڕواتان بەزیندوبوونەوە نەبێ ئەوە باش بزانن: ئەو بەدرۆخستنەوەو سەرپێچیکردنەتان دەبێتە هۆی لەناوچون و سزا دانتان لەدونیاو قیامەت دا .

بەیارمەتی خودا لێرەدا سورەتی (الفرقان) تەواو بوو

خودا یارمەتیمان بدا بۆ تەواو کردنی سورەتەکانی تر ...

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سورەتی الشعراء

ئەم سورەتە ناونراوە بەسورەتی (الشعراء) چونکە لەکۆتاییەکەیدا بەرامبەریەك لەنێوان شاعیرە گومڕاو سەرلێشێواوەکان و شاعیرە موسوڵمانەکان دا دەکا . بەسێ ئایەت ڕەددی موشریکەکان دەداتەوە: کەدەیانگوت موحەممەد شاعیرەو قورئان شیعرە.

پەیوەندیو موناسەبەی بەسورەتی (الفرقان)ەوە:

پەیوەندیو موناسەبەی بەسورەتی (الفرقان)ەوە لەڕووی ناوەڕۆك و سەرەتاو کۆتاییدا لێك چوون و موناسەبەیان بەهێزە.

لەرووی ناوەڕۆکەوە ئەم شیکەرەوەو رونکەرەوەی ئەو ئایەتانەیە: کە لەسورەتی (الفرقان) دا بە موجمەلی هاتوون، بۆ نموونە لەوێ دا لەباسی چیرۆکی پێغەمبەرەکاندا فەرمووی: ﴿**وقروناً بين ذلك كثيراً**﴾ لێرەدا چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم و قەومی شوعەیب و قەومی لوطی درێژە پێداو رونی کردەوە.

لەڕوی سەرەتاشەوە هەردوو سورەتەکە بەوەسپ و ثەنای قورئان دەستیان پێ کراوە، لەوێ فەرمووی: ﴿ **تبارك الذي نزل الفرقان** ﴾ لێرەش دەفەرمووێ: ﴿**تلك آيات الكتاب المبين** ﴾.

لەروی کۆتاییشەوە هەردووسورەتەکە دەشوبهێنە یەکتر . سورەتی (الفرقان) بەهەڕەشە لەکافرەکان و وەسپ کردنی موسوڵمانان، بەوە: -کە بارقوڵ و پشوو درێژن و خۆ بەلەهوو لەعب هەڵەو گیر ناکەن-

کۆتایی هات، لێرەش دا سورەتەکە بەهەڕەشە لەستەمکاران و ڕاگەیاندنی ڕەزامەندی خودا لە موسوڵمانەکان کۆتایی پێدێ.

ناوەڕۆکی سورەتەکەش وەکوو هەموو سورەتە مەککییەکان باسی عەقیدەیەو جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکتاپەرستیو ڕاستی پێغەمبەرایەتی و زیندوبوونەوەو هاتنی قیامەت.

سەرەتا دەست دەکا بەباسی قورئانیپیرۆزو ڕونکردنەوەی مەبەستە سەرەکییەکانی دەربارەی هیدایەت و مزگێنیدان بە موسوڵمانان و هەڕەشە کردن لەکافرەکان و چەسپاندنی هاتنە خوارەوەی قورئان بەشێوەی نیگا و سروش بۆ سەر پێغەمبەر، هەروەها دڵدانەوەی پێغەمبەرﷺ: کە بەپشت هەڵکردن و ڕو وەرگێڕانی گەلەکەی خەفەتبار نەبێ، ئەمجار بەڵگە هێنانەوە بەرسکاندن و دروستکردنی گژو گیا لەسەر هەبوون و تاك و تەنهایی خودا !

زۆربەی سورەتەکە لەچیرۆك پێك هاتووە ، لەمەجموعی (٢٢٧) ئایەت (١٨٠) ئایەتی چیرۆکە، هەموو چیرۆکێکی پێشەکیو کۆتایی هەیە، چیرۆکەکە بەخۆیو پێشەکیو بەدوادا چونیەوە (تعقیب) بابەتێکی تەواوو وێکچوو دەخاتە ڕو، تەعبیر لەباس و ناوەڕۆکی سورەتەکە دەدەنەوە .

چیرۆکەکانی ئەم سورەتە تارمایی سەرڕەقیو بەدرۆخستنەوەی گەل و نەتەوە کافرەکانی پێوە دیارە: کە پەیامی پێغەمبەرەکانیان ڕەتکردۆتەوەو پەروەردگاریش هەڕەشەی لەناوبردن و عەزابی دۆزەخی لیکردون، چونکە ئەم سورەتە لەئاکامی ڕوبەڕوبوونەوەی کافرەکانی قورەیش لەگەڵ پێغەمبەردا هاتۆتە خوارێ.

چیرۆکی پێغەمبەرانی پێشوو لەگەڵ نەتەوەکانیان دا نمایش دەکا، بۆ ئەوەی قورەیشییە بەدرۆخەرەوەکانی پێغەمبەر بترسن و بەخۆیان دا بچنەوە !

سەرەتا چیرۆکی حەزرەتی موسا ﷺو موعجیزەکانیو گفتوگۆی لەگەڵ فیرعەونی ملهوڕدا دەربارەی یەکتاپەرستی، ئەمجار ئیمانهێنانی ساحیرەکان بەخودای موساو هارون رادەنوێنێ، بەشوێن ئەودا چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ لەگەڵ باوکیو گەلە بتپەرستەکەیداو پوچکردنەوەی بتپەرستیو چەسپاندنی تاك و تەنهایی پەروەردگار تۆمار دەکا.

ئەمجار چیرۆکی پایەبەرزانی وەکوو حەزرەتی نوح و هودو صالح و لوط و شوعەیب (علیهم السلام) دەهێنێ و جیهادو تێکۆشان و هەوڵ و تەقەڵلای ئەو پێغەمبەرانە بۆ ئیمان هێنانی نەتەوەکانیان و رەخنەو هێرشی ئەو زاتانە بۆ سەر بیرو باوەڕی پوچی گەلەکانیان و سەرەنجامی بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەران و تێداچونی ملهوڕو سەر ڕەق و یاخیبووەکان بەعەزابی سەختی ریشەکێشکەرو بێئامانی خودا یەکەیەکە تۆمار دەکا.

ئەمجار پاشەکییەکی بۆ سورەتەکە هێناوە ئەوەی تێدا دەچەسپێنێ: کە قورئان نیگای خودایەو هەڵبەستراوی شەیاتینی نیەو موحەممەد رەوانەکراوی خودایە بۆ سەر هەموو گەل و نەتەوەکان، کۆڵەوەنانیو شایەر نیە، لەنەوەی یەکتاپەرستانەو دوورە لەکردەوەی موشریکەکان .

رەتدانەوەی موشریكەكان وهەڕەشەلێكردن و چەسپاندنی تاك و تەنهایی خودا

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

طسٓمٓ ﴿١﴾ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾ لَعَلَّكَ بَٰخِعٌ نَّفْسَكَ أَلَّا يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٣﴾ إِن نَّشَأْ نُنَزِّلْ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ءَايَةً فَظَلَّتْ أَعْنَٰقُهُمْ لَهَا خَٰضِعِينَ ﴿٤﴾ وَمَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ مُحْدَثٍ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهُ مُعْرِضِينَ ﴿٥﴾ فَقَدْ كَذَّبُوا۟ فَسَيَأْتِيهِمْ أَنۢبَٰٓؤُا۟ مَا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَى ٱلْأَرْضِ كَمْ أَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ ﴿٧﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٨﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٩﴾

﴿طسم﴾ ئەم وشەيە دەبێ ئاوا بخوێندرێتەوە،(طا ـ سین ـ میم) ئەم پیتە لێك دابڕاوانە ئاماژەی ئەوەيان تێدايە: كە ئاياتی قورئان بەگشتی و ئاياتی ئەم سورەتە بەتايبەتی لەم جۆرە پیتانە پێك هاتوون، دەئێوەش ئەی موشریكەكانی مەككە؛ ئازابن لەو پیتانە كەلامێكی ئاوەها پێك بێنن.

﴿ تلك آيات الكتاب المبين﴾ ئەوە ئايەت و رستەی كتێبی ئاشكراو رونكەرەوەی حەق و بەتاڵە، ڕێگای هيدايەت و گومڕابوون لێك جيادەكاتەوە، راست و ناراست لێك هەڵدەهاوێژێ !

﴿لعلك باخع نفسك ألاّ یكونوا مؤمنین؟﴾ ئەوە چییە تۆ ئەی موحەممەد خەریكی خۆت بفەوتێنی چونكە ئەوانە ئیمان ناهێنن؟! نانا ئەوەندەت بەلاوە ناخۆش نەبێ: كەبڕوات پێناكەن . ئەتۆ لەوە بەرپرسیار نیت، تۆ بەس گەیاندنی پەیامی خۆت لەسەرە، ترساندن و موژدەدانی خۆت لەئەستۆیەو بەس ! ئەوە ئەنجام بدەو ئیتر بەئیمان نەهێنانیان خەفەتبار مەبە. وەكوو لەئایەتێكی‌تردا دەفەرموێ: **﴿فلا تذهب نفسك علیهم حسرات﴾** (فاطر/٨) یان دەفەرموێ: **﴿ فلعلك باخع نفسك على آثارهم ان لم یؤمنوا بهذا الحدیث اسفا﴾**(الكهف/٦) ئەوان خۆیان لەئیمان نەهێنانی خۆیان بەرپرسیارن .

﴿ان نشأ ننزل علیهم من السماء آیة فظلت أعناقهم لها خاضعین ﴾ پەروەردگار بەسەر هەموو شتێك دا بەتواناو دەسەڵاتە، ئەگەر مەیلمان لێبێ لەئاسمانەوە نیشانەیەكی وایان بۆ نازڵ دەكەین ناچاریان دەكەین بۆ بڕواكردن و ملیان پێ شۆڕدەكەین بۆ ئیمان هێنان، بەزۆرە ملێ وادەكەین ملهوڕو گەورەكانیان ملكەچ بكەن و ئیمان بێنن، بەڵام خودا ئەوویست و ئیرادەیەی نەبووەو وای بڕیار نەداوە: كە بەزۆرە ملێ خەڵك ئیمان بهێنێ، ئێمە نامانەوێ هیچ كەس بەزۆرە ملێو بەنابەدڵی موسوڵمان ببێ.

دەمانەوێ ئادەمیزاد بەویست و ڕەزامەندیو ئیختیاری خۆیان بڕوا بكەن و ئایین قبوڵ بكەن نەك بەزەخت و زۆرەملێ. وەكوو لەئایەتێكی‌تردا دەفەرموێ: **﴿ولو شاء ربك لآمن من في الأرض كلهم جمیعاً، افأنت تكره الناس حتى یكونوا مؤمنین﴾**(یونس/١١٨).

سوننەتی خودا واجاری بووە، پێغەمبەران بنێرێ بۆ گەل و نەتەوەكان، نامەیان بۆ بنێرێ، بانگەوازی بكرێن موژدەو مزگێنییان پێبدرێ بۆ ئەوەی بەقەناعەتەوەو لەناخەوە موسوڵمان بن .

بەلاّم بێبڕوایان بەگشتیو قورەیشییەکان بەتایبەتی لەکوفرو گومڕایی‌دا رۆچون، سەررەق و ملنەدەرن، ﴿وما یأتیهم من ذکر من الرحمن محدث الا کانوا عنها معرضین﴾ نامەیەکی ئاسمانییان بۆ نایە، پەیامێکی خوداییان پێ راناگەیەندرێ ئیللا: کە بۆیان دێ زۆربەیان روی لێوەردەگێڕن، بەدرۆی دەخەنەوە، مەبەست و بابیسی تازەکردنەوەی نازلکردنی نامە ئاسمانییەکان بۆ دوبارەکردنەوەو تەئکید کردنەوەی بیرخستنەوەو موژدەدان و ترساندنە، بۆ رونکردنەوەی جۆراو جۆرە، بۆ ئەوەی سەرنج بدەن و فیکری خۆیان بخەنەکار، هیدایەت وەربگرن و ئیصلاحی حالّی خۆیان بکەن، وەلیْ هەتا ئێمە پەیامیان بۆ تازە بکەینەوە، وەعظ و ئامۆژگارییان بکەین ئەوان شێلگیرتردەبن و پتر سوردەبن لەسەر بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرانی ئێمە !

ئەوەتا رێزدارتر ئادەمیزادمان کردوە بە فروستادەو دوانامەی ئاسمانیمان پێدا ناردوە: کە قورئانە، نامەیەکی ناوازەو سەرئاسایە لەبارەی تەعبیرو تەنسیقی فەننی‌یەوە موعجیزەیە، لەروی فکرو هزرەوە، لەروی پێکەوە جۆشخواردنی ئایەت و سورەتەکانییەوە موعجیزەیە.

لەهەموو بارێکەوە تۆکمەو تەواو سەرئاسایە، هەموو تەوجیهات و تەشریعاتی پێکەوە گونجاوو لەبارن، هەموو بوارێکی ژیانی گرتۆتەوە، وەلاّمی هەموو روداوێك و پرسیارێکی تێدایە، تۆزقالّێك دژایەتی تێدا بەدی‌ناکرێ ، پەیڕەوو پرۆگرامێکی کاملْ و تەواوی ژیانە لەگەلْ سروشتی ئادەمیزاد گونجاوەو لەبارە، هەموو هێلّەکانی دەچنەوە سەر یەك جەمسەرو بەیەك قولّفەوە پەیوەست دەبن، لەهەموو رویەکەوە موعجیزەیەو لەتوانایَ ئادەمیزادو جندۆکەدا نیە کەلامێکی ئاوا بخەنە رو..: کەچی ئادەمیزاد پشتی لێهەلّدەکەن و روی لێوەردەگێڕن !

بێگومان پەروەردگار ویستی وابوە قورئان موعجیزەی پەیامی ئیسلام بێ، نەیویستووە موعجیزەی پێغەمبەری ئیسلام موعجیزەیەکی مادی کاتی بێ، نەیویستوە موعجیزەیەکی زەخت ئاسایان بۆ بنێرێو بەزۆرە ملێ ناچاریان بکا بڕوای پێبکەن. چونکە پەیامی ئیسلام دواپەیامی ئاسمانە بۆ دانیشتوانی سەر زەوی، پەیامێکە ئاڕاستەی هەموو گەل و نەتەوەکان کراوە بۆ هەموو سەردەم و رۆژگارێکە، پەیامێکی تایبەت و داخراو نیە بۆ گەلێك و سەردەمێکی تایبەتی .

کە وابوو واپێویست بوو موعجیزەی پێغەمبەری سەردارو خاتەم موعجیزەیەکی کراوەو بەردەوام بێ، بۆ نزیك و دوور، بۆ هەموو گەل و نەتەوەکان، بۆ هەموو چین و توێژەکان، بۆ هەموو چەرخ و سەردەمێکی دوارۆژگاری هاتنی ئیسلام . ئاشکرایە موعجیزەی مادی لەعادەت بەدەر، تەنها کار لەوانە دەکا: کەچاویان پێی دەکەوێو هاوچەرخی رودانی موعجیزەکەن، پاشان دەبێتە چیرۆك و دەگێڕدرێتەوەو کاریگەری لەواقیع دا نامێنێ، بەلاَم ئەوەتا قورئانی پیرۆز (١٤) سەدەیە ئادەمیزاد پێی ئاشنابوون، نامەیەکی کراوەو نەخشە بۆ کێشراوە، ئادەمیزادی هەموو سەردەمێك یاسای ژیانی خۆیانی لێهەڵدەگوێزن و، هەتازیاتر پێیەوە پابەندبن باشتر پێشیان دەخاو لەژیان دا سەرکەوتووتردەبن و بەرزیان دەکاتەوە بۆ جیهانێکی بالاَترو ئاسۆیەکی بەرفراوانترو بەرزتر.

ئێستا ئێمە دەتوانین جوانترین یاسای ژیانی لێوەربگرین و ئەوانەی دوای ئێمەش دێن دەتوانن زیاتر لەئێمەی لێڕاگوێزن. چونکە بۆ هەموو داواکارییەك دەگونجێو بۆ هەموو کەس وەلاَمی پێیەو سەرچاوەیەکی صاف و رونەو تالێی هەلێنجی بەکۆتانایەو بڕانەوەی نیە. کەچی وێڕای ئەو هەموو خێرو فەڕو پەسەندییەی زۆربەی ئادەمیزاد پشتی

لیٚهەڵدەکەن و گوێی پیٚنادەن، نایکەنە بەرنامەی ژیانیان، لیٚی وردنابنەوەو نایخوێننەوەو بڕوایان پیٚی نیەو بەڕاستی نازانن:

﴿**فقد كذبوا فسيأتيهم أنباء ما كانوا به يستهزئون**﴾ بێگومان ئەو موشریکە قورەیشییە سەررەقانە قورئانیان بەدرۆخستەوە، بڕوایان بەو ذیکرە حەقە یەزدانییە نەکرد، نەك هەرئەوەندەو بەس ! بەڵکوو گاڵتەشیان پیٚکرد.لەوە بەولاوە هەواڵیئەم بەدرۆخستنەوەیان بۆ پێغەمبەرو پەیامەکەی دەزانن، بۆیان ئاشکرا دەبیٚ چەند هەڵەبوون و چۆن خۆیان تووشی چارەڕەشیو بەدبەختیکردوە !

وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**ولتعلمن نبأه بعد حين**﴾ (ص/٨٨) یان دەفەرموێ: ﴿**يا حسرة على العباد ما يأتيهم من رسول الاّ كانوا به يستهزئون**﴾(یس/٣٠) با بەکەیفی خۆیان گاڵتە بەقورئان بکەن گاڵتە بەو هەڕەشانە بکەن: کە تیٚیدایەو ئاڕاستەی ئەوان کراوە لەوەبەولاوە هەواڵی ئەو عەزابەیان بۆدیٚ، نەك هەواڵی روت بەڵکوو خودی عەزابەکە دەچێژن و بۆ خۆیان دەبنە روداوو هەواڵی روداوەکەیان وەکوو چیرۆك دەکەوێتە سەردەم و زوبانی چینەکانی دوا خۆیان ! سەیرە ئەو موشریکانە داوای ئایەتی خاریق و سەرنج راکێش لە پێغەمبەر دەکەن و بیٚئاگان لەوهەموو نیشانەو بەڵگەو دیمەنە سەرسوڕهێنەرانەی دەوروبەریان!

﴿**أو لم يروا الى الأرض كم أنبتنا فيها من كل زوج كريم**﴾ ئەوە بۆ بەدڵێکی کراوەو هەستێکی بینەرانەوە سەیری بوونەوەر ناکەن !! خۆهەموو روپەڕێکی بوونەوەر نیشانەیەکەو دڵی ئارایش دەداو ئیمانی تێدا دەڕسکێنیٚ !

ئایا ناڕوانن بۆ زەوی: کە ئێمە دروستمان کردوەو لەهەموو دارو درەخت روەکێك جۆرەهامان تێدا رسکاندوە، بەروبووم و میوەی جۆراو

جۆرمان لەو درەخت و روەکانـە پـەیداکردوە، بابـەدڵ و چاویوردبینیـەوە بڕوانن بۆ ئەو دیاردانەو بیانکەنە بەڵگە لەسـر گـەورەییو بەدەسـەڵاتی خوداو بزانن: کە بەدیهێنـەری ئەوشـتانەو هـەموو بوونـەوەر خودایـەکی باڵادەست و زاناو داناو کاردروستە !!

﴿ان في ذلك لآية و ماكان أكثرهم مؤمنين﴾ بێگومان لەم رسکاندن و رواندنەی درەخت و گژو گیایە لـەزەوی دا بەڵگـەی بـەهێز هەیـە لەسـەر بەدەسەڵاتی خودا لەدروستکردن دا، لـەهێنانی عـەزاب و فـەوتاندنیان و ئەمجار زیندوکردنەوەی رۆژی قیامەت و سزاو پاداشت دانەوەیان هەرکەسە بەگوێرەی کردەوەکانی، وێڕای هـەبوونی ئـەم هـەموو بەڵگـەو نیشـانانە زۆربەی زۆری ئادەمیزاد ئیمان ناهێنن، بەڵکوو پێغەمبـەرو پەیامەکـەی بەدرۆدەخەنەوە، سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن !!

﴿وان ربك لهو العزيز الرحيم﴾ بێگومان خودای تۆ ئـەی پێغەمبـەر! توانای بەسەر هەموو شتێك دا هەیە، دەتوانێ هەموو ملهوڕێك بپروێنیو هـەرچی بیـەوێ بیکـا دەتوانـێ ئـەنجامی بدا، بـەڕەحم و بەزەییـە بـۆ بەندەکانی، هەرکەسێك لیێ یاخی ببێ خێرا عەزابی بۆ نانێرێ، بـەڵکوو مۆڵەتی دەدا ناردنی عەزابی بۆ سەر دوادەخا بۆ ئەوەی لەگومڕایی خـۆی بگەڕێتەوە، ئەمجار کەهەر سووربوو لەسەر تاوان و یاخی بـوون، بـەتوندی دەیگرێو ئیتر رزگاربوونی نیە.

بێگومان لەبوونەوەردا زۆر بەڵگەو نیشـانەهەن بـۆ ئـەوەی ئـادەمیزاد لەرێگەیانـەوە ئیمـان بـهێنن، وەلێ سـەرباری ئـەوەش رەحمـەتی خـودا واداخـوازبووە پێغەمبـەرانیش بنـێرێ بـۆ رۆشـن کـردنـەوەو رێـگـا نـیـشـانـدان بـۆ مـوژدەدان و تـرسـانـدن، بۆیـە دوابـەدوای ئـەو ئاماژەکردنە چیرۆکی پێـغـەمبـەرەکـان دەگـێـڕێـتـەوە.

چیرۆکی یەکەم: چیرۆکی موساو هارون(علیهما السلام) **لەگەڵ فیرعەون و دارو دەستەکەیدا**

بەشی یەکەم: منەتکردنی فیرعەون بەسەر موسادا: کە بەخێوی کرد

وَإِذْ نَادَىٰ رَبُّكَ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱئْتِ ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ قَوْمَ فِرْعَوْنَ ۚ أَلَا يَتَّقُونَ ﴿١١﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّىٓ أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ ﴿١٢﴾ وَيَضِيقُ صَدْرِى وَلَا يَنطَلِقُ لِسَانِى فَأَرْسِلْ إِلَىٰ هَٰرُونَ ﴿١٣﴾ وَلَهُمْ عَلَىَّ ذَنۢبٌ فَأَخَافُ أَن يَقْتُلُونِ ﴿١٤﴾ قَالَ كَلَّا ۖ فَٱذْهَبَا بِـَٔايَٰتِنَآ ۖ إِنَّا مَعَكُم مُّسْتَمِعُونَ ﴿١٥﴾ فَأْتِيَا فِرْعَوْنَ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ أَنْ أَرْسِلْ مَعَنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٧﴾ قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ ﴿١٨﴾ وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ ٱلَّتِى فَعَلْتَ وَأَنتَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٩﴾ قَالَ فَعَلْتُهَآ إِذًا وَأَنَا۠ مِنَ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٢٠﴾ فَفَرَرْتُ مِنكُمْ لَمَّا خِفْتُكُمْ فَوَهَبَ لِى رَبِّى حُكْمًا وَجَعَلَنِى مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٢١﴾ وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَىَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٢٢﴾

چیرۆکی حەزرەتی موساو هارون لەگەڵ فیرعەون و دارو دەستەکەی‌داو لەگەڵ نەتەوەی ئیسرائیل دا زۆرجار لەقورئان دا دووبارە بووەتەوە: لە(سورة البقرة) و(الأعراف) و(یونس) و(هود) و(طه) و(الشعراء) و(النمل) و(القصص) و(المؤمن) و(فصلت) و(النازعات) دا بەئووسلوبی جیاجیاو بەکورتی‌و بەدرێژی نمایش کراوە، دووبارەکردنەوەی چیرۆکی موسا بەو شێوازە جیاجیایانە بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرە تاخەفەت بەسەر رەقی‌و نەفامی قورەیشییەکان نەخوا، ئەزیەتدانی کافرەکانی مەککەی لەسەر شان سوك ببێ .

ئەم کۆمەڵە ئایەتە زنجیرەیەکن لە چیرۆکی حەزرەتی موساو لەسورەتەکەدا جێگای گونجاویان وەرگرتووە! لەگەڵ ناوەڕۆکی سورەتەکەو مەبەستی سورەتەکەدا وێك دەکەون، ئاماژە دەکا بەسەرنجامی موشریکەکان و ئاکامی بەدرۆخەرەوەکان دیاری دەکا، دڵنەوایی پێغەمبەر دەکا لەسەر ئەو ئەزیەت و ناڕەحەتیەی لەگەڵەکەیەوە توشی دەبێ. ئاماژەی ئەوەی تێدایە: کە پەروەردگار چاودێری بانگخوازانی ئایینی خۆی دەکاو هەرچەندە بەڕواڵەت بێ‌دەسەڵات و کەم دەست و زەعیفن و دوژمنانیان ملهوڕو خاوەن دەسەڵاتن، خاوەن دارو دەستەو یاساوڵ و زەبرو زەنگن، سەرەنجام سەرکەوتن هەر بۆ رێڕەوانی ئایینی خودایە .

بێگومان ئەو مەوقیفەی چیرۆکەکە نمایشی دەکا دەق دەشوبهێتە ئەو مەوقیفەی پێغەمبەرو موسوڵمانانی تێدابوون لەمەککەو لەکاتی نازڵبوونی ئەم سورەتە.

ئەم ئەڵقەیەی چیرۆکەکە ئەڵقەی پێغەمبەرایەتی‌و بەدرۆخستنەوەیە، باسی هەڵوێستی‌فیرعەون و دارو دەستەکەی دەکا: کە موسایان بەدرۆخستەوە، هەرچەندە حەزرەتی موسا ﷺ موعجیزەی جۆراو جۆری

لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی خۆی هێنایەوە، بڕوایان پێنەکرد، موعجیزەو نیشانە کاری لەو ملهوڕەو دارو دەستەکەی نەکرد تاسەرەنجام پەروەردگار بەعەزابی ریشەکێشکەری خۆی لەناوی بردن لەدەریادا خنکاندنی. تۆڵەی سەر رەقیو مل نەدانی لیستاندن، عەزابی دۆزەخیشیان لەوێ بوەستێ !!

سەرەتای چیرۆکەکە بەنیگا کردنی پەروەردگار بۆ موسا ﷺ دەست پێدەکاو دەفەرموێ: ﴿واذ نادی ربك موسی﴾ ئەی موحەممەد! ئەوە بۆ گەلەکەت باس بکەو بۆ پەندو ئامۆژگاری بۆیان بگێڕەوە کاتێك خودای تۆ نیگای بۆ موسا کردو لەتەنیشتی راستی کێوی طورەوە (الوادي المقدس) دا ئاخاوتنی لەگەڵ کردو کردی بە پێغەمبەرو فروستادەی خۆی، فەرمانی پێکردو پێی فەرموو:

﴿أن أئت القوم الظالمين ﴾ بڕۆ بۆ سەرگەلی ستەمکارو لەخودا یاخی بوو (قوم فرعون) گەلی فیرعەون ودارو دەستەکەی. بانگەوازییان بکە بۆ خوداپەرستیو یەکتاپەرستی، پێیان بڵێ: وازبێنن لە فیرعەون پەرستیو ستەمکاری، لەهاوەڵدانان و خۆ بەزلزانی.

ئەمجار خیطاب ئاراستەی حەزرەتیموسا ﷺ دەکاو دەفەرموێ: ﴿ألا يتقون﴾ ئەوە بۆ فیرعەون ودارو دەستەکەی لێم ناترسن ؟ بۆ خۆیان لەعەزابی سەختی خودا ناپارێزن ؟ بۆ ترسی سەرەنجامی ستەمکاری خۆیان نیە ؟ بۆ لەملهوڕی خۆیان واز ناهێنن ؟ بەڕاستی کاری ئەو ستەمکارانە سەرسوڕهێنەرەو شیاوی ئەوەیە خەڵکی سەریان لێیان سوڕبمێنێ ، هەروا هەموو ستەمکارێکی وەکوو ئەوان جێگای سەرسام بون و سەرسوڕمانن !!

هەڵبەتە هەڵوێستی فیرعەون لەلای حەزرەتی موسا رون و ئاشکرابوو؛ دەیزانی چ ملهوڕو ستەمکارو خۆبەزلزانێکە، دەیزانی ئەو ئەرکەی

خراوەتە ئەستۆی ئەركێكی قورس و گرانە، بۆیە هانا بۆ خودا دەباو لیێ دەپاڕێتەوە نەك بۆ ئەوەی خۆ لە هەڵگرتنی ئەركەكە قوتاربكا، بەڵكوو بۆ ئەوەی پشتگیری لیبكاو یارمەتی بدا بۆ هەڵگرتنی ئەو ئەركە قورسە.

﴿قال رب اني أخاف أن يكذبون﴾ وتی خودایە دەترسم بەدرۆم بخەنەوە؛ ئیتر خەفەتبارم بەو هەڵوێستەیان و ئازار بەدڵ و دەرونم بگا.

﴿ويضيق صدري و لاينطلق لساني﴾ تەنگەتاو ببم بەوەی: كە پێم دەڵێن و زوبانم وەكوو پێویست بۆ نەگەڕێ و نەتوانم مەبەستی خۆمیان پیڕابگەیەنم.

﴿فأرسل الى هارون﴾ هارونی برام لەمن دەمڕاست ترو قسەزانترە، ئەویش لەگەڵمدا بكەرە فروستادە، جوبرائیل بنێرە بۆلای ئەوو نیگای بۆ بنێرە بالەگەڵ من دا ئەویش ئەركی پێغەمبەرایەتی هەڵبگرێو یارمەتیم بدا بۆ بانگەوازیی و ئاخاوتن لەگەڵ فیرعەون دا، بۆ ئەوەی بتوانین ئەركی سەرشانمان بەرێكوپێكی ئەنجام بدەین.

لەلایەكی ترەوە ﴿ولهم عليّ ذنب فأخاف أن يقتلون﴾ هۆزو نەتەوەی قیبطیەكان تاوانێكیان لەسەرمنە، كاتی خۆی بەهەڵە قیبطییەكم لەدەست كوژراو لەئاكامی ئەو روداوەدا لە میصر دەرچووم، دەترسم ئەگەر بەتەنیا بڕۆم بۆسەریان بمكوژن و ئەو كاتە لەرێوە پەیامەكەم پوچ بێتەوە، بەڵام هارون هیچ تۆمەتێكی لەم بارەوە لەسەر نیەو ئەگەر ئەو ببێتە هاوبەشم لەهەڵگرتنی پەیامەكەدا ئیتر مەبەستەكەمان دێتەجیێو كارەكەمان مەیسەر دەبێ.

ئەم ئایەتەیە ئاماژەی ئەوەشی تێدایە: كە پێغەمبەرانیش ترس و خۆفیان بەسەردادێ وەكوو باقی ئادەمیزادی تر. پێغەمبەری ئیسلامیش لەپێش نازڵبوونی ئایەتی ﴿والله يعصمك من الناس﴾(المائدة/٦٧)دا

جۆرە ترسێكی هەبوو لەدوژمنەكانی، بەلاّم بە نازڵبوونی ئایەتەكە دڵنیابوو ترس و خۆفی نەماو حەرەس و حیمایەكانیشی ئیزن دان.

بێگومان حەزرەتی موسا ﷺ خەمی بانگەوازییەكەی بوو ، خەمی ئەوەی بوو لەیەكەم ئاخاوتن و دەست پێكردنی بلاّوكردنەوەی پەیامەكەیدا زمانی بگیرێو نەتوانێ بەباشی پەیامی خودا بگەیەنێو بانگەوازییەكە بەكزو لاوازی بكەوێتە بەرگوێچكەی فیرعەون و نەتەوەكەی.

ئەمجار ترسی ئەوەی لێنیشت بیكوژن و ئیتر بەتەواوی دەعوەكە پەكی بكەوێ. كەس نەبێ بیگرێتە ئەستۆی خۆی ! ئیتر پەروەردگار دڵنیای كردو ئەو ترس و خۆفەی لێڕەواندەوە. ﴿قال: كلا فاذهبا بآياتنا انّا معكم مستمعون﴾ پەروەردگار فەرمووی: ئەی موسا ئەو گومانە لەدەروونی، خۆت دەرهاوێژە، لەهیچ شتێك مەترسە، چونكە فیرعەون و دارو دەستەكەی ناتوانن بتكوژن، ئەمە دەربارەی داخوازی یەكەم بوو، بەوشەی ﴿كلاّ﴾ وەلاّمی دایەوە.

دەربارەی داخوازی دووەم بەوشەی ﴿فاذهبا﴾ وەلاّمی دایەوە، هەڵبەتە تەعبیرەكە وەكوو دەڵێن: (تەی مەسافەی كردوە) قۆناغی قبووڵبوونی داخوازیەكە، قۆناغی ناردنی بۆ لای هارون، قۆناغی گەییشتنی موسا ﷺ بۆ میصرو چاوپێكەوتنی لەگەڵ حەزرەتی هارون دا، ئەم قۆناغانەی هەموو پێچاونەوەو یەكسەر دیمەنەكە حەزرەتی موساو هارون بەیەكەوەنیشان دەدا: كە فەرمانی خودایان ئاراستە دەكرێ: كە بچن بانگەوازی خودا بەگوێچكەی فیرعەون دا بدەن.

دەفەرموێ: ﴿فاذهبا بآياتنا﴾ ئەی موسا ئەتۆو هارونی برات: كە داوات كرد ببێتە یارمەتیدەرت بڕۆن بۆ لای فیرعەون بەنیشانەو موعجیزەی ئێمە: كە نیشانەو بەڵگەی راستی پێغەمبەرایەتی و پەیامەكەتانە، ئەمن

یارمەتیدەرتانم کۆمەگیتان پیدەکەم پشتیوانتانم، وەکوو لەشوێنێکیتردا دەفەرموێ: ﴿ لاتخافا اني معكما اسمع وارى﴾(طه/٤٦) ئێمە شنەواین بەوەی پێیان دەڵێن و بەوەی وەڵامتان دەدەنەوە.

﴿فأتيا فرعون فقولا: انا رسول ربّ العالمين﴾ بچن بۆ لای فیرعەون بەنەرم و نیانیو لەسەرەخۆ پێی بڵێن: ئێمە پێغەمبەری خوداین، خودا ئێمەی رەوانە کردوە بۆ سەر خۆت و نەتەوەکەت، هاتووین بۆلات و داوات لێدەکەین: کە ﴿أن أرسل معنا بني اسرائيل﴾ نەتەوەی ئیسرائیل مەرەخەس بکەی، ئازادیان بکەی چیتر نەیانچەوسێنیەوەو خۆتیان بەسەردا نەسەپێنی، وازیان لێبێنە با عیبادەتی خودای بوونەوەر بکەن و لەگەڵ خۆمان دەیانبەینەوە بۆ خاکی پیرۆز(الأرض المقدسة)کە فەلەستینە.

فیرعەون روی لێوەرگێڕان و بەچاوی سوك سەیری کردن، روی کردە موساو ﴿قال: ألم نربك فينا وليداً، ولبثت فينا من عمرك سنين ؟﴾ وتی: ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ و چ لافێك لێدەدەی ؟ تۆ هەرئەوەنەبووی بە منداڵی لەماڵیخۆمان دا بەخێومان کردی ؟ چەند ساڵ لەدەرباری کۆشکی ئێمەدا ژیانت بەسەربردو ئەو ماوە دوورودرێژە لەماڵی ئێمە دابوویو نازونیعمەتمان بەسەردا رشتی! ئێستا هاتووی سپڵەیی خۆت دەردەخەیو کوفرانی نیعەتمان دەکەیو بەوجۆرە قسەمان لەگەڵ دەکەی. ئەوە لەکەیەوە بویتە پێغەمبەر !!

﴿وفعلت فعلتك التي فعلت وأنت من الكافرين﴾ هەروەها تۆ ئەو کردەوە ناشیرینەت کرد، پیاوێکی قیبطیت کوشت کابرا ئاشپەزی من بوو لەدارو دەستەی خۆمان بوو، بەو کردەوەیەت دەرت خست تۆ سپڵەییو نازو نیعمەت و پیاوەتی ئێمەت بەسەرەوە لەبەرچاو نیەو کوفرانی نیعمەت دەکەی ! ئەمەش رەوشتی پیاوی بەوەفا نیە !

هەڵبەتە فیرعەون سەری سوڕماوە لەحەزرەتی موسا ﷺ: کە ئەم داوا گەورەیەی ئاڕاستە کردو وتی: ﴿انّا رسول ربّ العالمین﴾ هەروەها وتی: واز لەنەتەوەی ئیسرائیل بهێنەو لەگەڵ خۆمان دەیانبەینەوە بۆ خاکی فەلەستین ! چونکە فیرعەون دوادیداری لەگەڵ موسادا ئەوە بووە منداڵێکی بێباوك و دایکەو لەباڵەخانەی پاشایەتی‌دا گەورەبووەو دوایی کابرایەکی قیبطی کوشتووەو هەڵاتووە.

ئێستا هاتۆتەوە لەجیاتی ئەوەی داوای عەفوو لێبوردن بکا هەوڵ بدا فەرمانی لێبوردنی بۆ دەرچێ و نەیکوژنەوە، ئەم داوا گەورەیە دەکاو بەم شێوەیە هاتۆتە پێشەوە، بۆیە فیرعەون بەو جۆرە ئیستیهزاو بەکەم زانینە وەڵامی حەزرەتی موسای دایەوە. وتی: ئایا ئەمە پاداشتی ئەو پیاوەتییەمانە کە لەگەڵمان کردی، بەمنداڵی دەبوایە وەکوو منداڵەکانی تر بکوژرایەی نەمانکوشتی، ئەمجار لەباڵەخانەی کۆشکی پاشایەتی‌دا بەخێومان کردی ئێستا هاتووی داوامان لێدەکەی وازبێنین لەو ئایین و یاسایەی لەسەری راهاتووین و دەتەوێ دەسەڵاتمان لەچنگ دەربێنی ، ئەو کۆشك و باڵەخانەی تێیدا گەورەبووی بیڕوخێنی ؟؟ سەرباری ئەوەش پیاوێکی دەرباری ئێمەت کوشتوەو هەڵاتی، ئەو (رب العالمین)ەی ئەمڕۆ بانگەوازی بۆ دەکەی ئەو کاتە نەتدەناسی‌و هیچ باسی ئەوت نەدەکرد !!

ئابەم جۆرە فیرعەون هاتە ئاخاوتن و وەڵامی حەزرەتی موسای دایەوە، بەخەیاڵی خۆی موسا ﷺ بۆڕدەداو دەمکوت دەبێ، بەتایبەتی روداوی کوشتنی کابرای قیبطی، حەزرەتی موسا ﷺ دەربارەی پیاوەتی بەخێوکردنەکە وەڵامەکە دوادەخا، بۆ روداوی کوشتنەکە وەڵامی دایەوە..

﴿قال: فعلتها اذن وأنا من الضالین﴾ حەزرەتی موسا بە فیرعەونی گوت ئەمن ئەو کارە ناشیرینەم کرد؛ ئەوکابرا قیبطی‌یەم لەو کاتەدا

کوشت بەهەڵە بوو بەئەنقەست نەمکوشت ئەوکارەم کاتێك ئەنجام دا نیگام بۆ نەکرابوو، ئەرکی پێغەمبەرایەتیم نەخرابوە سەرشان، یان نەمزانی ئەو مستەکۆڵەیەم دەبێتە هۆی گیان دەرچوونی بەمەبەستی کوشتن ئەم مستەکۆڵەیەم لێنەدا. بەڵکوو بەمەبەستی ناوبژیکردن و تەمبێکردن لێم دا، لێدانەکە سەری کێشا بۆ گیان دەرچوونی.

بەکورتی ئەو کوشتنەی منی پێتاوانبار دەکەی بەئەنقەست نەمکردووەو بەهەڵە بووە. ئەو کارەم ئەنجام دا من لەو کاتەدا نەفام بووم، دەمارگیری نەتەوەیی پاڵی پێوەنام نەك دڵسۆزی بۆ بیرو باوەڕی راست.

﴿ففرت منكم لمّا خفتكم﴾ کە کارەکەشم لەدەست قەوماو کابرا کوژرا، هەڵاتم بۆ وڵاتی مەدیەن لەترسی سزای ئێوە، چونکە کابرایەکی دەرباری خۆتان هات و هەواڵی دامێ: کە ئێوە خەریکن دەستگیرم بکەن و بمکوژنەوە، پێی گوتم : تازوە خۆت دەرباز بکە ﴿ان الملأ يأتمرون بك ليقتلوك﴾(القصص/٢٠) ئەمنیش لەترسی گیانی خۆم قاچاندم ! بەڵام خودا بۆی بەخێرگێڕام ﴿فوهب لي ربيّ حكماً﴾ خودای خۆم تێگەیشتن و زانیاریو دانایی پێبەخشیم .

﴿وجعلني من المرسلين﴾ کردوومی بەرەوانەکراوو پێغەمبەر! ئەگەر بەپیر بانگەوازییەکەمەوە بێی ئاسودە دەبی، ئەگەر سەرپێچی بکەی بەهیلاك دەچی، ئەمن نیگام بۆ هاتوەو کراوم بە پێغەمبەر، شتێکی تازە قەڵلاّ نیم و یەکێکم لەکۆمەڵی پێغەمبەران ، زۆر خوداپێداوی تریش وەکوو من خودا نیعمەتی فروستادەیی پێبەخشیون و ئەرکی پێغەمبەرایەتی خستونەتە ئەستۆ!

ئەمجار حەزرەتی موسا دەربارەی بەخێوکردنەکەشی وەڵامی دەداتەوە بەوە: کە هەرچەند ئەوی بەمنداڵی بەخێو کردوە بەڵام گەل و نەتەوەکەی چەوساندۆتەوە، چاکەی لەگەڵ یەکێك کردوە، نەتەوەیەکی ئازارداوە.

دەفەرموێ: ﴿وتلك نعمة تمنها عليّ أن عبدت بني اسرائيل﴾ ئەو چاکەیەی لەگەڵ منت کردو منەتم بەسەردادەکەی، هۆیەکەی ئەوەیە: کەنەتەوەکەم (نەتەوەی ئیسرائیل)ت چەوساندۆتەوە، بەخێو کردنی من لەماڵی تۆدا لەئاکامی بەکۆیلە کردنی نەتەوەی ئیسرائیل بووە، سەرەنجامی ئەوەبووە نێرینەکانت دەکوشتن، ئیتر دایکم ناچاربوو لەترسی تۆ بمخاتە ناوصندوقێکەوەو فڕێم بداتە ناوچۆمەوە دوایی بمگرنەوەو لەماڵی تۆدا بەخێو بکرێم، نەك لەماڵی باوك و دایکی خۆم دا، ئایا ئەمەیە فەزڵ و پیاوەتیت بەسەرمەوە؟ ئەو چاکەیەم دەخەیتە بەرچاو؟!

ئەمجار فیرعەون باری گفتوگۆکە دەگۆڕێ و لەناوەڕۆکی بانگەوازیەکەوە پرسیاری لێدەکا بەلاّم بەشێوەی گاڵتەو ئیستیهزاوە وەکوو لەمە دواوە قورئان ئاماژەی بۆ دەکا.

چیرۆکی موساو هارون(علیهما السلام)

بەشی دووەم: نیقاش و جیدالی نێوان حەزرەتی موسا ﷺ و فیرعەون دەربارەی چەسپاندنی هەبوونی خودا

قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٢٣﴾ قَالَ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ ﴿٢٤﴾ قَالَ لِمَنْ حَوْلَهُ أَلَا تَسْتَمِعُونَ ﴿٢٥﴾ قَالَ رَبُّكُمْ وَرَبُّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ ﴿٢٦﴾ قَالَ إِنَّ رَسُولَكُمُ الَّذِي أُرْسِلَ إِلَيْكُمْ لَمَجْنُونٌ ﴿٢٧﴾ قَالَ رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَمَا بَيْنَهُمَا إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٢٨﴾ قَالَ

لَئِنِ ٱتَّخَذْتَ إِلَـٰهًا غَيْرِى لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ ٱلْمَسْجُونِينَ ﴿٢٩﴾ قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكَ بِشَىْءٍ مُّبِينٍ ﴿٣٠﴾ قَالَ فَأْتِ بِهِۦٓ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴿٣١﴾

وەکوو زانیمان حەزرەتی موسا ﷺ بەراشکاوی رەددی فیرعەونی دایەوە، پاساوی بۆ پیاوکوشتنەکە هێنایەوە، پیاوەتی بەخێوکردنەکەشی پووچ کردەوە.

جا: کە فیرعەون ئەو وەڵامە راشکاوانەی لەموساوە بەرگوێ کەوت و بۆی دەرکەوت موساو هارون سوورن لەسەر بانگەوازی خۆیان و دەیانەوێ فیرعەون واز لەنەتەوەی ئیسرائیل بێنێ‌و بگەڕێنەوە بۆ خاکی پیرۆزو دەست بکەن بەخوداپەرستی‌و چیدی فیرعەون خۆیان بەسەردا نەکا بەخودا!

فیرعەون باری موناقەشەکەی گۆڕی‌و رەخنەی لەناوەڕۆکی بانگەوازی‌یەکە گرت وەکوو دەفەرموێ: ﴿قال فرعون: وما رب العالمين؟﴾ فیرعەون پرماندی وتی: خودای بوونەوەر چی‌یە؟ ئەو خودایەی تۆ بە(رب العالمين) ناوی دەبەی و دەڵێی ئەو کردوومی بەپێغەمبەر چیەو چ کەسە !؟

پرسیارەکەی بەئەوپەڕی ئینکاری‌و سەرسوڕمانەوە ئاراستەکرد، بەجۆرێك: کە ئەو شتە ناگونجی‌و عەقڵ وەری ناگری‌و بەکەڵکی ئەوەنایە لەبارەیەوە بدوێین. هۆی ئەم پرسیارە ناشیرینەی ئەوەبوو دەیگوت: جگە لەمن خودای ترتان نیە، وەکوو لەشوێنێکی‌تردا دەفەرموێ: ﴿ما علمت لكم من اله غيري﴾(القصص/٢٨) بڕوای وانەبوو خودای بەدیهێنەر هەبێ، پێی وابوو بۆ خۆی خودایەو بەس!

حه‌زره‌تی موسا ﷺ وه‌لاَمی ده‌داته‌وه به‌سیفه‌تێك: كه نیشانه‌ی خودایه‌تی په‌روه‌ردگاره ده‌فه‌رموێ: ﴿**قال: رب السموات والأرض وما بينهما ان كنتم موقنين**﴾ حه‌زره‌تی موسا ﷺ وتی: ئه‌و خودایه‌ی منی كردوه به پێغه‌مبه‌رو ره‌وانه‌ی كردوم به‌دیهێنه‌رو خاوه‌نی ئاسمانه‌كان و زه‌وی‌و ئه‌وه‌ی تیایاندایه له‌ئه‌ستێره‌و مانگ و خۆر، ئه‌و خودای ئه‌و بوونه‌وه‌ره به‌رفراوانه‌یه: كه تۆ ئه‌ی فیرعه‌ون ده‌ستت به دامانی ناگا، نه‌ده‌سه‌لاَتت ده‌یگاتێ نه‌زانیاریت كه‌شفی ده‌كا، خودای هه‌موو بوونه‌وه‌ره به‌ئاسمان و زه‌وی‌و هه‌رچی تیایاندایه له‌ئه‌ستێره‌و ده‌ریاو كێوو چۆم و دارو دره‌خت و روه‌ك و ئاده‌میزادو هه‌موو گیانله‌به‌رانی ترو هه‌موو شته‌كانی تریش ..

﴿**ان كنتم موقنين**﴾ ئه‌گه‌ر ئێوه بڕواتان هه‌یه‌و خاوه‌نی ویژدان و هه‌ست و شعورن، هه‌موو ئه‌و شتانه خه‌لقنده‌و به‌نده‌ی په‌روه‌ردگارن، گه‌ردنكه‌چ و ژێربارى یه‌زدانن، به‌ویستی خۆی هه‌ڵیان ده‌سووڕێنیو گۆڕانكاریان تێدا ده‌كا. یان ئه‌گه‌ر ئێوه بڕواتان وایه ئه‌م مه‌خلووقاته جۆراو جۆرانه ده‌بێ خودایه‌ك به‌دی‌هێنابن ئه‌وه بزانن ئه‌و به‌دیهێنه‌ره (الله) یه ئه‌و خودایه‌یه شوێنده‌ستی له‌ناو بوونه‌وه‌ردا دیاره‌و دروستكراوه‌كانی نیشانه‌ی هه‌بوونی خۆینی، وه‌كوو له‌شوێنێكی‌تردا ده‌فه‌رموێ: ﴿**قال: فمن ربكما ياموسى؟ قال: ربنا الذي أعطى كل شيئ خلقه ثم هدى**﴾(طه/٤٩-٥٠).

فیرعه‌ون وه‌لاَمه‌كه‌ی موسای به‌دڵ نه‌بوو، ترسی ئه‌وه‌شی هه‌بوو قسه‌كانی موسا ﷺ له‌دڵی ئاماده‌بوان دا كاریگه‌ری بێ، بۆیه روی كرده دارو ده‌سته‌كه‌ی، ویستی نه‌هێڵێ وته‌كانی حه‌زره‌تی موسا له‌دڵیان دا كاریگه‌ربن ﴿**قال لمن حوله ألا تسمعون؟**﴾ فیرعه‌ون به‌ده‌وروبه‌رو دارو‌ده‌سته‌كه‌ی گوت ئه‌وه گوێتان لێیه چ قسه‌یه‌كی سه‌یرو سه‌مه‌ره

دەکا ؟! ئاگاتان لیٚیە دەڵێ چی ؟ ئاها چۆن لەبەر پرسیارەکان هەڵدێ ؟ من دەڵێم:(رب العالمين) چییە؟ ئەو کردارو رەوشتەکانی باس دەکا بۆمان !

بەلاّم حەزرەتی موسا ﷺ مۆڵەتی نەداو خێرا صیفەتێکی تری پەروەردگاری بەگوێدا دا ﴿قال: ربكم ورب آبائكم الأولين﴾ حەزرەتی موسا ﷺ وتی: ئەو خودایەی منی رەوانەکردوە خودای ئێوەش و خودای باوك و باپیرانی رابوردوتانە، ئەو بەدیهێنەری ئێوەش و باوك و باپیرانیشتانە، مەبەستی ئەوەیە بلێ: ئێوە بەکەڵکی خودایەتی نایەن، باوك و باپیرانتان هەبون و ئێستا نەماون، کاتێکیش هەبوە ئێوە نەبوون دوایی پەیدا بوون و ئێوەش دەمرن و کەسانی دیکە شوێنتان دەگرنەوە، کە وابێ ئێوە لەنەبوەوە هاتوونە گۆڕەپانی بوونەوە، دواییش دەچنەوە دەریای عەدەمەوە، دەی کەسێك ئەمە حاڵی بێ چۆن بەکەڵکی خودایەتی دێ ؟!

خودای من خودایەکی (واجب الوجود)ە هەر هەبوەو هەردەبێ، سەرەتاو کۆتایی نیە، هەر ئەو خودایە هەر ئەو شیاوی خودایەتییە.

هەڵبەتە ئەمە زۆر لەسەر شانی فیرعەون قورس و کاریگەر بوو، چونکە موسا بەرەورووی خۆیو لەبەردەم دەست و پێوەندو پیاو ماقولاّنی دەربارەدا پێی راگەیاند: کە (رب العالمين) خودای هەموو بوونەوەرە بەفیرعەونیشەوە، فیرعەون بەندەیەکە لەبەندەکانیو خودانییەو شیاوی خودایەتی نیە، بەڵکو خودای گەلەکەشیو خودای باوك و باپیرانیشیانە، کەوابوو فیرعەون بەمیرات خودایەتی بۆ نەماوەتەوەو لەوەپێش و لەوەدواش و لەهەموو سەردەم و رۆژگارێك دا تەنها یەك خودا هەیە جگە لە(رب العالمين) خودای ترنین !

ئیتر فیرعەون واقـــی وڕمـاو قسـەی وێچـوی دەسـت نەکـەوت ڕەددی موسای پێبداتەوە، پەنای بۆ وەلاّمی هەرزەگۆیانە بردو ویستی لەبناغەوە مەسـەلەی فروسـتادەیی‌و پێغەمبەرایـــەتی ڕەت بکاتـــەوەو بەشـــتێکی بێبناغەی دابنێ‌و لەدڵ و سەرنجی بیسەرانی دوور بخاتەوە..

﴿قـال: ان رسـولکم الـذي ارسـل اليـه لمجنـون﴾ فیرعـەون بـــەدارو دەستەکەی خۆی گوت: بێگومان پێغەمبەرەکەتان: کە گوایە ڕەوانـەکراوە بۆ سەرتان پیاوێکی بێعەقڵ و فامە، شـێت و وێتـە، لەپرسـیار تێناگـا تاوەلاّمی بداتەوە، قسە تێکەلاّو پێکەلاّو دەکاو لافی ئـەوە لێدیدا: کـە جگـە لـەمن خـودای ترتـان هەیـە!! ئـەرێ تائێسـتا ئێـوە قسـەی وا بێجێتان بیستووە؟!

بەلاّم ئەم گاڵتەکردن و بوختانەی فیرعەون، ئەم بێئەدەبی‌و سـەررەقی‌و ملهوڕییـەی فیرعـەون دەسـتی موسـای نەبەسـت ونـەیتوانی تۆزقـاڵێك لەهەڵوێستی خۆی بیهێنێتە خوار، بـەڵکوو بـەردەوام بـوو لەحـەق بێـژی خۆی‌و سوورتربوو لەسەر گەیاندنی پەیامەکەی .

﴿قال: ربّ المشرق و المغرب وما بينهما ان كنتم تعقلون﴾ حەزرەتی موسا ﷺ وتی: خودای من خاوەن و بەدیهێنەری خۆرهەلاّت و خۆرئاوایە، خودای من خۆرهەڵدێنی‌و ڕۆژ بەدیدێنێ، خۆر ئاوا دەکاو شەو دەهێنـــێ، خودایەکی وەهایە لەخۆرهەلاّتەوە هەموو جۆرە ئەستێرەو مـــانگ و خـۆر هەڵدێنێ، لەوێوە دەیان هێنی‌و لەخۆرئاواوە ئاودیویان دەکا.

ئەم هەموو بوونەوەرە هەڵدەسوڕێنی‌و گۆڕانکاریان تێدا بـــەدی دێنــێ. یاسـای بـۆ دانـاون و هەریەکـەیان کـاری خـۆی ئـەنجام دەدا، هیچیـــان لەجەمسەری خۆی دەرنـــاچێ‌و بەتـەوەرەی خـۆیدا دێـوو دەچـێ، ئـەوەی سەرپەرشـتی ئـەم بوونـەوەرە دەکـا هەڵیدەسـوڕێنێ خـودای منـــە (رب العالمين)ە ئێوە نین، ئەگــەر عـەقڵ و بـەصیرەتتان هـەبێ، لـەدیاردەکانی

بوونـەوەر ورد ببنـەوە، دەزانـن: کەسەرپەرشـتی کردنـی ئـەم بوونـەوەرە لەتوانای ئێوەدا نیە، جا ئەگەر فیرعەون راست دەکاو ئەو خودایە بایاسای بوونەوەر پێچەوانە بکاتەوە، باخۆرو مـانگ و ئەسـتێرەکان لـەخۆرئاواوە هەڵێنێ، باتاوێك لەهەڵسوڕان راگیریان بکا !

بێگومان هەڵهاتنی قەبارە پرشنگدارەکان لەخۆرهەڵاتەوەو ئاوا بوونیان لـەخۆرئاواوە دیمـەنێکی گـەورەو سـەرنج راکێشـن، بـەڵام بـەهۆی دووبارەبوونەوەی بەردەوام و رۆژانـەیان ئولفـەتیان پێـوە گیراوەو کـەمتر سەرنجیان دەدرێتێ، دەی بەدیهێنـەری ئـەم دیاردانـە دەبـێ کێبـێ؟ خـۆ فیرعەون و غەیری فیرعەونیش هەرچەندە ملهوڕو سـەررەق بـن جورئـەتی ئەوەیان نیە پاڵ خۆیانی بدەن !!

جا: کە حەزرەتی موسا ﷺ لەبواری بەڵگە هێنانەوەدا بەسەر فیرعەون دا زاڵبوو، فیرعـەون هیچـی بەدەسـتەوە نـەما بەربـەرەکانی حـەزرەتی موسای پێبکا، پەنای بۆ هەڕەشەکردن برد، ئەوە داب و نەریتی ملـهوڕو طاغوتەکانە،هەر کە لەبواری موناقەشەدا بۆڕیـان خـوارد،خـێرا پـەنا بـۆ هەڕەشەو زەبرو زەنگ دەبەن، بەهێزو گورزو دەسەڵاتی خۆیان دەنازن !

لەلایەکی ترەوە ملهوڕو طاغوت هەمیشە لەهۆشیار بوونەوەی گـەل و نەتەوە دەترسن، لەبەئاگا هاتنەوەی گەل زەندەقیان دەچێ، رقیـان لـەهیچ کەس نیە هێندەی ئەوانەی گەل ونەتـەوە هۆشـیاردەکەنەوە، زۆر بـەداخن لەوانەی کۆمـەڵ بـەئاگا دێننـەوە، هۆشـیاری دەکەنـەوە، بۆیـە دەبینـین فیرعەون کە هەسـت دەکـا قسـەکانی حـەزرەتی موسـا ﷺ کاریگـەرەو لەوەتەری حەسـاس دەدەن ، خـێرا هـەڵدەچێ و چـاوی لێدەچنـە پشـتی سەری، بەهەڕەشەی توند کۆتایی بەحیوارەکە دەهێنێ، گۆڕەپانی دانوسان وەلا دەنێو چەکی هەڕەشە دەخاتە کار !

﴿قال: لئن اتخذت الهاً غیري لأجعلنّك من المسجونین﴾ فیرعەون بەئەوپەڕی تورەییو بوغراییيەوە وتی: ئەگەر جگە لەمن کەسێکی تر بەخودا بزانیو بانگەوازی بۆ پەرستنی بکەی لەبەندیخانەت دەپەستێوم، دەتخزێنمە ناو چوارچێوەی دیواری بەندیخانە لەژێر زەویداو دەتخەمە ژێر ئازارو ئەشکەنجەوە تا گیانت دەرچێ !

بەلاّم هەڕەشە کار لەحەزرەتی موسا ﷺ ناکەن و پێیان چاوترسێن نابێ، لەچی بترسێ ؟ ئەو خودای لەگەڵدایەو پێغەمبەری خودایە، ئەو روپەڕەی فیرعەون دەیەوێ دایبخاو لیێ بێدەنگ بن سەرلەنوێ هەڵیدەداتەوەو بەشێوەیەکی تر دەیخاتە سەر مێزی موناقەشەو جیدال، لەبەرامبەر هەڕەشەو گوڕەشەی فیرعەون دا موعجیزە دەخاتە کارو بەڵگەی راستی پێغەمبەرایەتی خۆی رادەنوێنێ.

﴿قال: أوَ لو جئتك بشيءٍ مبین؟﴾ حەزرەتی موسا ﷺ فەرمووی: ئایا ئەگەر راستی پەیامی خۆمت بۆ بێنم و بەڵگەی حاشا هەڵنەگریشت بخەمە بەردەست هەر دەمخەیە بەندیخانە ؟؟ بەمەش حەزرەتی موسا ﷺ فیرعەونی خستە ناو مەوقیفێکی حەرجەوە، لەبەرچاوی بینەران و ئاگاداری دارو دەستەی بینەرانی دەربار: کەگوێیان لەقسەکانی موسا بوو فیرعەون کەوتە بەردەم دووڕیانێکی خەتەر، ئەگەر گوێڕاناگرێ بۆ بەڵگەی موساو داواکەی رەت دەکاتەوە ئەوە نیشانەی ئەوەیە فیرعەون لە بەڵگەکانی موسا دەترسێ. لەوەپێشیش گوتویەتی: موسا شێتە ، دەی چۆن پیاو لەبەڵگەی ئادەمیزادی شێت دەترسێ . کەوابوو ناچارە دەبێ بڵێ: باشە بەڵگەکان نیشان بدەو بیانهێنە.

﴿قال﴾ فیرعەون بەناچاری وتی: ﴿فأت بها ان کنت من الصادقین﴾ دەی ئەو شتەی بەلاتەوە بەڵگەیەکی بەهێزە بیهێنە بابیبینین، کوا ئەو موعجیزە ئاشکرایەی لاتەو بەخەیاڵی خۆت پێغەمبەرایەتی خۆتی

پیٚدەچەسپیٚنی ؟ ئەگەر راست دەکەی‌و درۆ ناکەی دەکوا نیشـانمان بـدە ! بیٚگومان فیرعەون بەهەموو جۆریٚك دەیەویست شـك و گومـان لـەدەوری موساو پەیامەکەی دروست بکا بۆ ئەوەی بەلٚگـەکانی لـە دلٚ و دەروونـی بیسەراندا کاریگەر نەبن .

موعجیزەی حەزرەتی موسا ﷺ و هەلٚویٚستی فیرعەون بەرامبەری

فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴿٣٢﴾ وَنَزَعَ يَدَهُۥ فَإِذَا هِيَ بَيْضَآءُ لِلنَّٰظِرِينَ ﴿٣٣﴾ قَالَ لِلْمَلَإِ حَوْلَهُۥٓ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ عَلِيمٌ ﴿٣٤﴾ يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِۦ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ ﴿٣٥﴾ قَالُوٓا۟ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَٱبْعَثْ فِى ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ ﴿٣٦﴾ يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَحَّارٍ عَلِيمٍ ﴿٣٧﴾

وەکوو لەوەپیٚش زانیمان، موناقەشـەی فیرعـەون وموسـا ﷺ گەیشـتە بنبەست و فیرعەون بەتەحەدداوە داوای لەموسا کرد: کەموعجیزەی خۆی بنویٚنیٚ. جا کە تەحەدداکەی فیرعەون گەیشـتە قۆنـاغی کۆتـایی، ئیـتر حەزرەتی موسا ﷺ دوو موعجیزەی ماددی خۆی نیشان دا.

﴿**فألقى عصاه فأذا هي ثعبـان مبـين**﴾ حـەزرەتی موسـا ﷺ عـەصای دەستی هاویٚشت، لەپڕیٚکا بوو بەماریٚکی گەورەو بەرچاوو ئاشـکرا، واتـە بوو بەماریٚکی راستی‌و هیچ چاوبەستەکی‌و روکەش کردنـی تیٚـدا نـەبوو، عەصایەکی بیٚ‌گیان بـەقودرەتی خـودا گیـانی تیٚ‌چـوو، بـوو بـەماریٚکی ئاسایی .

دەڵێن: کەعەصاکە بوو بەمار بەئەندازەی میلێك بەرز بووەوە دوایی بەرەوڕوی فیرعەون هات و دەیگوت: ئەی موسا فرمانم پێ بکە چی بکەم ؟!

لێرەدا فەرمووی: (ثعبان مبین) لەئایەتێکی‌تردا دەفەرموێ: ﴿**فاذا هي حية تسعى**﴾(طه/٢٠) لەئایەتێکی‌تردا دەفەرموێ: ﴿**كأنها جان**﴾ (**القصص**/٣١) هۆیەکەی ئەوەیە (حیة) ناوە بۆ رەگەزی مار(ثعبان) یشی پێ‌دەگوترێ: چونکە نێرە مارێکی زۆر گەورە بوو وێڕای گەورەیی‌و زەبەللاحی زۆر گورج و گۆڵ بووە، بۆیە بە جندۆکە شوبهێنراوە..

جا: کە فیرعەون ئەمەی بینی وتی: نیشانەی تریشت لایە حەزرەتی موسا عليه السلام فەرموی: بەڵێ ﴿**ونزع يده فاذا هي بيضاء للناظرين**﴾ دەستی خستە ناو باخەڵیەوە دەری هێنایەوە لەپڕێکا سپی بوو دەدرەوشایەوە وەکوو خۆر پرشنگی دەداو چاوی لەبەر هەڵنەدەهاتن. کە چی وێڕای ئەمەش فیرعەون ویستی روداوەکە لەپێش چاوی بینەران چەواشە بکا، حەزرەتی موسای بە چەند شتێکی نەشیاو تاوانبار کرد:

١-﴿**قال: للملأ حوله: ان هذا لساحرٌ عليم**﴾ بەدارو دەستەی دەورو بەری خۆی گوت بەڕاستی ئەم پیاوە ساحیرێکی کارامەیە، لەبواری سیحرو جادوبازیدا زۆر پێشکەوتووە ویستی روداوەکە بەسیحر بدرێتە قەڵەم نەك بە موعجیزە. ئەمجار دەیەوێ دارو دەستەکەی هەڵنێ بۆ ئەوەی گیانی بەربەرەکانی موسایان تێدا بەهێز بکاو سووربن لەسەر سەرپێچی کردنی حەزرەتی موساو ئیمان پێ‌نەهێنانی.

ئەمە داب و نەریتی طاغوت و ملهوڕەکانە، هەر کاتێ هەست بەخەتەر بکەن ژێر قاچیان وەلەرزە بکەوێ‌خۆیان دەکەنە نەرم ونیان و پەنا بۆ رای گەل و نەتەوەکان دەبەن... لەوە پێش نیریان لەسەر مل دادەنان و دەیانچەوساندنەوە، ئێستا کەتینی لەقبوونی کورسییەکەیان بۆ

هاتووە دەبنە دیموکراتیو دەگەڕێنەوە بۆ رای گەل . لەوە پێش بەملـهوڕی خـۆی دەڕۆیـشـت و کـەسـی بـەهـیـچ نەدەزانـیو حیسـابی بـۆ کەس نـەدەکـرد!!

بۆیە فیرعەون لەپەیامی موسا ترساو ناوقـەدی پچـڕاو دڵـی وەلـەرزە کەوت، ناچار پەنای بۆ گەل بردو ویستی بیان وروژێنـێ و ئـەوان لـەدژی بجولێنێ ! وتی: ئەم کابرا سیحربازە..

﴿یرید أن یخرجکم من أرضکم بسحره فمـاذا تـأمرون؟﴾ دەیـەوێ ئێوە لەخاکی بـاوك و باپیری خۆتـان وەدەرنـێو بـەهۆی سـیحرەکەیەوە بەسەرتان دا زاڵ بێ، دەیەوێ دووبـەرەکی بخاتـە نێوانتانـەوەو کۆمـەڵتان بەشبەش بکاو دارو دەستەی خۆی زۆر بکاو وردە وردە کێشەوەتان لێ بکا تا لاواز دەبن ئەمجار فرمانڕەوایی‌یەکەتان لێداگیربکا، نەتەوەی ئیسـرائیل لەگەڵ خۆی بەرێ ! ئەمە پلان و نەخشەی ئەم کابرایەیـەو دەیـەوێ ئـەو ئامانجە بەدەست بێنێ، راوو بۆچونی خۆتانم بۆ رون بکەنەوە،پێم بلێن: چی بکەم باشەو چۆن بەرەنگاری ئـەم خەتـەرە ببمـەوە، مـن لەقسـەی ئێـوە دەرناچم، چیتان بڕیاردا من تەنفیذی دەکەم.

ئەمە جۆرە ئوسلووبێکە دەیەوێ بەم جـۆرە راپـەڕینیان تێـدا دروسـت بکاو هەڵیانێنێ بۆ یەکیـەتیو یـەکڕیزی لەبەرامبـەر حـەزرەتی موسـادا، بەڵکو بەسەریدا زاڵبن ودەری بکەن !

هەڵبەتە ئەمانیش هەموو پیاوی دەرباری کۆشکی فیرعـەون و چلکـاو خۆر بوون، دەترسـان ئەگـەر موسـا ﷺ سـەربکەوێ بەرژەوەندییـەکانیان لەکیس بچن، پلەو پایەیان نەمێنێ، بۆیە خێرا یەکیان گـرت و بـەکۆڕای هەموانیان چارەسەریان ئەوە دۆزیەوە: کەبەرەنگاری سیحر بەسیحر بکرێ!

﴿قالوا: أرجه وأخاه﴾ وتیان: پاشا کاری موساو براکەی دوابخە، جارێ پەلە مەکە لەسزادانیان.

﴿وابعث في المدائن حاشرين يأتوك بكل سحّار عليم﴾ وەلاّم بنێرە بۆهەموو شارو ولاّتی ژێر دەسەلاّت، با هەرچی ساحیرو جادوبازە کۆیان بکەنەوە، هەموانیان بێنن بۆ خزمەت پاشا، بەتەئکید لەئەنجامی ئەمەدا زۆر ساحیری کارامەو زانا کۆدەبنەوەو دێنە خزمەتت، ئەوکاتە ئەوانیش بەسیحری سەرسوڕهێنەری خۆیان بەرەنگاری سیحرەکەی موسا دەکەن و بەسەریدا زاڵ دەبن و دەبێتە سەرکەوتنی تۆ بەسەر موسادا.

مەشۆرەت بەجێ بوو، رای دارو دەستە لای فیرعەون پەسند بوو، فرمان دەرکرا بۆ شارو فرمانڕەواکان نێردرا، یاساوڵ و کاربەدەستان کەوتنە جم و جوڵ،ساحیر دیاری کران و پێیان راگەیەندرا ، بەرەو میصر بکەونەڕێ، خۆیان ئامادە بکەن بۆ (مباريات) بۆ پێشبڕکێو بەرەنگاری بوونەوە، زەمینەی (مباريات) لەنێوان حەق و بەتاڵ دا خۆش کرا، کۆبوونەوەو نەخشەو پلان دارێژرا، بۆ کۆبوونەوەو بەرامبەری کردن و چەمبەرە لێکدی بەستن.. کات و شوێن دیاریکران ! بابزانین چی رودەداو ئاکام بەچی دەگا؟!!

ئیمانهێنانی ساحیرەکان بە خوداو سوژدەبردنیان و بەگژاچوونەوەیان بۆ فیرعەون

فَجُمِعَ ٱلسَّحَرَةُ لِمِيقَٰتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿٣٨﴾ وَقِيلَ لِلنَّاسِ هَلْ أَنتُم مُّجْتَمِعُونَ ﴿٣٩﴾ لَعَلَّنَا نَتَّبِعُ ٱلسَّحَرَةَ إِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلْغَٰلِبِينَ ﴿٤٠﴾ فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ قَالُوا۟ لِفِرْعَوْنَ أَئِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ ٱلْغَٰلِبِينَ ﴿٤١﴾ قَالَ نَعَمْ

وَإِنَّكُمْ إِذًا لَّمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٢﴾ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ أَلْقُوا۟ مَآ أَنتُم مُّلْقُونَ
﴿٤٣﴾ فَأَلْقَوْا۟ حِبَالَهُمْ وَعِصِيَّهُمْ وَقَالُوا۟ بِعِزَّةِ فِرْعَوْنَ إِنَّا لَنَحْنُ
ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿٤٤﴾ فَأَلْقَىٰ مُوسَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِىَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ
﴿٤٥﴾ فَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴿٤٦﴾ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٧﴾
رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴿٤٨﴾ قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ إِنَّهُۥ
لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِى عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ فَلَسَوْفَ تَعْلَمُونَ لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ
وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٩﴾ قَالُوا۟ لَا ضَيْرَ إِنَّآ
إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ ﴿٥٠﴾ إِنَّا نَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لَنَا رَبُّنَا خَطَٰيَٰنَآ أَن كُنَّآ
أَوَّلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥١﴾

فیرعەون و یاساوڵەکانی ویستیان بە (فــوو) نووری خودا بکوژێننەوە، هەرچەند کافرو بێبڕوایان پێیــان نــاخۆش بــێ خــودا نــووری خــۆی بــلاّو دەکاتەوە، تەواوی دەکا. داب و نەریتی خودا وایە لەبوونەوەردا هــەرکاتێ ئیمــان و کوفــر بەرامبــەر یــەك بوەســتن، لەهەرشــوێنێك حــەق و بــەتاڵ روبەروی‌یەك بوەستن، لەهەرشوێنێك حەق و بەتاڵ روبەروی‌یــەك بوونــەوە، هــەردەبێ ئیمــان و حــەق ســەربکەوێ، **﴿بل نقذف بالحق على الباطل فيدمغه فاذا هو زاهق ولكم الويل مما تصفون﴾**(الأنبياء/١٨) **﴿وقل جاء الحق وزهق الباطل ان الباطل كان زهوقا﴾**(الأسراء/٨١).

بەڵێ بڕیارەو فیرعەونی ملهوڕ دەریکردوە، بەتایبەتی کە لەسەر پێشنیاری پیاوماقوڵان و دارو دەستەی دەربار پەسند کراوە دەبێ جێبەجێ بکرێو پاشگەزبوونەوەی تێدا نیە.

﴿فجمع السحرة لميقات يوم معلوم﴾ ساحیرەکان کۆکرانەوەو لەهەرچواردەوری میصرڕاهێندران لەرۆژی دیاریکراودا: کە دەڵێن: رۆژی نەورۆز بووە، لەکاتی چێشتەنگاودا لەشوێنی دیاریکراودا خڕکرانەوەو ئامادەکران !

وەکوو لەریوایەتی جۆراو جۆردا هاتوە ساحیرەکان زۆرزان و لێهاتوو کارامـا بوون، لەفەننی سیحردا دەستیان زۆر بالا بوو، کۆمەڵێکی رۆشنبیرو تێگەیشتوو بوون، ژمارەیان زۆرو هەمە جۆر بوون، هەندێك دەڵێن: دوانزە هەزارو هەندێك دەبێژن: زیاتر بوون.

ئیبنو ئیسحاق دەڵێ: هەموویان لەژێر نەخشەو پلانی چواریان دا کاریان دەکردو ئەو چوار کەسە مامۆستاو ریش سپییان بوون ناویان (سابورر، عاذوور، حطحط، مصفی) بوو دیاریکردنی رۆژی بەرامبەریکردن لەلایەن حەزرەتی موساوە دیاریکرا: وەکوو دەفەرموێ: ﴿قال:موعدكم يوم الزينة، وان يحشر الناس ضحى ﴾(طه/٥٩).

حەزرەتی موسا ﷺ ویستی رۆژەکە رۆژێکی قەرەباڵغ و رۆژێکی پشوودان بێ، بۆیە رۆژی چەژنی نەورۆزی هەڵبژاردو ئەوانیش بەلایانەوە پەسند بوو! حەزرەتی موسا ﷺ ویستی (مباريات)ەکە لەبەرچاوی زۆرترینی خەڵك دا ئەنجام بدرێ، زۆربەی جەماوەر ئاگایان لێبێ چۆن حەق بەسەر بەتاڵدا سەردەکەوێ !

﴿وقيل للناس: هل أنتم مجتمعون﴾ داوا لەجەماوەر کرا ئامادەی ئەو(مباريات)ە بن، یاساوڵ و دارو دەستەی فیرعەون خەڵکیان هەڵدەنا بۆ ئامادەبوون و بینینی ئەو شتەی لەو رۆژەدا رودەدا. چونکە فیرعەون و

پیاوەکانی دڵنیا بوون لەسەرکەوتن و باڵادەستی خۆیان وپێیان وابوو: هەر ئەوان سەردەکەون، بۆیە پێیان خۆش بوو زۆرترینی جەماوەر کۆببێتەوەو سەرکەوتنی خۆیان و تێشکانی حەزرەتی موسا ببینن و کەس لەوەدوا بڕوا بەموسا نەکا. لەلایەکی ترەوە حەزرەتی موسا ﷺ دەیەویست زۆرترینی جەماوەر ئاگاداری روداوەکەبن و بزانن چۆن پەیامی حەق بەسەر بەتاڵ دا زاڵ دەبێ و چۆن موعجیزە سیحر دەپوچێنێتەوە !!

یاساوڵ و پیاوەکانی فیرعەون دنەدەنەی خەڵکیان دەدا بۆ کۆبوونەوەو هاوبەشی کردن و دەیانگوت: ﴿لعلنا نتبع السحرة ان كانوا هم الغالبين﴾ هیوادارین ساحیرەکان سەربکەون و ئێمە لەسەر بیرو باوەڕی خۆمان بمێنینەوەو شوێن ئەم ئایینە نەکەوین : کە موسا بانگەوازی بۆ دەکا.

سەیرە وتیان: شوێن ساحیرەکان بکەوین، نەیانگوت: شوێن حەق دەکەوین چ لەساحیرەکانەوە بێ چ لەموساوە بێ . چونکە وەکوو گوتراوە: (الناس على دين ملوكهم) ئەوانیش چلکاو خۆری فیرعەون بوون و حەزیان لێبوو ساحیرەکان سەربکەون .

ئەمجار دیمەنی ساحیرەکان رادەنوێنێ لەخزمەت فیرعەون داو پێش دەست پێکردنی بەرامبەریکردنەکە دڵنیا دەبن لەپاداش وەرگرتن و پلەو پایە پێدان ! دەفەرموێ: ﴿فلمّا جاء السحرة قالوا لفرعون: أئن لنا لأجراً ان كنّا نحن الغالبين؟﴾ : کە ساحیرەکان هاتنە لای فیرعەون و دەمراست و لێپرسراوو مامۆستاکانیان لەگەڵ فیرعەون دا گفتوگۆیان کرد وتیان: ئەگەر ئێمە سەرکەوتین و موسامان بۆڕدا، پاداش و پلەو پایەمان دەدرێتێ ؟ جەنابی پاشا جائیزەو نەغدینەی بۆ دیاری کردوین ؟!

﴿قال: نعم﴾ فیرعەون وتی: بەڵێ پاداشی نەغدینەم بۆ دیاریکردون، ئەگەر سەربکەون ماڵ و سامانێکی زۆرتان بەسەردا دەڕێژم، وێڕای ئەوەش و زیاد لەوەش ﴿وانكم اذاً لمن المقربين﴾ ئێوە لەمن نزیک

دەبنەوەو دەتانکەمە هاونشینی خـۆم، واتـە: سـاحیرەکان داوای پاداشـی مالّی یان پلەو پایەیان کرد فیرعەون وادەی هەردوك پاداشتەکەی پیّدان ! هەلّویستی خۆیان نواند کۆمەلّیکی بەکریّگیراو، فیرعەون بەکاریان دیّنـێ بۆ مەبەستی خۆی بەهرەو زانیاری خۆیان دەفرۆشن بـەبڕە پارەیـەك، یـان بەپلەو پایەو مەرحەبای‌یەکی فیرعەون چ پەیوەندییەکیان بەبیرو بـاوەڕەوە نیـە، هـەر ئـەم جـۆرە چلکـاو خۆرانـەن بـەدرێژایی میـژوو طـاغوت و ملهوڕەکان بەکاریان دیّنن، خزمەتی خۆیانیان پیّدەکەن، درۆو دەلەسەیان بۆ هەلّدەبەستن بەشیعرو پەخشان پیّیان دا هەلّدەلّین ! شایەتی دلّسـۆزیو پیاو چاکیان بۆ دەدەن !!

ئیّستا ئەوا ساحیرەکان لەخزمەت فیرعـەون دا وادەی پـاداش دانـەوەو بەخشینی پلەو پایەیان وەرگرت. فیرعەون وادەی زیاد لەپێویستی پیّدان،

ئەمجار ساحیرەکان دەکەونە گفتوگۆ لەگەلّ حەزرەتی موسادا دەربـارەی ئەوەی ئایا کێیان دەست پێشکەربن ..

﴿**قال لهم موسى: ألقوا ما أنتم ملقون**﴾ حەزرەتی موسا ﷺ ریّگـای‌دا: کە ساحیرەکان لەپێشدا سیحری خۆیان بنوێنن، پیّی وتـن: ئیّـوە ئـەوەی دەتانەوێ بیخەنە بەرچاوو بیهاوێژن بابزاندرێ چیـە! گوریـس و حـەبل و پەتکی خۆتان بهاوێژن، حـەزرەتی موسـا ﷺ دلّنیـا بـوو لەسـەرکەوتن، متمانەی بەخودای خۆی هەبوو.

﴿**فـألقوا حبـالهم و عصيـهم**﴾ ئیـتر سـاحیرەکان گوریـس و گۆچـان و عـەصاکانی خۆیان هاویّشتن هەموو دەسـت رەنگینـیو کارامـایی خۆیـان خسـتەکار، جیوەیـان کردبـوە نـاو گوریـس و عـەصاکانیان، بەتـەواوی کارامایی خۆیان بەکار هیّنابوو، تەنانـەت سـیحرەکەیان هیّنـدە گـەورەو سەرسوڕهیّنەر بوو، ترسیّکی خستە ناو دلّی حەزرەتی موساوە ، حـەبل و عـەصای خۆیان هاویّشتن..

﴿**وقالوا: بعزة فرعون وانا لنحن الغالبون**﴾ وتیان: بەهیممەتی فیرعەون و هێزو توانای ئەو ئێمە سەرکەوتودەبین . کاتەکە چێشتەنگاو بوو، گوریس و عەصاکانیان بەجیوە(زئبق) ناواخن کرابوون، خۆرەتاو گەرمای گەیاندە جیوەکە و گوریس و عەصا لەگۆڕەپانەکەدا کەوتنە جم و جولْ و گۆڕەپانەکەیان پڕکرد، تەنانەت حەزرەتی موسا ﷺ وای گومان برد: کە ئەوە جم و جولّی سروشتیەیە .

چاو بەستەکێیان لەخەڵکەکە کرد، تەنانەت بینەران هەموویان بەحەزرەتی موساشەوە ترسانوایانزانی ماری راستین. وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرموێ: ﴿ **فاذا حبالهم و عصيهم يخيل اليه من سحره انها تسعى، فأوجس في نفسه خيفة موسى قلنا لاتخف انك أنت الأعلى**﴾(طه/٦٦-٦٨) یان دەفەرموێ: ﴿**فلمّا القوا سحروا اعين الناس واسترهبوهم، وجاؤوا بسحرٍ عظيم**﴾(الأعراف/١١٦) ئالەم کاتەدا فیرعەون و دارو دەستەکەی کەیفخۆش بوون و پێیان وابوو: ساحیرەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێناو ئیتر عەصای موسا تازە دەرەقەتی ئەو هەموو مارو ئەژدیهایانە نایە!!

ئەمجار پەروەردگار فەرمانی بەحەزرەتی موسا ﷺ کرد: کە هیچ ترسی نەبێو عەصاکەی بهاوێژێ، ﴿**فألقي موسى عصاه، فاذا هي تلقف ما يأفكون**﴾: کەحەزرەتی موسا ﷺ عەصاکەی هاوێشت، ئیتر لەپڕێکا هەرچی گوریس و عەصا هەبوون: کە بەهۆی جیوەوە وایان لیکردبوون، وەکوو ماری راستی بێنە بەرچاو، هەمووی قوت دان و هیچی لێنەهێشتنەوە، موفاجەئە رویدا،بەخەیاڵی ساحیرەکان دا نەهاتبوو، ئەوان هەرچی کارامایی‌و دەستڕەنگینی خۆیان هەیە خستبویانە گەڕو لەهەموو لایەکەوە ساحیری ماهیرو لێزان کۆکرابوونەوە، موسا بەتاقی تەنێو کەسی لەگەڵ نیە جگە لەعەصاکەی . کەچی لەماوەیەکی زۆر

کەمدا هەموو ئەو مارە سیحرکردانەی هەڵلوشین و ئاسەواریان نەما، ئەو هەموو مارە درۆزنانەی ساتێك لەوە پێش گۆڕەپانیان پڕکردبوو، دەهاتن و دەچوون هیچیان نەمان و عەصای موسا لولی کردن و قوتیدان ! وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرموێ: ﴿**واوحینا الی موسی ان الق عصاك، فاذا هي تلقف ما یأفکون، فوقع الحق وبطل ما کانوا یعملون**﴾ (**الأعراف**/١١٧-١١٨) .

ئیتر عیلم و زانیاریی کاریگەریی خۆی دەرخست، ئەوان زانییان: کە ئەمەی موسا دەینوێنێ سیحر نیەو لەهی ئەوان ناچێ، جگە لەئیمان هێنان هیچی تریان بەدەستەوە نەما ،﴿**فألقي السحرة ساجدين**﴾ ساحیرەکان بەناچاری بەڕودا کەوتن و چوونە سوژدە، چونکە دڵنیا بوون ئەوەی حەزرەتی موسا کردی لەژوور توانای ئادەمیزادەوەیەو ئەوە کردەوەی خودای بوونەوەرە، بۆیە هیچیان بەدەستەوە نەما جگە لەوەی کەخرانە حاڵەتی سوژدەبردن بۆ ئەو خودایەی: کە بەدیهێنەری بوونەوەرو ئەوانەو موعجیزەی ئاوای بەخشیوە بەموسا.

﴿**قالوا آمنّا بربّ العالمين ، ربّ موسیو هارون**﴾ واتە: ساحیرەکان بەیەکدەم وتیان: ئیمانمان هێنا بە(رب العالمین) بە خودای بوونەوەر، خودای موساو هارون . چیتر لەحاڵەتی گومڕاییدا نامێنینەوە، ئیمانمان هەڵبژارد بەسەر کوفردا، حەقمان وەرگرت و بەتاڵمان وەلانا، فیرعەون بەهیچ نازانین و لەزەبرو زەنگی ناترسین و بەتەما بەخشش و پاداشی نین.

پێش ساتێك بەتەما سەرکەوتن و پاداش وەرگرتن بوون لەفیرعەون، بەتەمابوون کیسە پارە وەربگرن و ببنە هاونشینی فیرعەون و لەمەجلیسیدا کاتی لەگەڵ بەسەربەرن، خاوەن عەقیدەو قەضییە نەبوون، بەڵام ئەو حەقەی چاویان پێ کەوت و کاری لەناخیان کرد، یەکسەر لەناخەوە هەموو بیرو بۆچون و خەیاڵێکی هەڵوەشاندنەوە، سەرلەبەر

گۆڕانکاری بەسەردا هێنان ، هەژاندنیڕایتلاٌقاندن و تێکی وەردان و ئیمانی گەیاندە ناوقولاّیی دلّیانەوەو پەردەی کوفرو گومڕایی لەسەر لابردن، دلّ و دەروونی صاف و بێگەرد کردن و بەنووری ئیمان ئاوەدانی کردەوە، لەچەند سات و کاتێکی زۆر کورت و قیاسیدا خۆیان بینیەوە، کەوتونە سوژدەو بەناچاری زوبانیان بەوشەی ئیمانهێنان دەگەڕێ و دەلّێن ئیمانمان بە خودای بوونەوەر هێنا، بڕوامان بەخودایموساو هارون کرد.

دلّی ئادەمیزاد تابلّێی عەجایب و سەرسوڕهێنەرە، هەر لەگەلّ شتێکی کاریگەری وێکەوت ، خێرا دەگۆڕێ،بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **(ما من قلب الا بين أصبعين من أصابع الرحمن ان شاء أقامه وان شاء ازاغه)(بوخاریو موسلیم)** ئەوەتا لەماوەی چەند ساتێکدا ساحیرە بەکرێگیراوەکان ئەو گۆڕانکارییەیان بەسەردا هات و بوونە ئەو خاوەن ئیمانە پتەوە، لەپێش چاوی ئەو جەماوەرەو فیرعەون و دارو دەستەکەی ئیمانهێنانی خۆیان رادەگەیەنن و هیچ باکیان لەفیرعەون و زەبرو زەنگی نیەو گوێ بەهەڕەشەو دارو فەلاقەی نادەن. بەلایانەوە مەبەست نیە دوای ئیمانهێنان و رو بەروبوونەوەی فیرعەون چییان بەسەردێ چییان لیدەکرێ !!

ئەوە هێزو قووەتی ئیمانەو بڕوا بەژیانی دوایییە،ئاوا چاونەترس و بێباکیکردن. بێگومان ئەم روداوە؛ ئەم ئینقیلابە کتوپڕییە وەکوو تریشقە وابوو، بوومەلەرزەیەك بوولەفیرعەون و دارو دەستەکەیدا، ئەو حەمکە جەماوەرە کۆکراوەتەوە، دارو دەستەو یاساولّەکانی فیرعەون گۆشیان کردون و جۆرەها درۆو دەلەسەیان بەگوێدا داون، پێیان گوتوون: موسا ئیسرائیلییەکە ساحیرەو دەیەوێ بەسیحرو جادو بازی خۆی، ئێوە لەخاکی میصر دەربکاو بۆخۆی ببێتە حوکمڕان، وەرن بڕوانن چۆن

ساحیرەکانی پاشا بۆری دەدەن و دەمکوتی دەکەن، ساحیرەکانیش خۆیان ئامادەکردوەو بەتەما وەرگرتنی جائیزەو پاداشن، تەنانەت : کەگوریسەکانیشیان هاوێشتن بەهیمەت و عیزەتی فیرعەون هاوێشتیان، دەی ئەوەتا لەچەند ساتێك دا تێدەشكێن و دان بە تێشكانی خۆیان دا دەنێن!

شۆڕشێكی گەورەو مەزن بوو، كورسی فیرعەونی لەقاند، بەڵكوو ژێرو زەبەری كرد، ئەو خەیاڵ و بیرو بۆچونانەی پوچ كردەوە : كەگوایە فیرعەون خودایە یان لەنەوەی خوداكانە - وەكوو لەبیری سەردەم و رۆژگاردا واباوبوو- !

ئەوانەی لیێ هەڵگەڕانەوە ساحیرەكان بوون، چین و توێژێكی كاریگەر لەژێر دەسەلاتی چوونەدەرەوە، ساحیرو جادوگەر لەو رۆژگارەدا چین و توێژێكی خاوەن پلەو پایە بوون، سیحر كارێكی پیرۆزو رێزدار بوو، كاهین و بەرپرسەكانی پەرستگاكان ئەنجامیان دەدا، ئەمانیش چین و توێژێكی زۆرو قسە رۆیشتووبوون، دەی ئەوا ئەوانە تێكڕا ئیمانیان بەخودای موساو هارون هێنا، هەڵبەتە جەماوەریش ئەمڕۆ یا سبەی شوێنیان دەكەون، حەقیقەتیان بەچاوی خۆیان دیوە،لەپێش چاوی ئەوان ساحیرەكان خودایەتی فیرعەونیان رەت كردەوەو كەوتنە سوژدەو ئیعلانی ئیمانهێنانی خۆیان كرد؛ دەی تازە جگە لەزەبرو زەنگ و قامچیو دارو فەلاقە هیچ شتێكیتر نەماوە پارێزگاری عەرشی فیرعەون بكا، زەبرو زەنگ و هێزو دەسەلات بەبێ بیرو باوەڕ كورسیو فەرمانڕەوایی پیێناپارێزرێن .

بۆیە فیرعەون بەتەواویی ترساو تینی بۆ هات و پەنای بردە بەر تەهدیدو هەڕەشەی توند، سەرەتا ویستی ساحیرەكان تۆمەتبار بكا بەوەی: كە لەگەڵ موسادا لەژێرەوە یەكیان گرتووەو موئامەرەیان كردوە.

﴿قال: آمنتم له قبل أن آذن لكم !﴾ وتی: ئەوە بەبێ‌ئەوەی من ڕێگاتان پێ‌بدەم و ڕازی بم ئیمانتان هێنا؟ ﴿انه لكبيركم الذي علمكم السحر﴾ بێگومان موسا مامۆستاو ساحیرە گەورەکەتانە، ئەو فێری سیحری کردون و لەوەپێش ڕێك کەوتوون، ئەگینا چۆن بەبێ ڕەزامەندی من ئیمان دەهێنن ؟ وادیارە بەئەنقەست سیحرەکانتان وا ئەنجام دا ژێر بکەون!!

بێگومان ئەم تۆمەتبارکردنەی فیرعەون بۆ ساحیرەکان پەیوەندی‌یەکی دووری هەیە، چونکە ئەوکاتەی حەزرەتی موسا ﷺ لەماڵی فیرعەون دا پەروەردە دەکرا، هەندێ لەکاهینەکان سەرپەرشتی پەروەردەکردنەکەیان دەکردو حەزرەتی موسا ﷺ هاتوچۆی هەندێ لەکاهینەکانی کردوە، جا فیرعەون ئەم پەیوەندی‌یە دێرینەی زیندوکردەوەو هێنایەوە گۆڕێ، بەلاّم بەپێچەوانەوە چونکە دەبوایە بڵێ: موسا قوتابی ئێوە بووەو ئێوە فێری سیحرتان کردوە، بەلاّم بۆ چەواشەکاری‌و زلکردنی مەوزوعەکە لەبەر چاوی جەماوەر ئاوا پاساوی دایەوە !

ئەنجار دەستی کرد بەهەڕەشەکردن و وتی: ﴿فلسوف تعلمون﴾ لەوە بەولاوە دەزانن: تۆڵەی من چۆن دەبێ و چیتان پێ‌دەکەم. ﴿لأقطعن أيديكم و أرجلكم من خلاف ولأصلبنكم أجمعين﴾ بەتەئکید دەست و قاچتان بەپێچەوانەوە دەبڕم؛ دەستی ڕاست و قاچی چەپتان دەبڕم و ئەنجار بەدەست و قاچ بڕاوی هەموانتان هەڵدەهاوەسم و بەو تەعزیبە دەتانکوژم !

بەلاّم هەڕەشە کوا کار لەودڵە ئیمان دارە تازە موسوڵمانبوانە دەکا؟ هەرچەندە دەیانزانی: فیرعەون ملهوڕو طاغووتەو ئەوەی دەیڵێ: تەنفیذی دەکا، بەلاّم ئەوان بڕواو ئیمانەکەیان زۆر لەزوڵم و ستەمی فیرعەون بەهێزتر بوو، بەهێواشی‌و بی‌ئەوەی خۆیان تێك بدەن، یان بپاڕێنەوەو سکالاّبکەن .

وتیان: ﴿لاضير انا الى ربنا منقلبون﴾ چ زەرەرو زیانێکمان پـێ ناگـا، چیـت لەدەسـت دێ بیکـە، چ باکمـان لەهەڕەشـەو عـەزابی تـۆ نیـە، هەموومان گیای مردنین، هەموو کەس دەبێ بمرێ، ئێمە بـۆ لای خـودای خۆمان دەگەڕێ ینەوە، پاداشتی خودامـان دەوێ، خـودا بۆخـۆی دەزانـێ چمان پێدەکەی‌و چۆن تەعزیبمان دەدەی، ئەو لەپاساوی ئەوەدا پاداشتمان دەداتەوە، ژیانی بەختەوەریمان دەداتێ: کەژیانی جاویدانی نـاو بەهەشـتی رازاوەیە .

﴿انا نطمع أن يغفر لنـا ربنـا خطايانـا أن كنّـا أول المؤمنـين﴾ ئێمـە بەتەمای ئەوەین خـودای خۆمـان لەتاوانـەکانمان ببـوورێ، لـەتاوانی ئـەو سیحرو جادو بازییەی بەزۆر پێت ئەنجام داین چاوپۆشیمان لیێکـا. لەبـەر خاتری ئەوەی لەم فستیڤاڵەدا یەکەم دەستەو کۆمەڵ بووین ئیمانمان هێنا، یان لەبەر ئـەوەی یـەکـەم کۆمـەڵـین لـەقیـبطی‌یەکان: کـە ئیمانمـان هێنا، ئیتر فیرعەون هەموویانی شـەهید کـردن و هەڕەشـەی خـۆی بـردە سەر، بەتەئکید خوداش وادەی خۆی بردۆتـە سـەرو بەبەهەشـتی بـەرینی شادمـان کردون.

ئەڵلاّ لەکایگەریی ئیمان کاتێك لەدڵ و دەروون دا پەیدا دەبێ‌و جێگـیر دەبێ، کاتێك گیان دادەپۆشێ‌و ئارامی دەخاتە نێو نەفس و هێزو توانـای دەداتـێ : دڵ و دەروون تـێر دەکـاو هـەرچی لەجیـهان دایـە بەلایـەوە پوشێکە !!

وشەی (طمـع) لـەم شـوێنانەدا بـەمانا یـەقین دێ. وەکـوو حـەزرەتی ئیبراهیم ﷺ فەرمووی: ﴿والذي اطمع ان يغفر لي خطيئتي يوم الدين﴾ (الشعراء/٨٢).

رزگاربوونی موسا ﷺ و نەتەوەکەی، خنکاندنی فیرعەون و دارو دەستەکەی

وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِيٓ إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ ﴿٥٢﴾ فَأَرْسَلَ فِرْعَوْنُ فِي ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ ﴿٥٣﴾ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَشِرْذِمَةٌ قَلِيلُونَ ﴿٥٤﴾ وَإِنَّهُمْ لَنَا لَغَآئِظُونَ ﴿٥٥﴾ وَإِنَّا لَجَمِيعٌ حَٰذِرُونَ ﴿٥٦﴾ فَأَخْرَجْنَٰهُم مِّن جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٥٧﴾ وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴿٥٨﴾ كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَٰهَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٥٩﴾ فَأَتْبَعُوهُم مُّشْرِقِينَ ﴿٦٠﴾ فَلَمَّا تَرَٰٓءَا ٱلْجَمْعَانِ قَالَ أَصْحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدْرَكُونَ ﴿٦١﴾ قَالَ كَلَّآ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ ﴿٦٢﴾ فَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْبَحْرَ فَٱنفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَٱلطَّوْدِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٦٣﴾ وَأَزْلَفْنَا ثَمَّ ٱلْءَاخَرِينَ ﴿٦٤﴾ وَأَنجَيْنَا مُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ﴿٦٥﴾ ثُمَّ أَغْرَقْنَا ٱلْءَاخَرِينَ ﴿٦٦﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٦٧﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٦٨﴾

لەدوای ئەو روداوانەی پێشوو، حەزرەتی موسا ﷺ درێژەی بە بانگەوازی خۆیداو لەولاتی میصردا مایەوە، بەلگەو دەلیلی بۆ فیرعەون و دارو دەستەکەی هێنانەوە، بەهیچ جۆرێك نەهاتنە سەر رێگای

راست و ملیان نەدا، زۆر بەتوندو تیژی بەرەنگاری موساو پەیامەکەی بوونەوە، عەزاب و چەوسانەوەیان بۆ نەتەوەی ئیسرائیل رۆژ بەرۆژ زیادی دەکرد، پەروەردگار فەرمانی بەحەزرەتی موسا ﷺ کرد: کە ڕەو بەنەتەوەی ئیسرائیل بکا لەخاکی میصرەوە بەرەو فەلەستین بیانبا، بەشەو خۆیان ساز بدەن و لەشار دەرچن.

حەزرەتی موسا ﷺ فەرمانی پەروەردگاری بەجێهێنا، لەپێش دا ئەندازەیەکی زۆر خشڵ و زێڕو زیویان لە قیبطییەکان وەرگرت بەناوی ئەوەوە جەژنیانەو خۆیانی پێدەڕازێننەوە، شەوداهات و مانگ لەکەلێن سەری دەرهێنا ئیتر ئەوان دەستیان بەڕەو کردو کەوتنەڕێ.

حەزرەتی موسا ﷺ پرسیاری لەپیرەژنێکی کۆنەساڵ کردبوو گۆڕی حەزرەتی یوسفی نیشان دا، ئیتر لەسەر وەصییەتی حەزرەتی یوسف خۆی: کە رایسپاردبوو هەرکاتێ نەتەوەی ئیسرائیل لەمیصر دەرچوون، ئەوتابوتەی جەستەی ئەوی تێدا لەگۆڕنراوە، لەگەڵ خۆیان ببەنەوە بۆ خاکی فەلەستین و لەوێ بەخاکی بسپێرنەوە، تابوتەکەی حەزرەتی یوسفیشیان لەگەڵ خۆیان برد !

هەڵبەتە لێرەدا قورئان چەند روداوو رۆژگاری پێچاوەتەوە، ئەگینا دوابەدوای ئەو بەرامبەریو موبارەیاتەی نێوان حەزرەتی موساو ساحیرەکان و ئیمان هێنانیان و ئیعدام کردنیان لەلایەن فیرعەونەوە، حەزرەتی موسا ﷺ زۆر ماوەتەوە،گەلێك موعجیزەو روداوو بێنەوبەردە لەنێوان حەزرەتی موساو فیرعەون و تاقمەکەیدا رویان داوە، لەسورەتی(الأعراف)(ئایەتی ١٢٧-١٣٧)دا ئاماژەیان بۆکراوە.(١)

بەڵام سیاقەکە هەموو ئەو روداوانەی پێچاونەوەوهاتۆتە سەر رانواندنی

---

(١)سەیری جزمی (٩) ی ئەم تەفسیرە لاپەڕە(٤٥-٦٣) بکە.

کۆتایی چیرۆکەکەو ئەوە نمایش دەکا: کە لەگەڵ مەوزوعی سورەتەکەدا دەگونجێ! دەفەرموێ: ﴿وأوحينا الى موسى أن أسر بعبادي ليلاً انكم متبعون﴾ واتە: نیگامان بۆ موسا کرد؛کە شەورەو بەنەتەوەی ئیسرائیل بکا، بەشەو لەگەڵ قەومەکەی بەرەو دەریا بکەونەڕێ، (وادیارە فەرمانیان پێکراوە بەرەو خالّی بەیەکگەیشتنی خلیجی سوێس بەرەو ناوچەی دەریاچەکان ڕەوبکەن).

حەزرەتی موسا ﷺ چۆنی فەرمان پێکرابوو ئاوا هەڵسوکەوتی کرد، پەروەردگار هەواڵی ئەوەی دابوو بەموسا ﷺ: کە فیرعەون و لەشکرەکەی شوێنیان دەکەون، بەلاّم پێیان ناگەن و خۆیو بەنی ئیسرائیلیەکان رزگاریان دەبێو فیرعەون و لەشکرەکەی دەخنکێن! وەکوو ریوایەت کراوە: نەتەوەی ئیسرائیل چوارسەدو سی ساڵ لەخاکی میصردا مانەوە .

ئەو شەوەی ڕەویان کرد جەژنی (فصح) بوو، ژمارەی ڕەوکەران وەکوو لەئیبنوعەبباسەوە ریوایەت کراوە شەشسەد هەزار پیادە بوون لەپیاو،جگە لەژن و منداڵ .

فیرعەون بەم کەین و بەینەی نەتەوەی ئیسرائیلیەکانی زانیبوو، فەرمانی کرد ئامادەباشییەکی تەواو (تعبئة عامة) یەك بکرێ بۆ بەرەنگاریبوونەوەی ڕەوکردنەکەو نەهێلێ بەئاکام بگا.

بۆ ئەم مەبەستە ﴿فأرسل فرعون في المدائن حاشرين﴾ کە فیرعەون دڵنیابوو لەپیلانی بەنوئیسرائیلیەکان و زانی بڕیاریان داوە میصر بەجێبێڵن،رقی هەڵساو بەتەواوی فسقەڵ بوو، خێرا فەرمانی دا بنێرن بۆ شارو شارۆچکەکانی وڵاتی میصر سەربازو پیاوی سوپا کۆبکەنەوە، چڵکاوخۆرو یاساوڵەکانی فیرعەون بە وڵات دا بڵاوبوونەوە، دەستیان کرد بەکۆکردنەوەی سەربازو پۆلیس بەلاّم وادیارە فیرعەون هەستی بەخەتەرو هێزو توانای حەزرەتی موسا ﷺو شوێنکەوتوانی کردبوو، بۆیە هەوڵی دا

ورەی لەشکرو دارو دەستەکەی بەرز بکاتەوە، هەڵینان بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بکەونەڕێ و دووی بەنوئیسرائیلی‌یەکان بکەون نەهێڵن دەرچن، بۆ ئەم مەبەستەش سیّسیفەتی بۆ نەتەوەی ئیسرائیل دیاری‌کرد، بۆ ئەوەی لەشەئن و شکۆمەندی شوێنکەوتوانی موسا کەم بکاتەوەو جۆرە شەرعیەتێك بدا بە بەدودا چون و گێڕانەوەی بەنوئیسرائیلی‌یەکان بۆ ژێر ركێفی خۆیو دڵنیا کردنەوەی لەشکرەکەش لەسەرکەوتن.

دەڵێ: ﴿ان هؤلاء لشرذمة قليلون﴾ نەتەوەی ئیسرائیل: کە شوێن موسا‌ﷺ کەوتوون کۆمەڵێکی کەم و بێ‌هێزن، بەئاسانی دەتوانین دیلیان بکەین، یان بیانکوژین، یان بیانخەینەوە ژێر ركێفی خۆمان. دەی کە ئەوە حاڵیانە ئەدی ئەم هەموو لەشکر کۆکردنەوە لەچیو ئەم تەعبیئە گشتی‌یە لەچی.

﴿انهم لنا لغائظون﴾ ئەوان سەرپێچی فەرمانی ئێمە دەکەن و هەرچی ئێمە پێمان ناخۆش بێ ئەوان ئەوە دەکەن، ئاشوب و فیتنەیی بەرپا دەکەن، خشڵ و زێڕو زیوەکەشیان بردوین و ڕەویان کردوە ، لەژێر ركێفی ئێمە چوونەدەر. کە وابێ ئەوانە خەتەرن و ئێمە بەئاسانی نایانوێرینێ !!

﴿وانا لجميع حاذرون﴾ ئێمە هەموومان وریاو بەئاگاین دەزانین چی‌دەکەن و بەتەما چین، ناهێڵین بەمراز بگەن، جڵەوی فەرمانڕەوایی بەدەست ئێمەوەیە، چەك بەدەست و خاوەن هێزو توانایین، دەمەوێ قەلاچۆیان بکەم و لەناویان بەرم . بەکورتی فیرعەون نەیدەزانی چۆن پاساو بۆ لەشکرکێشی‌یەکەی بێنێتەوەو بەچ بیانویەك سوپاکەی هەڵنێ بۆ بەدوادا چوونی بەنوئیسرائیلی‌یەکان .

﴿فأخرجناهم من جنات وعيون و كنوز ومقام كريم ﴾ دڵ و دەروونی تاقمی فیرعەونمان هێنایە سەر ئەوە بەدوای بەنوئیسرائیلی‌یەکان

بکەون، لەناو ئەو باخ و باخاتەی تێیدا دەژیان دەرچوون، سەرچاوەو کانیاوی سازگارو باخی پڕ داریمیوەو سەوزو بەرەونەقیان بەجێهێشت، ماڵ و سامانی پەزمەندەکراوی ناو زەوی‌و خەزنەکانیان وازلیهێنا، خانوو کۆشك و باڵەخانەکانیان لەدوا خۆیان هێشتەوەو دوا نەتەوەی ئیسرائیل کەوتن و شوێن پێیان هەڵگرتن، ئەم چوونەدەرەوەیان دوا چوونەدەرەوەو دوا دیداریان بوو بەو ماڵ و سامان و باخ و کانیاوەی هەیانبوو، بۆی نەگەڕانەوەو نەیاندییەوە.

﴿**كذلك وأورثناها بني اسرائيل**﴾ پەروەردگار دەفەرموێ: کار بەوجۆرە بوو: کە بڕیارمان دابوو، فیرعەون و دارو دەستەکەیان لەمیصر وەدەرناو شوێن و گەنج و خەزێنەو باخ و کانیاوو جۆگاو زەوی‌و زاری ئەوانمان بەمیرات دا بەنەتەوەی ئیسرائیل ، ئەو نەتەوە ژێردەستەو چەوسێنراوەمان رزگار کردو ئازادی‌و ملك و سامانمان پێدان . وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرموێ: ﴿**واورثنا القوم الذين كانوا يستضعفون مشارق الأرض و مغاربها التي باركنا فيها**﴾(**الأعراف/١٣٧**) .

﴿**فأتبعوهم مشرقين**﴾ فیرعەون و لەشکرەکەی لەکاتی خۆرهەڵاتن دا لەلای خلیجی سوێس بە بەنوئیسرائیلییەکان گەیشتن، ئیتر ترس و خۆفێکی زۆر کەوتە ناو نەتەوەی ئیسرائیلەو،پێشیان دەریاو دواوەیان دوژمن !

دەفەرموێ: ﴿**فلمّا تراءى الجمعان**﴾ کە هەریەك لە لەشکری فیرعەون و نەتەوەی ئیسرائیل یەکتریان بینی ﴿ **قال أصحاب موسى: انّا لمدركون**﴾ تاقم و پێڕی حەزرەتی موسا وتیان: ئەوا فیرعەون و لەشکرەکەی پێمان گەیشتن و بەتەئکید دەمانکوژن و تازە گیان دەرنابەین. ئاها ئێستا نا ئێستا قەلاچۆمان دەکەن. .

حەزرەتی موسا عليه السلام دڵنەوایی‌کردن و دڵی‌دانەوە﴿قال﴾ پێیانی فەرموو: ﴿كلاّ﴾ نەخێر ئەوان بەئێمە ناگەن، ناتوانن قەلاچۆمان بکەن ، بەسەرمان دا زاڵنابن ﴿ان معي ربي سيهدين ﴾ بێگومان من خودام لەگەڵە، شارەزاییم دەکا بۆ رێگەی رزگاربوون . ئێمە سەردەکەوین، مەترسن و خەمتان نەبێ.

ئالەم کاتە ناسکەدا لەم وێستگە ترسناکەدا: کە نەتەوەی ئیسرائیل گیانیان گەیشتبوە سەری لوتیان و دەستیان لەخۆیان شوشتبوو، بەهیوای ژیان نەمابوون و حەزرەتی موسا عليه السلام ورەی بەردەنان و ترس و لەرزی لێ‌دەرەواندنەوە ، فریادرەسیان پێ‌گەیی‌و شەوەزەنگی نائومێدییان لێ بەرۆژبووەوە ﴿فأوحينا الى موسى أن اضرب بعصاك البحر﴾ سروشمان بۆ موسا عليه السلام کرد: کە بەعەصاکەی لەدەریا بدا.

ئەویش عەصاکەی لەدەریا دا ﴿فانفلق، فكان كل فرق كالطود العظيم﴾ دەریا لێك بلاوبوو، دوانزە جادەڕێی تێکەوتن و ئاوەکە تەباری بەست، هەر تەبارە ئاوێك دەتگوت: کێوی بەرزو سەرکەشە، رێگاکان بەهەواو بەتیشکی خۆر وشك بوونەوەو تەڕاییان تێدا نەما، رێگاکان بەگوێرەی تایەفەو هۆزەکانی بەنوئیسرائیلی بوو، هەر هۆزەیان بەرێگایەك دا رۆیشتن، بەبێ‌ترس و بیم بەناو دەریادا و بەرێبازی وشك دا کەوتنە رێ! وەکوو لەشوێنێکی‌تردا ئاماژە بەئەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿فاضرب لهم طريقاً في البحر يبساً لاتخاف دركا و لاتخشى ﴾(طه/٧٧).

فیرعەون و لەشکرەکەی کە ئەمەیان بینی سەرسام بوون و حەپەسان، بەچاوی خۆیان بەروناکی چێشتەنگاو ئەو دیمەنە سەرسوڕهێنەرەیان بینی‌و تێر تێر سەیریان کرد.

﴿وأزلفنا ثم الآخرين﴾ تاقم و پێڕەکەی تر کە جەماعەتی فیرعەون بوون لەدەریا نزیکمان کردنەوەو شوێن جەماعەتی موسا کەوتن، پاشەتای

بەنوئیسرائیلی‌یەکان لەدەریا دەرچوون و پاشەتای جەماعەتی فیرعەون هاتنە ناو دەریاوە .

﴿وأنجينا موسى ومن معه أجمعين﴾ موساو تاقم و کۆمەڵی لەگەڵی بوون هەموویانمان رزگارکردن ، کەسیان تێدا نەچوو.

﴿ثم أغرقنا الآخرين﴾ پاشان دەریامان وێك هێنایەوە، فیرعەون و سوپایەکەیان هەموو خنکاندن و کەسیان لێ‌دەرنەچوو.

﴿ان في ذلك لآية﴾ بێگومان لەم چیرۆکەدا، لەروداوە سەیرو سەر سوڕهێنەرەکانی دا پەندو ئامۆژگاری‌و نیشانەهەن لەسەر بەتوانایی خوداو راستی پێغەمبەرایەتی موسا ، لەسەر رزگارکردنی خوداپەرستان و لەناوبردنی ستەمکاران.

کەچی وێڕای ئەم بەڵگەو نیشانانە ﴿وماكان أكثرهم بمؤمنين﴾ زۆربەی زۆری قیبطی‌یەکان کە مابوونەوە لەناو میصردا هەروا زۆربەی زۆری بەنوئیسرائیلی‌یەکانیش ئیمانیان نەهێنا.

کەوابێ ئەتۆش ئەی موحەممەد! دڵتەنگ مەبە بەوەی کە زۆربەی قورەیشیەکان بەدرۆت دەخەنەوەو ئیمانت پێ‌ناهێنن، ئەمە داب و نەریتی زۆربەی گەلە پێشینەکان بووە.

﴿وان ربك لهو العزيز الرحيم﴾ بێگومان خودای تۆ ئەی موحەممەد! بالآدەست و خاوەن دەسەلاتە ، تۆڵە لەدوژمنەکانی دەسێنێ‌و وازیان لێ‌ناهێنێ، خاوەن رەحم و بەزەییە بۆ بەندە موسوڵمانەکانی و چاودێرو پارێزگاریانە !!

چیرۆکی دووەم: چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیمە عليه السلام

ئەم چیرۆکە پێك دێ لەسێ بەش:

١- هەرەشەکردن لەوانەی بتپەرستی دەکەن و بەیانکردنی صیفەتی ئەو خودایەی شیاوی پەرستنە

وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالُوا۟ نَعْبُدُ أَصْنَامًا فَنَظَلُّ لَهَا عَٰكِفِينَ ﴿٧١﴾ قَالَ هَلْ يَسْمَعُونَكُمْ إِذْ تَدْعُونَ ﴿٧٢﴾ أَوْ يَنفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُرُّونَ ﴿٧٣﴾ قَالُوا۟ بَلْ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا كَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ ﴿٧٤﴾ قَالَ أَفَرَءَيْتُم مَّا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ ﴿٧٥﴾ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمُ ٱلْأَقْدَمُونَ ﴿٧٦﴾ فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّىٓ إِلَّا رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٧﴾ ٱلَّذِى خَلَقَنِى فَهُوَ يَهْدِينِ ﴿٧٨﴾ وَٱلَّذِى هُوَ يُطْعِمُنِى وَيَسْقِينِ ﴿٧٩﴾ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ﴿٨٠﴾ وَٱلَّذِى يُمِيتُنِى ثُمَّ يُحْيِينِ ﴿٨١﴾ وَٱلَّذِىٓ أَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لِى خَطِيٓـَٔتِى يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴿٨٢﴾

لەسەرەتای سورەتەکەدا باسی خەفەتباری حەزرەتی موحەممەدی کرد لەسەر ئەوەی کە ئیمانی پێناهێنن، ئەمجار بۆ دڵدانەوەی ئەو، چیرۆکی حەزرەتی موسای گێڕایەوە، بۆ ئەوەی پێغەمبەر بزانێ: کە ئەو خەم و

خەفەتە تووشی حەزرەتی موساش هاتووە، ئەمجار بەشوێن ئەوەدا چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم ﷺدەگێڕێتەوەبۆ ئەوەی پێغەمبەر بزانێ کە خەم و نارەحەتی ئیبراهیم ﷺلەهی موساش زیاتر بووە: چونکە دەیبینی باوك و خزم و کەس و کاری بەرەو دۆزەخ دەڕۆن وناتوانێ رزگاریان بکاو لەو رێبازە چەوتە لایان دا.

هەموو ئەم چیرۆکانە ئاماژە بەوە دەکەن : کە سەرپێچی کردنی نەتەوەکان بۆ پێغەمبەرەکانیان داب و نەریتێکی کۆنەو بەردەوامە، پێویست بەغەم و نارەحەتی ناکا.

جائێستا دێینە سەر بەشی یەکەمی چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم ﷺلەگەڵ نەتەوەکەیدا : کە بریتییە لە دەربڕینی نارەزامەندیی حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ دژی خزم و کەس و کاری: کە بتپەرستیان دەکردو هاوەڵیان بۆ خودا دادەنا، هەروا ئەوەش رون دەکاتەوە کێ خودایەو کێ شیاوی عیبادەت بۆ کردنە.

دەفەرموێ: ﴿واتل علیهم نبأ ابراهیم﴾ ئەی موحەممەد! چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ بۆ گەل و نەتەوەکەت بخوێنەوە بۆ ئەوەی ئیمان بهێنن و چاو لە ئیبراهیم بکەن لەدڵسۆزیو پشت بەستن بەخوداو عیبادەت بۆ کردنیو یەکتاپەرستیدا، لەتەبەرِڕا بوون لەموشریك و ستەمکاران. بێگومان پەروەردگار هیدایەتی ئیبراهیمی دابوو، هەر لەمنداڵییەوە بەخوداناسی گەورەبوبوو. جاکە پێگەییو دەست ودوی خۆی ناسی دژی نەتەوەکەی وەستاو نارەزامەندی خۆی دەربڕی دژی بتپەرستییەکەیان .

ئەی موحەممەد ئەوەیان بۆ بخوێنەوە ﴿اذ قال لأبیه وقومه: ماذا تعبدون؟﴾ کاتێ بەباوکیو بەگەلەکەی خۆی گوت: ئەوە چییە ئێوە دەیانپەرستن ؟ ئەم پەیکەرە بێگیانانە چین ئێوە بەسەریاندا کۆم بوونەوەو لەدەوریان خۆتان کۆشمەڵە کردوە، بۆیە بەم شێوە پرسیارە تەحقیر ئامێزە

ئاماژەی بۆ کردن، بۆ ئەوەی سەرنجیان رابکێشێ کە ئەو شتانەی ئەوان عیبادەتیان بۆ دەکەن بەهیچ شێوەیەك شیاوی پەرستن نین، هیچ عەقڵ و یاسایەك پەسندی ناکا.

خزم و کەس و کارەکەی وەڵامیان دایەوە، بەشانازیەوە دانیان نا بەبتپەرسییەکەیان دا ﴿قالوا: نعبد أصناما فنظل لها عاكفين﴾ وتیان: ئێمە بەشانازییەوە ئەم بتانە دەپەرستین و بەخودایان دەزانین و بەردەوامیش دەبین لەسەر پەرستنیان، شەوو رۆژ بەندایەتییان بۆ دەکەین !!

حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ ویستی بەئاگایان بێنێتەوە دڵی مردویان زیندو بکاتەوە، عەقڵی خەڕەفاویان ئاگادار بکاتەوە، ﴿قال: هل يسمعونكم اذ تدعون أو ينفعونكم أو يضرون؟﴾ پیّی گوتن: ئەرێ کاتێك ئێوە لەو بتانە دەپاڕێنەوەو عیبادەتیان بۆ دەکەن گوێیان لێتانە؟ ئایا هیچ خێرو قازانجتان بۆ کێش دەکەن؟ یان زیانتان لیّدووردەخەنەوە؟ کەمترین شت بۆ خودایەك پەرستشی بۆ بکرێ ئەوەیە: کە نزاو پاڕانەوەی عابیدەکان ببیسێ؛ دەی کە ئەم بتانەی ئێوە بەخودایان دەزانن بیّگیان و هیچ نەبیس بن دەبێ سوود لەپەرستنەکەیان دا چیبێ؟ بۆ تۆزێ بیرناکەنەوە ، بۆچی بەخۆتاندا ناچنەوە ؟ چۆن رێگا بەخۆتان دەدەن عیبادەت بۆ ئەو پەیکەرە بیّگیانانە بکەن؟!

هەڵبەتە ئەوان وەڵامێکیان پیّنەبوو بۆ ئەم پرسیارەو گومانیشیان نەبوو لەوەدا: کە ئیبراهیم ﷺ گاڵتەو قەشمەرییان پیّدەکاو پرسیارەکەی بەتوانجەوەیە. بۆیە وەڵامێکی سەخیفانەیان دایەوە ﴿قالوا: بل وجدنا آباءنا كذلك يفعلون﴾ وتیان: بەڵکوو ئێمە باوك و باپیری خۆمانمان ئاوا دیوەو بەم شێوە ئەم پەیکەرانەیان پەرستووە! ئێمەش چاو لەئەوان دەکەین، ئەم پەیکەرانە بیّهەستن وقازانج و زیانیان پیّدەستەبەرنابێ،

بەلاَم ئێمە پێشینانی خۆمان بینیوە عیبادەتیان بۆ کردون ئێمەش بۆیان دەکەین !

بەراستی وەلاَمێکی خەجالَەت ئامێزە، بەلاَم ئەو پەیکەرپەرستانە شەرمیان نەکردو وتیان، وەکوو چۆن قورەیشییەکانیش بێشەرمانە هەمان هەلَسوکەوتیان نواندو پاساوی بتپەرستیەکەیان بەوە دێنایەوە: کە باوك و باپیرانیان کردویانەو ئەوانیش شوێن پێی ئەوانیان هەلَگرتووە.

ئەمە بەهێزترین بەلَگەیە لەسەر ئەوە: کە لاسایی کردنەوە لەعەقیدەو بیرو باوەڕدا کارێکی ناپەسندەو پێویستە عەقیدەو باوەڕ پشت بەبەلَگەی عەقلَیو نەقلَی ببەستێو ئیمان لەسەر بنج و بناغەی پتەو دابمەزرێ.

جا لەبەرامبەر ئەو مێشك وشکییەی موشریکەکان حەزرەتی ئیبراهیمعليه السلام وێڕای بارقولَیو پشوودرێژی کەم وێنەی، ناچاربوو هێرشی توندیان بکاتە سەرو دوژمنایەتی خۆی دژیان رابگەیەنێ، بەتوندی رەخنە لەو بیروباوەڕە فاسیدە بگرێ: کە رێگادەدا عیبادەت بۆ ئەو جۆرە پەیکەرانە بکرێ، ﴿قال: أفرأيتم ماتعبدون﴾ وتی: هەوالَم بدەنێو پێم بلَێن: ئەو شتانەی ئێوە دەیانپەرستن و بەخودایان دەزانن ﴿أنتم وآباءكم الأولين﴾ ئێوەو باوك و باپیرانی پێشینەتان، هەر لەکۆنەوە هەتا ئەمڕۆ ئایا ئەو عیبادەتکردنەی ئێوەو پێشینەکانتان چ سودێکی هەبووە؟ لە جێی خۆیدابووە؟

دەی ئەگەر ئەم پەیکەرانە کاریگەریەکیان هەیە، با من تووشی زیان بکەن! خراپەم پێبگەیەنن ، چونکە ﴿فأنهم عدو لي الا رب العالمين﴾ ئەوانە دوژمنی منن، عیبادەتیان بۆ ناکەم، بەخودایان نازانم، هیچ گرنگیێکیان پێنادەم ؛ بەلاَم ﴿رب العالمين﴾ کە خودایەکی حەق و راستەو بەدیهێنەرو رزق و رۆزی دەرمە، لە دونیاو لەقیامەت وەلیو سەرپەرشتیارمە، ئەمن هەر سەری بەندایەتی بۆ ئەو نەوی دەکەم،

عیبادەت و پەرستشی خۆم هەر ئاراستەی زاتی پاکی ئەو دەکەم و کەسی‌تر بەخودا نازانم، کەوابوو عیبادەت کردنم بۆ ئەو بتانە عیبادەتکردنی دوژمنە، بۆیە خۆمی لیٚدەپاریٚزم و عیبادەتی کەسیٚك دەکەم خیٚرو فەڕ هەمووی بەدەست ئەوە .

ئابەوشیٚوە حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ لەپیٚناوی عەقیدەو بیرو باوەڕدا دەسبەرداری خزم و خویٚشی بوو ، جاڕی جودابوونەوەو دوژمنایەتی خۆی بۆ خۆیان و خودا درۆزنەکانیان راگەیاند، ئەو زاتە پیرۆزە (قدوة حسنة)یە بۆ موسولْمانان تا رۆژی قیامەت، بۆیە دەبیٚ بڕواداران بزانن کە لەعەقیدەدا موجامەلەو موساوەمە نیە، هیچ شتیٚك لەبەرامبەر عەقیدەدا کیٚشی نیە، نابیٚ بۆ خزم و باوك و گەل و نیشتیمان دەستبەرداری بیرو باوەڕبین، دەبیٚ لەپیٚناو عەقیدەدا دەستبەرداری هەموو شتیٚك بین، پەیوەندی پەیوەندی بیروباوەڕە، شتەکانی تر دوا عەقیدەن، عەقیدە بناغەیەو شتەکانی تر لەسەر ئەو دادەمەزریٚن!

حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ بۆیە (رب العالمین)ی چەرت کرد چونکە لەوانەیە بریٚك لەباوك و باپیرە پیٚشینەکانیان خودایان پەرست بیٚ، یان لەتەك خودادا شتی تریان پەرست بیٚ، کەوابوو ئەم چەرتکردنە بۆ ئیحتیاط پیٚویست بوو، چونکە باسەکە باسی عەقیدەیەو حەسساسە!

ئەم هەلْویٚستە مەبدەئیە هەلْویٚستی خاوەن باوەڕانی راستەقینەیە، هەلْویٚستی ئەوانەیە: کە پشت بەخودا دەبەستن و چ باکیان لە غەیری خودا نیە، دلْیان لەراستی هەلْویٚستی خۆیانە و موجامەلەو موساوەمە بەهیچ شیٚوەیەك ناکەن !

ئەوەتا حەزرەتی نوح ﷺ بەرامبەر کۆمەلْی کافرو موشریکەکان دەفەرموێ: ﴿**فأجمعوا أمركم و شركاءكم ثم لايكن أمركم عليكم غمة، ثم اقضوا ولاتنظرون**﴾(**يونس** /٧١) .

حه‌زره‌تی هودیش به‌رامبه‌ر كافره‌كـان فـه‌رموی: **﴿اني اشهد الله أني بريئ مما تشركون من دونه فكيدوني جميعاً ثم لاتنظرون، اني توكلت على الله ربي و ربكم .....الأية﴾(هود/٥٤-٥٥).**

ئه‌مجار حه‌زره‌تی ئیبراهیم ﷺ، ده‌ست ده‌كا به‌ به‌یانكردنی وه‌صفی په‌روه‌ردگار، پێنج صیفه‌تی بۆ به‌یان ده‌كا:

١-﴿الذي خلقني فهو يهدين﴾ (رب العالمين) خودایه‌كی ئه‌وتۆیه‌ منی له‌نه‌بووه‌وه‌ به‌دیهێناوه‌، هـه‌روه‌كوو چـۆن هـه‌موو مـه‌خلوقات ئـه‌و به‌دیهێناون ، هه‌ر ئه‌و هیدایه‌تم ده‌دا بۆ به‌خته‌وه‌ریی دونیـاو قیامـه‌ت، وه‌كـوو له‌شـوێنێكی‌تردا ده‌فـه‌رموێ: **﴿الذي خلق فسوى والذي قدر فهدى﴾(الأعلى/٢-٣)**. هه‌موو شتێك به‌پێی نه‌خشه‌و پلانی پـه‌روه‌ردگار دێو ده‌ڕوا، ئه‌و به‌دیهێناوه‌و ئه‌و به‌ڕێوه‌ی ده‌باو هیدایه‌تی ده‌دا،كـه‌وابوو به‌ به‌دیهێنان و هیدایه‌ت هه‌موو سودێك ده‌سـته‌به‌ر ده‌بـێ بـۆ ئه‌وانـه‌ی بیانه‌وێ سوودمه‌ندبن .

حه‌زره‌تی ئیبراهیم ﷺ ئه‌وه‌ راده‌گه‌یـه‌نێ: كـه‌ به‌نده‌یـه‌كی ملكـه‌چی فه‌رمانبه‌رداره‌و ئه‌وه‌ ده‌چه‌سپێنێو ده‌فه‌رموێ: خودا ده‌زانێ منـی لـه‌چی دروست كـردوه‌و لـه‌چی هێنـاومی مـن بـۆ خـۆم نـازانم ، ئـه‌و ده‌زانـێ ماهیه‌ت و پێكهاته‌ی من چی‌یـه‌و چی‌نیـه‌، زانایـه‌ به‌هه‌سـت و شـعورم، به‌حاڵ و سه‌ره‌نجامم، ئه‌و هیدایه‌تم ده‌دا بۆ ئه‌و ڕێبازه‌ی ده‌یگرمه‌بـه‌ر، بـۆ ئه‌و په‌یڕه‌وو پڕۆگرامه‌ی پابه‌ندی ده‌بم، من به‌ته‌واوی خۆم ته‌سلیمی خودای خۆم كردوه‌ .

٢-﴿والذي هو يطعمني ويسـقين﴾ پـه‌روه‌ردگار ئـه‌و خودایه‌یـه‌: كـه‌ رزق و رۆزیم ده‌دا، هۆكاری بژێوم دابین ده‌كا، بـاران ده‌بـارێنێ زه‌وی پـێ زیندوو ده‌كاته‌وه‌، دره‌خـت و روه‌ك وه‌بـه‌ردێنێ، رزقـی بـه‌نده‌كانی دابـین

دەکا، خواردن و خواردنەوەی بۆ گیانلەبەران فەراهەم هێناوەو پێداویستی بۆ دابین کردوون.

٣-﴿واذا مرضت فهو يشفين﴾ هەرکاتێ توشی نەخۆشییەك بووم هەر ئەو شیفابەخشە، حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ پێغەمبەرەو دەزانێ نەخۆشیو هەموو کارێك بەویست و ئیرادەی خودا دێتەجێ، بەلاَم پەیدابوونی نەخۆشییەکە وەپاڵ خودا نادا، چونکە لێرەدا مەقامەکە مەقامی رانواندنی نیعمەتەکانەو لەبەر ئەدەب و شەرم نەخۆشییەکە پاڵ خۆی دەدا شیفاکە پاڵ خودا .

هەروەکوو چۆن لەزۆر شوێنی تری قورئاندا شتی شەڕو خراپ پاڵ غەیری خودا دراوە بۆ نموونە ﴿وما أنسانيه الا الشيطان﴾ لەبیرچونەوەکە پاڵ شەیتان دراوە یان لەئایەتی ﴿وانّا لاندري اشرّ اريد بمن في الأرض ام اراد بهم ربهم رشدا﴾(الجن/١٠) ئەوەتا (شر) پاڵ غەیر مەعلوم دراوە بەلاَم (رشد) پاڵ خودا دراوە، لێرشدا حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ نەخۆشیەکەی پاڵ خۆی داوە.

٤-﴿والذي يميتني ثم يحيين﴾ پەروەردگار خودایەکی ئەوتۆیە لەژیانی دونیادا دەمرێنیو پاشان لە قیامەت دا زیندوم دەکاتەوە، کەسی تر توانای ئەوەی نیە.

٥-﴿والذي أطمع أن يغفر لي خطيئتي يوم الدين﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە، بەتەمام رۆژی قیامەت تاوانەکانم داپۆشیو لێم خۆش ببێ، چونکە کەسی تر دارای ئەوەی نیە لەدونیاو لەقیامەت دا لەتاوان خۆش ببێ. وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرموێ: ﴿ومن يغفر الذنوب الا الله؟﴾(آل عمران/١٣٥) .

وشەی ﴿أطمع﴾ ی بەکارهێنا، وتی: بەتەمام ورەجام وهایە خودا لێم خۆش بێ. تا ئاماژەبێ بەئەوە کەهیچ شتێك لەسەر خودا واجب نیە،

پاداشدانەوەو هەڵگرتنی عەزاب و لێخۆشبونی تاوان فەزڵ و بەخششی خودایەو بەمەحضی خودایەتی خۆی ئەنجامی دەدا.

ئەمە نیشانەی بەندەی بەخۆچاراوو موخلیص و راستاڵە، ئەوەتا حەزرەتی ئیبراهیمی پێغەمبەرو خەلیل، وێڕای ئەو خۆتەسلیم کردن و بەندایەتی کردنەی بۆ خوداو هەست کردنی بەو نزیکیەی لە زاتی کردگار، کەچی ترسی ئەوەی هەیە تاوانی هەبن، پشت بەتاعەت و خوداپەرستی خۆی نابەستێ، کردەوە باشەکانی خۆی بەلاوە بێبایەخن لەئاستی نیعمەتە جۆراو جۆرەکانی خودا، بۆیە لەناخەوە بەتەمای رەحمەت و فەزڵی خودایەو ئەو ئاسۆیە بەفریادرەسی خۆی دەزانێ وێڕای لێبڕان بۆ خوداپەرستیو بەندایەتیکردن بەم هیوا گەشەوە بەرەو ژیانی جاویدانی هەنگاودەنێ !!

بەڕاستی ئەمە هەستکردنە بەتەقواو لەخودا ترسان، هەستکردنە بەئەدەب و حیشمەت، هەستکردنە بەنرخ و بەهاو نیعمەتە جۆراوجۆرە زۆرەکانی خودا کە لەژمارە نایەن. نرخاندنی کردەوەی ئادەمیزادە کە لەبەرامبەر نیعمەتی خودا: کە زۆر کەم و بێنمودن.

سەعدی شیرازی دەڵێ: هەموو هەناسەدانێك دوو نیعمەتە، یەکەمیان: درێژەپێدەری ژیانەوەو ئەوی تریان: راحەتی جانە، دەی ئادەمیزاد ئەگەر بەدرێژایی ژیانی خەریکی سوپاس و حەمدی خودابێ پاساوی هەناسە دانەکەی ناداتەوە !!

٢- دوعاو پارانەوەی بەسۆزی ئیبراهیم عليه السلام

رَبِّ هَبْ لِي حُكْمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ ﴿٨٣﴾ وَاجْعَل لِّي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآخِرِينَ ﴿٨٤﴾ وَاجْعَلْنِي مِن وَرَثَةِ جَنَّةِ

ٱلنَّعِيمِ ﴿٨٥﴾ وَٱغْفِرْ لِأَبِىٓ إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٨٦﴾ وَلَا تُخْزِنِى يَوْمَ يُبْعَثُونَ ﴿٨٧﴾ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾

دوای ئەوەی حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ بەوشێوە دڵسۆزیە سوپاسی پەروەردگاری کردو نیعمەتەکانی رانواندن. ئەمجار دوعاو پاڕانەوەیەکی بەسۆزو دڵسۆزانە ئاراستەی خودا دەکاو دەفەرموێ:

﴿ربّ هب لي حكما﴾ خودایە! حیکمەت و خاص ناسییەکی وەهام بدەرێ چاك و خراپ لێك جیا بکەمەوە، حەق و بەتاڵ لێك هەڵاوێرم بۆئەوەی لەسەر رێبازی حەق و راست بەردەوام بم تادەگەمە ئاکام .

﴿وألحقني بالصالحين﴾ خودایە! تۆفیقم بدە بۆ بەندایەتیکردنی خۆت، بۆ ئەوە بچمە پێڕو ریزی صاڵحانەوە، لەکۆمەڵی ئەوان کە دوورن لەتاوانی گەورەو بچوك، خودایە لەدونیاو لە قیامەت صاڵحم بکە.

پێغەمبەری ئیسلامیش لەکاتی سەرەمەرگا سێجار فەرموی: **(اللهمّ في الرفيق الأعلى)**. لەکاتی دوعاکردن و پاڕانەوەش دا دەیفەرموو: **(اللهم أحينا مسلمين، وأمتنا مسلمين، و الحقنا بالصالحين، غير خزاياو لامبدلين)**. بێگومان پەروەردگار دوعاکەی حەزرەتی ئیبراهیمی وەرگرت وەکوو لەشوێنێکیتردا دەفەرموێ: **﴿وانه في الآخرة لمن الصالحين﴾ (العنكبوت/٢٧)** .

﴿واجعل لي لسان صدق في الآخرين﴾ خودایە تۆفیقم بدە کاری چاك بەئەنجام بگەیەنم و بمکەرە رەچەشکێنی کاری باش و خەڵك شوێنم بکەوێ دوای خۆم بەباش ناوم بهێنن، حەزرەتی ئیبراهیم ﷺدوعای ئەوەی کرد لەعەقیدەو بیرو باوەڕدا وەجاخ کوێر نەبێ، دوا خۆی کەسانێك هەبن شوێن

ئەو بکەون و بەرێبازی ئەودا بڕۆن، خودا زمانی شیرین و پاراویـان بداتـێ بانگەوازی ئادەمیزادان بکەن بۆ رێبازی حەق و راست .

وێدەچێ حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ هەمان دوعای کردبێ کـاتێك لەگـەڵ ئیسماعیلی کوڕیدا دیواری کەعبەیان بەرز دەکـردەوە: کـە دەفـەرموێ: ﴿**ربنا واجعلنا مسلمين لك ومن ذريتنا أمة مسلمة لك وارنا مناسكنا وتب علينا انك أنت التواب الرحيم، ربنا وابعث فيهم رسولاً منهم يتلوا عليهم آياتك ويعلمهم الكتاب والحكمة ويزكيهم، انك أنت العزيز الحكيم**﴾(**البقرة/١٢٧-١٢٩**).

پـەروەردگار دوعاکـەی ئیـبراهیمی گـیراکردو ئاواتـەکانی هێنـانەدی دەفەرموێ: ﴿**وتركنا عليه في الآخرين، سلام على ابراهيم، كذلك نجزي المحسنين**﴾(**الصافات/١٠٨-١١٠**) یـان دەفـەرموێ: ﴿**وانه في الآخرة لمن الصالحين**﴾(**العنكبوت/٢٧**).

هەندێ لەدوعاو ئاواتەکانی حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ دوای هەزاران ساڵ گیرابوون، ئەمەش لەلای ئادەمیزاد ماوەیەکی زۆر دوورو درێژە، وەلێ لای پەروەردگار کاتێکی دیاریکراوە بۆ تێـدا هاتنـەجێی گـیرابوونی دوعـاو هاتنەدی ئاواتەکان !

﴿**واجعلني من ورثة جنة النعيم**﴾ خودایە! بمخەرە پێڕی ئەوانـەوە: کـە دەبنە میراتگری بەهەشت و لەناو نازونیعمەتەکانی دا ژیان بەسەر دەبەن. لەوەپێش دوعای کرد خودا بیخاتە گەڵ پێڕی پیاوچاکان بەوە تۆفیقی بـدا کردەوەی چاك ئەنجام بدا، بەهەشتیش بەمیرات دەدرێ بەپیاوچاکان .

ئەمجار دوعا بۆ بـاوکی دەکـا، هەرچـەندە بـاوکیو گەلەکـەی قسـەی ناخۆشیان پێگوتن و بەربەرەکانێیان کرد، بەڵام لەوەپێش وادەی پێدابوو: کە دوعای بۆبکاو وادەی خۆی بردەسەرو فەرموی: ﴿**واغفر لأبي انه كان من الضالين**﴾ خودایە! لەتاوانی باوکم خۆش ببەو هیدایەتی بدە بۆ ئیمان

هێنان، چونکە ئەو گومڕایەو سەری لێتێکچووە، هەڵبەتە وەکوو ئاماژەمان پێکرد دوعاکردنی حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ بۆ باوکی پێش ئەوەبوو: دڵنیابێ: کە ئیمان ناهێنێو دوژمنی خودایە، هەروا چونکە وەعدی پێدابوو: کە دوعای بۆ بکا، وەکوو دەفەرموێ:﴿**وما كان استغفار ابراهيم لأبيه الاّ عن موعدة وعدها اياه فلما تبين له أنه عدو لله تبرا منه ، ان ابراهيم لأواه حليم**﴾(التوبة/١١٤) جا کە بۆی دەرکەوت باوکی دوژمنی خودایە، لێی تەبەڕڕا بوو، زانی: کە خزمایەتی خزمایەتی ڕەگەز نیە و هۆزایەتیو کەسایەتی: کە عەقیدە پێکیانەوە نەبەستێتەوە چ بایەخێکی نادرێتێ! دۆستایەتیو خزمایەتی دەبێ لەسەر بناغەی بیرو باوەڕ دابمەزرێ!

ئەمجار داوا دەکا: لەقیامەت دا بەشێوەیەکی گشتی خودا چاوپۆشی لێبکاو دەفەرموێ: ﴿**ولاتخزني يوم يبعثون**﴾ خودایە ڕۆژی قیامەت ریسوام نەکەی، لەورۆژەدا مەخلوقات زیندودەکەیتەوە، لەسەرزەنشت و لۆمەی خۆت بمپارێزەو لەکەم وکوڕیەکانم ببورە، تاوانەکانم داپۆشەو ریسوام مەکە!

لەم دوعاو پاڕانەوەی ئیبراهیمەوە دەردەکەوێ: کە ئەو زاتە چەند ترس و بیمی ڕۆژی قیامەتی هەبوە، چەند شەرمی لەخودا کردوەو چەند ترساوە لەوەی لەو ڕۆژەدا لەبەردەم خودادا ریسوا بێ !

بەتایبەتی: کە حەقیقەتی ئەو ڕۆژە دیاریدەکا، قییەمە راستیەکان ڕون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿**يوم لاينفع مال ولابنون الا من أتى الله بقلب سليم**﴾ ئەو ڕۆژەی: کە ماڵ و منداڵ هیچ سودێکیان بۆ ئادەمیزاد نابێو چ کەڵکیان لێوەرناگیرێ، لەفەرزی مەحاڵ دا ئەگەر پڕبەزەوی زێڕو زیو بە فیدیە بدات تۆزقاڵێك عەزابی خودای لیکەم نابێتەوە، ماڵ و خێزانی ناتوانن یارمەتی بدەن و عەزابی لێسووك بکەن !

لەو ڕۆژەدا ئەوەی سودبەخش بێ تەنیا ئیمان بە خوداو کردەوەی چاکە فریای ئادەمیزاد دەکەون، دڵسۆزی لەئایین دا، دوورکەوتنەوە لە موشریك و بتپەرستان جودا بوونەوە لێیان سودی هەیە بۆ ئەو ڕۆژە.

مەبەست بە ﴿قلب سليم﴾ دڵێکە باوەڕی پڕو پوچی تێدا نەبێ، مەیلی تاوان و سەرپێچی کردنی تێدا نەبێ، پێش هەموو شتێك نەخۆشی کوفرو نیفاقی تێدا نەبێ.

سەعیدی کوڕی (المسيب) فەرمویەتی: (قلب سليم) دڵی موسوڵمانە، چونکە دڵی کافر نەخۆشە، نەخۆشی کوفرو شیرك و نیفاقی تێدایە.

وەصف و دیاردەی ڕۆژی قیامەت و پهواب و سزای کافرەکان و ژێوان بوونەوەی بتپەرستەکان

وَأُزْلِفَتِ ٱلْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٩٠﴾ وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ لِلْغَاوِينَ ﴿٩١﴾ وَقِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ ﴿٩٢﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ هَلْ يَنصُرُونَكُمْ أَوْ يَنتَصِرُونَ ﴿٩٣﴾ فَكُبْكِبُوا۟ فِيهَا هُمْ وَٱلْغَاوُۥنَ ﴿٩٤﴾ وَجُنُودُ إِبْلِيسَ أَجْمَعُونَ ﴿٩٥﴾ قَالُوا۟ وَهُمْ فِيهَا يَخْتَصِمُونَ ﴿٩٦﴾ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾ وَمَآ أَضَلَّنَآ إِلَّا ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٩٩﴾ فَمَا لَنَا مِن شَٰفِعِينَ ﴿١٠٠﴾ وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ ﴿١٠١﴾ فَلَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٢﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٤﴾

پاش ئەوەی حەزرەتی ئیـــبراهیم ﷺبەوشـێوە ئیخـلاص و پڕسـۆزەوە لەخودا پاڕایەوە، کۆتایی پاڕانەوەکـەی بـەوە هێنـا: کـە رۆژی قیامـەت ریسوای نەکا، ئەمجار دیـمەنێك لەدیمەنـەکانی رۆژی قیامـەت رادەنوێنـیّ، وێنەی ئەو رۆژەی ئیبراهیم لیّی دەترسیّ بەشـێوەیەکی سـامناك دەخاتـە بەرچاو، هەردەلّیّی حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ ئامادەی ئەو رۆژەیـەو چـاوی لەدیمەنەکانیەتیو هانا بۆ پەروەردگار دەبـاو بـەو نـزاو پاڕانـەوە پڕسـۆزە رودەکاتە بارەگای خودا، بۆ ئەوەی لەو عەزاب و سزایە دووربیّ !

﴿وأزلفت الجنة للمتقين﴾ ئەو رۆژە رۆژێکە بەهەشت بۆ خوداپەرسـتان نزیك دەکرێتەوە، سەیری دەکەن و پەلە دەکەن لەچوونە ناوی، دەرگایان بۆ دەکرێتەوە دەچنە ژوورەوەو بەمراز دەگەن !

﴿وبرزت الجحيم للغاوين﴾ ئـەو رۆژە رۆژێکـە دۆزەخ دەردەخـریّ بـۆ گومڕایان بەجۆرێك بەئاشکرا چاویان پێی دەکەویو دەزانن ئەوە شـوێن و جێگایانـە، لەنزیکیـەوە رادەگـیرێن و گوێیـان لەلۆمـەو سەرزەنشـت و تەقریعە، ئەمـەش بۆ ئەوەی زووتـر غـەم و نارەحـەتی دایـانگریو سـزای گومڕاییو ستەمکاریی دونیایان چاوپیّبکەویّ.

ئەمجار پێش ئەوەی فـڕیّ بدرێنـە نـاو دۆزەخـەوە بـۆ زێـدە سـزادان و ریسواکردن پرسیاری لۆمەئامێزیان لیّدەکریّ، ﴿وقيل لهـم: أيـن مـا كنتم تعبدون، من دون الله ، هل ينصرونكم أو ينتصرون ؟﴾ پێیان دەگوتریّ: لەکوێن ئەو خودایانەتان: کە پەرستشتان بۆ دەکردن و پێتان وابوو فریاتان دەکەون و عەزابتان لیّدووردەخەنەوە؟ ئایا بـەهانای خۆیانـەوە دێـن تـا فریای ئێوە بکەون؟! باش بزانن و دڵنیابن، نەدەتوانن ئێوە رزگاربکەن نە فریای خۆیان دەکەون. ئێوەو خودا درۆزنـەکانتان سـوتەمەنی دۆزەخـن و دەخرێنەناوی.

هەڵبەتە هیچ وەڵامێکیان نیەو چاوەڕوانی وەڵامیشیان لیٚناکریٚ، خۆ ئەگەر وەڵامیش بدەنەوە هیچیان بەدەستەوە نیە، کەوابوو پرسیارەکە بۆ سەرزەنشت و لۆمە کردنە، بۆ سەرکوتانەوەو چاوشۆڕکردنە!!

ئیتر ﴿فکبکبوا فیها هم والغاوون، وجنود ابلیس أجمعون﴾ بەرەو دەم توڕدرانە ناو دۆزەخەوە، خودا درۆزنەکانیان و بتپەرستەکان، ستەمکارو سەرانی کوفرو شوێنکەوتوانیان، تێکڕاو بەکۆمەڵ هەڵدەدرێنە ناو دۆزەخەوەو بەسەریەك دا دەترشێن، هەروەکوو چۆن لەگەڵ ئەوان دا شوێنکەوتوانی شەیتان لەیاخی بووانی ئادەمیزادو جندۆکە فڕیٚ دەدرێنە ناوی.

پێشخستنی خودا درۆزنەکان بۆ توڕدانە ناو دۆزەخ بۆ ئەوەیە: کە پەرستشکارەکانیان بەچاوی خۆیان بیٚبایەخی خودا درۆزنەکانیان زیاتر بۆ دەربکەوێو لەرزگاربوون ناهومێد بن . هەموو ئەوانەی سەرپێچی فەرمانی خودا دەکەن و دەخرێنە ناو دۆزەخەوە سەربازی شەیتانن. کەوابوو باسکردنی (جنود ابلیس) ذیکری عامە دوای خاص.

﴿قالوا ـ وهم فیها یختصمون ـ : تالله ان کنا لفي ضلال مبین، اذ نسویکم برب العالمین﴾ تاقمی گومڕاو بەدبەخت ـ لەو حاڵەتەدا: کە زۆر خەفەتبارو رق هەڵساون و کێشەو جیدال لەنێوان ئەوان و گومڕاکەران دا گەیشتۆتە چلە پۆپەو لەگەڵ خودا درۆزنەکانیان و شەیاتینیەکان دا دەمیان تێك ژەنیوە ـ دەڵێن: سوێند بەخودا ئێمە لەزەلکاوی گومڕایی دا بووین: کە ئێوەمان دەکردە هاوشانی خودا لەگەڵ خودا دا یەکسان سەیرمان دەکردن و وەکوو خودا عیبادتمان بۆ ئەنجام دەدان، پێمان وابوو شیاوی پەرستش بۆکردنن ! بەراستی ئێمە سەرلیٚشێواوو گومڕابووین . لەئایەتێکیتردا ئاماژە بۆئەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿ان ذلك لحق تخاصم

اهل النار﴾ (ص/٦٤). ئێستا دان بەتاوانی خۆیان دا دەنێن ، بەلاّم چ سوود!

ئەمجار تاوانی گومڕایی خۆیان دەخەنە سەر گومڕاکەران و دەلّێن: ﴿وما أضلنا الا المجرمون﴾ لەراستیدا کەس ئێمەی گومڕا نەکردووە جگە لەتاوانبارانی شەیاتینیو سەرانی ملهوڕو تاغوت و ریش سپیو پیاو ماقولّەکانمان. ئەوان ئێمەیان گەیاندە ئەم ڕۆژە رەشە، وەکوو لەشوێنێکیتردا دەفەرموێ: ﴿وقالوا: ربنا انا أطعنا سادتنا وكبرائنا، فأضلونا السبيلا﴾(الأحزاب/٦٧).

ئاوا بەجۆرە تاوانەکەیان دەخەنە ملی موجرمینەکان و دەلّێن: سوچی ئەوان بووە... پاشان وەئاگا دێنەوەو دەزانن: کە کارلەکار ترازاوە، ئیعلانی مالّ وێرانی خۆیان دەکەن و دەلّێن: ﴿فما لنا من شافعين ولاصديق حميم﴾ ئەمڕۆ ئێمە هیچ تکا کارێکمان نیە قسەیەکی خێرمان بۆ بکا، دۆستێکی دلّسۆزمان نیە فریامان بکەویّو تۆزێك عەزابمان لەسەر سوك بکا، ئەوانەی لەدونیادا پێمان وابوو: دەبنە شەفاعەتکارمان لای خوداو عەزابمان لیّدووردەخەنەوە درۆودەلەسە بوون، نەخوداکانمان شەفاعەتمان بۆ دەکەن و نە دۆستێکمان هەیە سودێکمان پیّ بگەیەنیّ.

دەی ئەگەر شەفاعەتکارمان نەبن و دۆستێکمان نەبیّ سودێکمان پیّبگەیەنیّ، دەبیّ نەمان گێڕنەوە بۆ دونیابۆ ئەوەی هەلّەکانمان راست بکەینەوە، کارێك بکەین خۆمان لەم سزا سامناکە بپارێزین.؟ وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرمویّ: ﴿فهل لنا من شفعاء فيشفعوا لنا، او نرد فنعمل غير الذي كنا نعمل﴾(الأعراف/٥٣) .

دەلّێن: ﴿فلو أن لنا كرة فنكون من المؤمنين﴾ خۆزگە گەرانەوەمان بۆ دونیا بۆ دەستەبەر دەبوو، ئیتر ئەو کاتە ئیمانمان بە خودا دەهێناو

یەکتاپەرستیمان دەکردو هیچ شتێکمان نەدەکردە هاوەڵ و هاوشانی خودا، بڕوامان بە پێغەمبەرەکانی دەکردو کردەوەی باشمان ئەنجام دەدا، توخن ئەوکارو کردەوانەمان نەدەکەوتین : کە لەوەوپێش ئەنجامان داون .

بەڵام ئەوە ئاواتێکەو نایەتەدی، نەگەڕانەوەیان هەیەو نەشەفاعەتکار، ئەوەی دەشیلێن درۆو موراوەغەیە، ئەگەر لەفەرزێك دا بگەڕێندرێنەوە بۆ جیهان و وەزع وحاڵی دونیایان بۆ دروست بێتەوە، دەست دەکەنەوە بەسەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خودا، وەکوو لەشوێنێکیتردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: **﴿ولو ردّوا لعادوا لما نهوا عنه وانهم لكاذبون﴾ (الأنعام/٢٨)**.

ئەمەش دڵدانەوەی پێغەمبەرە ﷺ بۆ ئەوەی غەم و نارەحەتی بەدرۆخستنەوەی لەلایەن قورەیشییەکانەوە لەسەر سوك ببێ و ئەوەندە دڵتەنگ نەبێ بەسەرپێچی گەلەکەی و ڕووەرگێڕان لە بانگەوازییەکەی. تەنانەت لە جیهاندا لەو کاتەدا کە دەکەونە ناو تەنگانەو ناخۆشییەوە، ئامادەباشی خۆیان دەردەبڕن بۆ ئیمان هێنان هەرلەگەڵ لەتەنگانەکە ڕزگاریان بوو خێرا پاشگەز دەبنەوە، وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرموێ: **﴿ولو رحمناهم وكشفنا مابهم من ضرٍ للجوا في طغيانهم يعمهون﴾ (المؤمنون/٧٥)**.

ئەمجار لەکۆتایی چیرۆکەکەدا تەعقیبە باوەکە دەهێنێو دەفەرموێ: **﴿ان في ذلك لآية و ماكان أكثرهم مؤمنين﴾** بێگومان لەم لایەنەی چیرۆکی ئیبراهیم دا کە لەگەڵ قەومەکەی دا کەوتە هێنانەوەی بەڵگەو دەلیل لەسەر تاك و تەنهایی خوداو هیچ و پوچی بتەکانیان و بەبەڵگە بۆڕیدان، پەندو ئامۆژگاری هەن بەڵگەی ئاشکراو نمایان هەن لەسەر ئەوە: کە هیچ خودا نین جگە لە(الله) هەرئەو خودایەو هەرئەو شیاوی بەندایەتی

بۆ کردنە. وەلیّ ویّرای هەبوونی ئەم هەموو بەڵگەو دەلیلانە زۆربەی زۆری گەلی ئیبراهیم ئیمانیان بە خودا و پیّغەمبەری خودا ئەهیّنا!!

﴿وان ربك لهو العزيز الرحيم﴾ بیّگومان خودای تۆ ئەی موحەممەد! کە تۆی کردوە بە پیّغەمبەرو رەوانەی کردوی بۆ سەر ئادەمیزادو بەپیر بانگەوازی‌یەکەتەوە نایەن، بەتواناو دەسەلاّتە، دەتوانیّ تۆڵەی سەرپیّچییان لیّ‌بستیّنیّ، خاوەن رەحم و بەزەیی‌یە: کە مۆڵەتیان دەداو زوو لەناویان نابا بۆ ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوەو ئیمان بیّنن، هەروەها خاوەن رەحم و بەزەیی‌یە بۆ موسوڵمانان و کۆمەگیان پیّ‌دەکاو بەسەر دوژمنانیان دا زاڵیان دەکا، لەقیامەتیش دا لەبەهەشتی جوان و رازاوەدا بەمرازی خۆیانیان دەگەیەنیّ!

چیرۆکی سیّیەمی ئەم سورەتە: چیرۆکی حەزرەتی نووحە ﷺ لەگەڵ گەلەکەیدا

كَذَّبَتْ قَوْمُ نُوحٍ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٠٥﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ نُوحٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٠٦﴾ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٠٧﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٠٨﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠٩﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١١٠﴾ ۞ قَالُوٓا۟ أَنُؤْمِنُ لَكَ وَٱتَّبَعَكَ ٱلْأَرْذَلُونَ ﴿١١١﴾ قَالَ وَمَا عِلْمِى بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١١٢﴾ إِنْ حِسَابُهُمْ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّى ۖ لَوْ تَشْعُرُونَ ﴿١١٣﴾ وَمَآ أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١١٤﴾ إِنْ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ

﴿قَالُوا۟ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَٰنُوحُ لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمَرْجُومِينَ ﴿١١٦﴾ قَالَ رَبِّ إِنَّ قَوْمِى كَذَّبُونِ ﴿١١٧﴾ فَٱفْتَحْ بَيْنِى وَبَيْنَهُمْ فَتْحًا وَنَجِّنِى وَمَن مَّعِىَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١١٨﴾ فَأَنجَيْنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ فِى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿١١٩﴾ ثُمَّ أَغْرَقْنَا بَعْدُ ٱلْبَاقِينَ ﴿١٢٠﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٢١﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٢٢﴾

وەكوو زانیمان لەوەپێش لە چیرۆكی حەزرەتی موساوە گەڕایەوە بۆ رۆژگارێكی دێرینترو لەوەپێشتر. ئێستاش بەهەمان شێوە لە چیرۆكی حەزرەتی ئیبراهیمەوە پێدا هەڵدەكشێتەوە بۆ رۆژگارێكی پێشترو چیرۆكی دووەم بابەگەورەی ئادەمیزاد؛ حەزرەتی نووح ﵇ رادەنوێنی، چونكە لێرەدا هێڵە مێژووییەكە گرنگ نیەو زنجیرە مێژووییەكە مەبەست نیە، بەڵكوو مەبەست پەند وەرگرتنە لەسەرەنجامی شیرك و بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەران.

چیرۆكی حەزرەتی نووح ﵇ وەكوو چیرۆكی حەزرەتی ئیبراهیم ﵇و موسا ﵇ چەند جار لەقورئان دا دووبارە بۆتەوە ، هەرجارە بەئوسلوبێك رانوێندراوەو بۆ مەبەستێك هێنراوە .

حەزرەتی نووح یەكەم پێغەمبەرە: كە پەروەردگار ناردویەتی بۆ سەر دانیشتوانی سەر زەوی دوای ئەوەی بتپەرستیان تێدا پەیدابوو. هاتە ناویان و جڵەوگیریی لیٚ كردن لە هاوەڵدانان بۆ خوداو بتپەرستی، لەسەرەنجام ولەئاكامی بتپەرستی ترساندنی ، نۆسەدو پەنجا ساڵ لەناویاندا مایەوەو بانگەوازی كردن، بەشەوو بەرۆژ بەئاشكراو بە چپە لەگەڵیان خەریك بوو، بانگەوازییان بەگویٚدا نەچوو، بڕوایان پیٚنەكردو بەدرۆیان

خستەوە، کۆمەڵێکی کەم نەبێ کەس شوێنی نەکەوت، جاکە لێیان نائومێدبوو دوعای لەناوبردنی لێکردن و خودا بەتۆفان خنکاندنی.

دەفەرموێ: ﴿كذبت قوم نوح المرسلين، اذ قال لهم أخوهم: ألا تتقون؟﴾ گەلی نووح پێغەمبەرانیان بەدرۆخستنەوە واتە: پەیامی نووحیان ردتکردەوەو ئیمانیان پێنەهێنا؛ کاتێك نووحی هاوڕەگەزو هاوڵاتیو هاوعەشرەت و خزمیان پێی گوتن: ئەوە بۆ لەخودا ناترسن و چۆن بەندایەتی بۆ ئەم پەیکەرانە دەکەن؟ ئایا ترسی سزای سەختی خوداتان نیە؟

هەڵبەتە گەلی نووح تەنها حەزرەتی نووحیان بە درۆخستۆتەوەو هەرئەو بانگەوازی کردون، کەچی قورئان دەفەرموێ: پێغەمبەرانیان بەدرۆخستونەوە، چونکە ریسالەی پێغەمبەران لەبنەمادا یەك ریسالەیەو هەموو پێغەمبەرێك بانگەوازی کردوە بۆ یەکتاپەرستی و بەندایەتیکردنی دڵسۆزانە بۆ پەروەردگارو بڕواکردن بە پێغەمبەرایەتیو هاتنی رۆژی قیامەت. جا کەسێك ئەگەر پەیامی پێغەمبەرێك رەت بکاتەوە وەکوو ئەوە وایە پەیامی هەموو پێغەمبەرانی رەت کردبێتەوە.

بەدرێژایی مێژوو بانگەوازی پێغەمبەران بۆ یەکتاپەرستی بووە، بۆ گێڕانەوەی ئادەمیزاد بووە لەبتپەرستیو هاوەڵدانان بۆ خودا بۆ چەسپاندنی راستی پێغەمبەرایەتی بووە، بۆ بڕواکردن بەهاتنی رۆژی قیامەت بووە؛ هەموو پێغەمبەرێك ئەم بنەمایانەیان دوبارەکردونەوەو بەئوسلوبی خۆیان بانگەوازییان بۆ کردون، ئەم سێشتە سەرەکییانە کوللیاتی بیرو باوەڕی ئیسلامین و هەموو پەیامێکی پێغەمبەران ئەم بنەمایانەیان لەخۆگرتوون.

ئیتر لەم روەوە کۆمەڵگای ئادەمیزاد دابەش دەکرێ بۆ لای دو بەش: کۆمەڵگای موسوڵمان و کۆمەڵگای کوفر، کەوابوو بەدیدی موسوڵمانان

گەل و نەتەوە خوداپەرستەکان لەهەر رەگەزو توخمێك بووبن، لەهەر چەرخ و رۆژگارێك دا بووبن ، بەئوممەتی ئیسلام حسێب دەکرێن، ئەوی وانەبوو لەپێڕی کافرانەو لەسەنگەری بەرامبەردایە، بۆیە موسوڵمانان بڕوایان بە هەموو پێغەمبەرێك هەیەو ڕێزی هەموان دەگرن چونکە هەمویان تێکڕا هەڵگری پەیامێکن ئەویش پەیامی یەکتاپەرستی‌یە.
مرۆڤایەتی لەدیدی موسوڵماندا دوبەشە؛ ئەهلی حەق و ئەهلی بەتاڵ، لەهەموو کات و شوێنێك دا موسوڵمان لەگەڵ ئەهلی حەقە دژی ئەهلی بەتاڵە، ئەمە بەرنامەیەتی‌و بەوشێوە هەڵسو کەوت دەکا !

حەزرەتی نوح کە پەیامی خۆی بەگوێی گەلەکەی‌دا دا لەسەرەنجامی بتپەرستی ترساندنی ، دو صیفەتی خۆی بۆ گەلەکەی رونکردەوە:

١-پێیانی فەرموو: ﴿اني لكم رسول أمين﴾ ئەمن بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی ئەمیندارم، خیانەتتان پێ‌ناکەم، دڵسۆزم بۆتان، چیم پێ‌سپێرراوە بەبێ زێدەو نوقصان پێتانی رادەگەیەنم و بۆتانی شی‌دەکەمەوە.

﴿فاتقوا الله وأطيعون﴾ لەعەزابی سەختی خودا بترسن، گوێ‌بیستی من بن لەوەی فەرمانتان پێ‌دەکەم لەخوداپەرستی‌و یەکتاپەرستی.

٢-﴿وما أسألكم عليه من أجر، ان أجري الآ على ربّ العالمين﴾ ئەمن لەپاساوی ئەم بانگەوازو ئامۆژگاری‌کردنەم دا، داوای کرێ‌و پاداشتتان لێ‌ناکەم بمدەنەوە. کالاو مەبەستی دونیاییم ناوێ، بۆ وەدەستهێنانی ماڵ و سامان و پلەو پایەی دونیایی بانگەوازیتان ناکەم، پاداشتی من لای خودایە ئەو ئەرکی بانگەوازی خستۆتە ئەستۆم و هەر ئەویش پاداشم دەداتەوە..

راگەیاندنی ئەوە: کە لەپاساوی بانگەوازی‌یەکەی دا مەبەستی کرێ‌و پاداشت نیە لەوان و جەخت کردنەوە لەسەر ئەوە: کە هیچ مەبەستێکی

دونیایی پێیان نیە کارێکی پێویستەو دەبێ بانگخوازانی ئیسلام هەموو کاتێ بەرچاوی خۆیانی بگرن و لەناخەوە پابەندبن پێیەوە، بۆ ئەوەی بانگەوازیەکەیان لە بانگەوازی کاهین و دونیا خوارانی بەناو دینەوە جیابکەنەوە. بەکردەوە بیچەسپێنن: کە ئەوان پێچەوانەی ئەوانەن ئایین دەکەنە هۆکاری دونیا دەستەبەرکردن و روتاندنەوەی خەڵکی رەش و روت.

ماموستا مەلا کەریمی بیارە خودا پایەداری بکا لەکتێبی ئیقباڵ نامەدا دوای باسکردنی تاوانەگەورەکان دەفەرموێ:

لەمانە خراپتر کاکی بەتەمکین دونیا خواردنە بەبەهانەی دین.

﴿فاتقوا الله وأطيعون﴾ خۆتان لەسزای سەختی خودا بپارێزن، شوێن پەیامی من بکەون، ئەوە بۆتان دەرکەوت: کە من راست دەکەم لەگەڵتاندا دڵسۆزم پێغەمبەری خودام بۆ سەرئێوە، دەمەوێ لەنەگبەتیو چارەڕەشی هەتاهەتایی رزگارتان بکەم.

دوجار فەرمان بەخوداو فەرمان بەئیطاعەی دوبارەکردەوە، بۆ جەختکردنەوەو چەسپاندنی ئەو دوو فەرمانە لەدڵیان دا، چونکە تەقواو طاعەت بنەمای ئایین و دووڕوکنی سەرەکین، بەبێ ئەوان ئیمان وجودی نابێ.

ئیتر گەلی نووح لەبەرامبەر ئەم بەڵگەو بانگەوازیەی حەزرەتی نووح دا هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نەبوو، نەیاندەزانی چۆن بەرەنگاری ببنەوە، لەئاکاما بەڵگەیەکی لاوازیان دۆزیەوە. ﴿قالوا: أنؤمن لك واتبعك الأرذلون؟﴾ وتیان: چۆن دەبێ ئێمە ئیمان بەتۆ بێنین لەحاڵێکدا شوێنکەوتوانت هەتیومچەو خوێڕیو پلەپایینن، چۆن دەبێ ئێمە ئیمان بەتۆ بهێنین دابەزینە پێڕو ریزی ئەو هیچ و پووچانەوە، ئێمە پیاو ماقوڵ و

خانەدان و بنەماڵەی گەلەکەمانین، چۆن دەبێ بێینە ریزی ئەو هەژارو مسکێن و بێدەسەلاتانەوە .

بەراستی ئەمە شوبهەیەکی بێوەج و بەڵگەیەکی بێهێزە هەموو ملهوڕو طاغوتێکی نەتەوەکانی رابوردو پەنایان بۆ بردوە، هەرکاتێ ویستبێتیان ئیمان نەهێنن ئەوەیان کردوە بەبیانوو: کە شوێن کەوتوانی پێغەمبەرەکە فەقیرو هەژارو بۆرە پیاوی نەتەوەکەن و ئەوان خۆیان ناکەن بەهاوەڵ و هاوشانی ئەوان؛ وەکوو شتێکی باوو سروشتی هەرکاتێك پێغەمبەرێك بانگەوازی کردبێ ئەوانەی زوو بەپیر بانگەوازی‌یەکەوە چوون و دەست پێشخەربوون بۆ ئیمان هێنان، بۆرە پیاوو رەشە خەڵك بوون، چونکە ئەوان ترسی لەدەستدانی کورسی‌و بەرژەوەندی دونیایان نەبووە، هەموو کاتێ چینی چەوساوەو رەش وڕوت زووتر باوەشیان بۆ بانگەوازی تازە گرتۆتەوەو زوتر موسوڵمان بوون .

حەزرەتی نووح هیدایەت دەری مرۆڤایەتی بووە، ئایین جوداوازی ناخاتە نێوان دەوڵەمەندو هەژارەوە تەرازوو پێوەری ئایین خواپەرستی‌یە، نەك ماڵ و سامان و شان و شەوکەت، بۆیە حەزرەتی نووح وەلامێکی وای دانەوە: کە لەگەڵ مەنهەجی ئایین دا بگونجێ‌و صەلاحییەتی پێغەمبەر دیاری بکا، وای وەلام دانەوە: کە حیساب و کردەوەیان عاید بەخودایە !

﴿قال: وما علمي بما كانوا يعملون؟﴾ حەزرەتی نووح وتی: من زانیاریم نیە دەربارەی ئەوانەو کارو پیشەکانیان نازانم چیەو چۆنە، لەبنەچەو کاروباری ناوخۆییان ناکۆڵمەوە، من سەیری رواڵەت دەکەم و ظاهیر بینم، هەرکەسێ بڕوام پێبکاو ئیمان بەپەیامەکەم بێنێ بەشوێنکەوتوی خۆمی دەزانم، نهێنی ناودڵیان وحیساب و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان عاید بەخودایەو پەیوەندی بەمنەوە نیە.

﴿ان حسابهم الا علی ربي لو تشعرون﴾ ئەگەر کردەوەیەکیان هەبێ، حیساب و لێکۆڵینەوە لەسەری لای پەروەردگارەو لەسەر من نیە، خودا حیسابیان لەگەڵ دەکاو سزاو پاداشتیان دەداتەوە ئەمن تەنها راگەیاندنم لەسەرە، موژدەدەرو ترسێنەرم نەك حیسابکەرو سزادەرو پاداش دەرەوەبم ! ئەگەر ئێوە هەست و شعورتان هەبێ و تێبگەن و عەقڵی واعیتان هەبێ، بەلاّم ئێوە پێوەری حەق و تەرازوی راستی نازانن چیە، پابەندی نەزانی خۆتانن و بیروباوەڕی هەڵەی خۆتان پەیڕەو دەکەن !

مەبەست ئەوەیە شوبهەو گومانەکەیان پوچەڵ بکاتەوە، ناڕەزامەندی خۆی دەربڕێ بەرامبەر ئەوەی خوداپەرست بە پایین و پایە نزم لەقەڵەم بدەن هەرچەندە هەژارو بۆرەپیاویش بن ، چونکە بەگوێرەی پێوەری یەزدانی کێ تەقوای زۆرتری بێ ئەوە رێزدارترە. کافرەکان: کە گوتیان: چۆن دەبێ ئێمە ئیمان بەتۆ بێنین لەحاڵێك دا شوێنکەوتوانت چینی هەژارو رەشە خەڵك و بۆرە پیاون، بەضیمنی ئەوەیان مەبەست بوو: کە حەزرەتی نووح ئەوانە دەرکاو لەخۆیان دووربخاتەوە، ئەمجار ئەوان بیر لە ئیمان هێنان دەکەنەوە، ئیتر بەئاشکراو بێڕوپامایی ئەوداواکاریە ضیمنی‌یەی ئەوانی رەتکردەوەو فەرموی:

﴿وما أنا بطارد المؤمنين﴾ من هەرگیز موسوڵمانان لەکۆڕو پێڕی خۆم دەرناکەم ، چۆن دەبێ من ئەوانە لەخۆم دووربخەمەوە: کە ئیمانیان بەپەیامەکەم هێناوەو شوێنم کەوتوون؟ من هەرگیز شتی واناکەم !

﴿ان أنا الا نذير مبين﴾ من تەنها ترسێنەرێکی ئاشکراو نمایانم، هەرکەسێ بەدرۆم بخاتەوە لەعەزابی سەختی دۆزەخ دەیترسێنم.

جا کە حەزرەتی نووح بەبەڵگەی بەهێز بۆڕی دان و نەیانتوانی چی‌دی بەردەوام بن لەحیوارو گفتوگۆدا، پەنایان بردە بەر هەڕەشەو بەکارهێنانی

هێز،ئائەمەش داب و نەریتی هەموو ملهوڕو طاغوتێکە لەگەڵ لەبواری حیوارو گفتوگۆدا تێکشکا، پەنا دەباتە بەر هەڕەشەو تۆقاندن.

﴿قالوا: لأن لم تنته يانوح لتكونن من المرجومين﴾ وتیان: ئەی نووح ئەگەر لەم هەڵوێستەی خۆت دانەبەزیو واز لەم بانگەوازییەی خۆت نەهێنیو زیاتر لەسەری بڕۆیو بەردەوام بی لەسەر بانگەوازیکردنت بۆمان، ئەوە باش بزانە بەردەبارانت دەکەین، بەبەردەبارانکردن دەتکوژین، ئیتر چیدی لێت قبوڵ ناکەین و چاوپۆشیت لیناکری! ئالێرەدا حەزرەتی نووح هانای بۆ خودای تاك و تەنیا بردو دەستی نزای بەرزکردەوە بۆ لای کەسی بیکەسان و پشت و پەنای خوداپەرستان.

﴿قال: ربّ ان قومي كذبون﴾ وتی خودایە ! ئەوەتا گەلەکەم بەدرۆیان خستمەوەو بانگەوازییەکەی منیان رەتکردەوە، ئیمانیان پینەهێنام ﴿فافتح بيني وبينهم فتحا﴾ لەنێوان من و ئەوان دا حوکم و بڕیاری عەدالەت ئامێز دەربکەو ئەهلی حەق بەسەر بەتاڵ دا سەربخە.

﴿ونجني ومن معي من المؤمنين﴾ خۆم وئەوانەی لەگەڵم دان لەخوداپەرستان، رزگارمان بکە لەدەستی ئەو ستەمکارانەو بەهیلاکیان بەرە، چیدی مۆڵەتیان مەدە !

﴿فأنجيناه ومن معه في الفلك المشحون﴾ بەهانای پێغەمبەری خۆمانەوە هاتین، ئەو پێغەمبەرەی هەڕەشەی بەردەبارانکردنی لێکرا، لەسەر ئەوەی بانگەوازی خەڵکەکە دەکا بۆ خوداپەرستی، هیچ کرێو پاداش و سوپاسێکیشی لیناوێن ،لەپاساوی بانگەوازییەکەیدا پلەو پایەی دونیایی مەبەست نیە، هانای بۆهێناین و لێمان پاڕایەوە ئێمەیش دوعاکەیمان گیرا کرد، خۆیو ئەوانی ئیمانیان پیهێنابوو لەکەشتییەکی پڕ لەگیانلەبەردا رزگارمان کردن.

﴿ثم أغرقنا بعد الباقين﴾ پاشان، واتە: دوای رزگارکردنی نووح و شوێنکەوتوانی، باقی ماندەی گەلەکەیمان خنکاند، ئەوانە زۆرینەی گەلی نووح بوون و سووربوون لەسەر کوفری خۆیان و سەرپێچی‌کردنی فەرمانی خودا ، ئێمەیش بەتۆفان لەناومان بردن.

لەهندێ ریوایەت دا هاتووە، رزگاربوەکان هەشتا یان چل پیاوو چل ئافرەت بوون .

﴿ان في ذلك لآية وماكان أكثرهم مؤمنين﴾ بێگومان لەرزگاربوونی نووح و شوێنکەوتوانی هەروا لەهەموو گیانلەبەرێك نێرو مێیەك و ئەمجار لەخنکاندنی کافرەکان دا پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ هەرکەسێك پێغەمبەری خودا بەدرۆ بخاتەوە یان باوەڕی پێ‌بکا. ئەمە داب و نەریتی خودایە؛ هەمیشە پێغەمبەران و شوێنکەوتوانی رزگارکردوە. ستەمکارو ملهوڕو بەدرۆخەرەوەکانی قەلاچۆکردون. زۆرینەی زۆری ئەو گەلە ستەمکارە موسولمان نەبوون.

﴿وان ربك لهو العزيز الرحيم﴾ بێگومان خودای تۆ ئەی موحەممەد ! بەهێزو بالادەستە بەسەر هەموو شتێك دا تۆڵە ئەستێنە لەوانەی سوورن لەسەر کوفرو پێغەمبەرانی بەدرۆدەخەنەوەو سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن، خاوەنی رەحم و بەزەیی‌یە بۆ ئەوانەی بەندایەتی بۆ دەکەن و تۆبە لەتاوانی رابوردویان دەکەن ، ئیمان بە پێغەمبەرەکەی دەهێنن !!

چیرۆکی چوارەمی ئەم سورەتە: چیرۆکی حەزرەتی هودە ﷺ لەگەڵ گەلەکەی‌دا

كَذَّبَتْ عَادٌ الْمُرْسَلِينَ ﴿١٢٣﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ هُودٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٢٤﴾ إِنِّي لَكُمْ

رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٢٥﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٢٦﴾ وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٢٧﴾ أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً تَعْبَثُونَ ﴿١٢٨﴾ وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ ﴿١٢٩﴾ وَإِذَا بَطَشْتُمْ بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ ﴿١٣٠﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٣١﴾ وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُمْ بِمَا تَعْلَمُونَ ﴿١٣٢﴾ أَمَدَّكُمْ بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ ﴿١٣٣﴾ وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ ﴿١٣٤﴾ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٣٥﴾ قَالُوا سَوَاءٌ عَلَيْنَا أَوَعَظْتَ أَمْ لَمْ تَكُنْ مِنَ الْوَاعِظِينَ ﴿١٣٦﴾ إِنْ هَٰذَا إِلَّا خُلُقُ الْأَوَّلِينَ ﴿١٣٧﴾ وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿١٣٨﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَهْلَكْنَاهُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ ﴿١٤٠﴾

ئەمەش چیرۆکێکی تره بۆ پەندو عیبرەت، چیرۆکی حەزرەتی هود﵇: کە گەلەکەی بانگەوازی کرد بۆ یەکتاپەرستیو بەندایەتیکردن بۆ خودا، لەسزاو تۆڵەی سامناکی خودا ترساندنی !

گەلی هود زێدو نیشتمانیان ولاتی ئەحقافی یەمەن بوو، ولاتی ئەحقاف بریتیبوو لەچەند کێوو گردێکی لمبەلان لەنزیك ولاتی (حضرموت)ی یەمەن. لەدوای تۆفان و فەوتاندنی گەلی نووح هاتونە کۆڕی ژیانەوە، وەکوو لەشوێنێکیتردا قورئان ئامارە بۆ ئەوە دەکاو

دەفـەرموێ: ﴿**واذكـروا اذجعلكم خلفاء من بعد قـوم نـوح، وزادكـم في الخلق بسطة**﴾(**الأعراف/٦٩**).

ئەم گەلە ستەمكارە دوای پاككردنـەوەی زەوی لەستەمكارانی گـەلی نوح بەتۆفان، هاتنە سـەر مەسـرەحی ژیـان و خـودا خێروبـێرێكی زۆری بەسەرداڕشتن، جەستەو لەش و لاریان ساغ و پتەوو چوارشانەو بەرزو بڵندو خاوەن هێزو توانـا، هـەرزانیو ئـاوو هـەوای سـازگارو رزق و رۆزی زۆرو جۆگاو كانیاوی سازگارو گوارا، كەچی وێڕای ئەو هەموو نازو نیعمەتانەی خودا پێیدابوون، بەندایەتی پەروەردگاریان نەدەكرد، سەرپێچی فەرمان و جڵەوگیریەكانی خودایان دەكرد، حەزرەتی هودیـان بەدرۆخسـتەوەو خـودا لەناوی بردن ! چیرۆكی حەزرەتی هـودو گەلەكـەی لەسـورەتی(الأعـراف)و سـورەتی(هـود)و سـورەتی(المؤمنـون)و ئـێرەدا هـەرجارە بـە ئوسـلوبێك لەهەرشوێنە بۆ مەبەستێك رانوێندراوە.

لێرەدا وەكوو چیرۆكی حـەزرەتی نـووح دەسـت پێدەكـاو دەفـەرموێ: ﴿**كذبت عاد المرسلين**﴾ گەلی عـاد پێغەمبـەرانیان بەدرۆخسـتەوە واتـە: حـەزرەتی هودیـان بەدرۆخسـتەوە بـەلاّم چونكـە بەدرۆخسـتنەوەی پێغەمبـەرێك بەدرۆخسـتنەوەی هـەموو پێغەمبەرانـە بۆیـە وشـەی ﴿**المرسلين**﴾ ی بەكۆ هێنا!

﴿**اذ قـال لهـم أخوهـم هـود: ألا تتقـون؟**﴾ كـاتێك (هـود)ی هاوعەشرەت و هاوڕەگەزیان پێی گوتن: ئەوە بـۆ خۆتـان لەسـزای خـودا ناپارێزن؟ بۆ لەعەزابی دۆزەخ ناترسن؟

﴿**اني لكـم رسـول أمـين**﴾ مـن بۆئێـوە پێغەمبـەرێكی دڵسـۆزو ئەمیندارم، خیانەت لەو پەیامەدا ناكەم: كە خودا خستویەتیە ئەسـتۆم و بەئێوەی رادەگەیەنم.

﴿**فاتقوا الله**﴾ تەقوای خودا بكەن و پابەندی فەرمان و جڵەوگیریەكانیبـن.

﴿وأطيعون﴾ گوێبیستی من بن ، چیتان پــێ دەڵێـم بەقســەم بکــەن، خۆشبەختیو کامەرانی دونیاو قیامەتتان بۆ دەستەبەردەبێ !

﴿وما أسألكم عليه من أجر ﴾ ئەمن لەسەر ئـەو بانگـەوازییو پـەندو ئامۆژگارییەی پێتانی رادەگەیەنم کرێو پاداشتی ئێوەم نــاوێ، مەبەسـتم وەدەستهێنانی ماڵ و سامان و پلەو پایەی دونیایی نیە.

﴿ان أجري الا على رب العالمين ﴾ جەزاو پاداشتی من لای خودایــە، هەر لەخودا داوا دەکەم پاداشتم بداتەوە. خودی ئەم وتارە لەسەر زوبــانی حەزرەتی نووح و حــەزرەتی هـودو حـەزرەتی صـالح و حـەزرەتی لـوط و حەزرەتی شوعەیب (عليهم السلام) ئاراســتەی گەلـەکانیان کـراوە، ئەمــەش ئاماژەیە بۆ ئــەوە کـە پـەیامی پێغەمبـەران یـەك پەیامــەو هــەموویان بانگەوازییان بــۆ خــودا بەیــەك ناسـین و بەندایــەتی بـۆ کردنــی کــردوە، هەموویان جڵەوگیریان لەبتپەرستی کردوە.

بانگەوازی بۆ خوداپەرستی و شـوێن کـەوتنی پـەیامی پێغەمبـەران و بەتەمانەبوونی وەرگرتنەوەی پــاداش و کـرێ لەخـەڵك و چـاو لەدەسـتی کەرەمی خودا داب و نەریتی هەموو پێغەمبەرێك بووە،هــەموویان یـەك ریسالەیان هەبووەو لەیەك سەرچاوەوە پەیامیان بۆ هاتووە.

ئەمجار حەزرەتی هود ﷺ کەوتــە گفتوگـۆ لەگـەڵ نەتەوەکـەیداو پێــی فەرموون: ﴿أتبنون بكل ريع آية تعبثون﴾ ئەوە چییە ئێوە لەسەر هەموو بەرزاییەك باڵەخانەیەك رادەبەستن و بەرزی دەکەنەوەو دەیکەنە نیشــانەی بەهێزی دەست و بازوی خۆتان و شانازی پێوە دەکەن.

واپێدەچێ قەومی عاد لەسەر گردو لوتکەی کێوەکان باڵەخانەی بــەرزو گەورەیان بنیات ناون، لەدورەوە بیــنراون، مەبەستیشـیان خۆهەڵنانــەوەو فەخرو شانازی بوو، هیچ سودیان لێنەبینیون بۆ تێدا حەوانەوەو نیشتەجێ بوون بنیاتیان نەناون، هەروا بۆیەشیان دروست نــەکردون ببنــە نیشـانەی

ڕێگاو ڕێبوار ڕێگایان پیێبدۆزێتەوە، ئەگینا ئەگەر مەبەستیان سوود لیێبینین بوایە قورئان بە عەبەث باسی نەدەکرد. بۆیە ناڕزامەندی لەکارەکەیان دەربڕی چونکە کات بەفیڕۆدان و ماڵ بەفیڕۆدان و وزە خەرجدان بوو بیێئەوەی سودێکی هەبێ، خۆخەریك کردن بوو بەشتێك بۆ دونیاو قیامەت سوودی نەبوو !

﴿واتخذوا مصانع لعلكم تخلدون﴾ قەصرو باڵەخانە دروست دەکەن بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایە ژیانیان تێدا بەسەر بەرن، وادەزانن: بۆ هەتا هەتایە دەمێننەوەو مردنتان بەسەردا نایە. یان دەتانەوێ نەمرین و هەر لەژیاندا بمێننەوە، هەرچەندە دونیا بەجیێدێڵن هەروەکوو چۆن ئادەمیزادانی پێش ئێوە جیهانیان جیێهێشتوە.

ئایەتەکە ئاماژە بەوە دەکا: کە گەلی عاد لەژیارو بیناسازیدا گەیشتونە ئاستێك کارگەو ئامێری جۆراو جۆریان دروست کردون بۆ کونکردن و دابڕینی کێوو گردەکانی وڵاتیان، بۆ دروستکردنی بینای بەرزو قایم و پتەو بەسەر کێوەکانەوە،تەنانەت بەخەیاڵی خۆیان ئەم قەصرو باڵەخانەو قەڵا دژوارانەیان لەمردنیش دەیانپارێزن و مردنیش دەگێڕنەوە، هەروا لەکاریگەری کەش و هەواو ڕەشەباو زریان و لافاوو بومەلەرزە پارێزگاریان لیێدەکەن.

﴿واذا بطشتم بطشتم جبارين﴾ ئێوە وێڕای ئەو هەمووئیسرافەی لەقەصرو باڵەخانەو قەڵای قایم و پتەودا دەیکەن، هەڵسوکەوت و مامەڵەتان لەگەڵ غەیری خۆتان دا توندو تیژە، خەڵکی دەڕوتێننەوە دەیانچەوسێننەوەو ئازارو ئەشکەنجەیان دەدەن، بەناحەق هەڵمەتی توندوتیژ بۆ ئادەمیزادانی تر دەبەن بە زەبرو زەنگ لەگەڵیاندا دەجوڵێنەوە.

﴿فاتقوا الله وأطيعون﴾ لەسزای سەختی خودا بترسن، خودای خۆتان

بپەرستن، شوێن پەیامی من بکەون، ئەوە بۆ ئێوە کەڵکی هەیەو سودبەخشە، کەس لە دونیادا نەمرنابیۆ دونیا تاسەر بۆ کەس نابیٚ.

ئێوە دەبوایە لەشوکرانە ژمێری ئەو نازو نیعمەت و رزق و رۆزییەی پێتان دراوە، لەپاساوی ئەو جەستە تۆکمەو پتەوەی پێتان بەخشراوە بەندایەتی خودا بکەن، بترسن لەوەی خودا قارتان لیٚبگریۆ نازو نیعمەتتان لیٚبسێنێتەوە، سزاو عیقابتان بدا.

ئەمجار نیعمەتەکانی خودایان بۆ باس دەکاو دەفەرموێ: **﴿واتقوا الذي أمدكم بما تعلمون، أمدكم بأنعام وبنين، و جنات وعيون﴾** خۆتان بپارێزن لە سزاو عیقابی ئەو خودایەی نازو نیعمەتی زۆری بەخشیوە بەئێوە، بەخشیویەتی بەئێوە ئەوەی بۆ خۆتان دەیزانن و هەستی پیٚدەکەن؛ ئەوەتا ئەوهەموو ئاژەڵ و رزق و رۆژییەی پیٚبەخشیون، منداڵی زۆری پیٚداون، باخ و باخات و سەرچاوەی کانیاوی جوان و صاف و گوارای بۆ دابین کردون، بەروبومی جۆراوجۆرو میوەجاتی بۆ رەخساندون، دەلە پاساوی ئەوەدا سوپاسی خودای خاوەن نیعمەت بکەن. واز لەسەرپێچی و سەررەقی خۆتان بێنن.

﴿اني أخاف عليكم عذاب يوم عظيم﴾ ئەگەر ئێوە بەقسەم نەکەن و نەیەنە سەر رێبازو مەنهەجی من و سووربن لەسەر کوفرو بیٚدینی خۆتان، ترسی ئەوەم لێتانە بکەونە بەر عەزابی رۆژێکی سامناك، کەس فریاتان نەکەویۆ هیچ شتێك دادتان نەدا.

کەچی لەوەڵامی ئەم نەصیحەت و ئامۆژگارییە دڵسۆزییەی حەزرەتی هوددا **﴿قالوا: سواء علينا أوعظت أم لم تكن من الواعظين﴾** وتیان: چون یەکە بەلامانەوە ئایا ئامۆژگاری بکەی، یان هەر ئامۆژگاری نەکەی، دڵنیابە ئێمە لەهەڵوێستی خۆمان لانادەین و واز لەداب و نەریتی خۆمان ناهێنین. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: **﴿وما نحن بتاركي آلهتنا**

عـن قولك، ومانحن لك بمؤمنين﴾(هود/٥٣) .

ئەمە تەعبیرو شێوە ئاخاوتنێکە ئەوپەڕی سوکایەتیو سروشت وشکی لەخۆ گرتووە، کەسێك تۆزقاڵێك ئەدەب و حیشمەتی تێدابێ بەو جۆرە وەلامی ئامۆژگاری ئاوا دڵسۆزانە ناداتەوە !

وتیان: ﴿**ان هذا الا خلق الأولين**﴾ ئەوەی تۆ هێناوتە دەست هەڵبەستی پێشینانەو درۆو دەلەسەی ئەوانە تۆ دووبارەی دەکەیەوە. یان ئەم ئایینەی ئێمە لەسەری بەردەوامین ئاییني باوك و باپیرانی پێشینمانە، ئێمە شوێن ئەوان کەوتووین، وەکوو ئەوان ژیان بەسەر دەبەین و وەکوو ئەوان جیهان بەجێدێڵین، زیندوبوونەوەو قیامەت نیە، پاداش و سزا لەسەر کردەوە لەگۆڕێ نیە، بەهەشت و دۆزەخ خەیاڵپلاون. کەوابێ ﴿**وما نحن بمعذبين**﴾ ئێمە سزا نادرێین، ئەوە قسەی خۆتەو لەگیرفانی خۆت دەرت هێناوە . ئاکامی گفتو گۆی نێوان حەزرەتی هود ﷺو گەلەکەی ئەوەبوو ﴿**فكذبوه**﴾ بەدرۆیان خستەوە، بانگەوازی و ئامۆژگارییەکانیان رەتکردەوە .

﴿**فأهلكناهم**﴾ بە رەشەبای توندو سارد لەناومان بردن، هۆکاری لەناو بردنەکەیان لەڕەگەزی کردەوەی خۆیان بوو، ئەوان بۆ خۆیان خاوەن هێزو تواناو زەبرو زەنگ بوون، خودای مەزن شتێکی بۆ ناردون زۆر لەخۆیان بەهێزتربوو، قەلاو قەصرو باڵەخانەو خانوی لەکێو داتاشراو دادی نەدان، عەزابی خودا تێکیەوە پێچان و قەلاچۆیکردن. وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرموێ: ﴿**فأما عاد فاستكبروا في الأرض بغير الحق، وقالوا:من اشد منّا قوة ؟ او لم يروا ان الله الذي خلقهم هو اشد منهم قوة، وكانوا بآياتنا يجحدون﴾(فصلت/١٥)**. رەشەبای سەخت وبەتەوژم هەموو شتێکیانی تێکەوە پێچاو وێرانی کرد.وەکوو دەفەرموێ: ﴿**تدمر كل شيء بأمر ربها﴾(الأحقاف/٢٥)** .

﴿ان في ذلك لآية﴾ بێگومان لەبەهیلاك بردنی گەلی عاددا بەهۆی ئەوەی: کە پێغەمبەرەکەیان بەدرۆخستەوە عیبرەت و پەند وەرگرتن هەیە بۆ هەموو گەل و نەتەوەیەك: کە تۆمان کردوە بە پێغەمبەریان ئەی موحەممەد! پێویستە پەند لەوان وەربگرن و سەرپێچی فەرمانی خودا نەکەن.

﴿وما كان أكثرهم مؤمنين﴾ زۆربەی زۆری ئەو گەلە لەناوبراوانە لەزانیاری پێش وەختی ئێمەدا بە موسوڵمان حسێب نەکراون.

﴿وان ربك لهو العزيز الرحيم﴾ بێگومان خودای تۆ ئەی موحەممەد! باڵادەست و خاوەن توانایەو تۆڵە لەدوژمنەکانی دەستێنیّو ناهێڵیّ بەسەریانەوە بچیّ ، خاوەن رەحم و بەزەییە بۆ بەندە ئیماندارەکانی بەمەرجیّ تۆبە بکەن و بەخۆیان بچارێن .

ئای چەند گەل و نەتەوە دوای گەلی عاد بەعەقلّ و هۆشی ئەو گەلە خاوەن دەسەڵاتە بیریان کردۆتەوەو بیردەکەنەوە، وەکوو ئەوان لەخۆیان بایی بوون، هەتا لەبواری ژیارو شارستانیدا پێشکەوتوتربووبن زیاتر لەخودا دوورکەوتونەتەوەو دووردەکەونەوە!!

هەتا لەبواری تەکنۆلۆجیاو چەکسازیدا پێش بکەون پتر سەرپێچی فەرمانی خودا دەکەن، وادەزانن ئەو پێشکەوتن و چەکسازییە لەخودای بوونەوەریان بیّئاتاج دەکا، هەرکەسە خەریکی پێشبڕکیّیە لەبواری دروست کردنی چەکی کۆکوژو وێرانکەردا بۆ لێدانی غەیرو پاراستنی خۆی، پێی وایە: ئەو چەکە لەدوژمنانی دەیپارێزیّ، بەڵام کاتێك بەخۆیان زانیوە لەهەموو لایەکەوە عەزابی خودا بەسەریان دا داباریوەو خودی چەکە کۆکوژو قەڵاچۆکەرەکەی کە لەوەو پێش پێوەی دەنازین دەبێتە دوژمنی سەرەکیو هۆکاری لەناوبردنیان. نموونەی رابوردو زۆرن و لەوەدواش زۆر نمونەی تر دێنەدی !!

چیرۆكی پێنجەم لە چیرۆكەكانی ئەم سورەتە:
چیرۆكی حەزرەتی صالحە ﷺ لەگەڵ گەلەكەیدا

كَذَّبَتْ ثَمُودُ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٤١﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ صَٰلِحٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٤٢﴾ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٤٣﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٤٤﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٤٥﴾ أَتُتْرَكُونَ فِي مَا هَٰهُنَآ ءَامِنِينَ ﴿١٤٦﴾ فِي جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿١٤٧﴾ وَزُرُوعٍ وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ ﴿١٤٨﴾ وَتَنْحِتُونَ مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا فَٰرِهِينَ ﴿١٤٩﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٥٠﴾ وَلَا تُطِيعُوٓا۟ أَمْرَ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿١٥١﴾ ٱلَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ ﴿١٥٢﴾ قَالُوٓا۟ إِنَّمَآ أَنتَ مِنَ ٱلْمُسَحَّرِينَ ﴿١٥٣﴾ مَآ أَنتَ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا فَأْتِ بِـَٔايَةٍ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١٥٤﴾ قَالَ هَٰذِهِۦ نَاقَةٌ لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿١٥٥﴾ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥٦﴾ فَعَقَرُوهَا فَأَصْبَحُوا۟ نَٰدِمِينَ ﴿١٥٧﴾ فَأَخَذَهُمُ ٱلْعَذَابُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٥٨﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٥٩﴾

لەوە پێش چیرۆکی حەزرەتی هودی لەگەڵ گەلەکەیدا بۆ باس کردین، ئەمجار بەشوێن ئەوەدا چیرۆکی حەزرەتی صالح ﷺ لەگەڵ نەتەوەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو گەلەی حەزرەتی صالحیان بۆ سەر رەوانە کراوە گەلی ثمود بووە، ئەمانیش وەکوو گەلی عاد عەرەب بوون لەشاری (الحیجر) : کە دەکەوێتە نێوان (وادي القرى)و (شام) واتە لەسەر رێگەی مەدینە ـ شام ـ نیشتەجێ بوون، زێدو نیشتیمانیان ئەو دەڤەرە بوو، شوێنەوارو کەلاوەی شارو گوندی روخاویان ئاشکراو نمایانە. عەرەبەکانی قورەیش کە لەهاویندا کاروانی شامیان دەکرد بەسەر شوێنەواری ئەوان دا تێپەڕدەبوون.

پێغەمبەرﷺ: کە تەشریفی لەگەڵ هاوەڵانیدا چوو بۆ غەزای تەبوك بەلای کەلاوە روخاوەکانی گەلی ثەمود دا تێپەڕیو هاوەڵانی ترساندن لەو سەرەنجامەی بەسەر ئەوان دا هات.

ئەم گەلە ستەمکارە لەدوای گەلی عاد هاتونە کۆڕی ژیانەوە، خودا حەزرەتی صالحی کردە پێغەمبەرو رەوانەیکرد بۆسەریان، بانگەوازی کردن بۆ عیبادەتکردنی خوداو یەکتاپەرستیو بڕواکردن بەپەیامەکەی. بەڵام ئەوان بەدرۆیان خستەوەو سەرپێچی فەرمانەکانیان کرد، ئیتر پەروەردگار بەعەزابی بوومەلەرزە لەناوی بردن، زەوی لەژێریان دا راتلەقێندراو وڵاتیان ژێرو زەبەربوو بۆ خۆشیان ئاسەواریان بڕایەوە، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**فأما ثمود فأهلكوا بالطاغية**﴾(**الحاقة/٥**).

دەفەرموێ: ﴿**كذبت ثمود المرسلين**﴾ گەلی ثمود پەیامی پێغەمبەرانیان بەدرۆخستەوە، بڕوایان بە بانگەوازی پێغەمبەرەکەیان نەکرد ﴿**اذ قال لهم أخوهم صالح: ألا تتقون**﴾ کاتێك حەزرەتی صالح ﷺ کە لەرەگەزی خۆیان بوو پێی گوتن: ئەوە بۆ ئێوە لەعیقابی خودا ناترسن؟ هەتا ئیمانی پێبێنن و یەکتاپەرستی بکەن، گوێبیستی فەرمانی من بن

چیتان پیٚدەڵێم بەقسەم بکەن ﴿اني لكم رسول أمين﴾ بێگومان من بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی ئەمیندارو دڵسۆزم .

﴿فاتقوا الله و أطيعون﴾ خۆتان لەعەزابی سەختی خودا بپارێزن، لەتۆڵەو عیقابی بترسن، شوێن پەیامی من بکەون، پابەندی فەرمان و جڵەوگیریەکانی من بن.

﴿وما أسألكم عليه من أجر، ان أجري الا على رب العالمين﴾ لەسەر بانگەوازی کردنم بۆتان داوای کرێو پاداشت ناکەم لێتان، بەتەما پلەو پایەی دونیایی نیم دەستم بکەوێ، ئەرکێکە خراوەتە ئەستۆم و پێتانی رادەگەیەنم، من پاداشتی خۆم لەخودا داوا دەکەم، ئەو جەزای ئەم ئەرکەم دەداتەوە.

﴿أتتركون في ما هاهنا آمنين﴾ ئایا پێتان وایە: ئێوە لەدونیادا بۆ هەتاهەتایە بەدڵنیایی لەناو نازو نیعمەت دا دەمێننەوە؟

﴿في جنات وعيون﴾ پێتان وایە وازتان لیٚدەهێنرێ بەدڵنیایی لەناو باخ و باخات و سەرچاوەو کانیاودا لەززەت وەربگرن هەروا ﴿وزروع ونخل طلعها هضيم﴾ لەناو کشتو کاڵ و باخی دارخورمادا: کە خورمای نەرم و شیرین و تام خۆشی لیٚدەستەبەر دەبێ، تەنانەت خورماکە هێندە باش و بەسوودە بەئاسانی هەزم دەبێو مەعیدە ماندو ناکا. لەبەروبوومی ئەو باخ و کشتوکاڵەتان بخۆن و پێتان وابێ ئیتر ژیانی قیامەت و حساب و پاداش و سزا نەبێ ؟

﴿وتنحتون من الجبال بيوتا فارهين﴾ ئێوە دادەتاشن لەکێوو شاخ خانوو ماڵی رێك وپێك و دڵخۆشکەر، هەمیشە لەپێشبڕکیٚدان و هەریەکەتان دەیەوێ خانووبەرەکەی لەهی ئەوی تر سەرنج راکێشتر بێ، دەستڕەنگینی زیاتر تێدا بەکار هاتبێ، ئەو خانوانە بەوشێوەیە

دادەتاشن و رایاندەبەستن نەك بۆ تێداحەوانەوەو نیشتەجێبوون، بەڵكوو بۆ خۆهەڵنانەو شانازی پێوەكردن.

﴿فاتقوا الله﴾ لەسزاو عەزابی خودا بترسن، ﴿وأطيعون﴾ پابەندی فەرمان وجلەوگیریەكانی من بن، بەباشی تەقوای خودا بكەن و روبكەنە ئەو كارو كردەوانەی سوودی دونیاو قیامەتتان لێدەست دەكەوێ.

﴿ولاتطيعوا أمر المسرفين﴾ شوێن ئەوانە مەكەون كە لەتاوان و سەرپێچی فەرمانی خودادا زێدە رۆیی دەكەن،هەمیشە سەرگەرمی تاوان و لەهوو لەعب و رابواردنن. مەبەست پیاو ماقوڵ و ملهورو طاغوتەكانیانن، ئەوانەی بانگەشەی كوفر و بتپەرستیان دەكردو نەیاندەهێشت جەماوەرەكە رو لەحەق بكەن.

﴿الذين يفسدون في الأرض ولا يصلحون﴾ ئەوانەی ئاشوب و فەساد لەسەر زەوی بڵاودەكەنەوەو هەموو شتێكی باش تێك دەدەن و هیچ شتێك چاك ناكەنەوە. واتە: كارو كردەوەیان فەسادو روخاندنە، تۆزقاڵێك چاكسازییان تێدا نیە. ئێوە شوێن ئەو ئاشوبگێڕانە مەكەون و خۆتانیان لێ بپارێزن !

كەچی وەڵامی پێغەمبەری خۆیان بەوپەڕی ناشیرینی دایەوەو ﴿قالوا:أنما أنت من المسحرين﴾ وتیان: تۆ جگە لەسیحر لێكراو هیچی ترنی، ئەم قسانەی تۆ پیاوی جادولێكراو دەیانڵێ، ئەتۆ هیچ عەقڵ و شعورت نیە، ئێمە گوێبۆ نەصیحەت و ئامۆژگاری شێتی وەكوو تۆ ناگرین !

﴿ما انت الا بشر مثلنا فأت بآية ان كنت من الصادقين﴾ تۆ ئادەمیزادێكی وەكوو ئێمە، جگە لەوە هیچی ترنی، ئەدی چۆن زێدە لەهەمووبمان نیگا بۆ تۆ هاتووە؟ بویتە پێغەمبەری ئێمە؟؟

وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرموێ: ﴿ألقي الذكر عليه من بيننا ؟ بل هو كذاب أشر، سيعلمون غدا من الكذاب الأشر﴾(القمر/٢٥-٢٦) .

پێیان سەیر بوو ئادەمیزاد ببێتە پێغەمبەرو نیگای بۆ بێ. دەیانگوت: ئەگەر راست بێ نیگا بۆ پێغەمبەر بێ، دەبێ ئەو پێغەمبەرە لەرەگەزی فریشتە بێ...

ئەمجار پێشنیاری ئەوەیان کرد: کە حەزرەتی صالح ﷺ موعجیزەیەکیان نیشان بدا بەڵگەبێ لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی‌یەکەی، وتیان: ئەگەر راست دەکەی پێغەمبەری لەو بەردە،حوشترێکی ئاواو ئاوامان بۆ دەربێنە، حەزرەتی صالحیش وەعدو پەیمانی لیوەرگرتن، ئەگەر پێشنیارەکەیان بێتەجێ ئیمانی پێبهێنن، ئەوانیش وەعدیان پێدا.

حەزرەتی صالح ﷺ هەڵسا نوێژی کردو لەخودا پاڕایەوە: کە ئەو موعجیزەیان بۆ بێنێتەدی. ئیتر بەقودرەتی خودا ئەو بەردەی ئاماژەیان پێکردبوو شەق بوو، وشترێکی لەوجۆرەی خۆیان پێشنیاریان کردبوو هاتە دەرەوە، ئیتر بڕێکیان ئیمانیان هێناو زۆربەشیان بڕوایان پێنەکردو بەکافری مانەوە.

﴿قال: هذه ناقة لها شرب ولكم شرب يوم معلوم﴾ حەزرەتی صالح ﷺ موعجیزەکەی نیشان دان و بەڵگەی راستی پێغەمبەرایەتی خۆی نواند، پێی‌فەرمون: ئەمە موعجیزەی خودایە حوشترێکە بەفەرمانی خودا هاتۆتەدیو نیشانەی راستی پێغەمبەرایەتی منە، رۆژێك ئاوی بیرەکەتان بۆ ئەو دەیخواتەوە رۆژێکیش بۆ ئێوە، لەو رۆژەدا کەنۆرە ئاوخواردنەوەی ئەوە ستەمی لیمەکەن و لێی‌بگەڕێن بابەئارەزوی خۆی ئاوەکە بخواتەوە.

﴿ولاتمسوها بسوء فيأخذكم عذاب يوم عظيم﴾ بەهیچ شێوەیەك خراپەی لەگەڵ مەکەن ، دەست درێژی مەکەنە سەر نەبەلێدان و نە

بەکوشتن، ئەگەر دەست درێژی بکەنەسەر عەزابی ڕۆژێکی گەورەتان توش دێ، ئەو ڕۆژە گەورەو ناودار دەبێ، چونکە عەزابەکەی تێدا دێتە جێ، جا ئەگەر ڕۆژەکە بەهۆی عەزابەکەوە بەگەورە بژمێردرێ دیارە عەزابەکە کوشندەیە.

﴿فعقروها﴾وشترەکەیان سەربڕی ﴿فأصبحوا نادمين﴾دوایی کەپێشەتای عەزابیان بینی لەکردەوەی خۆیان پەشیمان بوونەوە بەڵام تازە چ سود.

﴿فأخذهم العذاب﴾ عەزابی خودا گرتنی، عەزابەکە بریتی بوو لەوە زەوی لەژێریانەوە بوومەلەرزەیەکی توندی لیهات و رایتلەقاندن، گرمەو ناڵەیەکی زۆر گەورەو بەهێزیان ئاراستە کرا، دڵی هەلکەندن و زەندەقیان چوو، لەشوێن و مەسکەنی خۆیان دا سلار بوونەوەو جوڵەیان لیبڕا !

﴿ان في ذلك لآية﴾ بێگومان لەڕوداوو بەسەرهاتی گەلی صالح پێغەمبەردا ، لەبەدرۆخستنەوەی پەیامەکەی لەلایەن گەلەکەیەوە هەروەها دەستدرێژیکردنیان بۆ سەر ئەو حوشترەی خودا بەموعجیزە بۆی بەدیهێنابوون، نیشانەو پەندو ئامۆژگاری زۆرهەن بۆ کەسێك عەقڵ و هۆشی هەبێ. دەبێ چ بەڵگەیەك ئەوەندە گەورەبێ لەگاشە بەردێکی دیاریکراو حوشترێکی بەوشێوە پەیدابێو ئاو خواردنەوەو شیردانیشی ئاوا موعجیزەبێ؟!

بەڵام ئەو گەلە سەرلیشێواوە بەوەش بڕوایان نەکردو حەزرەتی صالحیان بەدرۆخستەوەو حوشتری موعجیزە ئاسایان کوشت، عەزابی خودایان بەسەردا نازڵ بوو.﴿وماكان أكثرهم مؤمنين﴾ زۆربەی زۆریان ئیمانیان بە خوداو بەپێغەمبەری خودا نەبوو.

﴿وان ربك لهو العزيز الرحيم﴾ بێگومان خودای تۆ تۆڵەستینەوەیە لە دوژمنەکانیو مۆڵەتیشیان بدا پاشگوێیان ناخا، خاوەن سۆزو بەزەییە بۆ بڕواداران ئەگەر تۆبە بکەن و بۆ لایخودا بگەڕێنەوە.

چیرۆکی شەشەم: چیرۆکی حەزرەتی لووطە ﷺ لەگەڵ گەلەکەیدا

كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٦٠﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ لُوطٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٦١﴾ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٦٢﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٦٣﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٤﴾ أَتَأْتُونَ ٱلذُّكْرَانَ مِنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٥﴾ وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ ﴿١٦٦﴾ قَالُواْ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَٰلُوطُ لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُخْرَجِينَ ﴿١٦٧﴾ قَالَ إِنِّي لِعَمَلِكُم مِّنَ ٱلْقَالِينَ ﴿١٦٨﴾ رَبِّ نَجِّنِي وَأَهْلِي مِمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٦٩﴾ فَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ﴿١٧٠﴾ إِلَّا عَجُوزًا فِي ٱلْغَٰبِرِينَ ﴿١٧١﴾ ثُمَّ دَمَّرْنَا ٱلْأَخَرِينَ ﴿١٧٢﴾ وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا فَسَآءَ مَطَرُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴿١٧٣﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٤﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٧٥﴾

ئەمەش چیرۆکێکی ترە وەکوو چیرۆکەکانی تر بۆ پەندو ئامۆژگارییە، ئەویش چیرۆکی حەزرەتی لووطە، حەزرەتی لووط- کوڕی ئارانی کوڕی ئازەرە، برازای حەزرەتی ئیبراهیمە، پەروەردگار لەسەردەمی ئیبراهیم دا

کردی بە پێغەمبەرو ناردی بۆ سەر گەل و نەتەوەیەکی قەرەباڵغ کەدانیشتووی وڵاتی (ئوردون) بوون، لەشاری عامورەو سێ شاری تردا نیشتەجێبوون، خودای تەعالا لەناوی بردن وڵاتەکەی کردنە چاڵایی وژێرو زەبەری کرد؛ وڵاتەکەیان جیرانی کێوەکانی (بیت المقدس)و بەرامبەر کێوەکانی گەرەك و شیوێکەو لەپەنا بەحری (المیت).

حەزرەتی لووط کرا بەپێغەمبەریان بانگەوازیکردن بۆ خوداپەرستیو خودا بەیەك ناسین و فەرمانبەرداری پێغەمبەری خوداو جڵەوگیری لیکردن لەتاوانکردن و نێربازیی کە ئەم تاوانەیان داهێنراوی خۆیان بوو، پێش ئەوان کەس نەیکردبوو.

﴿کذبت قوم لوط المرسلین﴾ گەلی لووط پێغەمبەرانیان بەدرۆخستەوە، واتە: گەلی لووط پەیامی حەزرەتی لووطیان بەدرۆخستەوە.

﴿اذقال لهم أخوهم لوط﴾ کاتێك حەزرەتی لووط پێی گوتن . ﴿الا تتقون؟﴾ ئەوە بۆچی ئێوە لەعەزاب و تۆڵەی خودا ناترسن؟ بۆچی خۆتان لەعەزابی خودا رزگار ناکەن بەوە وازلەتاوانکردن بهێنن.

﴿اني لکم رسول أمین﴾ ئەمن بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی دڵسۆزو ئەمیندارم، چیم پیسپێرراوە بەئەمانەتەوە پێتانی رادەگەیەنم .

﴿فاتقوا الله﴾ لەسزاو عیقابی خودا خۆتان بپارێزن، ئەوەی فەرمانی پێکردون ئەنجامی بدەن، ئەوەی جڵەوگیری لیکردون مەیکەن.

﴿وأطیعون﴾ گوێبیستی ئامۆژگاری من بن، چیتان پیدەڵێم بەگوێم بکەن، ئافرەت مارەبکەن، وازلەهەتیوبازی بهێنن، چیدی کاری ناشیرین و فەحشامێز ئەنجام مەدەن ،ئەمە پەیامی خودایەو پێتانی رادەگەیەنم.

﴿وما أسألکم علیه من أجر﴾ من لەپاساوی ئەم بانگەوازیکردنەم دا

داوای کرێو پاداشتتان لیٚناکەم، ﴿ان أجري الا علی رب العالمین﴾ ئەجرو پاداشتی من لای خودای بوونەوەرە، ئەو دەتوانیٚ پاداشتم بداتەوە.

بێگومان ئەو دیاردە ناشیرینەی لەناو گەلی لووط دا باوبوو لادان بوو لەفیطرەتی ئادەمیزادیو هەلگەڕانەوە بوو لە سروشت. پەروەردگار نێرو مێی دروست کردوە، حەزو ئارەزۆی ئەم دوورەگەزە بۆ یەکتری شتێکە ئاوێتەی سروشتیان کراوە، هەریەکەیان لەنێرو میٚ مەیلی بۆ ئەوی تریان هەیە. بۆ ئەوەی حیکمەت و مەشیئەتی خودا لەدرێژەپێدانی ژیان لەرێگەی زاوو زێوە: کە لەئاکامی بەیەك گەییشتنی نێرو مێوە دستەبەردەبیٚ، بێتەجیٚ، کەوابوو ئەم مەیلە سروشتییەی نێرو میٚ بۆ یەکتری بەشێکە لەقانوونە گشتییەکەی بوونەوەرو پەیڕەو کردنی ویستی خودایە لەبەرێوەبردنی ئەم بوونەوەرەداو مەبەستێکی پیرۆزە؛ ئەویش درێژەپێدانی ژیانە لەسەر زەوی بەگوێرەی یاسای خودا . بەلاٚم هەتیوبازیو چوونەلای نێر هیچ مەبەستێکی پیرۆزی تێدا نیەو هیچ ئاکامێکی پەسەندی لیٚناکەوێتەوە، لەگەلٚ قانوون و یاسای بوونەوەردا ناگونجیٚ !

لادان لەیاسای بوونەوەر لەکردەوەی گەلی لووطدا ئاشکراو نمایانە، بۆیە کەوتبوونە سەردوو ڕێیانەیەك؛ یان دەبوو بگەڕێنەوەو واز لەکارە خەتەرناکە بێنن، یان لەناو بچن، چونکە ئەوان لەڕەوڕەوەی ژیان دەرچووبوون، بەدژی سروشت دەجولاٚنەوەو هیچ حیکمەتێك لەمانەوەیان دا بەو حالٚە بەرچاو نەدەکەوت.

بۆیە حەزرەتی لووط بەتوندی دژی هەلٚوێستی ئەوگەلە ستەمکارە وەستاو لۆمەو سەرزەنشتی کردن و پێی فەرموون: ﴿أتأتون الذکران من العالمین، وتذرون ماخلق لکم ربکم من أزواجکم﴾ چۆن پێکێشی کاری ئاوا ناشیرین دەکەن؟ بەچ عەقلێك ئەم تاوانە گەورەیە ئەنجام دەدەن؟ چۆن دەچنە لای نێرو نێربازیی دەکەن؟ هەرکەسێکی بیانی بێتەناوتان ئێوە

کاری ئاوا ناشیرینی لەگەڵ دا دەکەن. پەروەردگار کارەکەیانی بەفاحیشە ناوبردوە وەکوو دەفەرموێ: ﴿**اتأتون الفاحشة ما سبقكم بها من احد من العالمين**﴾(الأعراف/٨٠) دەچنە لای نێرو ئافرەتەکانتان وازلیدێنن، ناچنە لای ژنەکانتان کە خودا بەسروشت بۆ ئەو مەبەستەی دروست کردون.

﴿**بل أنتم قوم عادون**﴾بەلاّم بەڕاستیئێوە نەتەوەیەکی سنوور بەزێن و دەستدرێژکارن، زێدەڕەویی دەکەن لەتاوان دا بەتایبەتی ئەم کارە ناشیرینەتان کەکەس پێش ئێوە نەیکردوە.

﴿**قالوا: لئن لم تنته يالوط لتكوننّ من المخرجين**﴾ وتیان: ئەگەر واز لەم قسانەت نەهێنی ئەی لووط لەمەبەولاوە بەردەوام بی لەسەر دەعوای پێغەمبەرایەتیو سەرزەنشت کردنمان لەسەر ئەم کارەمان و چیتر رەخنە لەنێربازیی ئێمە بگری دەرت دەکەین و ناهێڵین لەناوماندا بمێنی، چیتر لەگەڵت هەڵناکەین، وەکوو چۆن لەوەپێش کەسانێك کە لەم بارەوە رەخنەی لیگرتووین شاربەدەرمان کردون.

بێگومان لەبنەڕەت دا حەزرەتی لووط خەڵکی ئەو شوێن و زێدە نەبوو، کاتێك حەزرەتی ئیبراهیمی مامی کۆچی کردو زێدو نیشتیمانی خۆی بەجیهێشت حەزرەتی (لووط)یش لەگەڵیا کۆچی کردو کەوتە وڵاتی ئەردەن و لەگەڵ ئەو گەل و نەتەوە ژیا تا خودا کردی بە پێغەمبەرو بۆ سەریان رەوانەی کرد، بۆ ئەوەی لەو تاوان و کردەوە ناشیرینانە بیانگێڕێتەوە، حەزرەتی لووط بوێرانە وەڵامی دانەوە، چ باکی لەهەڕەشەی توندوتیژیان نەبوو، بەڕاشکاویو بەئاشکرا دژایەتی خۆی دەربڕی بەرامبەریان و پێی گوتن:

﴿**اني لعملكم من القالين**﴾ من بەرامبەر ئەو کردەوە ناشیرینە

قێزلێكراوه‌ی ئێوه رق وقارم هه‌یه‌و زۆر دژی ده‌وه‌ستم و به‌هیچ شێوه‌یه‌ك پێی رازی‌نیم وناچێته دڵمه‌وه، من له ئێوه به‌ریم و هه‌ڕه‌شه‌و ته‌هدیدی ئێوه من له‌و هه‌ڵوێستەم ناهێنێته خواری‌و منیش یه‌كێكم له‌و كه‌سانه‌ی دژی ئه‌و كرده‌وه ناشیرینه‌ی ئیوه‌ن، ته‌نانه‌ت كاره‌كه‌تان هێنده ناشیرینه خه‌ڵكانی تریش قێزیان لێیه‌تی.

ئه‌مجار هانای بۆ په‌روه‌ردگار بردو وتی: ﴿ربّ نجني وأهلي مما يعملون﴾ خودایه ! له‌عه‌زابی كرده‌وه‌ی ئه‌وانه رزگارم بكه، خۆم و ماڵ و خێزانم له‌ئه‌وسزایه‌ی تووشی ئه‌وان دێ له‌سه‌ر ئه‌و كرده‌وه ناشیرینه‌یان به‌دوور بگره‌و پارێزراومان بكه.

﴿فنجيناه وأهله أجمعين الا عجوزاً في الغابرين﴾ ئێمه‌یش دوعاكه‌یمان گیراكرد، خۆی‌و خاوو خێزانی‌و هه‌موو ئه‌وانه‌ی ئیمانیان پێ‌هێنابوو به‌شه‌و هه‌موویانمان رزگاركرد جگه له‌پیره‌ژنه‌كه‌ی لووط ئه‌و له‌پێڕی له‌ناوبراوه‌كان بوو، پیره‌ژنێكی به‌دفه‌ساڵ بوو، بڕوای به‌ئایینی لووط نه‌كردو له‌گه‌ڵ نه‌ته‌وه سته‌مكاره‌كه‌دا به‌كافری مایه‌وه‌و له‌گه‌ڵ كافراندا له‌ناو چوو.

﴿ثم دمرنا الآخرين﴾ پاشان ئه‌وانه‌مان له‌ناو برد كه‌مابوونه‌وه‌و له‌گه‌ڵ حه‌زره‌تی لووط و شوێنكه‌وتوانی‌دا به‌شه‌و ده‌رنه‌چوون، سه‌رگه‌رمی هه‌تیوبازی‌و كاری ناشیرینی تر بوون، ئیمانیان به خودا نه‌هێنابوو بڕوایان به‌پێغه‌مبه‌ری خودا نه‌كرد .

﴿وأمطرنا عليهم مطرا فساء مطر المنذرين﴾ عه‌زابی سه‌ختی خۆمانمان به‌سه‌ردا باراندن، عه‌زابه‌كه گشتگیر بووهه‌موویانی گرته‌وه، به‌رده بارانمان كردن، به‌ڕاستی خراپ بارانێك بوو ئه‌و بارانه‌ی كه به‌سه‌ر ئه‌و گه‌له له‌ناوبراوه‌مان دا باران، بارانێك كه باراندمان به‌سه‌ر ئه‌و گه‌له هه‌ڕه‌شه لێكراوه‌دا بارانی ره‌حمه‌ت نه‌بوو بارانی غه‌زه‌ب بوو.

دەڵێن: شارو گوندەکانیان بەگوندی (سدوم) یشەوە بەزەویدا رۆچوون و ئاو دایپۆشین، واگومان دەبرێ شوێنەواریان لەژێر ئاوی دەریای (المیت) دایە لە ئوردون.

هەندێ لەزانایانی پسپۆڕ لەزانیاری توێژینەوەکانی زەویدا تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەریای (المیت) چەند شارێکی قەرەباڵغ بەدانیشتوانی داپۆشیوە، بڕێ لەزانایانی شوێنەوار پاشماوەی قەلایەکیان لەنزیك دەریاکەوە دۆزیوەتەوە، لەپەنا قەلاکە شوێنی قوربانی سەربڕینیان کەشف کرد.

بەکورتی عەزابی نەتەوەی لووط بریتیبوو لە بومەلەرزەیەکی بەهێز ولاتەکەیانی ژێرو زەبەرکرد، وێڕای ئەو بومەلەرزە لەئاسمانیشەوە بەردەباران و ئاگرباران کران ولات و شوێنیان سوتێنرا، ئەمجار ئاو دایپۆشین.

﴿ان في ذلك لآية﴾ بێگومان لەڕوداوی لەناوبردنی گەلی لووط دا بەو شێوە سامناکە پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ هەرکەسێك بەچاوی وردبینەوە تێ بفکرێ. ئەوە بوو پەروەردگار تاوانبارە هەتیوبازەکانی لەناوبردن، موسوڵمانە راستاڵ و خاوەن باوەڕەکانی رزگارکردن.

﴿وما كان أكثرهم مؤمنين﴾ زۆربەی زۆری ئەو گەلە ئیمانیان نەهێنا بوو، سووربون لەسەر کوفرو بێدینی خۆیان.

﴿وان ربك لهو العزيز الرحيم﴾ بێگومان خودای تۆ ئەی موحەممەد ! تۆڵە ستێنە لەدوژمنەکانی، خاوەن رەحم و بەزەییە بۆ موسوڵمانە تۆبەکارەکان.

چیرۆکی حەوتەم: چیرۆکی حەزرەتی شوعەیبە ﷺ لەگەڵ نەتەوەکەی دا

كَذَّبَ أَصْحَٰبُ لْـَٔيْكَةِ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٧٦﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٧٨﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٧٩﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٨٠﴾ ۞ أَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُخْسِرِينَ ﴿١٨١﴾ وَزِنُوا۟ بِٱلْقِسْطَاسِ ٱلْمُسْتَقِيمِ ﴿١٨٢﴾ وَلَا تَبْخَسُوا۟ ٱلنَّاسَ أَشْيَآءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿١٨٣﴾ وَٱتَّقُوا۟ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلْجِبِلَّةَ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٨٤﴾ قَالُوٓا۟ إِنَّمَآ أَنتَ مِنَ ٱلْمُسَحَّرِينَ ﴿١٨٥﴾ وَمَآ أَنتَ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا وَإِن نَّظُنُّكَ لَمِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿١٨٦﴾ فَأَسْقِطْ عَلَيْنَا كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١٨٧﴾ قَالَ رَبِّىٓ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٨٨﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ ٱلظُّلَّةِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٨٩﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٩٠﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٩١﴾

ئەمە چیرۆکی حەوتەم و دوا چیرۆکە لەم سورەتە پیرۆزەدا ، هێنراون بۆ عیبرەت و پەند لێوەرگرتن، هەروەها بۆ دڵدانەوەو تەسەللا هاتنی پێغەمبەرﷺ بۆئەوەی دڵتەنگ نەبێ بەهەڵسوکەوتی قورەیشییەکان، بزانێ کە بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەران داب و نەریتی گەلە پێشینەکانیش بووە، هەموو پێغەمبەرێك لەلایەن گەلەکەیەوە ئەزیەت دراوە.

ئەمە چیرۆکی حەزرەتی شوعەیبە سەلامی خودای لێبێ، خودا کردی بەپێغەمبەرو رەوانەی کرد بۆ سەر ئەهلی مەدیەن و ئەهلی (الأیکة). دانیشتوانی (الأیکة) نەتەوەیەك بوون خاوەن باخ و باخات و کشتوکاڵ و بەروبووم و میوەجات، پەروەردگار حەزرەتی شوعەیبی بۆ سەرناردن بۆ ئەوەی باری شێواوی کۆمەڵایەتییان راست بکاتەوە، جڵەو گیرییان لێبکا لەتەرازوبازیی‌و فەساد نانەوە لەسەر زەوی، بانگەوازی کردن و پەندو ئامۆژگاریی کردن کە واز لەتەرازوبازیی بهێنن، ئاشوب و فیتنە بەرپانەکەن، بەقسەیان نەکردو خودا لەناوی بردن.

﴿كذب أصحاب الأيكة المرسلين﴾ واپێدەچێ ﴿أصحاب الأيكة﴾ دانیشتوانی شاری مەدیەن بن ﴿الأيكة﴾ درەختێکی گەڵا پڕە، وادیارە شاری مەدیەن ئەم جۆرە درەختەی بەدەورەوە بووبێ، شوێنی شاری مەدیەن لەنێوان وڵاتی حیجازو فەلەستین بووە لەدەوروبەری خەلیجی عەقەبە.

ئەصحابولئەیکە پێغەمبەرانیان بەدرۆخستەوە، واتە: حەزرەتی شوعەیبیان بەدرۆخستەوە، بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرێکیش دەبێتە بەدرۆخستەوەی هەموو پێغەمبەران، کەسێك پێغەمبەرێك بەدرۆبخاتەوە وەکوو ئەوە وایە هەموو پێغەمبەرەکانی بەدرۆخستبنەوە، بەدرۆخستەوەکەشیان ﴿اذ قال لهم شعيب ألا تتقون﴾ کاتێك بوو: کە شوعەیبعليه السلامپێی گوتن : ئەوە بۆ لەعەزابی خودا ناترسن ؟

﴿اني لكم رسول أمين﴾ من بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی دڵسۆزو ئەمیندارم.

﴿فاتقوا الله وأطيعون﴾ لەعەزابی خودا بترسن سەرپێچی فەرمان و جڵەو گیریەکانی مەکەن، شوێن من بکەون چیتان پێ‌دەڵێم: بەقسەم بکەن و گوێ‌بیستی ئامۆژگاریەکانم بن .

﴿وما أسألكم عليه من أجر ان أجري الا على رب العالمين﴾ ئەمن لەپای ئەم ئامۆژگاریو بانگەوازییەم داوای کرێو پاداشتتان لێ‌ناکەم، کرێو پاداشتم لای خودایە، خودای بوونەوەر دەتوانێ پاداشتم بداتەوە.

ئابەوشێوە هەڵێنان بۆ خوداپەرستیو ئیمان هێنان، بەئاشکرا پێی راگەیاندن: کە ئەو پێغەمبەری ئەوانەو لەخوداوە بۆ سەریان رەوانە کراوە، دڵسۆزو ئەمینداره لەگەیاندنی پەیامەکەی‌داو هیچ مەبەستێکی دونیایی بە ئەوان نیە.

ئەمجار چەند ئامۆژگاییەکی سەرەکییان ئاراستە دەکاو دەفەرموێ: ﴿وأوفوا الكيل ولاتكونوا من المسرفين﴾ ئەگەر شتتان فرۆشت، بەتەواوی بۆیان بپێون، بۆیان بکێشن، ئامێری پێوانەو کێشانەتان کەم و کورتی تێدا نەبێ، لەو کەسانە مەبن کە مافی خەڵکی بەتەواوی نادەن ، ئەگەر شتتان کڕی زیادە وەرمەگرن و تەماعتان لەماڵی خەڵك دا نەبێ ، واتە: پێویستە لەوەرگرتن و پێدان دا یەکسانی بکەن، چۆن کالاّ دەدەن بەکڕیار ئاواش کالاّ لەفرۆشیار وەربگرن.

﴿وزنوا بالقسطاس المستقيم﴾ بەتەرازوی راست و دروست شت کێشانە بکەن ، تەرازوبازی مەکەن وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: **﴿ويل للمطففين، الذين اذا اكتالوا على الناس يستوفون، واذا كالوهم أو وزنوهم يخسرون، الا يظن اولئك انهم مبعوثون﴾(المطففين/١-٤).**

ئەمجار جلەوگیری ئەوەیان لیّدەکا: کە ستەم نەکەن ، کالاّی خەلّك بەبیٚنرخ سەیر نەکەن، مافی کەسانی دیکە بەکەم و بیٚبەها نەزانن، لەنرخ و بەهای شتومەکیان دانەشکیٚنن، دەفەرمویٚ: ﴿ولاتبخسوا الناس أشياءهم﴾ لەکالاّو شتومەکی ئادەمیزادان کەم مەکەنەوە، باپیٚوەرەکانتان عادلاّنە بن، لەکیٚشانەو پیٚوانەدا لەژمارەو هەلّسەنگاندن دا لەمەزەندە کردن و تەخمین دا لەمافی ئەدەبیو مەعنەوی‌دا عادلاّنە هەلّسوکەوت بکەن، هەرشتەو مافی خۆی بدەنیٚ، هەرکالاّیەوبەهای خۆی بۆ دیاری بکەن ، هەر رەنجدان و ماندو بوونیٚك بەگویٚرەی خۆی هەلّیسەنگیٚنن.

﴿ولاتعثوا في الأرض مفسدين﴾ ئاشوب و فیتنەیی لەولاّتدا بەرپا مەکەن ، چەتەییو تالاّنکاریو کوشت و کوشتارمەکەن، رەزو باخ و باخات ویٚران مەکەن.

﴿واتقوا الذي خلقكم والجبلة الأولين﴾ بترسن لەعەزابی سەختی ئەو خودایەی بەفەزلّ و گەورەیی خۆی ئیٚوەی بەدیهیٚناوە، ئەو گەل و نەتەوانەی پیٚش ئیٚوەشی دروست کردوە، ئەو هەموو گەل و نەتەوە خاوەن دەسەلاّت و مالّ و سامان و هیٚزو توانایەی پیٚش ئیٚوەش هیٚناونە گۆڕەپانی ژیانەوە دوایی بەهۆی ئەوەوە کە ئەو گەلانە سەرپیٚچی فەرمانیان کردو پیٚغەمبەرەکانیان بەدرۆخستەوە لەناوی بردن و بوونە پەندوعیبرەتی رۆژگار.

﴿قالوا: انما أنت من المسحرين﴾ وتیان: ئەی شوعەیب تۆ جگە لەپیاویٚکی جادو لیٚکراو هیچیتر نی، سیحرت لیکراوەو عەقلّت شیٚواوە، کیٚ گویٚ لەقسەی تۆ دەگریٚو کیٚگرنگی دەدا بەئامۆژگاری تۆ.

﴿وما أنت الابشر مثلنا﴾ تۆ پیاویٚکی وەکوو ئیٚمەو هیچی تر، چیت لەئیٚمە زیاتر نیە، ئیتر چی تۆی والیٚ کرد فەزلّ و ریٚزت بەسەرمان دا هەبیٚ، بۆچی زیٚدە لەهەموانمان تۆ بویت بەپیٚغەمبەر؟

﴿وان نظنك لمن الكاذبين﴾ ئەوەی ئێمە گومانمان بۆی دەچێ ئەوەیە: کە تۆ درۆ دەکەیو لەپێڕی درۆزنەکانی، بەئەنقەست قسە هەڵدەبەستیو خۆت بە پێغەمبەر داناوە . ئەگینا لەراستیدا تۆ پێغەمبەر نیت و خودا تۆی رەوانە نەکردوە.

ئەگەر هەڕەشەمان لێدەکەی بەعەزاب و دەڵێی ئەگەر ئیمان نەهێنن عەزابی خوداتان بۆ دێ، دە بێمنەت بەئەوە ئێمە ئیمانت پێناهێنین .

﴿فأسقط علينا كسفا من السماء ان كنت من الصادقين﴾ ئەگەر راست دەکەی پارچە هەورێکی پڕلەعەزابمان بەسەردا بدە، ئەو عەزابەی هەڕەشەمان پێلێ دەکەی بابۆمان بێ ! هەڵبەتە ئەم داواکارییەیان نیشانەی ئەوە بوو: کە ئەوان سوورن لەسەر ئینکارییو ئیمان نەهێنان و بەدرۆخستنەوەی حەزرەتی شوعەیب‌عليه السلامو بڕوانەبوونیان بەهاتنی عەزاب بۆ سەریان .

ئەم هەڵوێستە دەق دەشوبهێتە هەڵوێستی قورەیشییەکان: کە چەند پێشنیارێکیان ئاراستەی پێغەمبەر ﷺکردو وتیان ئیمانت پێناهینین تا فلاَن شت یان فلاَن شتمان بۆ دەستەبەر نەکەی، ﴿أو تسقط السماء كما زعمت علينا كسفاً،او تأتي بالله والملائكة قبيلا﴾(الأسراء/٩٠-٩٢). یان ﴿واذ قالوا: اللهم ان كان هذا هو الحق من عندك فأمطر علينا حجارة من السماء﴾(الأنفال/٣٢).

گەلی شوعەیب پێیان وابوو ئەگەر عەزابەکەیان بۆ نەیە نیشانەی ئەوەیە حەزرەتی شوعەیب درۆزنەو درۆزنیەکەی دەردەکەوێ بۆیە حەزرەتی شوعەیب‌عليه السلام وەلاَمی دانەوەو ﴿قال: رب أعلم بما تعملون﴾ وتی: خودای من زاناترە بەکردەوەکانتان و دەزانێ چیدەکەن و زوو یان درەنگ سزاتان دەداتەوەو تۆڵەتان لێدەستێنێ، وەلێ من هیچ دەسەلاَتێکم لەهێنان و نەهێنانی عەزابدا نیە، ئەوە بەدەست خودایە،

ئەگەر شیاوی عەزاب بن بۆتان دەنێرێو چۆنی بوێ ئاواتان لەگەڵ دەکا. حەزرەتی شوعەیب ﷺ دوعای لیٚنەکردن بەڵکوو عەزاب دانیانی حەواڵەی خودا کرد. جا کە بەردەوام بوون لەسەر کوفرو سەر ڕەقی خۆیان بەگوێرەی پێشنیاری خۆیان خودا عەزابی (یوم الظلة)ی بۆ ناردن.

دەفەرموێ: ﴿فكذبوه فأخذهم عذاب يوم الظلة﴾ کە بەردەوام بوون لەسەر بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرەکەیان، ئیتر عەزابی (یوم الظلة) گرتنی: کە بریتی بوو لەگەرمایی‌یەکی بەشیددەت هەناسەی گرتن، گەرماکە هێندە توند بوو، سێبەرو ئاو چاری نەکردن، ناچار بوون شار بەجیٚبێڵن و روو لەسارا بکەن، هەورێك لەسەریان پەیدابوو تۆزێك ساردیو نەرمەبایەکی پێوەبوو، هەموویان لەژێریدا کۆبونەوە بەو هیوایەی لەژێریدا بحەسێنەوەو کەمێك گەرماییان لیٚدوربخاتەوە، بەڵام بەپێچەوانەبوو، هەورەکە ئاگر بارانی کردن و هەموویانی کردە قەرەبروت وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**وان يروا كسفا من السماء ساقطاً يقولوا سحاب مركوم**﴾(الطور/٤٤).

﴿**انه كان عذاب يوم عظيم**﴾ بەراستی ئەو عەزابەی بۆ سەر ئەوان نێردرا عەزابی رۆژێکی گەورە بوو، عەزابێکی ترسناك و قەلاچۆکەر بوو، ئاسەواری بڕینەوە، عەزابێك بوو بریتی‌بوو لە هەورە بروسکەو چەخماخەو شریخ و هورێکی ترسێنەرو تۆقێنەر.

﴿**ان في ذلك لآية**﴾ بێگومان لەم چیرۆکە رەوان و سەرنج راکێشەدا پەندو ئامۆژگاری بۆ قورەیشییەکان و هی‌تریش هەیە، نیشانەی راستی پێغەمبەرایەتی موحەممەدەو ، بەڵگەیە لەسەرئەوە: کە هاتنی عەزاب بەدەست خودایەو ئەو کات و شوێن و چۆنیەتی دیاری‌دەکا.

﴿**وما كان أكثرهم مؤمنين**﴾ زۆربەی زۆری گەلی شوعەیب موسوڵمان نەبوون، بەکافری لەناوچوون.

﴿وان ربك لهو العزيز الرحيم﴾ بێگومان خودا تـۆ ئـەی موحەمـەد ! خاوەن دەسەلاّت و توانایە، تۆڵە لەتاوانباران دەستێنیۆ فەرامۆشیان ناکا، خاوەن رەحم و بەزەیی‌یە بۆ موسوڵمانان و چاودێریانە.

ئەم چیرۆکانە ئاماژە بـەوە دەکـەن: کـە هـەموو پێغەمبـەران تێکـڕا بانگەوازییان بۆ یـەك جـۆر ئـایین کـردوە، هـەموویان بانگـەوازییان بـۆ یەکتاپەرستی کردوە، هەوڵیان داوە بۆ رێزگرتن، لەئەخلاقی بەرزو جوان و بلاّوکردنەوەی فەضائیل و دژایەتی کردنی رەزائیل.

ئەمجار هەریەکەیان چارەسەری نەخۆشیە کۆمەلاّیەتیەکانیان بەشـێوەو شێوازێکی جیاو تایبەتی چارە سەرکردوە.هـەر گـەل و نەتەوەیـەك جـۆرە نەخۆشییەکی کۆمەلاّیەتی تێدا بەرجەستە بووەو تەشەنەی کردوە. ئـەوەتا حەزرەتی هود‌عليه السلام‌دوای بانگەوازی یەکتاپەرستیو پابەندبوون بەفـەرمان و جلەوگیرییـەکانی پـەروەردگار هـەوڵ دەدا نەخۆشـی شانازیکردن وخۆبەزلزانیو بینا رابەستنی زیاد لەپێویسـت چارەسـەربکا، تەماعکاریو ئاشوب و تالاّنکردن و رێگریو چەتەکارییان تێدا نـەهێڵێ.
ئەوە حەزرەتی صالحعليه السلام دەیەوێ گەلەکەی واز لەپێشبڕکێی بیناسـازیو رازاندنەوەی خانووبەرەو قەصرو باڵەخانەکانیان بـهێنن، هێنـدە هەڵپـەی دەستەبەرکردنی لەززەتە مادییەکان نەکەن.

حەزرەتی (لوط) یش نارەزامەندیی تونـدی خـۆی دەربـڕی بەرامبـەر دیاردەی نێربازیی کە لەناو گەلەکەیدا بـاوبوو ، بـە تونـدی ڕەخنـەی لێ گرتن و کارەکەیانی بە پێچەوانەی قانون و یاسای بونەوەر دانان. حەزرەتی (شـوعەیبعليه السلام)یـش بـەتوندی رەخنـەی لەتـەرازوبازیو سـتەمکاری نەتەوەکەی گرت و هەڕەشەی ترسناکی لێ کردن ئەگـەر سـووربن لەسـەر هەڵوێستیناردوستیان.

هەموو پێغەمبەرەکان جەختیان لەسەر خودا پەرستی کردوەو خەڵکیان هەڵناوە بۆ دڵسۆزی لەعیبادەت کردن دا . هەموویان ئەوەیان راگەیاندوە: کە لەپاساوی بانگەوازییەکەیان دا بەتەمای کرێو پاداشتی گەلەکانیان نین و ئەجرو پاداشتی خۆیان لەخودا داوا دەکەن.

هەموویان ورە بەرزو پشوودرێژو دڵسۆزو بێباك بوون لەبەرامبەر سەرپێچیکاران و ستەمکاران دا، هیچ هەرەشەو تەهدیدێك کاری لێ نەکردون وپشتیان بەخودا قایم و پتەو بووە.

قورئان لەخوداوە نێردراوە بۆ ترساندنی موشریکەکان و مژدەدان بە موسوڵمانان

وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِىٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾ وَإِنَّهُۥ لَفِى زُبُرِ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٩٦﴾ أَوَلَمْ يَكُن لَّهُمْ ءَايَةً أَن يَعْلَمَهُۥ عُلَمَٰٓؤُا۟ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٩٧﴾ وَلَوْ نَزَّلْنَٰهُ عَلَىٰ بَعْضِ ٱلْأَعْجَمِينَ ﴿١٩٨﴾ فَقَرَأَهُۥ عَلَيْهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ مُؤْمِنِينَ ﴿١٩٩﴾ كَذَٰلِكَ سَلَكْنَٰهُ فِى قُلُوبِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٢٠٠﴾ لَا يُؤْمِنُونَ بِهِۦ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴿٢٠١﴾ فَيَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٠٢﴾ فَيَقُولُوا۟ هَلْ نَحْنُ مُنظَرُونَ ﴿٢٠٣﴾ أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ ﴿٢٠٤﴾ أَفَرَءَيْتَ إِن مَّتَّعْنَٰهُمْ سِنِينَ ﴿٢٠٥﴾ ثُمَّ جَآءَهُم مَّا كَانُوا۟ يُوعَدُونَ ﴿٢٠٦﴾

مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يُمَتَّعُونَ ﴿٢٠٧﴾ وَمَآ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ إِلَّا لَهَا مُنذِرُونَ ﴿٢٠٨﴾ ذِكْرَىٰ وَمَا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٢٠٩﴾ وَمَا تَنَزَّلَتْ بِهِ ٱلشَّيَٰطِينُ ﴿٢١٠﴾ وَمَا يَنۢبَغِى لَهُمْ وَمَا يَسْتَطِيعُونَ ﴿٢١١﴾ إِنَّهُمْ عَنِ ٱلسَّمْعِ لَمَعْزُولُونَ ﴿٢١٢﴾

دوای رانواندنی چیرۆکی ئەو پێغەمبەرانـە: کـە خـودا گێڕانیـەوە بـۆ دڵدانـەوەی پێغەمبـەرو تەسـەللادانەوەی وترسـاندنی موشـریکەکانی قورەیش: کە خۆیان توشـی ئـەو عـەزاب و سزایەی نەتـەوە پێشـینەکان نەکەن و پێغەمبەر بەدرۆنەخەنەوە. بۆ ئەوەی بەدەردی گەلە پێشـینەکان نەچن و وەکوو ئەوان لەناو نەچن.

ئەمجار بەشوێن ئەوەدا باسـی نـازڵکردنی قورئـان دەکـا، بـۆ سـەردڵی پێغەمبەرﷺ کە بەڵگەی راستی پێغەمبەرایەتی حـەزرەتی موحەممـەدە، هەروەها بۆ ئەوەی لەنێوان سەرەتاو کۆتایی سورەتەکەدا تەناسوب دروست ببێ، چونکە سەرەتای سـورەتەکە، باسـی روو وەرگـێڕانی موشـریکەکان دەکا لەقورئان ﴿وما يأتيهم من ذكر من الرحمن محدث الا كانوا عنها معرضين﴾(ئـایـەتی٥). بۆیـە کۆتـایی سـورەتەکەشـی بـەباسی قـورئان بەڕێ دەکـاو دەفـەرمـوێ:

﴿وانه لتنزيل رب العالمين﴾ واتـە: ئـەو قورئانـەی لەسـەرەتای سورەتەکەدا باس کرا، نامەی ئاسمانی‌یەو لەخوداوە نازڵکراوە بۆ سەر دڵی پێغەمبەری خۆی موحەممەد ﷺ .. نامەیـەکی فەصیحـەو موعجیزەیـە، لەتوانای ئادەمیزاد و جندۆکەدا نیە شتی ئاوا بخەنە ڕو، کەوابوو لەخوداوە

نازلْ بووەو شاكاری خودای بوونەوەرە، هەروەها هەواڵی نهێنیو بەسەرهاتی رابووردوی تێدایە ئەمەش بەنیگاو سروش نەبیّ نازانریّ.

﴿نزل به الروح الأمين﴾ ئەمینداری نیگاو سروش ((جوبرائیل)) بۆی هێناوەتە خواریّ، فریشتەی پایە بەرز لەعالەمی بالاّوە ئەو پەیامە پیرۆزە بەفەرەی خستۆتە ناو دڵ و دەرونی تۆوەو تیّی گەیاندوی، بەبیّزیادو کەم قورئانی پیّراگەیاندوی ﴿لتكون من المنذرين﴾ بۆ ئەوەی لەپیّری ترسێنەران بیّ، گەل و نەتەوەکەت بترسێنی، بەڵکوو هەموو ئادەمیزاد بەگشتی بترسێنی لەعەزابی خودا، موژدە بدەی بەئەوانەی شوێنت دەکەون و ئەوانە بترسێنی: کە سەرپێچیت دەکەن و پەیامەکەت بەدرۆدەخەنەوە.

نازڵکردنیقورئان بۆسەر تۆ ئەی موحەممەد! ﴿بلسان عربي مبين﴾ بەزوبانی عەرەبیو ئاشکراو رەوان و سەرئاسا تابەجوانی تیّی بگەن و قورەیشییەکان بیانویان نەمێنیّ.. چونکە ئەوان یەکەم گەل ونەتەوەیەکن قورئانیان بەگویّدا دراوە، بەسەریان دا خوێندراوەتەوە، دەی دەبوایە زوو بەپیر بانگەوازی ئیسلامییەوە بهاتنایەو خێرا ئیمانیان بهێنایە، ئەوان پێغەمبەر دەناسن، ئاگایان لەژیانی رابووردوی هەیە، قورئان بەزمانی خۆیانەو ئوسلوب و شێوەو شێوازی لەهی کەلامی بەشەر جوداوازەو لەژوور تواناو دەسەلاّتی ئەوان دایە. لێیان عەیان و ئاشکرایە ئەم قورئانە لەجۆری قسەو ئاخاوتنی ئادەمیزاد نیە، لەسەرچاوەیەکی غەیری ئادەمیزادەوە هاتووە، کەچی وێرای ئەوەش بەهۆیعینادو سەررەقی خۆیان ئیمانیان نەهێناو پێغەمبەریان بەدرۆخستەوە.

﴿وانه لفي زبر الأولين﴾ باس و خواسی قورئان و ئاماژەپێکردنی لەنامە ئاسمانیە پێشینەکان دا هەیە. پێغەمبەرانی پێشوو یەك لەدوای یەك موژدەی هاتنی پێغەمبەرو نازڵکردنی قورئانیان بەگەلەکانیان داوە،

دوا پێغەمبەر کە ئەم پەیامەی بەگەل ونەتەوەکەی راگەیاند حەزرەتی عیسا ﷺ بوو کە موژدەی رەوانەکردنی پێغەمبەری ئسلامی بەگەل و نەتەوەکەی راگەیاند، وەکوو قورئان ئاماژەی بۆ دەکاو دەفەرموێ: ﴿**واذ قال عيسى ابن مريم: يابني اسرائيل، اني رسول الله اليكم ، مصدقاً لما بين يديّ من التوراة،ومبشراً برسول يأتي من بعدي اسمه احمد**﴾ (الصف/٦) . یان دەفەرموێ: ﴿**ولما جاءهم كتاب من عند الله مصدق لما معهم، وكانوا من قبل يستفتحون على الذين كفروا، فلما جاءهم ماعرفوا كفروا به، فلعنة الله على الكافرين**﴾(البقرة/٨٩) یان دەفەرموێ: ﴿**وأنزلنا اليك الكتاب بالحق مصدقاً لما بين يديه من الكتاب ومهيمناً عليه**﴾(المائدة/٤٨).

بەکورتیو پوختی ئەم ئایەتانە سێبەڵگەیان لەخۆ گرتووە لەسەر ئەوە: کە قورئان لەخوداوە هاتوە:

یەکەمیان ئەوەیە: قورئان نازڵ بووە بۆ سەردڵی پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار: کە لەوەوپێش هیچی لەو بارەوە نەزانیوە. کە قورئانەکەی بۆ هات باش وەری گرت و پەیڕەوی کرد.دووەم ئەوەیە: بەزوبانی عەرەبی ئاشکراو نمایان نازڵ بووەو تەحەددای عەرەب و غەیری عەرەبی کردبتوانن وێنەی قورئان یان دەسورەتی تەنانەت سورەتێکیشی بخەنەڕو. نەیانتوانیو داماوو دەسەسان بوون. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە: کە قورئان لەخوداوەیەو دەستهەڵبەستی موحەممەد نیە.

بەڵگەی سێهەم: ئەوەیە قورئان لەکتێبە ئاسمانییەکانی پێشودا ئاماژەی پێکراوەو مزگێنی پێدراوە.. جاکە ئەوەمان بۆ چەسپا: کە قورئان لەخوداوە نازلکراوە پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدیش دەچەسپێ !

بەڵگەیەکی تر لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدﷺ ئەوەیە زانایانی ئایینی نەتەوەی ئیسرائیل ناوی قورئان و نیشانەکانی پێغەمبەریان لەکتێبە ئاسمانییەکانی خۆیان دا دەست کەوتووە.

دەفەرموێ: ﴿أو لم يكن لهم آية أن يعلمه علماء بني اسرائيل ؟﴾ ئایا بەڵگەی تەواوو نیشانەی راستی پێغەمبەرایەتی موحەممەد نابێتە نیشانە بۆ قورەیشییەکان: کە زاناکانی نەتەوەی ئیسرائیل باسی قورئان و رەوشتی پێغەمبەری ئیسلام بەرونیو ئاشکرا لەکتێبە ئاسمانیەکانیان دا دەست بکەوێ، تەنانەت زاناکانیان موحەممەدیان وەکوو کوڕی خۆیان ناسیوە!! تەنانەت عەبدوڵڵای کوڕی سەلام کە لەم بارەیەوە پرسیاریان لیکرد، وتی: ئێمە پێغەمبەرﷺ لەکوڕی خۆمان باشتر دەناسین.

قورەیشیەکان زۆرجار دەچوونە لای ماڵە جولەکەکان و دەربارەی پێغەمبەر پرسیاریان لیدەکردن، ئەوانیش نیشانەو رەوشتەکانی پێغەمبەری ئاخیر زەمانیان بۆ روون دەکردنەوە.

ئیمامی ثەعلەبی لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکا: دەفەرموێ: دانیشتوانی مەککە شاندێکیان نارد بۆلای جولەکەکانی یەثریب بۆ ئەوەی دەربارەی پێغەمبەر ﷺ پرسیاریان لیبکەن ئەوانیش لەوەلامدا وتیان: بەڵێ کاتی رەوانەکردنی هاتووەو هەندێ لەرەوشتەکانی پێغەمبەریشیان بۆ رون کردنەوە.(١)

ئەمجار ئەوە رون دەکاتەوە: کە ئەو قورەیشییە سەرڕەقە نەفامانە وێڕای هەبوونی ئەو هەموو بەڵگانە سورن لەسەر کوفرو بێدینی خۆیان و بەڵگەو دەلیل کاریان تیناکاو پەند ئامێز نابن و دەفەرموێ: ﴿ولو نزلناه على بعض الأعجمين ماكانوا بە مؤمنين﴾ واتە: ئێمە قورئانمان بەزوبانی عەرەبی بۆسەر پێغەمبەرێکی زمان عەرەب و رەگەز عەرەب ناردۆتە

(١) تەفسیر مەراغی ج١٩/١٠٥

خواریّ، بەزمانێکی رەوان و بەلیغ بۆیان دەخوێنێتەوە، دەیبیسن و تێیدەگەن و دەزانن: ئەوە ئاخاوتنێکی موعجیزەو لەکەلامی بەشەر ناچێو ئادەمیزادو جندۆکە ناتوانن کەلامی ئاوا بخەنەڕو، کەچی وێڕای ئەوەش هەرئیمانی پیّناهێنن و ئینکاری دەکەن و جارێك دەڵێن: شیعرە، دەمێك دەبێژن: چیرۆکە کۆنە، برێك کاتیش بەقسەی کاهین و کۆڵەوە نانی لەقەڵەم دەدەن.

دەی ئەگەر قورئانمان نازلّبکردایە بۆسەر هەندیّ کەسی ناعەرەب، بمان ناردایە بۆسەر کەسێك نەتوانیّ عەرەبی بخوێنێتەوەو عەرەبی نەزانیایەو نەیتوانیایە بەسەریان دا بیخوێنێتەوە دوبارە پیّی کافر دەبوون و بڕوایان پیّنەدەکرد، دەیانگوت: تێیناگەین و نازانین چیدەڵیّ، وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرمویّ: ﴿**ولو جعلناه قرآناً أعجميا لقالوا لولا فصلت آياته؟**﴾(**فصلت/٤٤**).

بەکورتی وەك یەك وایە چ جوداوازییەکی نیە ئێمە قورئان نازلّ بکەین بۆسەر پیاوێکی عەرەبی ناسراوو رابووردو پاك و بیّگەردو بەزوبانێکی عەرەبی فەصیح و بەلیغ و ئاشکرا، گوێیان لیّ بیّو تێیبگەن و بیناسن و بزانن کەلامێکی موعجیزەو سەرئاسایە، یان قورئانەکە نازلّ بکەین بۆ سەر پیاوێکی ناعەرەب چ لەزمانی عەرەبی نەزانیّ لەهەردوو حاڵەکەدا ئەوان بڕوایان پیّنابیّو ئیمانی پیّناهێنن !!

ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکراو نمایانە لەسەر دڵڕەقیو بیّویژدانی کافرەکانی قورەیش و رۆچونیان لەکوفرو بێدینیدا، ئەوەتا لەگەڵ ئەوەشدا نهێنی فەصاحەت و بەلاغەتی قورئانیان زانیوەو لێی حاڵیبوون لەسەر زوبانی کەسێکی وەکوو حەزرەتی موحەممەد: کە رابووردو بنەچەی دەزانن و لەوەپێش ناسیویانە و بە(الأمين) لەناویان دا بەناوبانگ بووە

بۆیان دەخوێندرێتەوە، کەچی بەهۆی لـوت بـەرزیو دەمارگیریـان پشـتی لیٚهەڵدەکەن و ئیمانی پیٚناهێنن.

ئـەمجار پـەروەردگار ئـەم هەڵوێسـتە ناشـیرینەیان جـەخت دەکاتـــەوە دەفەرمویٚ: ﴿**کذلـك سـلکناه في قلـوب المجرمـین**﴾ واتـە: وەکـوو چـۆن رەوشتی بەدرۆخستنەوەیان بۆ قورئـان بـەخوێندنی کابرایـەکی ناعـەرەب لەدڵ دا چەسپاوەو جێگیرمان کردوە، هەر بەو جـۆرەش بەدرۆخسـتنەوەی قورئان لەدڵی قورەیشییەکان دا چەسپاوەو جێگیرمـان کـردوە، بـەکورتی رەوشـتی دڵڕەقـیو بڕوانـەکردن بـــەقورئان و رەتکردنـــەوەی، شـــتێکی سروشتییەو لەگەڵ خوێن و ئێسقانیان تێکەڵاوبووە.

قورئانیان بەهۆی ئادەمیزادی عەرەب یان ناعەرەب بۆ بنـــێرین ئـەوان لەهەڵوێستی خۆیان لانادەن و واز لەکوفرو بێدینی ناهێنن و سوورن لەسەر بتپەرستی. وەکوو لەشـوێنێکی تـردا دەفـەرمویٚ: ﴿**ولـو نزلنـاه علیك في قرطـاس فلمسوه بأیدیهم لقال الذین کفروا: ان هـذا الا سـحر مبـین**﴾ (**الأنعام/٧**).

ئەمجار زیـاتر جـەخت لەسـەر مانـای پێشـوو دەکاتـەوەو دەفـەرمویٚ: ﴿**لایؤمنون به حتی یروا العذاب الألیم**﴾ ئەوان ئیمان بەحـــەق و راسـتی ناهێنن، بەکافری دەمێننەوەو لەدڵ دا ئینکاری قورئان دەکەن و بـــەدرۆی دەخەنەوە هەتا بەچاوی خۆیان عەزابی سەخت دەبینن و یەخەیان دەگریٚ.

﴿**فیأتیهم بغتة وهم لایشعرون**﴾ ئەو عـەزابە سەختە بەناگەهان و گۆزو گومەت توشی ئەوانە دەبیٚ: کە قورئان بەدرۆدەخەنەوە، بەخۆیان نـــازانن: کە یەخەیان دەگریٚو تێکیانەوە دەپێچیٚ؛ جائەو کاتە:

﴿**فیقولوا هل نحن منظرون**﴾ دەڵێن: دەبیٚ ئێمە کەمیٚ مۆڵەت بدرێــین بۆ ئەوەی بەخۆماندا بچینەوەو خوداپەرستی بکەین ؟؟ واتە ئاواتــەخوازی ئـەوە دەبـن کـە کـەمێك مۆڵـەت بدرێـن. بـەڵام نەمۆڵـــەتیان دەدریٚو

نەپەشیمان بوونەوەشیان سودی دەبێ، بۆ خۆشیان دەزانن: کە لەقیامەت دا پەنانەماون و هیچ شتێك دادیان نادا، وەلێ قسەیەکە دەیکەن و دەیانەوێ دڵی خۆیان تۆزێ خۆش بکەن!

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوە وەزع و حاڵیان دەبێ، وێڕای ئەو هەموو هەڕەشانەو ترساندنانە نەفامیو ئەحمەقی سەرو دڵیگرتوون و داوای زووهاتنی عەزاب دەکەن. ﴿**أفبعذابنا يستعجلون؟**﴾ ئایا ئەوانە پەلە لەهاتنی عەزابی ئێمەدەکەن؟ بە تەحەدداوە دەڵێن: ﴿**فأسقط علينا كسفا من السماء**﴾(**الشعراء/١٨٧**) یان دەڵێن ﴿**فأتنا بما تعدنا**﴾ (**الأعراف/٧٠**)

ئەمجار کە عەزابەکەشیان بۆدێ داوای مۆڵەتدان و دواکەوتنی دەکەن؟! ئەوان بۆیان روون بۆتەوە، چۆن گەلە ستەمکارەکانی پێشوومان لەناوبردن وچۆن ئاسەوارمان بڕینەوە.

﴿**أفرأيت ان متعناهم سنين، ثم جاءهم ماكانوا يوعدون،ما أغنى عنهم ما كانوا يمتعون**﴾ ئایاوادەزانن: کە داهاتووی کار وەکوو چۆن ئەوان بۆی چوون ئاوا دەبێ؟ ئەی موخاطەب! گریمان ئێمە ژیانیئەوانمان درێژکردەوەو لەلەزەت و خۆشیدا تەمەنی درێژمان پێدان، دوایی عەزابی هەڕەشە پێلێکراومان بۆ ناردن و بەناگەهان و یەخەی گرتن، ئایا ئەو خۆش رابواردنە، ئەو نازو نیعمەت و خۆشییە عەزابەکەیان لەسەر لادەبەن؟ یان لێیان سوك دەکەن؟ نەخێر تەمەنی درێژو پڕنازو نیعمەت، نەعەزابیان لەسەر لادەبا نەلێیان سوك دەکا، ماوەی عەزابی قیامەتیش کۆتایی نایەو بێبڕانەوەیە.. وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرموێ: ﴿**يود احدهم لو يعمّر الف سنة، وما هو بمزحزحه من العذاب ان يعمر**﴾ (**البقرة/٩٦**) یان دەفەرموێ: ﴿**وما يغني عنه ماله اذا تردّى**﴾ (**الليل/١١**).

بەکورتی خۆشـــڕابواردنی درێژخایـەن، عـەزابی خـودا ڕەت ناکاتــەوە. چەندێك ژیان بەخۆشی بەسەر بەرن ئەوکاتە عەزابی خودا یەخەیان دەگرێ هیچیان لەبیر نامێنێ هــەروادەزانن قەتقـەت خۆشـیان نـەبینیوە،وەکـوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**کأنهم یوم یرونها لم یلبثوا الا عشیة أو ضحاها**﴾(**النازعات/٤٦**).

لە فەرموودەی صەحیح دا هاتووە دەفــەرموێ: ڕۆژی قیامـەت کـافر دێنن یەکجار لەئاگری ڕۆدەکەن و دەری دەهێننەوە، ئــەمجار پێــی دەڵێــن: ئەرێ قەت لەززەت و خۆشیت بینیوە؟ دەڵێ: نەوەڵلاهی هــەرگیز خۆشـیم نەدیوە. ئــەمجار موسـوڵمانێکی ژیـان ناخۆشـی دونیـا دەهێــنن بـەئاوی بەهەشت جارێك دەیشۆرن دوایی پێ‌ی دەگوترێ: ئــەرێ قـەت ناخۆشـیت بینیوە؟ دەڵێ: ناوەڵلاهی قەت ناخۆشیم نەبینیوە .

ئەمجار پەروەردگار یاســای عەداڵـەتکاریی خـۆی رادەگەیـەنێ‌و داب و نەریتی خۆی لەبوونەوەردا رون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿**ومــا أهلکنا مـن قریة الا لها منذرون، ذکری وما کنا ظالمین**﴾ ئێمە هیچ شارو گوندێکمان وێران نەکردوە مەگەر دوای ئەوەی: کــە پێغەمبـەرمان بـۆ سـەر نـاردون بانگەوازی دانیشــتوانی ئەوشـارو گوندانـەیان کـردوە بـۆ خوداپەرسـتی‌و لەعـەزابی خودا ترساندویانن و موژدەی نازو نیعمەتی بەهەشــتیان بدەنــێ ئەگەر ئیمان بهێنن و پابەندی فەرمان و جڵەوگیریەکانی پەروەردگار بن.

ناردنی فروستادە بۆ سەریان و بانگــەوازییکردنیان بـۆ یادخســتنەوە و ئاگادارکردنەوەیانە دەربــارەی ئــەوەی پێویسـتە ئـەنجامی بـدەن. بـەهیچ جۆرێك و لەهیچ حاڵێك دا ئێمە ستەممان لی‌نەکردون و بــەناڕەوا عــەزابمان نەداون، بەڵکوو بەهۆی سووربونیان لەسەر بێدینی‌و پەرستش کردنیان بــۆ غەیری ئێمە توشی ئەودەردە هاتوون! ئێمە دروستمان کــردون عیبـادەتی غەیری ئێمەیان کردوە، نــازو نیعمــەتمان پــێ‌داون شـوکرانە ژمێرنــەبوون،

سپڵەو پێنەزان بوون، بەشێك لەرەحمەتی خودا ئەوەیە تا پێغەمبەر نەنێرێ و بانگەوازی دانیشتوان نەکا ئەوانیش بەدرۆی نەخەنەوە عەزابی خۆی نارژێنێ بەسەریان دا.

ئەمە مەبدەئێکەو چەند جار قورئان ئاماژەی پێکردوە وەکوو دەفەرموێ: ﴿**وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا**﴾(**الأسراء/١٥**) یان دەفەرموێ: ﴿**وما كان ربك مهلك القرى حتى نبعث في أمها رسولا يتلوا عليهم آياتنا، وما كنا مهلك القرى الا وأهلها ظالمون**﴾(**القصص/٥٩**).

بێگومان پەروەردگار عەهدو پەیمانی سروشتی لە ئادەمیزاد وەرگرتووە: کە بەتاك و تەنها بیناسن و تەنها بەندایەتی ئەو بکەن. فیطرەتیش بۆ خۆی هەست بەهەبوونی پەروەردگار دەکا، بەمەرجێ لەرێڕەوی خۆی لانەدا.

وێڕای ئەوەش پەروەردگار بەڵگەی جۆراوجۆری لە بوونەوەردا بڵاو کردۆتەوە، هەموویان نیشانەی هەبوونی خودای تاك وتەنهاو بەدیهێنەرە.. جا ئەگەر ئادەمیزادەکان، وادەو پەیمانی فیطرەتیان لەبیرچۆوە، بەڵگەی ئیمانییان فەرامۆش کردن، خودا ترسێنەری بۆ ناردون و وادەو بەڵێنی فەرامۆش کراویان وەبیر ئادەمیزادەکان هێناوەتەوە، لەخەوی غەفڵەت رایان پەڕاندون.

کەوابوو پێغەمبەرایەتی وەبیرخەرەوەی بیرچووەوانە، ئاگادارکەرەوەی بێئاگایانە، ئەمەش زێدە فەضڵ و رەحمەتی خودایە بۆ بەندەکانی. جا ئەگەر وێڕای ئەوهەموو بەڵگەو نیشانانە: سەرباری ئەو وادەو بەڵێن وەرگرتنانە، ئەمجا پێغەمبەر ناردن و بانگەوازی کردن و ترساندن و مزگێنیدان، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئادەمیزادەکان موسوڵمان نەبن و نەیەنەسەر رێبازی راست، ئەگەر خودا عەزابیان بەسەردا بدا کەی ستەمە؟ بەڵکو ئەوپەڕی عەدالەتە.

ئەمجار پـــەروەردگار رەددی موشـریکەکان دەداتـەوە: کـە دەیـانگوت: موحەممەدﷺکولّەوە نانی‌یە. ئەو پەیامــەی بـۆی دێ وەکـوو ئـەو ئیحـاو جەنجەلوتــە وایـە: کـە شـەیاتینیەکان بـە کۆلّەوەنانیـەکانیان دەگـەیاند. دەفەرموێ: ﴿وما تنزلت به الشياطين﴾ ئەم قورئانە شــەیاتینیو جندۆکـە وەریان نەگرتووە بە پێغەمبەریان گەیاندبێ، وەکوو چۆن جەنجەلوت و شتی ئاوا بەکاهینەکان رادەگەیەنن.

﴿ومايِنبغي لهم وما يستطيعون﴾ تەنانەت شەیاتینیو جندۆکە رایــەیان ناکەوێو ناتوانن ئەوکارە ئەنجام بدەن .

﴿انـهم عـن السـمع لمعزولـون﴾ بێگومــان ‌ جندۆکـەو شــــەیاتینی دوورخراونەوە لەوەی ئاخاوتنی فریشتەی تایبەت بەنیگا ببیسن ، بەڵکوو رێگایان نادرێ هیچ ئاخاوتنێکی فریشتەی ئاسمانەکان ببیسن .

بەکورتی شەیاتینی رایەی ئەوەیان ناکەوێ قورئــان لەعالـەمی بالاّ وەربگـرن و بەنیـگا بۆ پێغەمبەری بهێنن بەسێ‌بەڵگە:

١- نیگا هێنان بۆ پێغەمبەرو فێرکردنی،ئیشــی ئـەوان نیــە، چونکـە رەوشتی ئەوان فەســادو گومراکردنــی ئـادەمیزادە. قورئــانیش هــەمووی پەندو ئامۆژگارییە، فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپەیە، هیدایەت و نـوورو بورهانە، دەی لەنێوان قورئـــان و کــارو کـردەوەی شـەیاتینی‌دا ئاسمــان و رێسمانە.

٢- ئەوان ناتوانن: قورئان وەربگرن و بەنیگا بــۆ موحەممــەدی بــهێنن، توانای تەحەممول کردنی قورئانیان نیە وەکوو دەفەرموێ: **﴿لو انزلنا هذا القرآن على جبل لرايته خاشعاً متصدعاً من خشية الله﴾(الحشر/٢١)**.

٣- ئەگــەر شـیاوی وەرگرتنیــش بـن و بتوانــن تەحـەمولی بکــــەن و بیگەیەنن هەر بۆیان ئەنجام نــادرێ، چونکــە شــەیاتینی دوور دەخرێنــەوە لەبیستنی قورئان و ناتوانن توخنی بکەون، چونکە ئاسمان پڕە لــەپارێزەرو

تیر ئەستێرە پارێزگاری قورئـان دەکـەن لـەکاتی نـازڵبوونی بۆسـەر دڵـی پێغەمبەرﷺ .. هیچ شەیاتینی‌یەك بۆی‌ناکرێ پیتێکی قورئـانی دەست بکەوێ. بەوپەڕی پارێزراوی‌و دەست لی‌نـەدراوی لەعالـەمی بـاڵاوە ئـەو نیگایە بـەهۆی حـەزرەتی جوبرەئیلـەوە دەگاتـە سـەر دڵـی پێغەمبـەرو شەیاتینی رایەیان ناکەوێ توخنی بکەون.!

ئاداب و رەوشتی بانگخوازانی ئیسلام و ئەرکی سەرشانیان

فَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْمُعَذَّبِينَ ﴿٢١٣﴾ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ﴿٢١٤﴾ وَٱخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢١٥﴾ فَإِنْ عَصَوْكَ فَقُلْ إِنِّي بَرِيٓءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢١٦﴾ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢١٧﴾ ٱلَّذِي يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٢١٨﴾ وَتَقَلُّبَكَ فِي ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٢١٩﴾ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٢٢٠﴾

دوای گێڕانەوەی چیرۆکی پێغەمبەران و بەڵگە هێنانەوە لەسەر راسـتی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدﷺ هـەروەها رەتدانـەوەی بوختـان و بیرو بۆچونی موشریکەکان. خیطاب دەکاتە خودی پێغەمبەرو دەیترسێنێ لەوە هاوەڵ بۆ خودا دابنێ !
هەڵبەتە هـاوەڵ دانـان بـۆ خـودا لەلایـەن پێغەمبـەرەوە شـتێکی دوورو نەگونجاوە، بەڵام بۆ ئەوەیە: کە غەیری پێغەمبەر خۆیانی لی‌دووربخەنەوەو

توخنی نەکەون، چونکە هاوەڵ دانان تاوانێکی هێنـــدە گـەورەو مـاڵوێران کەرە، لە فەرزێکدا ئەگەر پێغەمبەریش ئەنجامی بدا لێـی قبـوڵ نـاکرێو دەکەوێتـە بـەر عـەزابی خـودا جـادەبێ غـەیری پێغەمبـەرﷺ چۆنیـان لیٚقبوڵ بکرێ.

لەکاتێکدا پێغەمبەرﷺ هەڕەشەی بەعەزاب لیٚبکرێ ئەگەر لەفــەرزی مەحاڵ دا شتێکی تری کردە هاوەڵی! خودا!ئەی دەبێ غەیری پێغەمبــەر وەزعیان چۆن بێ ئەگەر ئەو تاوانە ئەنجام بدەن؟؟ بـەکورتی لـەم تاوانـەدا محابات و لێبوردن نیە! هەرکەسێ ئەم تاوانە گەورەیە ئەنجام بدا عـــەزابی سەختی خودا دەچێژێ !

دەفەرموێ: ﴿فلا تدع مع الله الهاً آخـر فتكـون مـن المعذبـين﴾ ئـەی موحەممەد ! نەچی لەتەك خودا دا خودایەکی تر بپەرستی، نەکـەی هـاوەڵ بۆ خودا دابنێی، ئەگەر وابکــەی بەتـەئکید لـەپێڕی ئەوانـە دەبـی: کـە عەزابی خودا دەیانگرێتەوە، ئەمە مەبدەئێکە ئەم لاو ئـەولای تێـدا نیـە هەرکەسێ تەنانەت پێغەمبەریش هاوەڵ بۆ خودا دابنێ خودا عەزابی دەدا ودەیخاتە ناو دۆزەخەوە!!

دوای ئەوەی پەروەردگار هەڕەشەی لەخودی پێغەمبەرﷺکـرد، ئـەمجار ئەرکی ترساندنی خـــێزان و عەشیرەتەکەشـی دەخاتـە ئەسـتۆو فـەرمانی پیٚدەکا: کە بانگەوازییان بکا، موژدەی بەهەشت بدا بەفەرمان بەرداران و سەرپێچیکاران لەعەزابی دۆزەخ و ئاگری سەخت بترسێنێ، دەفەرموێ:

﴿وأنـذر عشـيرتك الأقربـين﴾ خزمـە نزیکـەکانت بترسـێنە، پێیـان رابگەیەنە: کە ئەگەر لەسەر شیرك و گومڕایی بمێننـــەوەو ئیمـان نـەهێنن سزای سەختی دۆزەخ چاوەڕێیانە.

بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردوە دەفەرموون: کە ئـەم ئایەتـە نـازڵ بوو پێغەمبەر ﷺ هات و چووە سەر کێـــوی صـەفا، ئـەمجار هـاواریکرد

(یاصباحاە)! ـ لەکاتی خەتەردا ئەم رستە دەگوترێ ـ : ئیتر ئەوەی گوێی لەم هاوارەبوو یان خۆی هات یـان نوێنـەری نـارد، هـەموو خـەڵك لێـی کۆبونەوە.

ئەمجار فەرموی: ئەی خێڵی (عبد المطلب) ئەی خێڵی فیهر! ئەی خێڵی لوئەی! ئایا ئەگەر من هەواڵتان بدەمێ: کە سوپایەکی ئەسپ سوار لـەو دیو ئەو کێوەیەو دەیەوێ لەنکاوێك لەبەرەبەیان دا هەڵمەتتان بـۆ بێنـێ، ئایا پێم بڕوا دەکەن؟! هەموو ئامادەبووان تێکـڕا وتیـان : بـەڵێ بـڕوات پێ‌دەکەین.

ئەمجار پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (فاني نذير لكم بين يدي عذاب شديد) دەبزانن: کە من ترسـێنەرم بۆتـان لـەپێش هـاتنی عـەزابێکی بـەئێش و سامناك. ئەبولەهەب وتی: دەك لەناوچی دەك ماڵت وێران بێ، ئایا ئەمە نەبێ هیچ شتێکی تر نەبوو ئەم کۆبوونەوەی بۆ ئەنجام بدەی؟!

ئیتر پەروەردگار سورەتی ﴿تبت يدا ابي لهب وتب....﴾ ی نازل‌ کـرد. ئیمامی موسلیم بەزنجیرەی خۆی لـە خـاتوو عائیشـەوە دەفـەرموێ: کـە ئایـەتی ﴿وانذر عشيرتك الأقربين﴾نـازڵبوو پێغەمبـەرﷺ هەسـتاو فـەرمووی: ئـەی فاطیمـەی کچـی موحەممـەد! ئـەی صفیـەی کچـی (عبد المطلب) ئەمن ناتوانم لای خودا هیچتان بـۆ بکـەم. لـەماڵی دونیـا چیم هەبێ داوام لێ‌بکەن دەتاندەمێ بەڵام ناتوانم تۆزێك عەزابی خوداتـان لێ‌دووربخەمەوە.

موسلیم و تیرمیذی بەزنجیرەی تیرمیذی لە ئـەبو هورەیـرەوە ریوایـەت دەکـەن . دەفـەرموێ: کـە ئـەم ئایەتـە نـازڵ بـوو پێغەمبـەرﷺبـانگی قورەیشـییەکانی کـرد بەگشـتی‌و بەتایبـەتی فـەرمووی: ئـەی کۆمـەڵی قورەیش ! خۆتان لە ئاگر رزگاربکەن، ئەی کۆمەڵی بەنی کەعب خۆتـان لـە ئـاگر رزگاربکـەن،ئـەی فاطیمـەی کچـی موحەممـەد! خـۆت لـە

ئاگر رزگاربکە، چونکە وەڵلاهی من ناتوانم تۆزقاڵێك عەزابی خوداتان لێدووربخەمەوە بزانن من لەگەڵ ئێوەدا خزمایەتیم هەیە، لەدونیادا صیلەی رەحم بەجێدێنم و لەقیامەت دا هیچم بۆ ناکرێ.

ئەم ریوایەتانەو هیتریش ئەوەمان بۆروون دەکەنەوە : کە پێغەمبەرﷺبە چ شێوەیەك نیگای وەرگرتووەو چۆنی گەیاندوە، چۆن خێرا خزم و عەشیرەت و هۆزو دەوروبەری خۆی بانگ کردوە، ئەرکی سەرشانی ئەنجام داوەو کارەکەیانی حەواڵەی خودا کردوە، بۆی روون کردونەوە کە خزمایەتیان بۆ پێغەمبەر دادیان نادا ئەگەر کردەوەیان خراپ بێ.

بانگەوازیو ترساندن و موژدەدان بەشێك بووە لەئەرکی سەرشانی پێغەمبەرﷺ وەکوو لەچەند شوێنێکی قورئان دا ئاماژەی پێدەکاو دەفەرموێ: ﴿**وهذا كتاب أنزلناه مبارك، مصدق الذي بين يديه، ولتنذر أم القرى ومن حولها**﴾(**الأنعام**/٩٢) یان دەفەرموێ: ﴿**وكذلك أوحينا اليك قرآنا عربيا لتنذر أم القرى ومن حولها وتنذر يوم الجمع لاريب فيه**﴾ (**الشورى**/٧) یان دەفەرموێ: ﴿**تبارك الذي نزل الفرقان على عبده ليكون للعالمين نذيرا**﴾(**الفرقان**/١).

هەروەها پەروەردگار بۆ پێغەمبەری خۆی رون دەکاتەوە: چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو موسوڵمانانە بکا: کە بەپیر بانگەوازییەکەیەوە دێن. دەفەرموێ: ﴿**واخفض جناحك لمن اتبعك من المؤمنين**﴾ باوەشی سۆزی خۆت بۆ موسوڵمانان بگرەوە بە نەرم و نیانی مامەڵە لەگەڵ ئەوانەدا بکە: کەبە پەیامەکەت باوەڕیان هێناوە، ئەو جۆرە هەڵس و کەوتە نەرم و نیانەت زیاتر دڵی ئەوان بەئیسلامەوە پەیوەست دەکا.

هەڵبەتە پێغەمبەرﷺ بەدرێژایی ژیانی لەگەڵ هاوەڵانیدا نەرم ونیان و دڵسۆز بووە، رەوشت وئەخلاقی قورئانی بووە،

ژیان و هەڵسوکەوتی تەرجەمەیەکی پڕاو پڕی قورئان بووەو بەمو لیێ لانەداوە.

جا وەکوو فەرمانی پێکردوە لەگەڵ موسوڵمانان خاوەن سۆزو لەسەرخۆبێ ، هەروەها فەرمانیشی پێکردوە لەگەڵ یاخیبوان و سەرڕەقەکان دا توندو تیژبێ دەفەرمویێ: ﴿فان عصوك، فقل اني بریء مما تعلمون﴾ ئەگەر ئەوانەی دەیانترسێنیێ لێت یاخی بوون و پابەندی فەرمان و جڵەوگیریەکانت نەبوون، پێیان بڵێ: من لێتان بەریم و بەرپرسیاری کاری ئێوەنیم و ڕۆژێ سزای کردەوەکانتان وەردەگرنەوە. هەڵبەتە ئەم ئایەتە مەککەیی‌یە و ئەو کاتە پێغەمبەر فەرمانی بەشەڕ لەگەڵ موشریکەکان پێنەکرابوو .

ئەمجا ڕێنمونی پێغەمبەر ﷺ دەکا: کە پشت بە خودا ببەستێو دەفەرمویێ: ﴿وتوكل على العزيز الرحيم﴾ هەموو کارو بارێکت حەواڵەی خودا بکە، ئەو دەتوانێ پڕاوپڕ تۆڵە لەدوژمنانی بسێنێتەوە، خاوەن سۆزو بەزەیی‌یە بۆ خۆشەویستانی، ﴿الذي يراك حين تقوم﴾ ئەو خودایەی کاتێك هەڵدەستی بۆ نوێژکردن بەموسوڵمانەکان ئاگای لێتەو دەتبینێ .

﴿وتقلبك في الساجدين﴾ هەروەها ئاگای لەحاڵەتی چوونە ڕکوع و چوونە سوژدەتەو چاوی لێتە: کە دەچیە ڕکوع و سوژدەو پێشنوێژی بۆ خوداپەرستان دەکەی. بۆیە نوێژکەرانی بە (ساجدین) ناوبرد چونکە نزیکترین کاتی بەندە لەخودا ئەو کاتەیە کە لەسوژدەدایە.

﴿انه هو السميع العليم﴾ بێگومان پەروەردگار شنەوایە بۆ وتەو ئاخاوتنی بەندەکانی، زاناو ئاگادارە بەکردەوەو جم و جوڵیان، بەنیازو مەبەستیان بەشاردراوەی نێو دڵیان. وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرمویێ: **﴿وما تكون في شأن، وما تتلوا من قرآن، ولاتعملون من عمل الا كنا عليكم شهودا اذ تفيضون فيه﴾(يونس/٦١).**

ئیبنوعەباس دەفەرموێ: مانای ﴿وتقلبك في الساجدين﴾ بریتیە لەگوێزانەوەی رەچەڵەكی پێغەمبەرﷺ لەپشتی باوكانیدا،هەر لە حەزرەتی ئادەم و حەزرەتی نووح و حەزرەتی ئیبراهیمەوە هەتا لەدایكبوونیو بوونی بە پێغەمبەر ﷺ .

هەندێ لەزانایان ئایەتی ﴿وتقلبك في الساجدين﴾ یان كردوە بەبەڵگەی ئەوە كەباوك و دایكی پێغەمبەرﷺموسوڵمان بوون. ئەو حەدیثەشیان كردوە بە بەڵگە لەسەر رایەكەیان: كە دەفەرموێ: **(لم أزل أنقل من أصلاب الطاهرين الى أرحام الطاهرات)** بەدرێژایی مێژوو من لەپشتی باوكانی خوداپەرستەوە گوێزرامەوە بۆ منداڵدانی دایكانی خوداپەرست لە پشتی باوكانەوە رژێندرامە ناو رەحەمی داوێن پاكانەوە.

رەددانەوەی بوختانی موشریكەكان: كە دەیانگوت: موحەممەد كاهین و شاعیرە

هَلْ أُنَبِّئُكُمْ عَلَىٰ مَن تَنَزَّلُ الشَّيَاطِينُ ﴿٢٢١﴾ تَنَزَّلُ عَلَىٰ كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ﴿٢٢٢﴾ يُلْقُونَ السَّمْعَ وَأَكْثَرُهُمْ كَاذِبُونَ ﴿٢٢٣﴾ وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ ﴿٢٢٤﴾ أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ ﴿٢٢٥﴾ وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ ﴿٢٢٦﴾ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَذَكَرُوا اللَّهَ كَثِيرًا وَانتَصَرُوا مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُوا ۗ وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبُونَ ﴿٢٢٧﴾

ئەمە جەولەی كۆتایی ئەم سورەتە پیرۆزەیە دەربارەی قورئان، لەجاری یەكەم دا ئەوەی چەسپاند: كە ئەم قورئانە لەخوداوە نازڵ بووە، دوایی ئەوەی راگەیاند: كە جندۆكەو شەیاتینی نازڵیان نەكردوەو ئەوان ناتوانن ئەو كارە ئەنجام بدەن. لێرەش دا ئەوە دەچەسپێنێ: كەشەیاتینی پەیام بۆ ئادەمیزادی وەكوو موحەممەد ناهێنن، ئەوان نازڵ دەبن بۆ سەر كاهین و كوڵەوەنانییان، نەك بۆسەر پێغەمبەری دڵسۆزو راستگۆ، نازڵ دەبن بۆسەر كاهین و فاڵگرەوەكان، نەك بۆ سەر پێغەمبەری ئەمین و خاوەن مەنهەج و هەدەف و عەقیدە.

جا هەروەكوو قورئان لەوجۆرە نیە: كە كاهین و فاڵگرەوەكان لەشەیاتینی دەبیسن، شیعرو كەف و كوڵی ناو دەروونی ئەو شاعیرانەش نیە: كە غەرقی دەریای خەیاڵ و سەرگەردانی سارای قسەو ئاخاوتنن، قسەكانیان رەنگدانەوەی حەقیقەت و واقیع نین، نموونەی راستی ناودڵ و قەناعەتی عەقڵی نین.

جا چونكە ئیعجازی قورئان لەروی ماناو وشەوەیە، موشریكەكان لەبارەی ماناوە رەخنەیان لێدەگرت دەیانگوت: ئەوە جۆرێكە لەو جەنجەلوتانەی شەیاتینی بەگوێچكەی كاهینەكانی دادەن، لەبارەی وشەو رستەكانیشەوە دەیانگوت ئەمە جۆرێكە لەقسەو ئاخاوتنی شاعیرەكان.

ئیتر پەروەردگار رەددی هەردوو بیرو بۆچونەكانی دانەوەو ئەوەی رون كردەوە : كە قورئان لەوجۆرە ئاخاوتنانە ناچێ وحاڵ و وەزعی پێغەمبەر خۆیشی جوداوازە لەحاڵ و وەزعی شاعیرو كاهین، دەفەرموێ:

﴿هل أنبئكم على من تنزل الشياطين﴾ ئایا پێتان بڵێم شەیاتینی بۆ سەر كێ نازڵ دەبن و جەنجەلوت و تورەهاتی خۆیان بەگوێچكەی كێدا دەدەن؟

﴿تنزل علی کل أفاك أثیم ﴾ نازڵ دەبن بۆسەر درۆهەڵبەست و تاوانباران، بۆ سەر درۆزن و فاسق و چەقاوەسوو دەس بڕەکان: لەکاهین و فاڵگرەوەکانی وەکوو (شق) ی کوڕی رەهەم و سەطیحی کوڕی رەبیعەو موسەیلیمەو طولەیحە لەو کافرو خودانەناسانەی بانگەوازی ئادەمیزاد دەکەن بۆ رێبازی شەیتان و شوێنکەوتنی. دەی موحەمەد دژی ڕێبازی شەیتانەو نەفرینی لیْ دەکا. کاهینەکان زۆربەی شتیان درۆو دەلەسەیەو چاو بەستە ، موحەمەد لەو هەواڵانەی داویەتی هەمووی ڕاستەو درۆی تێدا نەبوە.

﴿یلقون السمع واکثرهم کاذبون﴾ کاهینەکان گوێچکە یان بۆشەیاتینییەکان کلۆر دەکەن ، درۆو دەلەسەیان لیْ وەردەگرن ، هەرچی شەیاتینی بەگوێچکەی کاهینە کانی دادەن زۆربەی زۆری درۆو بوختان و گومان و نیشانەن ، زۆربەی شەیاتینی درۆزن و بوختان هەڵبەستن ، چونکە ئەوان شتێك بەکاهینەکان دەڵێن: کە نەیان بیستووە، بەدرۆ دەڵێن: فلاَنە شتمان لەعالەمی بالاْ بیستوە نەیان بیستوە.. کاهینەکانیش درۆزنن دەڵێن: شەیاتینی فلاَن شتیان پیْگووتوین، کە لەراستیدا پێیان نەگوتون. کەوابوو بیرو بۆچونی کاهین و فاڵگرەوەکان لەسەر درۆو دەلەسە دامەزراوەو بەتاڵ و پوچە !!

یان راناو لە ﴿یلقون﴾ دا دەگەڕێتەوە بۆ ﴿الشیاطین﴾ واتە: شەیاتینییەکان ئەو شتە لەعالەمی فریشتەوە دەبیسن بەگوێی کاهینەکانی دادەدەن، ئەو وشەو رستانەی لەعالەمی نهێنیدا بەسەریدا ئاگادار دەبن و ناوە ناوە دەیدزن هەندێکی درۆو دەلەسە پێوە دەنێن و بەگوێچکەی کاهینەکانی دادەدەن، دەبیْ بڵێین: ئەمە پێش ئەو کاتە بووە: کە جندۆکە لەبیستنی ئاخاوتنی عالەمی بالاْ مەنع بکرێن بەتیر ئەستێرەو ئاگرباران!

بەکورتی واقیع باشترین شاهیدو گەواهی دەرە وەکوو خۆری ناوەڕاستی ئاسمان ئاشکراو عەیانــە کــە جــوداوازی نێــوان پێغەمبــەرو کاهینــەکان عاسمان و رێسمانە ، هەرچی پێغەمبەرەﷺ لەئاسمانەوە هەواڵی پێــدراوە، هەمووی راستەو لەگەڵ حەقیقەت و واقیع دا یەکسانە، بەدرێژایی ژیــانی پڕ فەڕو بەرەکەتی ، جگە لەراستی هیچــی لێ نەبیســتراوە، بەپێچەوانــەی ئەوەوە هەرچی کاهینەکان هەواڵیان پێداوە جگە لەدرۆو دەلەسە هیچی تر نەبوە، بۆیە مێژوو نەفرینی لێکردوون و بەچاوی سوکەوە بۆیان دەڕوانــیێو عەقڵ قێزی لێیانە،توڕڕەهات و قسە پڕو پوچەکانیان کەس وەریان ناگرێو جگــە لــەمنداڵ و پــڕو پــیرێژن وپیــاوی ســافیلکەو نــەفام کەســی تــر، بڕوایان پێناکا.

ئەمجار دوای ئەوەی پەروەردگار جوداوازی نێوان حەزرەتی موحەممــەد و کاهینەکانی رون کــردەوە، رەددی ئەو کافرانە دەداتــەوە: کــە دەیــانگوت بۆچــی نــاگونجێ شــەیاتینی قورئــان بــۆ موحەممــەد بێنــن؟ وەکــوو چــۆن جەنجەلوت و تورەهات بۆ کاهینەکان دەهێنن؟ یان هەروەکوو چــۆن شــیعر بۆ شاعیرەکان دەهێــنن؟؟ چونکە لەناو کۆمەڵگای موشــریکەکانی ئــەو رۆژگارەدا واباو بوو: کـــە هــەموو کــاهینێك شــەیتانێکی هەیــە، فــاڵ و جەنجەلوتی فێردەکا، کــە هــەموو شــاعیرێك شــەیتانێکی هەیــە شــیعری فێردەکا!

دەفەرموێ: ﴿والشعراء يتبعهم الغاوون﴾ گومــڕاو سەرلێشــێواو لــە ئادەمیزاد و جندۆکە کەشوێنی شاعیرەکان دەکــەون، ئەوانــەی لــەرێبازی حەق و راست لایان داوەو بەخەرافات و تورەهــات هەڵخەڵــەتاون، شــوێن شاعیر دەکەون ! بەڵام شوێنکەوتوانی حەزرەتی موحەممەدﷺ هــەموویان هیدایەت دراوو پەیڕەوکاری رێبازی حەق و راستن،پابەندی فەرمان و جڵەو گیریەکانی پەروەردگارن، عیبادەتکارو خاوەن بڕواو مرۆڤ دۆستن .

ئەمجار پەروەردگار بەدوو بەڵگە گومڕابوونی شاعیرەکان و شوێن کەوتوانیان ڕوون دەکاتەوە، دەفەرموێ:

١- ﴿ الم تر انهم فی کل واد یهیمون﴾ ئەتۆ نابینی ئەی موحەمەد ! یان ئەی بیسەر! کە شاعیرەکان دەم لەهەموو جۆرە قسەو ئاخاوتنێکەوە دەدەن، خۆیان خۆیان بەدرۆ دەخەنەوە، ئەمڕۆ قسەیەك دەکەن، سبەی هەڵی دەوەشێننەوە، ئێستا مەدحی شتێك دەکەن تاوێکی دی زەمی دەکەن، ئێستا شتێك بەگەورەو گران لە قەڵەم دەدەن پاشان بەپێچەوانەوە بێ نرخ و بەهای دەکەن !

ئەم هەڵس وکەوتە ناجوامێرانەی شاعیران نیشانەی ئەوەیە مەبەستیان دەرخستنی حەق و ڕاستی نی‌یە، نایانەوێ واقیع ببینن، حەق پەرست بن ، کۆمەڵێکی هەوەس بازی خەیاڵ پەروەرو سنوور بەزێنن ! بەلام پێغەمبەرﷺ حەق بێژو حەق خوازە، ڕاستگۆو واقیع بینە، بانگەواز بۆ یەك ڕێباز دەکات. ئەویش ڕێبازی خودا پەرستیو هەوڵدانە بۆ بەختەوەری ژیانی دونیاو قیامەت !

٢- ﴿وانهم یقولون مالا یفعلون﴾ زۆربەی زۆری قسەو ئاخاوتنی شاعیران درۆو دەلەسەیە، ئەوی دەیلێن: نایکەن، ئەوی نایکەن دەیلێن. بەقسە بەخشندەیی پەسەند دەکەن بەکردەوە ڕژدو چروکن .

ناموس و شەرەفی ئەم و ئەو لەکەدار دەکەن هەمیشە خەریکی فاحیشە و فەسادن، خۆفش دەکەنەوە، خۆ هەڵ دەنێنەوە، ئەخلاق دەڕوخێنن، بەخەیاڵ چەند عالەمێك دروست دەکەن ، بەوەهم و ئەندێشە تێیان دادەژین بەخەیاڵ چەند کردەوەو دیمەنێك ڕەنگڕێژدەکەن و ئەمجار ئەو خەیالاتە دەکەنە حەقیقەت و شتی لەسەر هەڵدەچنن و وەکوو ئەو موعەلیمەی جاحظ لە(نوادر المعلمین)دا باسی دەکا تازیە بۆ یاری بەخەیاڵ دروستکراوی لەدونیا دەرچووی نەدیدەی دادەنێ.

بەقسە ڕۆستەمی مازندەران و حاتەمی تایی‌و مەلا مستەفای بارزانی‌و هەیاس و لوقمانن. بەکردەوە لە بەرانبەر دوژمندا ئەژنۆیان دەلەرزێ و لە سەنگەردا گو بە خۆیان دا دەکەن و موعەلیمە عاشقەکەی لەمەڕ جاحیظن.

بەلاّم حەزرەتی موحەممەد بەپێچەوانەی ئەو دیاردانەوە بووە، هەرشتێکی فەرمانی پێکردبێت خەلّکی بۆ هەلّنابێ خۆی بەکردەوە ئەنجامی داوە، هەرشتێکی لە خەلّکی مەنع کردبێ پێش ئەوان خۆی لێ‌دوور گرتووە، ڕاستالّ و دلّسۆزو واقیع بین وخوداپەرست و تەقواکارو بەخشندەو خاوەن ڕەوشتی بەرز بووە، بەلّکوو لەهەموو کارێکی باش دا مامۆستاو ڕابەر بووە، سەر مەشق و ڕەچە شکێن بووە.

هەموو ڕەوشتێکی جوانی تێدابووە ، لە هەموو ڕەوشتێکی ناشیرین دوور بووە. ڕێبازی پێغەمبەر ڕێبازێکی ڕاست و جادە ڕێیە، خودا فەرمانی پێ کردووە: کە هاوەلّ بۆخودا دانەنێ، بەدلّسۆزی و ئیخلاصەوە خوداپەرستی بکات، لەپەیڕەوو پرۆگرامی پێغەمبەردا ئەو کەسەی زیاتر تەقوا کار بێ پتر ڕێزدارە. ڕێبازی پێغەمبەر ڕێبازێکە بەر چاو ڕون و هیدایەتدراوەکان شوێنی دەکەون .

بانگەوازی هەموو پێغەمبەران بانگەوازی کردنە بۆ یەکتاپەرستی و عیبادەتکردن و هەولّدان بۆ دەستەبەرکردنی بەختەوەری ژیانی دونیاو قیامەت . دەی مەنهەجی شاعیران بەپێچەوانەی مەنهەجی پێغەمبەرانەوەیە. کەواتە چۆن دەبێ ڕەوشتی شاعیریی وەپالّ پێغەمبەر بدرێ .؟!

ئەمجار پەروەردگار ئەو شاعیرانە چەرت دەکات کە لەسەر ڕێڕەوی ئیسلام شیعر دەلّێن و چوار ڕەوشتی بەرزی ئیسلامیان تێدایە(ئیمان و کردەوەی چاك و یادی خوداو یارمەتیدانی حەق و حەقخوازان).

ده‌فه‌رموێ: ﴿ الا الذین امنوا، وعملوا الصالحات و ذكروا الله كثیرا وانتصروا من بعد ماظلموا ﴾ واته: شاعیران هه‌مویان سه‌رلی‌شێواو گومڕاو شوێنكه‌وتوانیان گومڕان جگه له‌و شاعیرانه‌ی ئیمانیان به خوداو به‌پێغه‌مبه‌ری خودا هێناوه، كرده‌وه‌ی باش و په‌سه‌ند ئه‌نجام ده‌ده‌ن، له‌شیعره‌كانیاندا له‌ئاخاوتن و گفت وگۆیان باسی خودا ده‌كه‌ن ،داكۆكی له‌پێغه‌مبه‌رو ئاینی ئیسلام ده‌كه‌ن. دژی شیرك و موشریكه‌كان شعره‌كانیان ئاراسته ده‌كه‌ن، ئه‌وانه حوكمیان جوداوازه و له‌كۆمه‌لّی گومڕایان نین ، شوێن كه‌وتوانیان به‌سه‌ر لی‌شێواو ناژمێردرێن.

چونكه ئیسلام دژی شیعر نی‌یه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی شیعره ، به‌لّكو دژی ئه‌و شیعرو فه‌نه‌یه كه‌له چوار چێوه‌ی مه‌نهه‌جی ئیسلام ده‌چێته ده‌ره‌وه، دژی شیعرو فه‌نێكه: كه‌به گوێره‌ی هه‌واو ئینفیعالات ده‌گوترێ. دژی شیعرو فه‌نێكه پابه‌ندی مه‌نهه‌جی قورئان نه‌بێ، شوێن خه‌یالّ پلاّو و خه‌ونی ئه‌رخه‌وانی بكه‌وێ، له‌عاله‌می واقیع دا جێگه‌ی نه‌بێته‌وه. به‌لاّم گیانی شاعیره‌كان به مه‌نهه‌جی ئیسلامی سه‌قامگیر ده‌بێ ، شیعرو فه‌ننه‌كه له‌چوارچێوه‌ی په‌یڕه‌و پڕۆگرامی ئیسلامدا ده‌رده‌بڕێ و به‌هه‌ستێكی ئیسلامیه‌وه ده‌گوترێ ، ئه‌وه فه‌ننێكی پیرۆزه، ئیسلام په‌سه‌ندی ده‌كاو شاعیرانی بۆ هه‌لّده‌نێ، ته‌نانه‌ت پێغه‌مبه‌ر به‌حه‌سسانی كوڕی ثابیتی فه‌رموو: (أهجهم وروح القدس معك).

هه‌روه‌ها ئیمام ئه‌حمه‌دو ئه‌بوداود له‌ئیبنو عه‌بباسه‌وه ریوایه‌تیان كردوه: كه پێغه‌مبه‌رﷺ له‌په‌سنی شیعرا فه‌رمویه‌تی: (ان من البیان سحرا و ان من الشعر حكمة).

به‌لّێ: كاتێك بۆ رۆحی شاعیره‌كه رێبازێكی چه‌سپاو ده‌سته‌به‌ربێ، شیعره‌كه بۆ مه‌به‌ستێكی ئیسلامی بگوترێ، له‌كلاّورۆژنه‌ی ئیسلامه‌وه بڕوانێته دونیاو له‌ژێر رۆشنایی ئیسلامه‌وه سه‌یر بكاو ئه‌مجار ته‌عبیر له‌م

هەستە خاوێنەی خۆی بداتەوەو شیعر بڵێ، ئەوە کارێکی پەسەندەو ئیسلام دژی ناوەستیو بەفەننێکی کاریگەر دادەنرێ. ئەوەتا پێغەمبەرﷺ بەعەبدوڵلای کوڕی رەواحەی فەرموو: (اهجهم) واتە: عەیب و عاری کافرەکان بەشیعر دەربخە، هەجویان بکە (فوالذي نفسي بيده لهو أشد عليهم من وقع النبل) سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەم هەجوکردنەی تۆ لەسەر دڵی موشریکەکان لەزەبری تیر کاریگەرترە .

ئیمام ئەحمەد فەرمودەیەکی ریوایەت کردوە کە پێغەمبەر فەرمویەتی: (ان المؤمن يجاهد بنفسه و لسانه ، والذي نفسي بيده لكأن ماترمونهم به نضح النبل) واتە: موسوڵمان جیهاد دەکا بەشمشێرو بەزوبانی، سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەو شیعرانەی ئاراستەی کافرەکانی دەکەن دەڵێی تیرن تێیان دەگرن.

بێگومان قورئانی پیرۆز لەزۆر لەئایەتەکانیدا دڵ و عەقڵی ئادەمیزاد هەڵدەنێ بۆ تێفکرین و وردبوونەوە لەبوونەوەر(سروشت)و نهێنی ناودڵی ئادەمیزاد، دەی خۆی لەخۆیدا ئەمانە مادەی شیعرو فەنن.

ئەمجار پەروەردگار کۆتایی سورەتەکە بەهەڕەشەی توندو ترسناك دەهێنێو دەفەرموێ: ﴿وسيعلم الذين ظلموا أي منقلب ينقلبون﴾ بێگومان لەوە بەو لاوە ئەوانەی ستەم لەخۆیان دەکەن بەوە: کە سوورن لەسەر کوفرو بێدینی بەردەوام روی خۆیان وەردەگێڕن لەتێفکرین لەنیشانەی هەبوونی خوداو تاك وتەنهایی زاتی بێچونی، خۆیان خۆیان گێل دەکەن لەوردبوونەوە لەنێوان پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدو فاڵگرتنەوەی کاهینەکان دا، فەرقی ئایەتی قورئان و شیعری شاعیرەکان ناکەن، لەوە بەولاوە دەزانن: دوای مردن دەکەونە چ شوێنێکی ناخۆش و پڕعەزابەوە، بۆیان دەردەکەوێ چەند بەدبەخت و چارەڕەش دەبن !!

ئیمامی قورتوبی جوداوازی خستۆتە نێوان وشەی (منقلب) و (مرجع)ەوە فەرمویەتی: (منقلب) بریتیە لەوەرچەرخان لەحاڵێکەوە بۆ پێچەوانەی حاڵەکە، (مرجع) بریتیە لەوەرچەرخان لەوحاڵەی تێیدای بۆ حاڵێکی‌تر: کە لەوەو پێش لەسەری بووی، کەوابێ هەموو(مرجع) یێك (منقلب) دەگەیەنێ بەڵام هەموو(منقلب) یێك (مرجع) ناگەیەنێ.

تێبینی:

دەمەوێ لەکۆتایی ئەم سورەتە پیرۆزەداو بەبۆنەی تەفسیری ئەم چەند ئایەتەی کەباسی شیعرو شاعیرەکان دەکەن، هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بەشیعرو شاعیرەکان رون بکەمەوە.

هەڵبەتە چەند فەرمودەیەك لە پێغەمبەرەوە دەربارەی شیعرو شاعیر هاتووە، هەندێکیان دژی شیعرو شاعیرن و بەناپەسەندی لەقەڵەم دەدەن. هەندێ فەرمودەشیان مەدحی شیعرو شاعیر دەکەن. لەبواری زەمکردنی شیعردا ئیمامی موسلیم فەرمودەیەکی ریوایەت کردوە دەفەرموێ: (لأن یمتلئ جوف أحدکم قیحا حتی یَرِیَهُ خیر من ان یمتلئ شعرا) ئەگەر ناوسنگی یەکێ لەئێوە پڕبێ لەکێم و زوخاو هەتا بیخوا (واتە: کێمەکە بیخواو ناو هەڵۆڵی بکا)باشترە لەوەی پڕبێ لەشیعر.

لەبواری پەسندی شیعردا فەرمودەیەك هەیە: ئەحمەدو ئەبوداود ریوایەتیان کردوە لەئیبنو عەبباسەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (ان من البیان سحراو ان من الشعر حکمة) هەندێ تەعبیرو دەربڕین وەکوو سیحر دەچێ پیاو سەرسام دەبێ ، هەندێ شیعر هەیە حیکمەت و پەندە.

عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی (العاص) دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (الشعر بمنزلة الکلام، حسنه کحسن الکلام وقبیحه کقبیح الکلام)(رواه البخاري في الأدب) شیعر وەکوو قسەوایە، جائەگەر جوان بوو وەکوو قسەی‌جوان وایە،ئەگەر ناشیرین بوو وەکوو قسەی ناشیرین وەهایە.

کەوابوو پێویستە بڕیاری ئەوەنەدەین شیعر لەبەر خودی خۆی باشە یان خراپە، پەسندە یان ناپەسندە. بەڵکوو دەبێ بڕوانینە ئەو مانایەی لەشیعرەکەدایە، ئەگەر شیعرەکە بریتی بوو لەپێدا گوتنی ئافرەت و باسکردنی ناموس و خێزانی خەڵك و بانگەوازی بۆ فەسادی ئەخلاق و رەوشت و دڵداری لەگەڵ گەنجی نێرو مێ ئەوە شیعرەکە پەسەند نیەو پێویستە موسوڵمان خۆی لێبپارێزێو توخنی نەکەوێ.

هەروەها ئەگەر کابرای شاعیر شیعر وتنی کردبوە هۆی بەڕێوەچون و ژیان بەسەر بردن و خەریکی چلکاو خۆری بوو، بەگوێرەی دەستکەوت و دابین بوونی بەرژەوەندیەکانی زێدەڕۆیی دەکرد لەمەدح و زەمدا، بەناحەق پایینی بالاّ دەکردن و پایە بەرزانی بەپایین لەقەڵەم دەدان و لەپلەو پایەی دەهێنانە خوارێ، زیانی بەماڵ و ناموسی خەڵکی دەگەیاند، ئەم جۆرە شاعیرانە هەرچی پەیدای دەکەن بەشیعر حەرامەو هەرچی دەیڵێ ناپەسەندەو دروست نیە گوێی لێبگیرێو یارمەتی بدرێ، بەڵکوو دەبێ جڵەوگیری لێبکرێو نەهێڵدرێ بەردەوام بێ لەسەر ئەو کارە ناشیرینەی.

تەنانەت شیعری هەجوو جوێن ئاسا ئەگەر شاعیر مەبەستی هەجوو کردنی کافران نەبوو، وەلاّمدانەوەی هەجووکردنی ئەوان نەبوو بۆ کافرەکان حەرامە. بەلاّم ئەگەر مەبەستی هەجوەکە ڕەددانەوەی کافران و یارمەتی دانی موسوڵمانان بوو پەسەندەو دروستە. پەروەردگار دەفەرموێ:
﴿لایحب الله الجهر بالسوء من القول الا من ظلم﴾ (النساء/١٤٨).

ئەو فەرموودانەی لە بواری پەسەندکردنی شیعردا ریوایەتکراون ئەو فەرمودانە دەگرنەوە کە بۆ دەرخستنی حەق و سەرخستنی حەق گوتراون، بۆ پەندو ئامۆژگاری نوسراون، بۆ فێرکردنی نەزان و یارمەتیدانی ستەم لێکراوو دیفاع لەوڵات و ماڵ و ناموس و گیان بێژراون ، بۆ هەرشتێك

سودی ره‌وای تێدابێ، په‌روه‌رده‌ی دڵ و ده‌رون بکا، عه‌قڵ و هۆش مشت و ماڵ بکا، یه‌کیه‌تی‌و برایه‌تی بخاته ناو گه‌ل و نه‌ته‌وه، ئه‌وه شیعری په‌سنده‌و ئیسلام قبوڵی ده‌کاو به‌پێویستی داناوه.

بێگومان ئه‌م جۆره شیعره په‌سنده‌و پێشه‌وا به‌رێزه‌کانی فیقهو حه‌دیث و ته‌فسیر گوتویانه، زۆربه‌یان له‌م بواره‌دا دیوانی شیعریان هه‌یه، توێژینه‌وه‌و هه‌ڵسه‌نگاندنیان تێدائه‌نجام داوه. گه‌وره زانایانی لوغه‌ت و ئه‌ده‌ب زۆربه‌ی ته‌مه‌نی زێرینی خۆیان تێدا خه‌رج کردوه‌و به‌به‌شێك له‌زانیاریه ئیسلامییه‌کانیان له‌قه‌ڵه‌م داوه‌و په‌سندیان کردوه.

ئیمامی شافیعی ده‌فه‌رموێ: شیعر جۆرێکه له‌ئاخاوتن ئه‌گه‌ر جوان بوو وه‌کوو ئاخاوتنی جوان وایه، ناپه‌سنده‌که‌شی وه‌کوو قسه‌ی ناشیرین وایه: مه‌به‌ستی ئه‌وه‌یه که شیعر له‌به‌ر خودی خۆی ناپه‌سند نیه، به‌ڵکوو ئه‌گه‌ر مانای ناشیرینی تێدا بوو ناپه‌سنده..

ئیبنو عه‌بدولبه‌ر ده‌فه‌رموێ: هیچ که‌س له‌زاناو عاقڵ مه‌ندان شیعری جوانی به‌لاوه ناپه‌سند نه‌بووه : که‌سیش نه‌بووه له‌هاوه‌ڵانی به‌رێزی پێغه‌مبه‌رﷺو زاناو پێشه‌وایانی ئیسلام ئیللا یان شیعری گوتووه یان نموونه‌ی پێ هێناوه‌ته‌وه، یان گوێی بۆ راگرتووه، ئه‌گه‌ر حیکمه‌ت و په‌ندو ئامۆژگاری تێدا بووبێ و قسه‌ی پڕو پوچ و جوێن و توره‌هاتی تێدا نه‌بووبێ په‌سندی کردوه‌و پێی رازی بووه .

هه‌ر کاتێ شیعر له‌وجۆره ناپه‌سنده‌بوو، ئه‌وه جوداوازی له‌نێوان شیعرو نه‌ثر نیه. گوێ لێڕاگرتنی‌و گوتنی‌و نووسینی‌و خوێندنی حه‌رامه. به‌کورتی شیعری واهه‌یه دروسته ده‌می تێوه ده‌ی‌و شیعری واهه‌یه مه‌کروهه، هه‌یه حه‌رامه. هه‌یه سوننه‌ت و په‌سنده.

پێغه‌مبه‌رﷺ بۆ خۆی گوێی له‌شیعر راگرتوه‌و داوای کردوه بۆی بخوێننه‌وه. ئیمامی موسلیم له‌حه‌دیثی عه‌مری کوڕی (الشريد)

لەباوکیەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: رۆژێك بەدوا پێغەمبەرەوە بووم فەرموی: هیچت لەشیعری (أمية)ی کوڕی (أبي الصلت) لەبەرە؟ منیش عەرزم کرد: بەڵێ ، فەرمووی: دەبۆم بڵێ: منیش شیعرێکم بۆ خوێندەوە، فەرمووی: دەی بڵێ : شیعرێکی ترم بۆ خوێندەوە، فەرمووی: بڵێ هەر بۆم خوێندەوە تا سەد دێڕ شیعرم بۆ تەواوکرد.

ئەم ریوایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە پێویست و پەسندەمرۆڤ گرنگی بەلەبەرکردنی شیعری پڕ حیکمەت و مانای جوان و پەسند بدا . پێغەمبەرﷺ کە حەزی لێبوو زۆر گوێی لەشیعری (أمية)بێ لەبەر ئەوەبوو چونکە پیاوێکی داناو عاقڵ بووە.. پێغەمبەر ﷺ دەربارەی فەرمویەتی: **(كاد امية ابن صلت أن يسلم).** (١)

هەڵبەتە شیعرێك حەمدو ثەنای پەروەردگار لە خۆبگرێ ئەوە پەسندو خاوەن فەڕو بەرەکەتە، خوێندنەوەو گوتن و نووسین و لەبەرکردنی سوننەتە، وەکوو ئەم دێڕە شیعرە: (الحمد لله العلّي المنان * صار الثريد في رؤوس العيدان) هەڵبەتە لەم بارەوە نموونە زۆرن و لەژمارە نایەن.

یان شیعرەکە باسی پێغەمبەرو رەوشتی جوانی بکا: وەکوو ئەوەی ئیمامی عەبباس لەمەدحی پێغەمبەردا دەفەرموێ:

من قبلها طبت في الظلال وفي مسـ ... تودع حيث يخصف الورق
ثم هبطت البلاد لابشر أنـ ... ت ولا مضغة و لا علق
بل نطفة تركب السفين وقد ألـ ... جم نسراً و أهله الغرق
تنقل من صالب الى رحم ... اذا مضى عالم بدا طبق

پێغەمبەرﷺ پێی فەرموو: **(لا يفضض الله فاك)**

---

(١) تەفسیری مەراغی ج ١٩/١١٤ ئەمیش لە تەفسیری قورطوبی ج٧/٣٧٤١ ی وەرگرتووە

یان حەزرەتی ئەبوبەکر روبەڕوی پێغەمبەر ئەم شیعرانەی خوێندەوە:

فقدنا الوحي اذ وليت عنّا ودعنا من الله الكلام

سوى ما قد تركت لنا رهينا توارثه القراطيس الكرام

فقد أورثتنا ميراث صدق عليك به التحية والسلام

جا ئەگەر خوێنەرو بێژەری ئەم شیعرە حەزرەتی ئەبوبەکر بووبێ، گوێگرو بیسەر پێغەمبەر بووبێ ئیتر چ بەڵگەیەك لەمە بەهێزتر بێ.

ئیمامی موسلیم لەئەبوهورەیرەوە ریوایەت دەکا: کە دەفەرموێ: گوێم لێبوو پێغەمبەرﷺ بۆ خۆی لەسەرمینبەر دەیفەرموو: (**أصدق كلمة - أو أشعر كلمة - قالتها العرب قول لبيد: "ألا كل شيئ ماخلا الله باطل"**)(١).

شیعری ناپەسەندیش ئەوەیە: کە نووسین و گوتن و گوێلێڕاگرتنی دروست نیە، ئەم جۆرە شیعرە ئەو شیعرەیە ناوەڕۆکی بەتاڵ و مانای ناشیرین و غەیبەت و درۆو دەستدرێژیکردنی تێدابێ بۆ سەر ناموس و کەسایەتی موسوڵمانان، بەناڕەوا پیاوی ترسنۆك و پڕو پوچ بکەیە هاوشانی پیاوی ئازاو شۆڕشگێڕ، لەشکۆمەندی پیاوی خانەدان کەم بکاتەوە، پەستیو نزمی پیاوی خوێڕی داپۆشێو بەرزی بکاتەوە، بەناڕەوا ناکەس بەچە بکاتە شێخ مەحمودی نەمرو مەلامستەفای بارزان و بەڵکو وانیشان بدا ئەو جۆرە پیاوانە لەچاو ئەم ڕا هەر هیچ نەبوون !!

هەندێ شیعر هەیە وتنی کوفری ئاشکرایە، وەکوو ئەوە جنێو بەپێغەمبەردا ، هەرکەسێ هەجووی پێغەمبەر بکا بێسێو دوو کافر دەبێ.

بەڵام هەجووی غەیری پێغەمبەر ﷺ هەر حەرامەو تاوانە شاعیرەکەی پێکافر نابێ. ئیبنو عەرەبی دەڵێ: بەکارهێنانی ئیستیعارەو تەشبیهات لەشیعردا دروستە بازێدەرەویشی تێدابکاو لەسنوری عادەت دەربچێ..

(١) تەفسیری قورطوبی ج٧/٣٧٤٣

لەزەمانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا مەیدانی شیعر زۆر فراوان بوو، مەبەستەکانی شیعر فرەو هەمە جۆربوون، شیعری سیاسی و غەزەلیو هیجا بەتەواوی پەرەیان سەندبوو، زۆربەی زۆری شاعیران کاسەلێسیان بەشیعرەکانیانەوە دەکردو هونەرەکەیان کردبووە سەرچاوەی ژیانیان.

بۆیە خەلیفەی ناوبراو بەتوندی بەگژ ئەم دیاردانەدا چووەوە. دیاردەی کاسبی کردنی بەشیعر بنەبڕکرد، بەخشش و عەطای خۆی لەو شاعیرانە بڕی: کە مەبەستیان لەشیعرەکانیان دابین کردنی پێویستیاتی ژیان بوو، چوار هەزار دیرهەمی دا بەفەرەزدەق بۆ ئەوەی بەچاك و بەخراپ باسی دانیشتوانی مەدینە نەکا!! سەد دیناری دا بەئەحوەصی شاعیر: کە واز لەهەجووکردنی ئەبوبەکری کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی مەروان بهێنێ.

جەریری شاعیر هەرچەندە مەدحی خەلیفەی کردبوو، بەلاّم کە لەگەلّ عەمری کوڕی (لجأ) تەمیمیدا هەجووی یەکتریان کرد، هەردوکیانی سزادان.

عەمری کوڕی رەبیعە کە شاعیرێکی مێبازو ژنانیبوو لەسەر شیعرە غەزەلە ژنانییەکانی دووریخستەوە بۆ ولاّتی دەهلك .

هەرکەسێ دەیەوێ فراوانتر لەم مەوزوعە بزانێ باسەیری تەفسیری قورطوبی ج٧/٣٧٤١-٣٧٤٩ بکا. هەروەها سەیری کتێبی (الخليفة الراشد عمر بن عبد العزيز) دانراوی د. وهبه الزحيلي ل٦٢ بکا.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سورەتی (النمل)

ئەم سورەتە ناونراوە سورەتی (النمل) چونکە چیرۆکی شیوی (النمل)ی تێدایە، چیرۆکی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە مێرولەیەك ئامۆژگاری مێروەکانی تری کردو وتی: هەمووتان بڕۆنە ناو ماڵی خۆتانەوەو خۆتان تاقەت بکەن، نەبادا لەشکری سولەیمان پان و پلێشتان بکەنەوەو ئاگایان لێنەبێ‌و نەتان بینن، حەزرەتی سولەیمان ﵇ کە خودا زانیاریی زمانی پەلەوەرو هەموو گیانلەبەرێکی فێرکردبوو، ئاخاوتنی ئەم مێرولەیەی بیست و زەردەخەنەی بەقسەکەی هات. لەخودا پاڕایەوە : کە تۆفیقی بدا بۆ سوپاسگوزاری لەسەر ئەو نیعمەتانەی پێی بەخشیون.

پەیوەندی ئەم سورەتە بەهی پێشوویەوە لەچەند رویەکەوە :

١- وەکوو تەواوکەری سورەتی پێشوو وەهایە لە رانواندنی چیرۆکی پێغەمبەران دا، چیرۆکی حەزرەتی داودو حەزرەتی سولەیمان﵉رادەنوێنێ.

٢- تەفصیل و شیکردنەوەی تێدایە بۆ کورتەو موجمەلی چیرۆکەکانی سورەتی (الشعراء) ئەوەتا لە ئایەتی (٧-١٢) چیرۆکی حەزرەتی موسا﵇ شیدەکاتەوە لە ئایەتی (٤٥-٥٣) چیرۆکی صالح﵇ و لەئایەتی (٥٤-٥٨) چیرۆکی حەزرەتی لوط ﵇ شیدەکاتەوە.

٣- ئەم سێ سورەتە واتە (الشعراء ، النمل ، القصص) یەك بەدوای یەك دا نازڵ بوون و هەرسێکیشان مەککین و لەقورئانیش دا بەوشێوە پۆلێن کراون.

لە ئیبنوعەبباس و جابری کوڕی زەیدەوە ریوایەت کراوە: کەسورەتی (الشعراء) ئەمجار (طس) پاشان (القصص) یەك بەدوای یەك دا نازڵ بوون.

هەروەکوو چۆن هەرسێکیان بە (الحروف المقطعة)ی لێکچوو دەستیان پێ‌کراوە. (الشعراء) بە (طسم) و (النمل) بە (طس) و(القصص) بە (طسم) دەستیان پێ‌کراوە، واپێدەچێ لێکچونی سەرەتای سورەتی (الشعراء) و(القصص) و جوداوازیەکەیان لەگەڵ سورەتی (النمل) دا ئاماژەیە بۆ ئەوە: کە مەبەست بەو(حروفە موقەطەعانە) تەحەدداکردنی موشریکەکانەو پێیان دەفەرموێ: قورئان لەم جۆرە پیتانە پێك هاتووەو زوبانی ئێوەش لەم پیتانە پێك هاتووە، دەی کە ئازان و لەتواناتان دا هەیە نموونەی ئەو قورئانە بخەنەڕو.

٤-سورەتی (النمل) دوا سورەتی (الشعراء) نازڵ بووەو لەسەر نەسەقی ئەوە، هەردوکیان پێشەکیو پاشاتایان هەیە، لەنێوان پێشەکیو پاشاتا چەندە چیرۆکێك هەن. بۆ هاوکێشەکردن و بەرامبەریکردنی نێوان هەڵوێستی موشریکەکانی مەککەو گەل و نەتەوە پێشینەکان بەمەبەستی پەندو ئامۆژگاریو تێفکرین لەداب و نەریتی خودا لەبونەوەردا.

٥-هەردوکیان لەسەرەتاوە وەصفی قورئان دەکەن بەوە کە لەخوداوە نازڵ بووە.

لەسەرەتای سورەتی(الشعراء)دا فەرموی:**﴿تلك آيات الكتاب المبين﴾** لەسەرەتایئەم سورەتەش دا فەرموی:**﴿تلك آيات القرآن و كتاب مبين﴾** لەکۆتایی سورەتی (الشعراء) دا فەرموی: **﴿وانه لتنزيل رب العالمين﴾** لەسەرەتای ئەم سورەتەش دا دەفەرموێ: **﴿تلك آيات القرآن..﴾** هەڵبەتە بەوشەی **﴿تلك﴾** ئاماژەی بۆ **﴿تنزيل ربّ العالمين﴾**ی کۆتایی سورەتی پێشوو دەکا.

باسی سەرەکی سورەتەکە وەکوو هەموو سورەتە مەککیەکانی تر باسی عەقیدەو ئیمان بەخوداو یەکتاپەرستیو بڕوا بوونە بەرۆژی دواییو پاداش و سزای،هەروا ئیمان بەنیگاو سروشی خودا بۆ پێغەمبەران و

جەختکردنەوە لەسەر ئەوە: کە غەیب زانی هەر بۆ خودایەو کەسی‌تر غەیب نازانێ ، هەروەها بڕوا بەوە کە هەر خودا بەدیهێنەرو رزق و رۆژیدەرە، هەموو شتێك بەدەست خودایەو هەرچی خودا بیەوێ ببێ دەبێ‌و ئەوەی بیەوێ نەبێ نابێ.

جا بۆچە سپاندنی ئەو مەبەست و باسانە، بۆ ڕونکردنەوەی ئەو مانایە و دیاری کردنی ئاکامی سەرپێچیکار و بە درۆخەرەوەکان و سەرەنجامی موسڵمانان ، چەند چیرۆك و بەسەرهاتی پێغەمبەرانی ڕابوردوی هێنایەوە ، لەسەر هەبونی خودای تاك و تەنها و بەتوانا و بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە ناویاندایە ، هەروەها بەخشینی بیرو هۆش و عەقڵ و ئاوەز بە ئادەمیزاد ، هەروا ڕەخساندن و دابین کردنی هەموو پێداویستیاتی ژیان. ئەمجار دەربڕینی نارەزامەندیی لە موشریکەکان: کە بڕوایان بە زیندوبونەوەو حیساب و لێکۆڵینەوەو سزاو پاداش نی‌یە .

کۆتایی سورەتەکەشی بەپۆلێنکردنی ئادەمیزادەکان هێناوەو کردوونی بەدوو بەش ، بەختەوەرو بەدبەخت و سزاو پاداشتی هەرکەس بەگوێرەی کردەوەکانیان .

دیاردەیەکی تری گشتی ئەم سورەتە بریتی‌یە لەباسی زانست و زانیاری، بەو جۆرە شێوەو ئوسلوبە، تارمایی زانیاری لە سورەتەکەدا بەر چاو دەکەوێ . هەر لە سەرەتای سورەتەکەوە تاکۆتایی ئەم تارمایی‌یە بە زەقی دەبینرێ .

دەی بابچینە خزمەت ئایەتەکانی سورەتەکەو دەست بکەین بە ڕاڤەکردن و شیکردنەوە:

سورەتی النمل

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

طسٓۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡقُرۡءَانِ وَكِتَابٖ مُّبِينٍ ﴿١﴾ هُدٗى وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ ﴿٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ زَيَّنَّا لَهُمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَهُمۡ يَعۡمَهُونَ ﴿٤﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَهُمۡ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ وَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡأَخۡسَرُونَ ﴿٥﴾ وَإِنَّكَ لَتُلَقَّى ٱلۡقُرۡءَانَ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ عَلِيمٍ ﴿٦﴾

(طا: سین) ئەم پیتە پچڕ پچڕانە لە سەرەتای سورەتەکان دا ، چەند جار لەوە پێش ئاماژەمان بۆ ماناکانیان کردوە. پێویست ناکات دوبارەیان بکەینەوە . مانایەك کە بە پەسەندی دەزانین لەناو ئەو مانایانەدا ئەوەیە: دەفەرموێ ئیمە قورئانمان لەو پیتانە پێك هێناوە ، دەی ئێوەش بتوانن هەر لەو پیتانە نامەیەکی ئاوا تەنانەت با بە ئەندازەی کورترین سورەتیشی بێ بخەنە ڕو!

﴿تلك آيات القران وكتاب مبين﴾ ئەم ئایەتە نازڵ کراوانە بۆ سەر تۆ ئەی موحەمەد ! لەم سورە تەدا،بەشێکن لەئایەتی قورئان بە گشتی، ئایاتی نامەیەکی نوسراوو ئاشکراو نومایانن: کە تارۆژی قیامەت ئەو قورئانە بەرقەرار دەبێ وپەیڕەوی کردنی هۆی بەختەوەرییەو کارپێ کردنی

ئاسان و لەتوانادايە. هەر كەسێ تێی بفكرێ، لێی سودمەند دەبێ و لەدڵیدا شیرین دەبێ، بۆی دەردەكەوێ كەلامی خودايەو زادەی بیرو بۆچونی ئادەمیزاد نیە، جگە لەخودا كەس لەتوانای دا نییە وێنەی قورئان بخاتەڕو بەڵكوو ناتوانن وێنەی كورتترین سورەت بخەنەڕو.

﴿هدی وبشری للمؤمنین﴾ واتە: قورئان هیدایەتدەرو رێ ڕۆشنكەرەوەی ژيانە بۆ ئادەمیزاد، ڕزگاريان دەكا لەڕێبازی گومڕایی، مزگێنی دەرە بۆ ئەوانەی خاوەن باوەڕن و پابەندی فەرمان و جڵەو گیریەكانی خودان،مزگێنی بەهەشت و ڕەحمەتی خودايان دەداتێ.

مانای ئەوە: كە قورئان هیدایەتدەربێ بۆ موسڵمانان ئەوەیە: سەرباری هیدایەتی خۆيان هیدایەتی تريان بۆ زیاد دە كا. وەكوو لەئايەتێكی تردا ئاماژە بەوە دەكاو دەفەرموێ: ﴿**فاماالذين امنوا فزادهم ايمانا،وهم يستبشرون**﴾ هیدایەتيان دەدا بۆڕێگای بەهەشت و بە بەهەشتيان دەگەيەنێ وەكودەفەرموێ: ﴿**فسيدخلهم فی رحمة منه وفضل ويهديهم صراطا مستقيما**﴾(النساء /١٧٥).

هەروەسا: كە دەفەرموێ: ﴿**هدی وبشری للمومنين**﴾ ئاماژە بۆ حەقیقەتێكی گەورەو بەنرخ دەكا، ئەويش ئەوەیە: قورئان كتێبێكی زانستی نەظەریو راهێنان نیە ،هەركەسێ بیخوێنێتەوەو لەبەری بكا سودی لێوەربگرێ، بەڵكوو قورئان نامەیەكە ئاڕاستەی دڵ كراوە سەرەتا لەگەڵ دڵ و دەروون دەدوێ، نوورو روناكی بەكەسێ دەبەخشێ دڵی كراوە بێ بۆ وەرگرتنیو سودی لێببینێ، هەتا دڵەكە زیاتر بەنووری ئیمان رۆشن بووبێتەوە پتر نەرمە بارانی باوەڕی لێ دەبارێ ، زۆرترین كاريگەری قورئان دەچێژێ.

وارێ دەكەوێ ئادەمیزاد دەيان جارو سەدان جار ئايەتێك دەخوێنێتەوە يان گوێی لێدەبێ ، بەڵام دڵی ناداتێو بەسەرپێیی بەسەریدا تێپەڕ

دەبێ، وەهیچ کاریگەریەك لەسەر ئەو دڵە بێئاگایە بەجێناهێڵێ. کەچی لەنکاوێك چرایەك لەدڵیدا هەڵدەکرێو بەگوێلێبوون یان بەخوێندنەوەی ئایەتەکە دڵی وەکوو غونچەی گوڵ دەکرێتەوەو کاریگەریەکی تێدا پەیدا دەبێ: کە بەخەیاڵیدا نەهاتووە. موعجیزە لەژیان و خاوەنی ئەودڵە هەستیارەدا دروست دەکا. لەڕێبازێکەوە دەیگوێزێتەوە بۆ ڕێبازێکیتر.

بێگومان قورئان گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووە لەبواری هیدایەت و خوداناسیو ڕێنومایی‌و جم و جوڵ بۆ دۆزینەوەی ڕێگای بەختەوەریی ، ئیمان و باوەڕ کلیلی ئەو گەنج و خەزێنەیە ، ئەو کلیلەت نەبێ ناتوانی دەرگای ئەو گەنجە بکەیتەوە. ئەوکەسانەی بەڕاستی موسوڵمان بوون و باوەڕیان پتەوبوو، بەهیدایەتی ئەم قورئانە موعجیزەیان دروستکردن، بوون بەنموونەو بەنموونە دەهێنرێنەوە، بۆ ؟ چونکە دڵیان ئامادەبوو بۆ وەرگرتنی هیدایەتەکەی .

بەڵام کاتێك قورئان ببێتە کتێبێك ئایەتەکانی وەکوو گۆرانی دەنگ و صەدایان تێدا تاقی بکرێتەوە، لەحەفلەو فستیڤالا بەرنامەی پێبڕازێنرێتەوە ئێزگەو تەلەفزیۆنی پێبکرێتەوە، لەترسی شەوەو دێوو درنج لەپەنای ئافرەتی زەییستان دابندرێ ، لەدادگادا بۆ سوێند خواردن ـ نەك بۆ کارپێکردن ـ دادوەر بەشێوەیەکی رۆتینی‌و بۆ هەڵخەڵەتاندنی موسوڵمانان لەسەر مێزی حوکمی طاغوت دایبنێ و شایەتی پێ سوێندبدا، .. هەڵبەتە هەرکاتێ‌وابوو، قورئان دەبیسترێ بەڵام لەگوێچکەیەوە داخڵ دەبێ‌و لەولاوە دەردەچێ‌و ناگاتە دڵ و هیچ کاریگەریەکی نابێ‌و کەس سودی لێنابینێ‌و گەنج و خەزینەیەکی دەرگا داخراوو بێکلیلە.

ئەو موسوڵمانانەی سود لەقورئان وەردەگرن و پێی هیدایەت ئامێزدەبن، ﴿الذین یقیمون الصلاة﴾ ئەوانەن:

کە نوێژەکانیان بەتەواوەتیو بەرێکوپێکی ئەنجام دەدەن. ئەرکان و مەرجەکانیان بەتەواوەتی بەجیٚدێنن، پەروەردگاری خۆیان لەدڵ دا ئامادەکەن و خوشوع و خضووعی بۆ دەکەن، خوێندنی فاتیحەو ذیکرو دوعاکان وادەخوێنن وەکوو چاویان لەخودا بێ، ئەگەر هیچکە نەبێ وەدەزانن خودا چاوی لەوانە.

﴿ویؤتون الزکاة﴾ زەکاتی ماڵ و سامانی خۆیان دەردەکەن، ماڵ و دەرونی خۆیان بەو زەکاتدانە پاك دەکەنەوە.

﴿وهم بالآخرة هم یوقنون﴾ ئەوان بڕوای تەواویان بەرۆژی قیامەت هەیە، دڵنیان لەوەی دوامردن زیندو دەکرێنەوە، پاداش و سزا بەگوێرەی کردەوەکانیان وەردەگرنەوە، بەهەشت و دۆزەخ هەن و پاداشی چاکەکاران بەبەهەشت وسزای سەرپێچیکاران بەدۆزەخ دەدرێتەوە، فەرمان بەرداری فەرمانی خودا لەوشتانەی فەرمانیان پێدەکا. خۆیان دەپارێزن لەوشتانەی جڵەوگیریان لیٚدەکا.

ئەمجار دێتە سەرباسی ئەوانەی بڕوایان بە زیندوبوونەوەی رۆژی قیامەت و حیساب و لێکۆڵینەوەی ئەو رۆژە نیە.دەفەرمویٚ:

﴿ان الذین لایؤمنون بالآخرة زینّا لهم أعمالهم فهم یعمهون﴾ بێگومان ئەوانەی قیامەت بەدرۆ دەزانن و بەلایانەوە دورو نەگونجاوە دوا مردن زیندوبونەوە هەبێ و قیامەت ڕابێ، ژیانی دونیامان لەپێش چاو جوان کردون، کردەوە ناشیرین و ناپەسەندەکانیانمان لەدڵ دا شیرین کردون، مۆڵەتمان داون لە گومڕایی خۆیاندا بێن و بچن، ئەوان سەرلێشێواو سەرگەردانن، پێوەرو پێناسەکانیان لیٚ تێك چون، پێیان وایە ئەوەی دەیکەن کاری چاك و پەسەندە، بیر لەئاکامی خۆیان ناکەنەوە،

چاویان لەدوارۆژو سەرەنجامی هەڵس و کەوت‌وکارو کردەوەی ناشیرینی خۆیان نیە.

زەجاج دەفەرموێ: مانای ﴿زینا لهم اعمالهم ﴾ ئەوەیە: لەدونیادا لەسزای سوربونیان لەسەر کوفر، کردەوە خراپەکانمان لەدڵ دا شیرین کردون و بەسروشت حەزیان لێیەتی.

﴿اولئك الذین لهم سوء العذاب، وهم في الاخرة هم الاخسرون ﴾ ئەوانە سزایان عەزابی سەختی دژوارە لەدونیاو قیامەتدا، لەدونیادا بەکوشتن و دیل گرتنیان لەکاتی شەڕکردنیان لەگەڵ موسڵمانان، وەکوو لەغەزای بەدر دا ڕوی دا . لەقیامەتیشدا عەزابی سەختی دۆزەخیان بۆ ئامادە کراوە بەڵکو سزاو عەزابیان لەقیامەتدا زۆر سەخت و دژوارە، چونکە عەزابەکەیان لەوێ بەردەوام سەخت و نەبڕاوەیە. وە کوو عەزابی دونیایان نیە ماوەیەك بێ‌و ببڕێتەوە.

ئەمجار دێتە سەر باسی حاڵ و چۆنیەتی ئەو کەسەی قورئانی بۆ نازڵ کراوە. دەفەرموێ: ﴿وانك لتلقی القران من لدن حكیم علیم ﴾ ئەتۆ ئەی پێغەمبەر! قورئان وەردەگری و پێت دەبەخشرێ‌و فێردەکرێی لەلایەن خودای داناو لێزان لەفەرمان و جڵەوگیری‌و بەڕێوەبردنی بوونەوەردا، زاناو ئاگادارە بەسەر کاروبارەکاندا بەگەورەو بچوکیەوە، ئاگاداری حاڵ و وەزعی مەخلووقاتی خۆیەتی، دەزانێ: چی بۆیان باشەو چی لەبەرژەوەندی ئەوان نیە . هەرهەواڵێکی رایدەگەیەنێ راستە ، حوکم و بڕیاری عەداڵەتکارییە. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وتمت كلمة ربك صدقاً و عدلا ﴾(الأنعام/١١٥).

ئایەتی﴿ وانك لتلقی القرآن .... ﴾ ڕێخۆشکەرەیە بۆ ئەو چیرۆکانەی لەمەودوا لەسورەتەکەدا رادەنوێنرێن.

چیرۆکی یەکەم: چیرۆکی حەزرەتی موسایە ﷺ

إِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِأَهۡلِهِۦٓ إِنِّيٓ ءَانَسۡتُ نَارٗا سَـَٔاتِيكُم مِّنۡهَا بِخَبَرٍ أَوۡ ءَاتِيكُم بِشِهَابٖ قَبَسٖ لَّعَلَّكُمۡ تَصۡطَلُونَ (٧) فَلَمَّا جَآءَهَا نُودِيَ أَنۢ بُورِكَ مَن فِي ٱلنَّارِ وَمَنۡ حَوۡلَهَا وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (٨) يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّهُۥٓ أَنَا ٱللَّهُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ (٩) وَأَلۡقِ عَصَاكَۚ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهۡتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنّٞ وَلَّىٰ مُدۡبِرٗا وَلَمۡ يُعَقِّبۡۚ يَٰمُوسَىٰ لَا تَخَفۡ إِنِّي لَا يَخَافُ لَدَيَّ ٱلۡمُرۡسَلُونَ (١٠) إِلَّا مَن ظَلَمَ ثُمَّ بَدَّلَ حُسۡنَۢا بَعۡدَ سُوٓءٖ فَإِنِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ (١١) وَأَدۡخِلۡ يَدَكَ فِي جَيۡبِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٖۖ فِي تِسۡعِ ءَايَٰتٍ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَقَوۡمِهِۦٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ (١٢) فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ ءَايَٰتُنَا مُبۡصِرَةٗ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٞ (١٣) وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗاۚ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ (١٤)

دوای ئەوەی پەروەردگار هەواڵی ئەوەی دا بە پێغەمبەرﷺ کە قورئان لەلایەن خودای داناو زاناوە وەردەگرێ، چیرۆکی حەزرەتی موسا ﷺ دەگێڕێتەوە . بەئەمەش ئەوە رادەگەیەنێ کە پێغەمبەر شتێکی

تازەبابەت نیەو بانگەوازییەکەی نموونـەی لـەمێژوودا زۆرە. وەکـوو ئـەوە بەپێغەمبەر دەفەرموێ: ئەی پێغەمبەر؛ ئەتۆ لەم نیگا وەرگرتن و سروش بۆ هاتنەت شتێکی بیدعەو تازەقەڵاّ نیت، ئەوەتا پێش تـۆ موسـا ﷺ سروشی بۆ هاتوەو نیگای بـۆ کـراوەو ئـەرکی پێغەمبەرایـەتی خراوەتـە سەرشان و بانگەوازی فیرعەون و گەلەکەی کردوە !

هـەروەها ئـەو بەدرۆخسـتنەوەو سـەرپێچی کردنـەی لەگەلەکەتـەوە توشت دێ، شتێکی تازە نیەو لـەمێژوودا نموونـەی زۆرە ، ئـەوەتا گـەلی موسا هەرچـەندە لەناخـەوە دەیـانزانی پـەیامی موسـا راسـتەو بڕوایـان بەموعجـیزەو ئایـاتی خـودا هەبـوو؛ کـەچی بەئەنقەسـت و لـەروی ستەم و لوتبەرزییەوە ئینکاری پەیامەکـەیان کـردو شـوێنی نەکـەوتن و بەدرۆیـان خسـتەوە.

دەفەرموێ: ﴿اذ قال موسى لأهله: اني آنست نارا ، سـآتيكم منـها بخبر أو آتيكم بشهاب قبس لعلكم تصطلون﴾ ئەی پێغەمبـەر ! یـادی ئەوە بکەرەوە کاتێك موساﷺ لەولاّتی مەدیەنـەوە بـەخۆیو خێزانیـەوە دەگەڕانەوە بۆ میصر، لەشـەوێکی تـاریکی سـەرمادا ڕێگایـان لیّ تێـك چوو، لە هەوڵی ئەوەدابوون یەکێکیان دەست بکەوێ شارەزاییان بکا، یان نیشانەیەکی ڕێگا بدۆزنەوەو پیێدا بڕۆن .

ئیتر حەزرەتی موساﷺ ئاگرێکی بینی دەدرەوشـایەوەو دەسـوتا نێڵـە نێڵە. کە ئەوەی بینی مزگێـنی بەژنەکەی دا: کـە وا ڕێگـای دۆزییـەوەو لەتەنگانە رزگاریان بوو، وتی: ئافرەت من ئاگرێکم بینی، دەچم بـۆ ئـەو دەوروبەرە، هەواڵێکی ڕێگا دەزانم و سەرە بزوتێکیش بۆ ئێوە دەهێنم لەم شەوە سەرماو تاریکەدا خۆمانی لەبەر گەرم دەکەینەوە.

وشەی ﴿تصطلون﴾ واتە: خۆتان گەرم بکەنـەوە، شـاعیرێکی عـەرەب دەڵێ: النار فاكهة الشتاء فمن يرد أكل الفواكه شاتياً فليصطل

بەڵێ مەزەندەکەی راست دەرچوو، چۆنی گوت ئاوابوو ! کە چوو گەڕایەوە بەهەواڵێکی سەرسوڕهێنەرەوە هاتەوە ، نەك هەواڵی دۆزینەوەی ڕێگای نێوان مەدیەن و میصر بزانێو لەو شەوە سەرمایەدا ڕێگا بدۆزنەوەو خۆیو خێزانی رزگاریان بێ . بەڵکوو هەواڵی پێغەمبەرێتی هێنایەوە، ڕێگای رزگاربوونی گەل و نەتەوەکەی دەست کەوت ! ئاگری نەهێنایەوە بەڵکوو نووری نوبووەتی هێنا. وەکوو دەفەرموێ: ﴿فلمّا جاءها نودي ان بورك من في النار ومن حولها﴾ کاتێك گەیشتە شوێنی ڕووناکی‌یەکە دیمەنێکی سەرسوڕهێنەری بینی .

وەهبی کوڕی (منبّه) دەڵێ: کە موسا ﷺ ئاگرەکەی بینی لەنزیکیەوە ڕاوەستا، سەیری کرد ئاگرەکە لەلقی دارێکی زۆر سەوزەوە دەردەچێ، تائاگرەکە زیاتر بڵێسە بسێنێ دارەکە سەوزتر دەبوو، سەری سوڕما، دانەویەوە بۆ ئەوەی دەستە چیلکەیەك لەئاگرەکە هەڵبگرێ، ترساو تۆزێك کشایەوە، هاتەوە پێشەوەو جارێکی‌تر هەوڵی دا چەند سەربزوتێکی دەست بکەوێ .

لەکاتی ئەم بێنەو بەردەیەدا بوو: کە سەری بەرز کردەوە بۆ لای ئاسمان، بینی: کە روناکایی ئاگرەکە بەرز بۆتەوە بۆ ئاسمان و ئاگر نیە نوورە، روناکایی خودای بوونەوەرە، هەتا زیاتر لەو دیمەنە وردبۆوە، پتر سەری سوڕما.

ئیبنوعەبباس دەفەرموێ: بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەو دیمەنەی کرد ویستی بزانێ چیەو چی نیە. ئیتر بانگی لی‌کراو پێی وترا: پیرۆزی درا بەو کەسەی لەجێگای ئاگرەکەدایەو بەو کەسەیش وا لەدەوروبەری شوێنی ئاگرەکە. واتە: پیرۆزە ئەوەی لەناو نوورەکەدایەو شوێنی نوورەکەش پیرۆزە. مەبەست بەشوێنەکە ئەو پارچە زەوییەیە کە لەئایەتی ژمارە(٣٠) ی سورەتی (القصص) دا: کە دەفەرموێ: ﴿نودي من شاطئ

الوادي الأيمن في البقعة المباركة﴾ دەوروبەری ئەو شوێنەش خاکی شامە کە ولاتێکی پڕ فەڕوبەرەکەتە، چونکە مەڵبەندی پێغەمبەرانـــەو زۆربـەی فروستادەکانی خودا لەو دەڤەرو ولاتە نێردراون.

دەبێ مەبەست بەوانەی لـەناو ئاگرەکـەدا کـێ بـن ؟ هـەروەها دەبـێ مەبەست بەوانەی لەدەوری ئاگرەکە بوون کێـن؟ واپێدەچـێ ئـەو ئـاگرە لەجۆری ئەم ئاگرە نەبووە: کەئێمە دایدەگیرسێنین. بەڵکوو ئـاگرێك بـووە سەرچاوەکەی عالەمی بالا بوو، ئاگـرێك بووە (نووریٚ بووە) گیانە پاك و خاوێنەکان لە فریشـتە هـەڵیان گیرسـاندوە، بـۆ هیدایـەتی ئـادەمیزادو وەکـوو ئـاگری عـادەتی هاتۆتـە بـەرچاوی موسـا سـەرنجی لیٚدەداو لیٚی وردەبوەوە.

بەرستەی **﴿أن بورك من في النار﴾** بانگی لیٚکرا، تا نیشانەو ئاماژەبێ بەرژانی خێرو فەڕی یەزدانی بەسەر ئەوانەدا: کە لەناو ئاگرەکـەدا بـوون: کە بریتی بوون لە فریشتەکان.. هەروەها بەسەر ئـەو کەسـەیش دا کەلـە دەوری شوێنی ئاگرەکەیە: کە بریتیە لەحەزرەتی موسا﷤، ئیتر هـەموو بوونـەوەر ئـەم بەخششـەی وەرگـرت، ئـەم ولات و دەڤـەرە لـەتۆمارگای بوونەوەردا بووبە ولاتێکی پیرۆزو پڕ فەڕو بەرەکەت، خودا ئەم پیرۆزییـەی پێدا، هۆی ئەم فەڕو بەرەکەتە، روداوی ئەم روداوە گەورەیە بوو: کە بریتی بوو لەگفتوگۆکردنی پەروەردگار لەگەڵ بـەندەی خـۆی حـەزرەتی موسـاو کردنی بەفرستادەی خۆی بۆ سەر فیرعەون و دارو دەستەکەی‌و دەرخستنی موعجیزەی (یەدی بەیضاو عەصای ئەژدیها ئاسا) .

جا چونکە وەزعەکە تارمایی جەستەو جۆرە مادییـەتێکی لیٚدەکـریٚ، پەروەردگار زاتی خۆی بەدوور گرت لەهەرشتێك: کە شـیاوی ئـەو نـەبیٚ، فەرموی: **﴿وسبحان الله رب العالمين﴾** خودا پاك و بـەرزو پـیرۆزە لەهـەر

شتێك: كە شیاوی ئەو نەبێ خـودای بوونـەوەرەو بەدیهێنـەری كائیناتـەو لەهیچ دروستكراوێكی ناچێ.

زاتی خـۆی بـەرز راگـرت و ئیعلانـی خودایـەتی خـۆی بـۆ بوونـەوەر راگەیاند. هەروەها خۆی لەبەندەی خۆی موسا عليه السلام ئاشكرا كـردو ئـەوەی تێگەیاند: كە ئەوەی بانگی لیّ دەكا خودای زاناو دانایە. لەلایەكی تـرەوە حەزرەتی موسا عليه السلام بۆی دەركەوت: كە ئەو بانگەی لیی كـرا لەخوداوەیـە، چونكـە وەكـوو ئاماژەمـان پیّكـرد، ئاگرەكـە لـەدرەختێكی گـەلا واوی سەوزەوە دەردەچوو، ئاگر دەهایسـاو درەختەكـە نەدەسـووتا . ئەمـەش وەكوو موعجیزەیەك و تیلنیشانێك وابوو بۆ حەزرەتی موسا عليه السلام: كە ئەو بانگ كردنە لەخوداوەیە .

ئەوەی پشتگیری لەم بۆچوونە دەكا ئـەوە فەرمودەیەیـە: كـە ئیمـامی موسـلیم لەصەحیحەكـەی دا و ئیبنوماجـە لـە سـونەنەكەی دا لـە ئیبنوعەبباسـەوە ریوایـەتیان كـردوە هـەروەها ئیمـامی بەیهـەقی لەئەبوموسای ئەلئەشـعەرییەوە ریوایـەت دەكـا دەلێـن: پێغەمبـەر ﷺ فەرموی: (ان الله لاينام، ولاينبغي ان ينام، يخفض القسط و يرفعه، حجابه النور لو كشفت لأحرقت سبحات (أنوار) وجهه كل شيئ ادركه بصره).

ئـەمجار پـەروەردگار خـۆی لیّئاشـكرا كـردو پێـی فـەرموو: ﴿ياموسى انه أنا الله العزيز الحكيم﴾ ئەی موسـا ! بزانـەو ئاگاداربـە، ئەو كەسەی خیطابت لەگەلّ دەكاو بـانگت لیّدەكـا ئـەوە (الله) یـە ئـەو خودایەیە، هەموو شتێك گەردنكەچیەتی، هەموو شتێك ژێرباریەتیو ئەو بەسەریدا زالـە. حـەكیم و دانایـە لەقسـەو كـردەوەیدا هـەرچی دەیلـێ هەرچی دەیكا لەجیّی خۆیدایە.

ئەم بانگكردنە بۆ ئەوە بوو: بزانیّ هەلّبژێرراوەو كراوە بـە پێغەمبـەر.. هەلّبەتـە دوابـەدوای هـەلّبژاردن: ئـەركی پێغەمبەرایـەتی دەخرێتـە

سەرشانیو دەنێردرێ بۆسەر گەورەترین ملهوڕی سەر زەوی لەو رۆژگارەدا. بۆیە پەروەردگار موعجیزەی پێبەخشی بۆ ئەوەی بتوانێ روبەڕوی ئەو طاغوتە ببێتەوە. یەکەم موعجیزەی ئەوەبوو: گۆچانی دەستی بۆ کردە ئەژدیها .

هەڵبەتە ئەو ئاخاوتنەی لەسورەتی(طـه)دا دەربارەی عەصاکەی لەگەڵیدا ئەنجام دا، لێرەدا دووبارەی نەکردەوە چونکە لێرەدا عیبرەت و پەند وەرگرتن بریتیە لە بانگ لیّکردنەکەو ئەرك خستنە سەرشان ، بۆیە یەکسەر کورتبڕی کردو ئەو ئاخاوتنەی بەمەزەندەکراوی هێشتەوەو چووە سەر مەبەستی سەرەکیو پێی فەرموو:

﴿وألق عصاك﴾ دەگۆچانەکەت فڕێ دەرە سەر زەوی ! ئەویش فەرمانی بەجیّهێناو عەصای دەستی فڕیّدایە سەر زەوی، یەکسەر گۆچانی بیّگیان و دارەوشکی چەند ساڵ لەوە پێش براو، بوو بەمارێکی گەورەی سەرسوڕهێنەر، هێندەی ئەژدیهایەك گەورەو زەبەللاح؛

وێڕای ئەوەش تابڵێی چوست و چالاك و تیژڕەو ﴿فلمّا رآها تهتزّ كأنّها جان ولّى مدبراً و لم يعقب﴾ کاتێك گۆچانەکەی خۆی بینی بەوشێوە بەسەر زەویدا دێو دەچیّ،ئەو ئەژدیها زەبەلاحە وەکوو ئەو تیرە مارانە کەوتە جم و جوڵ، سەری سوڕماو لێی ترسا! چۆن ترسانێك؟ ترسانێکی واجگە لەهەڵاتن هیچ چارەیەکی تری بەخەیاڵ دا نەهات، لەترسانی هەڵات و ئاوڕی نەدایەوە، بەتەمانەبوو جارێکیتر بگەڕێتەوە ! بۆ لای گۆچانی دەستی بەماربووی !

پەروەردگار بانگی لیکردو ترسەکەی لیڕەواندەوەو پێی فەرموو: ﴿یاموسی: لاتخف، اني لايخاف لديّ المرسلون ﴾ ئەی موسا ! مەترسە لەوەی چاوت پیّکەوت ، ئەمن هەڵت دەبژێرم بۆ پێغەمبەرایەتی ، دەتکەمە فروستادەی خۆم بۆ سەر فیرعەون و دارو دەستەکەی ،

پێغەمبەران لەلای من ناترسن لەوکاتەدا فەرمان وەردەگرن و موعجیزەیان لەسەر دەست ظاهیر دەبێ.

﴿**الاّمن ظلم**﴾ بەلاّم کەسێك ستەمکار بێ ، ئەوانە لەمەوقیفی وادا دەترسن و واقیان وڕدەمێنێ، ﴿**ثم بدّل حسنا بعد سوء**﴾ مەگەر تۆبە بکەن بەهۆی تۆبە کردنەکەیانەوە ببنە چاکەکاروازلەخراپەکاری بهێنن.

﴿**فاني غفور رحيم**﴾ ئەوە من بۆیان لێخۆشبوو تاوانپۆشم، رەحمەت و لێخۆشبونم بۆیان بەرفراوان و لەبن نەهاتووە. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**واني لغفار لمن تاب وآمن وعمل صالحاً ثم اهتدى**﴾ (**طه**/٨٢) یان دەفەرموێ: ﴿**ومن يعمل سوءاً او يظلم نفسه ، ثم يستغفر الله ، يجد الله غفوراً رحيما**﴾(**النساء**/١١٠)

ئێستا: کە حەزرەتی موسا ﷺ سەرخۆکەوتەوە، دڵی ئارام بووەوە، خودا موعجیزەیەکی تری پێدەبەخشێ . پێی دەفەرموێ: ﴿**وأدخل يدك في جيبك تخرج بيضاء من غير سوء**﴾ دەستت بخەرە ناو باخەڵی خۆتەوە ، دەستت بەبەرۆکی خۆت دا بکە، ئەگەر دەستت بخەیە ناو بەرۆکتەوەو دەریبهێنیەوە دەدرەوشێتەوە وەکوو پارچە ئەستێرەیەکی پرشنگداری لێدێ، هیچ دیاردەی نەخۆشیشی پێوە نابێ.

موعجیزەی یەکەم بریتی بوو لەگۆڕاندنی دارێکی وشك و برینگ کەبەدەستیەوە بوو بەمارێکی هاروهاج . موعجیزەی دووەم بریتی بوو لەگۆڕینی خودی دەستەکە بەشتێکی پرشنگدارو نوورانی .

﴿**في تسع آيات الى فرعون و قومه**﴾ ئەم دوو موعجیزەیە بەشێکن لەو نۆ موعجیزانەی پشتگیری پێغەمبەرایەتی تۆی پێدەکەین و دەیانکەین بەنیشانەی راستی پەیامی تۆ بۆ لای فیرعەون و گەلەکەی. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**ولقد آتينا موسى تسع آيات بينات**﴾(**الأسراء**/١٠١).

ئـەمجار بایيسـی نـاردنی موسـا بـەموعجيزەوە بـۆ سـەر فيرعـەون و تاقمەکەی دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿**انهم کـانوا قومـاً فاسـقين**﴾ واتـە: چونکە ئەوان گەل و نەتەوەیەکی لەڕێ دەرچوو بوون، لەڕێبازی حەق لایان دابوو، لەچوارچێوەی سروشـت دەرچوبـوون ، فيرعـەون لافـی خودايـەتی لێدەداو ئـەوانيش تـەصديقيان دەکـردو بـەخودايان دەزانـی مليـان بۆ شۆڕکردبوو چیپێدەگوتن جێبەجێيان دەکرد !!

ئەمجا بابزانين فيرعەون و دارو دەسـتەکەی چـۆن بـەرەنگاری حـەزرەتی موسـا بوونـەوە ؟ چ هەڵوێسـتيان نوانـد بەرامبـەر موعجيزەکـانی؟ دەفەرموێ: ﴿**فلمّا جاءتهم آياتنا مبصرة قالوا: هذا سحر مبين**﴾ جا کە نـۆ موعجـيزەو بەڵگـەکانی ئێمـە نيشـانی فيرعـەون دران و بەئاشـکرا پێغەمبەرايـەتی حـەزرەتی موسـاو هارونيـان (عليـهما السـلام) چەسـپاند، ئينکارييان کرد هەرچەندە موعجيزەکان هێندە ئاشکراونمايان بوون خۆيان خۆيان دەچەسپاند، کەچی بەڕواڵەت بـەدرۆيان خسـتنەوەو وتيـان: ئەمـە سيحرێکی ئاشکراو عەيانە بە درۆخستنەوەکەيان بەزوبان بـوو بەڕواڵـەت بەدرۆيان خستنەوە .

﴿**وجحدوا بها**﴾ ئينکارييان کرد بەظاهير بەڵام ﴿**واستيقنتها أنفسـهم ظلماً و علوا**﴾ لەناخی دەرونيان دا لێيان عەيان بوو کە ئەوە لەخوداوەيـە ، زانييـان : کـە ئـەو موعجيزانـە حـەق و راسـتن ، بەدرۆخسـتنەوە رواڵەتيەکەيان ستەم بوو لەخۆيان کرد، لوتبەرزی بوو لەبەرامبەر حـەق دا نوانديان . وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**فاستکبروا وکانوا قوماً عالين**﴾(**المؤمنون**/٤٦) .

سـتەميان کـرد: کـە ئـەو موعجيزانـەيان بەسـيحر لەقەڵـەم دان، لوتبەرزييان نواندو ئيمانيان نەهێنا، خۆيان مـاڵوێرانی دونيـاو قيامـەت کرد، خۆيان بەفتارەدا و بەدبەخت و چارە رەش بوون ﴿**فانظر کيـف کـان**

عاقبة المفسدين﴾ ئەی پێغەمبەر! ئەی بیسەر؛ بڕوانەو ووردبەرەوە سەرەنجامی ئاشوبگێڕان و موفسیدەکان چۆن بوو چییان بەسەرهات !؟

ئەمەش هەڕەشەیە لەوانەی حەزرەتی موحەممەدیان بەدرۆخستنەوەو ئینکاری ئەوەیان دەکرد: کە قورئانی لەخوداوە بۆ هاتبێ، هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکات : کە ئەو عەزابە کۆکوژە ریشەکێشکەرەی تووشی ئەوانە هات ، تووشی ئەمانیش ببێ. بۆ ئەوەی پێلەکەللەی شەیتان بهێننە خوارێو واز لەسەر رەقیو خۆبەزلزانی خۆیان بێنن و توشی ئەوجۆرە عەزابەی گەلە پێشینەکان نەبن!

چیرۆکی دووەم: چیرۆکی داوودو سولەیمانە (علیهما السلام)

وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَـٰنَ عِلْمًا ۖ وَقَالَا ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى فَضَّلَنَا عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّنْ عِبَادِهِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٥﴾ وَوَرِثَ سُلَيْمَـٰنُ دَاوُۥدَ ۖ وَقَالَ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَىْءٍ ۖ إِنَّ هَـٰذَا لَهُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٦﴾ وَحُشِرَ لِسُلَيْمَـٰنَ جُنُودُهُۥ مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ وَٱلطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٧﴾ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوْا۟ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمْلُ ٱدْخُلُوا۟ مَسَـٰكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَـٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٨﴾ فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّن قَوْلِهَا وَقَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ

نِعۡمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنۡ أَعۡمَلَ صَٰلِحٗا تَرۡضَىٰهُ وَأَدۡخِلۡنِي بِرَحۡمَتِكَ فِي عِبَادِكَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٩﴾

ئەمە چیرۆکی دووەمە لەم سورەتە پیرۆزە دا، دوا بەدوای چیرۆکی حەزرەتی موسا دێ، دیاردەی حیکمەتی خودا لەبوونەوەردا دیاری دەکا، ئەوە دەچەسپێنێ: کە قورئان لەخوداوە نازڵ بووەو لەخودای داناو زاناوە هاتۆتە خوارێ ، لەم سورەتەدا پەروەردگار باسی ئەو نیعمەتانە دەکا: کە بەحەزرەتی سولەیمانی بەخشین ، پێغەمبەرایەتیو فەرمانڕەوایی پێداو بەختەوەری دونیاو قیامەتی بۆ دەستەبەر کرد.

دە با ئێستا بچینە خزمەت چیرۆکەکەو گوێ بۆ قورئان رابگرین بزانین. روداوی چیرۆکە چۆن رادەنوێنێ !!

دەفەرموێ: ﴿**ولقد آتينا داودو سليمان علما**﴾ بێگومان ئێمە زانیاریمان بەداودو سولەیمان بەخشی ، بۆ هەریەکە لەداودو سولەیمانی کوڕی، جۆرە زانیاریەکمان پێدان، فێری یاساو شەریعەتمان کردن، دەیانتوانی کیشەو نیزاعی نێوان ئادەمیزادان یەکالآ بکەنەوە .

داودمان فێری خوێندنەوەی زەبوور کرد، کە دەیخوێندەوە هێندە کاریگەر بوو،هەموو بوونەوەری دەوروبەری هاوکاری زەبوور خوێندن و تەسبیحاتەکەیان دەکرد، کێوەکان و پەلەوەرەکان لەگەڵیان دەگوتەوە ، چونکە دەنگ و ئاوازی زۆر خۆش بوو، بەدڵ دەیخوێندو زۆر تێیدا رۆدەچوو، لەهەموو شتێکی ماددی دادەبڕاو بەتەواوی بەخوداوە پەیوەست دەبوو، هەروەها فێری زرێ دروستکردن و جۆرەها شتی تر بوبوو، سولەیمانی کوڕیشی لەهەندێ لەم شتانەدا هاوکاری باوکی دەکرد.

حەزرەتی سولەیمانعليه السلام فێری زمانی تەیرو تولّ بوبوو لەزمانی مێرولەو خشۆکەکان حالّی دەبوو، (بـــا) بۆی رام بوبوو، تەختەکەی بۆ هــەڵدەگرت بەیانی تانیوەڕۆ مانگە رێیەك مەسافەی پیٚدەبڕی !

هەڵبەت لێرەدا جۆری ئەو زانیاریانەی بەداوودو سولەیمان(علیهما السلام) بەخشراون دیاری ناکا، چونکــە لـێرەدا مەبەسـت خـودی زانیاریەکەیـە، دیاری کردنی جۆرەکانی نیە ، هــەروەها ئامــاژەی ئەوەشـی تێدایــە: کــە هەموو زانیاریەك خــودا دەیبەخشـیٚ، پێویسـتە هــەموو زانایــەك بزانــیٚ سەرچاوەی زانیاری لەخوداوەیــە، شــوکرو سوپاســی خــودا بکــەن لەســەر نیعمەتی زانیاریو خودا چۆنی بویٚ ئاوا فــێری هیٚتـری بکــەن، وانەکــەن زانیاریەکەیان ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەیان لەخودا، یــان خودایــان لــەبیر بەرێتەوە.

ئەوەتا حەزرەتی داوودو سولەیمان(علیهما السلام) حەمدو ثــەنای خودایــان کرد لەسەر نیعمەتی زانیاری ﴿وقالا: الحمد لله الذي فضلنا علــى كثـير من عباده المؤمنين﴾ وتیان: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەیە: کە ئێمەی رێزدارکـردوە بەسـەر زۆربــەی بــەندە موسـوڵمانەکانیدا، بــەهۆی ئـــەم زانیارییــەی پــیٚی بەخشــیوین، خــێرو فــــەڕی دونیـــاو قیامـــەتی بـــۆ دەستەبەرکردوین، ئــەوەی داویــەتی بەئێمــە نــەیداوە بەبــەندەکانی تــری سەردەمی ئێمە !

ئەمە بەڵگەیە لەسەر رێزو نرخی زانیاری، ئاماژەیــە بــەوە: کــە هیــچ پلەو پایەیەك ناگاتــە پلــەو پایــەی زانسـت و زانیـاری، زانایــان لــەژوور هـــەموو کەســێکەوەن، وەکـــوو لەشــوێنێکی تــردا قورئـــان ئەمـــە دەچەسپێنیٚو دەفــەرمویٚ: ﴿يرفع الله الذين آمنوا منكم، والذين اوتوا العلم درجات﴾ (المجادلة/١١).

لەهەمان کاتدا هەڵنانی زانایانی تێدایە بۆ ئەوەی سوپاسی خودا بکەن لەسەر نیعمەتی عیلم و لەخۆیان بایی نەبن و خۆیان بەرەوشتی تەواضوع ئارایش بدەن، ئەوەتا ئەوان خۆیان لەهەموو کەس باشتر لەقەڵەم نەدا، بەڵکوو وتیان: خودا ئێمەی رێزدارکردوە بەسەر زۆرینەی ئادەمیزاد دا، نەیانگوت بەسەر هەموو ئادەمیزاد دا.

ئاشکراشە رێزدارترین زانیاری زانیاری‌یە دەربارەی زات و صیفاتی خودا، هەر زانست و زانیارییەك دڵ لەخودا دووربخاتەوە زانیاری چەواشەیەو زیانی زۆرترە لەسودی . خۆشبەختی بۆ خۆی‌و ئادەمیزادان دەستەبەر ناکا. دەبێتە مایەی بەدبەختی‌و ترس و دڵەڕاوکێ‌و وڵات وێرانبوون و قەلاچۆکردنی ئادەمیزاد و هۆکاری لەناوبردنیان بەتاك و بەکۆ.

بێگومان ئەمڕۆ زانیاری پێشکەوتووەو ئادەمیزاد گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز لەبواری دروستکردنی چەکی ئەتۆم و بەکارهێنانی زەڕەو چەکی کیمیایی، بەلاّم تا ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لەو عیلم و زانیارییە جگە لە کوشتن و لەناوبدنی ئادەمیزاد بەکۆمەڵ و ریشەکێش کردنی گەل ونەتەوەو وێرانکردنی وڵات... هتد چی‌دی دەست نەکەوتووە، چونکە هەڵگرانی ئەو زانستە خودا ناناسن، لەخودا ناترس، سوپاسی خودا ناکەن زانیارییەکەیان بۆ رێبازی خوداپەرستی بەکارناهێنن .

مرۆڤایەتی چی دەستکەوت لەچەکی ئەتۆمی ئەمریکی جگە لەوهەموو قوربانی‌یە وەحشی گەرییەی لەئاکامی ئەو دوو قونبولە زەڕییانەی لە هیرۆشیماو ناکازاکی‌دا ؟! کە دەست لەعاست دووسەدو دە تا دووسەدو چل هەزار یابانی خپ کردو ئەو گۆڕستانە بەکۆمەڵەی لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا تۆمار کرد، ئەمە جگە لەوانەی کەلەپارچە بوون و جەستەیان تەشویهو شێوێندرا، ئەندامیان لەدەست دان و دوایی

بەکاریگەری ئەو زەڕەیە گیانیان لەدەست دا: کە ئەمانیش بەدەیان هەزار بوون هەروەها جگە لەو کاریگەرییەی: کە تا ئێستاش و لەمەودواش لەسەر چینە لەدایکبووەکانی ئەو وڵاتە دوا ئەوکارەساتە، جێ ماوەو جێ دەمێنێ.

یان بێینە سەرباسی خۆمان و غەیبەتی خۆمان بکەین گەلی موسوڵمان و عەرەب بەگشتی و گەلی عێراق بەتایبەتی و گەلی کورد بەتایبەتی تر، چیان دەستکەوت لە پێشکەوتنی زانیاری عێراقی لەبواری چەکسازی دا ؟ جگە لەوهەموو قوربانیانەی شاری هەڵەبجەو دەورووبەری و گوندی سەیسوێنانی قەرەداغ و دۆڵی بالیسان و گەلێ شوێنی تری کوردستان، کە بە چەکی کیمیایی و گازی خەردەل رشێندران و هەناسەیان لەهەزاران خەڵکی بێ دیفاع بڕی.

بەناحەق ئەو هەموو خەڵکە وەرزێرو سەپان و دوکاندارو حەماڵ و ئاژەڵدارو چەوساوەو لەژین خۆشی نەدیتوانەیان بەو چەکە کۆکوژییە نەفرین لی کراوە قەلاچۆکردو ژینگەی هەواسازی کوردستانی پیرۆزیان پیس کرد، سەرژمێری سەرەتایی قوربانیانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەپانزە هەزار کوژراوو بریندار مەزەندەکرا، پێدەچێ زیاتریش بووبێ هەر خوداش دەزانێ چەند کارەساتی دڵ تەزێن و خاپوورکاری تر لەئاکامی پێشبڕکێی بواری چەکسازی ئێران و پاکستان و هیندستان و ئیسرائیل و گەلێ وڵاتی تری ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەونەوە !!

هەڵبەتە ئەوەی ئێستا وڵاتە زلهێزەکانی وەکوو ئەمریکاو روسیاو صین و ئینگلیزو فەرەنسا ئامادەیان کردوە لەو چەکە کۆکوژیانەی وەکوو قونبولەی هایدرۆجین و گەلێك چەکی کوشندەی تر، قونبولەی هیرۆشیماو ناکازاکی لەچاویانەوە وەکوو تۆپی یاری کردنی منداڵ وایەو بەرامبەریی ناکرێن، هەر مەگەر خودا مرۆڤایەتی بپارێزێ لەبەروبوومی

زانیـــاری زانـــای بێدیـــن و بێویـــژدان، ئەگـــینا مرۆڤایـــەتی لەئەوپەڕی خەتەردایە !!

﴿وورث سـليمان داود﴾ حـەزرەتی ســولەیمان ﷷدوای مردنـــی حەزرەتی داودی باوکی جێگای ئەوی گرتـەوە، مـیراتی پێغەمبەرایـەتیو زانیاریو فەرمانڕەوایی لیگرت، حـەزرەتی داود منداڵـی زۆربـوون،زێـدە لەهەموویان ناوی سولەیمانی هێنا، چونکە ئەو بەتایبەتی ئـەو، میراتـەی گرت و ئەو بەهرانەی بۆ بەجێمان ، مەبەست میراتی مـاڵ و سـامان نیـە پێغەمبەران میراتی ماڵ و سامانیان لێناگیرێ.

ئیمـامی بوخـاریو موســلیم و ئــەبوداودو نەســائی لەعائیشـــەوە فەرموودەیـەکیان ریوایـەت کـردوە، دەفــەرموێ: (نحـن معاشـر الأنبيـاء لا نورث ، ماتركناه صدقة).

حەزرەتی داودﷷخوداپەرستیو عیبادەتی لەحەزرەتی ســولەیمان ﷷ زۆرتربــوو، وەلێ حـەزرەتی ســولەیمان ﷷ لــەبواری فــەرمانڕەوایی دا شارەزاترو زیرەکتر بوو ، فەرمانڕەواییو دەسەلاتی لــەباوکی بـەرفراوانترو بەهێزتر بوو، بای بۆ بەیدەست بوبوو، چۆنی بویستایە ئاوا هــەڵیدەگرت و دەیگواستەوە ! شەیاتینی پابەندی فەرمان و نەهیــەکانی بـوون، زمـانی گیانلەبەرانی دەزانی.

﴿وقـال﴾ حـەزرەتی سـولەیمان ﷷ لەباسـی نیعمەتـەکانی خـودا دا بەسـەریدا دەفـەرموێ: ﴿يـا أيـــها النــاس: علمنــا منطــق الطــير ﴾ ئەی خەڵکینە! ئێمـە فـێری زمـانی پەلـەوەر کراویـن: خـودا بەفـەزڵ و گەورەیی خۆی، زمانی گیانلەبەرانی فـێرکردوین ، هـەر لەگـەڵ دەنگیـان لێهات دەتوانم بزانم ئەو گیانلەبەرانە مەبەستیان چیە! چیان دەوێو لەچی نارازین .

هەندێ ئادەمیزادی واهەن: کە خەریکی بەخێوکردنی گیانلەبەران دەبن، هەندێ جار لەبڕێ دەنگی گیانلەبەران حالّی دەبن ، کە گوێیان لەدەنگی ئەسپ و هێسرو گوێدرێژو رەشەولاخ و حوشترو پشیلەو سەگ و مریشك و جوجیلە دەبێ لەمەبەست و داخوازییەکانیان تێدەگەن و دەزانن: کە برسییانە یان تینوویانە، یان نارەحەتیوئازاریان هەیە،یان نا.

لەزۆر رۆژگارو سەردەمیش دا خەلّکی هەولّیان داوە لەزمانی گیانلەبەران حالّی بن. بەتایبەتی لەم رۆژگارانەدا کەسانێك هەن خۆیان تەرخان کردوەە بۆ فێربوون و تێگەییشتن لەزمانی پەلەوەرو بالّندەکان! دەیانەوێ حالّەتی کەیفخۆشیو نارەحەتیان بزانن چۆن داوای خواردن و خواردنەوە دەکەن . هەروەها هەندێ کەس هەن هەولّ دەدەن لەزمانی مێرولەو هەنگ حالّی بن .

وەلێ پێویستە ئەوە بزانین زمان زانینی گیانلەبەران لەلایەن حەزرەتی سولەیمانەوە لەشێوەی زمانزانینی زانایانی سەردەم نەبوە: کە هەولّ دەدەن لەرێگەی حەدس و گومانەوە شتێکیان لێحالّیبن، بەلّکوو زمانزانینەکەی حەزرەتی سولەیمان بەشێوەی موعجیزە بووە، واتە: وەهبی بووە، کەسبی نەبوە، بەهەولّدان و فێربون و توێژینەوە وەدەستی نەهێناوە، لەلای خوداش شتێکی زۆر ئاسانە کە بەندەیەکی خۆی فێری زمانی گیانلەبەران بکا، ئەو بەهرەیەی پێ ببەخشێو بەهرەمەندی بکا بەبێ ئەوەی هەولّ و تەقەللای بۆ دابێ !!

﴿واوتینا من کل شیئ﴾ خێرو بێرێکی زۆرمان پێبەخشراوە، خودا هەموو شتێکی پێداوین، لەئایین و دونیاو فەرمانڕواییو مالّ و سامان کەم و کورِمان نیە،لەهەموو شتێك دا دەولّەمەندین.

﴿ان هذا لهو الفضل المبین﴾ بێگومان ئەم بەخششەی خودا پێی بەخشیوین، ئەو عەطایەی خودا پێی بەخشیوم لە پێغەمبەرێتیو

پاشایی‌و فەرمانڕەوای بەخششێکی خودایی‌یە بەئاشکراو عەیان پێمەوە دیارەو سوپاسگوزارین لەسەری چەندێك سوپاسی بکەین هێشتا کەمە

ئەم قسەیەی حەزرەتی داودﷺ لەروانگەی شوکرو سوپاسەوەیە وەکوو چۆن پێغەمبەرﷺ لەفەرموودەیەکی دا: کە موسلیم و ئەبوداود لەئەبوهورەیرەوە ریواتیان کردوە، دەفەرموێ: (أنا سید ولد آدم یوم القیامة و لافخر) واتە پێغەمبەرﷺ لەروانگەی سوپاسەوە نەك لەروانگەی شانازیکردن و لەخۆبایی بوونەوە ئەم فەرمودەیەی فەرمووە.

﴿وحشر لسلیمان جنوده من الجن والأنس و الطیر فهم یوزعون﴾

سوپا بۆ سولەیمان لەهەموو لایەکەوە کۆکرایەوە لەجندۆکەو ئادەمیزادو باڵندە سوپای بۆ ریك خرا، بەشێوەیەکی سەرنج راکێش و شکۆمەند سوپا تەیار کرا، بۆ ئەوەی هەر کەسێك نەیەتە ژێر فەرمانی سولەیمانەوە بەو سوپایە تەمبێ‌ی بکا.

دام و دەزگای حەزرەتی سولەیمانﷺبەئەوپەڕی رێك و پێکی کۆکرابوەوە ، ریزێك ئادەمیزاد ریزێك جندۆکە چینێك باڵندە، ئەگەر پێشەتای سوپاکە تۆزێك سەرەڕۆبوونایە رادەگیران بۆ ئەوەی دواوەی سوپاکە بەجێ‌نەمێنێ‌و تەرتیب و نیظام تێك نەچێ، کەس پێش نەکەوێ‌و کەس دوانەکەوێ . هەرکەسە شوێن جێگای خۆی بزانێ‌و لێ‌ی تێپەڕنەکا.

جندۆکە عالەمێکی نادیارن لەئێمە نازانین ماهییەتیان چیەو چۆنە، جگە لەوەی قورئان لێیانەوە دەفەرموێ: کە لەبڵێسەی ئاگر دروست کراون. ئەوان ئادەمیزاد دەبینن بەڵام ئادەمیزاد ئەوان نابینن، دەتوانن ختوکەی شەڕو فیتنەیی بخەنە ناودڵی ئادەمیزادەوە، بەڵام نازانین چۆن ئەو ختوکەیە ئەنجام دەدەن.

هەندێکیان بڕوایان بە پێغەمبەر کرد، پێغەمبەرﷺنەی‌بینی بوون و بەئیمانهێنانەکەشی نەزانیبوون، خودا ئەم هەواڵەی پێ‌دا وەکوو

دەفەرموێ: ﴿**قل اوحي اليّ انه استمع نفر من الجن فقالوا: انّا سمعنا قرآناً عجبا يهدى الى الرشد فآمنّا به، ولن نشرك بربّنا احدا**﴾(الجن/٢).

هەر لەروانگەی قورئانەوە دەزانین: کە کۆمەڵێ لەجندۆکەو شەیاتیینی گەردنکەچی حەزرەتی سولەیمان‌ﷺبوون، بەفەرمانی ئەو جۆرەها پیشەسازیان ئەنجام داوە، میحراب و پەیکەرو مەنجەڵی گەورە بۆ خواردەمەنیو گەلیٚشتیتریان بەدیهێناوە. بنکی دەریایان پشکنیون چ کارێکی لیٚداواکردبن خێرا بۆیان ئەنجام داوە.

ئەوەشمان لەیاد نەچێ هەموو ئادەمیزادی سەر زەوی نەبوونە سەربازی لەشکری حەزرەتی سولەیمان‌ﷺ، چونکە فەرمانڕەوایی حەزرەتی سولەیمان‌ﷺ تەنها ئەو ناوچەیەی گرتۆتەوە: کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ فەلەستین، لوبنان ، سوریا، عێراقیش تا کەناری زێی فورات، لەم ناوچانەدا حەزرەتی سولەیمان‌ﷺ فەرمانڕەوایی کردوە.

هەروەها هەموو جندۆکەو شەیاتینی نەهاتبوونە ژێر باری حەزرەتی سولەیمانەوە، بەڵکوو کۆمەڵێکیان خودا بۆی موسەخەر کردون، بەڵگەمان لەسەر ئەمە ئەوەیە قورئان دەفەرموێ: ﴿**ان ابليس كان من الجن**﴾(**الكهف**/٥٠).

لە سورەتی (الناس) یشدا دەفەرموێ: ﴿**الذي يوسوس في صدور الناس من الجنة و الناس**﴾ ئەمە مانای وایە بڕێ لەجندۆکەو شەیاتینی بەختوکە ئادەمیزاد گومڕادەکەن و لەسەردەمی حەزرەتی سولەیمانیش دا کردویانە، دەی ئەگەر هەموو جندۆکەو شەیاتینی گەردنکەچی فەرمانی حەزرەتی سولەیمان ﷺ بووبن، ناگونجێ کاری ختوکەدان و گومڕاکردنی ئادەمیزادیان ئەنجام دابێ ، چونکە ئەو پێغەمبەرە بانگەوازی هیدایەتی بلاوکردۆتەوە، چۆن دەبێ کەسێك پابەندی فەرمانی ئەوبێ و کاری گومڕایی ئەنجام بدا!؟

هەروەها هەموو باڵندەو پەلەوەری سەر زەوی گەردنکەچی فەرمانی حەزرەتی سولەیمانﷺ نەبوون ، بەڵکوو کۆمەڵێك لەتەیرو تیول پابەندی فەرمانی بوون، چونکە کاتێك حەزرەتی سولەیمان ﷺ سەرژمێریەکی باڵندەکانی کرد ﴿وتفقد الطير﴾ەی ئەنجام دا یەکسەر زانی: کە پەپۆسلێمانکە دیارنیە.

فەرمووی: ﴿ما لي لا أرى الهدهد﴾ بەشێوەی مەعریفە هێنای ، دیارە هودهودێکی تایبەتی بووەو روخساری لای حەزرەتی سولەیمانﷺ نمایان بووە . جا یان تەنیا ئەو پەپۆسلێمانکەیە لەپێری پەپۆسلێمانکەکان بەشداری ئەو مانۆڕەی کردوە، یان ئەوجارە نۆرەی ئەوبووە، هەرچۆنێك بێ ئەو هودهودە لای حەزرەتی سولەیمانﷺ ناسراو بووە.

ئەوەی پشتگیری ئەم رایە دەکات ئەوەیە: کە ئەو هودهودە هەست و بیرێکی جوداوازو تایبەتی هەبووە، لەجۆرەکانیتردا نەبوو، بەڵکوو لەهوموو باڵندەکان دا نەبووە ، کەوابوو دەبێ ئەو جۆرە زیرەکییە لەو جۆرە هودهودە دا بووبێ: کە گەردنکەچی حەزرەتی سولەیمانﷺ بوون . چونکە ئەو زیرەکیو لێزانیەی لەو پەپۆسلێمانکەیەدا دەست کەوت هەر لەئادەمیزادی عاقڵمەندی زیرەکی خوداناس دا بەدی دەکرێ !

موجاهید دەفەرموێ: حەزرەتی سولەیمانﷺ بەسەر هەموو کۆمەڵێك لەسوپاکەی دا سەرپەلێکی دانابوو، سەرپەرشتی شێوەی رۆیشتنی سوپاکەیان دەکرد، نەیاندەهێشت سوپاکە لێك پەرتەوازە ببێ. هەندێکیان زۆر پێش نەکەون و هەندێکیان دوابکەون و تەرتیبونیظام تێك بچێ.

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە پێغەمبەرێتیو فەرمانڕەوایی بۆ حەزرەتی سولەیمان ﷺ دەستەبەر بووە. سەڵتەنەت و دەست رۆیشتنێکی وای پێ بەخشراوە بۆ کەسی تر ئەوە دەستەبەر نەبووە، ئەمەش بەخشش و نیعمەتێکی خودایی بووە، گیرا بوونی دوعاو پاڕانەوەکەی بوو: کە

﴿قال:ربّ اغفرلي وهب لي ملكاً لاينبغي لأحد من بعدي انك انت الوهّاب فسخرنا له الريح تجري بأمره رخاءً حيث أصاب و الشياطين كل بناء و غواص﴾(ص/٣٥-٣٧) یان دەفەرموێ: **﴿ومن الجن من يعمل بين يديه باذن ربه، ومن يزغ منهم عن أمرنا نذقه من عذاب السعير، يعملون له مايشاء من محاريب وتماثيل وجفان كالجواب وقدور راسيات ﴾**(سبأ/١٢-١٣).

بەسەرنجدان لەمانای ئەم ئایەتانە ئەوەمان بۆ رون دەبێتەوە: کە پەروەردگار ئادەمیزادی بۆ حەزرەتی سولەیمان‌ﷺ ژێربار کردبوون، سوپایەکی زۆرو زەبەندەی لێ‌پێك هێنابوون، جندۆکەیشی بۆ موسەخەر کردبوون قەصرو باڵەخانەی بەرزو فراوان و مەنجەڵی گەورەو پان و پۆڕیان بۆ دروست کردون. باڵندەشی بۆ ژێربارکردبوون بۆ ئەنجام دانی زۆر شتی تر کەلەمەودوا لەباسی چیرۆکی پەپۆسلێمانکە دا ئاماژەی پێ‌دەکەین.

بەڵێ لەشکری حەزرەتی سولەیمان‌ﷺ مانۆڕی خۆی دەست پێکرد، لەشکر تێکەڵاو لەئادەمیزادو جندۆکەو باڵندە، تەرتیب و نیظامی رێك و پێك ، رۆیشتن و جم و جوڵی، هەنگاوو شەپۆلی هەڵوێستەو بارگەخستنی بەیەکەوە گونجاوو سەرنج راکێش . سوپا جماو رەو بەردەوام بوو..

﴿حتّى أتوا على واد النملة قالت نملة: يا أيها النمل ادخلوا مساكنكم، لايحطمنكم سليمان وجنوده وهم لايشعرون﴾ هەتا حەزرەتی سولەیمان‌ﷺ بەخۆیو لەشکریەوە گەیشتە(وادي النملة) ـ دۆڵە مێرولە ـ وەکوو دەڵێن: دۆڵێکە لەشام مێروی زۆرە. بۆیە بەناو مێرووەوە ناونراوە. ئا لەو کاتەدا مێروویەك: کەسەرپەرشتی مێرولەکانی تری لەئەستۆ بوو، بانگی لەمێرولەکانی تر کرد وتی: ئەی مێرولەکان؛ هەمووتان خۆتان تاقەت بکەن و هەریەکەتان بچێتەوە شوێن و خانەی

خۆی، نەبادا سولەیمان و لەشکرەکەی پان و پلیشتان بکەنەوەو پێتان نەزانن.

هەڵبەتە عالەمی مێرو وەکوو عالەمی هەنگ تەرتیب و تەنظیمێکی سەرنج راکێشی تێدایە؛ هەرتاکەو ئەرکی خۆی هەیە، کۆمەڵ کۆمەڵ و گرۆ گرۆن، هەرتاقمەو لێپرسراوی خۆی هەیە، ئەوپەڕی رێکخستن و تەنظیم و پێکەوە گونجانی تێدا بەرچاو گیراوە، ئەو تەنظیم و رێك و پێکی‌یە زۆر بەدەگمەن لەناو بەرەی ئادەمیزاد دا هەیە ، کەم رێ‌دەکەوێ ئادەمیزاد بتوانن کۆمەڵگای خۆیان ئاوا رێك بخەن. دیارە لەناو خۆیان دا زمانی لێك حاڵی بوون و تێگەیشتنیان هەیە، خودا جۆرە زمانێکی تایبەتی پێداون، لەناو خۆیان دا ئاخاوتنی پێ‌دەکەن.

رستەی ﴿**لایحطمنکم**﴾ وێدەچێ وەلامی فەرمان بێ واتە: ﴿**ادخلوا لایحطمنکم** ..﴾ وەکوو دەگوترێ(اجتهد لاترسب) هەروا وێ‌دەچێ نەهی بێ لەجیاتی ئەمر بەکارهاتووە. واتە: پێیان دەڵێ: لەم جێگایەی ئێستاتان مەمێننەوە، چونکە ئەگەر بمێننەوە سوپای سولەیمان پان و پلیشتان دەکەنەوە.

حەزرەتی سولەیمان(علیه السلام) لەئاخاوتنی مێرولەکە حاڵی بوو ، بەو حاڵی بوونە کەیف خۆش بوو، لەخۆشیان خەریك بوو شاگەشکەبێ. کەیف خۆش بوو بەوەی: کە ئەو جەستە بچکۆلانەی بەنەزانین پان وپلیش نەکردەوە، بەوە کەیف خۆش بوو کە تێگەیشت ئەو شامێرووە چی بە مێروەکانی‌تر گوت، بەلایەوە نیعمەتێکی فرە مەزن بوو؛ کە خودا توانای ئەوەی پێ‌داوە پەیوەندی بکا بەو عالەمە داخراوە لەخەڵکی تر، بتوانێ لەئاخاوتنیان لەگەڵ بگاو بزانێ چی‌دەڵێن . کەیف خۆش بوو چونکە بەلایەوە جێگای سەرسوڕمان بوو، کە ئەو مێروە ئەو جۆرە عەقڵ و دووربینی‌یەی هەبێ‌و مێروەکانی تر لێی حاڵی بن و بەگوێی بکەن.

حەزرەتی سولەیمان‌ﷺ لەمانە حاڵی بوو ﴿فتبسم ضاحكاً من قولها﴾ زەردەخەنەیەکی لەخۆشیان هاتیێ، خێرا ئەم دیمەن و روداوانە ناخیان جولاند و لەخۆشیان وەلەرزە کەوت. دڵی گەڕایەوە بۆ لای ئەو خودایەی ئەو نیعمەتانەی پیێبەخشیوە، نیعمەتێك: کە خۆی لەخۆیدا موعجیزەیە. پەردە لابردنە لەنێوان حەزرەتی سولەیمان‌ﷺو ئەو عالەمە دابڕاوانە لەخەڵکیتر، بۆیە لەناخەوە روی کردە پەروەردگارو لێی پاڕایەوەو..

﴿وقال: ربّ أوزعني أن أشكر نعمتك التي أنعمت عليّ وعلى والديّ﴾ وتی : خودایە! هەموو هەستم ئامادەبکە، هەموو ئەندامەکانم رام بکە بۆ ئەوەی بتوانم سوپاسی نیعمەتەکانت بکەم، خودایە زوبان ودڵم، هەست و دەروونم، وشەو رستەو کارو کردەوەم بیروبۆچونم، هەموو هێزو توانام سەرەتاو کۆتایی ئەوەڵ و ئاخری هەمووی سەرگەرمی سوپاس و ستایشی نیعمەتی تێگەییشتن لەزمانی باڵندەو گیانلەبەرانیتر بن.

سوپاسی ئەو نیعمەتەو نیعمەتەکانی تری زاتی بێچونت بکەم: کە بەمنت بەخشیون ، هەروا ئەو نیعمەتە جۆراو جۆرانەی بەخشیوتن بەباوکم. کە لەهەموو نیعمەتەکان بەرزترو گرنگتر نیعمەتی ئیمان و ئیسلامە.

تەعبیر بەوشەی ﴿أوزعني﴾ کە بەمانای ئامادەباشی هەموو ئەندام و هەست و هێزو تواناکانە بەئامادەباشییەکی سەرتاسەریو بنەڕەتیو یەکانگیری ، تەعبیرێکە ئاماژەبەو ئاستە بەرزە دەکا: کە دڵ و دەروونی حەزرەتی سولەیمان‌ﷺ لەئاکامی ئەو نیعمەتانەوە پیێ کاریگەربووەو رەنگدانەوەیەکی قوڵی تێدا پەیدا کردوە، دیمەنی ئەو کاریگەرییە بەجوانی دەکێشیێو هەژانی ناخی سولەیمان و ئامادەباشیو بەندایەتی هەست بەئاتاجی خۆی بۆ لای خودا نمایش دەکا. لەناخەوە هەست بەنیعمەتەکانی خودا دەکا بەسەر خۆیو باوکی دا.

وێڕای سوپاس و ستایشی بۆ زاتی پەروەردگار داوا دەکا خودا تەوفیقی، بدا بۆ ئەنجام دانی کردەوەی پەسەند، دەفەرموێ:

﴿وأن أعمل صالحاً ترضاه﴾ خودایە تۆفیقم بدە بۆ ئەوەی بتوانم کردەوەی پەسندی وابکەم تۆ پێی رازی بی. ﴿وأدخلني برحمتك في عبادك الصالحين﴾ خودایە بەفەضل و گەورەیی خۆت لەو دونیادا بمخەرە ناو بەهەشتی رازاوەی خۆت و لەپێری پیاوچاکان و پێغەمبەران و خۆشەویستانی خۆت تۆمارم بکە!

هانا بۆ خودا دەبا: کە لەپێری رەحم پێکراوو رێ راستان دا حیسابی بکا، لەخودا دەپاڕێتەوە لەگەڵ ئەوەدا دەزانێ پێغەمبەرەو خودا نیعمەتی پێغەمبەرایەتی پێبەخشیوە، ئادەمیزادو جندۆکەو باڵندەی بۆ موسەخەر کردون. ترسی ئەوەی هەیە کردەوەکانی کورت بێنن، شوکرو سوپاسگوزاریەکەی کەم و کورتی تێدابێ. دەیەوێ بە چاودێری خوداو توفیق و یارمەتیدانی بەختەوەری دوارۆژی مسۆگەر بکا، تەقواو خوداپەرستیو ترسی لەعەزابی خودا هەستی هەمیشە ئاتاجی بەندەی بۆ لای خودا لەلا بەرجەستە کردبوو ، بۆیە لەوکاتەدا کە ئاثاری نیعمەتی خودا بەسەر خۆیەوە دەبینێ هانا بۆ خودا دەبا : کەتۆفیقی بدا بۆ ئەنجام دانی کاری باش و خوداپەسەند !

دوو موعجیزە:

هەڵبەتە ئێمە لەئایەتەکەدا هەست دەکەین بەدوو موعجیزە، دووشتی سەرئاساو لەعادەت بەدەر، یەکێکیان موعجیزەی تێگەیشتنی حەزرەتی سولەیمان ﷺ لەئاخاوتنی مێروەکە، موعجیزەکەی تریان ناسینی حەزرەتی سولەیمانە لەلایەن مێروەکەوە ، ئەمەش بۆ خۆی موعجیزەیەکی ترە، پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکەین وتێی بفکرین بزانین: کە خودا

خاوەن تواناودەسەلاتی رەهایەهەرچی دەیەوێ، دێتەدی، هەر بیەوێ بیکا دەیکا!

موعجیزەی یەکەم: کە تێگەیشتن بوو لەزمانی مێروەکە لەلایەن حەزرەتی سولەیمانەوە هێندەی موعجیزەی دووەم سەرسوڕهێنەر نیە، چونکە بەڕواڵەت حەزرەتی سولەیمان ﷵئادەمیزادە و پێغەمبەرە، خودا بەموعجیزە ئەو زانیاریو تێگەیشتنەی پێبەخشیوە، کارەکە بەنیسبەت ئەوەوە نزیکترە لەوەرگرتن و قبولْ بوون!

بەلاّم مێرویەکی بەڕواڵەت بێزمان بزانێ ئەوانە سولەیمان و لەشکرەکەیەتی و ئەگەر پێیان لێبنێن دەیان پلێشێننەوە، ئەمە موعجیزەیەکی ترەو لەهی پێشوو سەرسوڕهێنەرترە و ئادەمیزاد پێوەی رانەهاتوون و خاریقولعادەیە. کە دەفەرموێ: ﴿وهم لايشعرون﴾ ئاماژە دەکا بەعەدالّەتکاری حەزرەتی سولەیمان ﷵو لەشکرەکەی، تەنانەت تەقواو لەخودا ترسییان گەیشتۆتە ئاستێك بەئەنقەست زیان بەمێرولەیەکیش ناگەیەنن. ئەگەر ئاگایان لێبێ مێرولەیەکیش پلێش ناکەنەوە. ئەگەر شتێکی لەو جۆرە رویدا ئەوە بەنەزانییەو ئاگادارنین، بۆیە دەلّێن: حەزرەتی سولەیمان ﷵئەوەندەی بەتێگەیشتن لەزمانی مێروەکە کەیف خۆش بوو هێندەیتر بەوە کەیف خۆش بوو: کە خودا بەو جۆرە صیفەتی عەدالّەتکاری بەخۆیو سوپاکەی بەخشیوەو پابەندی فەرمانی خودان و بەئەنقەست زیان بەکەس ناگەیەنن.

ئایەتەکە ئاماژەی ئەوەشی تێدایە: کە پەروەردگار عەقلْ و غەریزەی بەڕێوەچوونی ژیانی بەهەموو گیانلەبەرێك بەخشیوە، هەموویان هەستی ئەوەیان تێدایە چی زیانیان پێدەگەیەنێو چی بەسودەبۆیان.

کەسێك لێکۆلّینەوە لەسەر سروشتی گیانلەبەران بکاو سەرنجی سروشت و تایبەتمەندیەکانیان بدا، شتی زۆر سەرسوڕهێنەریان لێدەبینێ و

ئیلهامات و هەستی زیرەکانەی جۆراو جۆریــان لێــەدی دەکـا. ئەمــەش هەموو داخوازی ئەوە دەکەن: کە بڕوا بەو خودا خاوەن دەسەلاّتە بکــەین: کە ئەم هەست و شعوورەی بەو گیانلەبەرانە بەخشــیوەو هــەموو شـتێکی بەرێوو جیٚیە، هەموو کارێکی پڕە لەحیکمەت و دانایی ی .

ئەو خودایەیە کە حەزرەتی موسا ﷺ لەوەلاّمی فیرعەون دا : کە لیٚ ی پرسین خودای ئێوە کیٚیە ؟ ﴿**قال: ربنا الذي أعطى كل شيئ خلقه ثم هدى**﴾(طه/٥٠)

بولبولێکی خۆش نەوا بووم بۆی نەوای دەوری گوڵت
کـــیٚ وەکوو هود هود حیکایەتی سەبای گێڕایەوە

حەریق

کۆتایی ئایەتی(١٩)ی سورەتی النمل.

بەیارمەتی خودا بەدوانەمە چیرۆکی هود هود دیٚ.
واتە ئایەتی(٢٠)ی سورەتی (النمل) .

پێڕستی بابەتەکان